۲۰

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە
هاوینی ۱۹۹۸(۱۳۷۷)

- ئەدەبی ڕۆژهەڵات و تیۆرییەکانی ڕۆژئاوا (وتووێژ)
- چەند باسی تیۆری سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی
- کوردەکان و ئەوانی «دیکە»یان: هەوێتی و سیاسەتی لەتویەت
- بە سەرهاتی ژیانم: سەید رەسووڵی بابی گەورە (دێهقان)
- ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا

وتاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و فەرهەنگی، شێعر، کورتەچیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕاپۆرت، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی، چاپەمەنی و...





کێژۆڵەیێکی کورد بە خشڵ و گێلگێلە و جلی کوردییەوە

# گزینگ ـ ژماره ٢٠

هاوینی ١٩٩٨(١٣٧٧)

## نێوەرۆک

قسەی ئەو ژمارەیە ........................ س. چ. هێرش ٤
وتووێژ: ئەدەبی ڕۆژهەلات و تیئۆرییەکانی ڕۆژئاوا، .... روبێرتا میکالێڤ ٥
چەند باسی تیۆری سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی (بە بۆنەی سەدەمین سالی بلاوبوونەوەی **(کوردستان)**.......... ئەمیری حەسەنپوور ٨
کوردەکان و ئەوانی «دیکە»یان: هەوێتی و سیاسەتی لەتویەت،.......... ......................................عەبباسی وەلی ١٤
دەمەتەقێیەکی دۆستانە... (بەشی دووهەم)، ........ محەمەدی مەلا کەریم ١٨
ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا، ............... مەهاباد قەرەداغی ٢٤
مافی ژن لە کۆمەلی کوردەواریدا (بەشی ١٢)، ... «ژیلا. ف» و «تەیفور» ٢٩
ژنانی ئومێد بەخش، .................. لوسینا جافەرۆڤا ٣٥
بە سەرهاتی ژیانم: ........... سەید رەسوولی بابی گەورە (دێهقان) ٣٩
مەرگ بەرببینگی پێ گرتین، ................... ئەحمەدی شەریفی ٤٥
ڕۆژژمێری تەورێز (بەلگەنامەکانی...)...... وەرگێڕانی: ئەنوەری سولتانی ٤٧
شێعر: ڕێبوار سیوەیلی، دلسۆز حەمە، هەندرێن، تیشکە محەمەدپوور ٥٠
بادۆستێکی کورد بناسین، .......... (وتووێژ لەگەل: بیۆرن نیتەبەری) ٥٤
خەللاقییەت و میللییەت، ....................... ح. ک. زمناکۆ ٥٥
گفتوگۆی میلان کوندێرا: ....................... فیلیپ رۆس ٥٧
ئاخرین ساتەکانی ژیانی عەزیزی یوسفی، ................ قاسمی چیرە ٦١
کورتەچیرۆک: وەنەوشەی جادوو، .................. ڕەسوول محەمەدی ٦٣
کورتە چیرۆک: هەناسەکان، ........................ عارف باوەجانی ٦٥
چەند سەرنجێک دەربارەی کێشەی دوو پرێپۆزیسیۆنی (دە) و (لە) لە زمانی ئەدەبیدا، ....................... کەمال مەحموود ٦٧
بەرسڤێک بۆ چەند سەرنجێک... ، .............. عەبدوللا ئیبراهیمزادە ٦٩
مەلی پەرەوازە گەڕایەوە هێلانەکەی (بە بۆنەی کۆچیی دوایی نزار قەبانی)، ......................حەسەنی ئەیوبزادە ٧١
وەک شۆڕەبییەک لە بلوور... (بە بۆنەی کۆچی دوایی ئۆکتاڤیۆ پاز)، هێرش ٧٣
رانانی کتێب: ........................... حەسەنی قازی ٧٤
دزێتی ئەدەبی و سانسۆڕ، ..................... قاسمی ریانی ٧٥
یادی سەدسالەی ڕۆژنامەی کوردستان، ............... عەلی کەریمی ٧٦
خورافات لە کوردەواریدا، ..................... س. گ. ماکوان ٧٨

وێنەی ڕووبەرگ:
**کلێشەی ڕۆژنامەی ،کوردستان، بە بۆنەی سەدەمین سالی بلاوبوونەوەی**

چاپی کتێبی هەرزان، سوێد: ژوئێنی ١٩٩٨
ISSN 1104 - 3473

**سەرنووسەر:**
سولەیمانی چیرە (هێرش)

**دەستەی نووسەران:**
هاشمی ئەحمەدزادە
ئەزەند بەگیخانی
ئەمیری حەسەنپوور
حەسەنی قازی
عەبباسی وەلی

**راوێژکار:**
عەلی کەریمی

**ناوونیشان:**
GZING
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس:**
Fax: +46 - 650 - 94029

**ئی ـ مەیل:**
E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com

**وێب ئادرێس:**
http://w1.650.telia.com/~u65002195

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**
Postgiro: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بلاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە کوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەلام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ئانێردرێنەوە.**

قسەی ئەو ژمارەیە:

# ڕۆژنامەگەری و هەستی ناسیۆنالیستی

س. چ. هێرش

به بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی

ڕۆژی ۲۲ی ئاوریلی ۱۹۹۸ سەد ساڵ بە سەر دەرچوون و بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی **«کوردستان»** تێپەڕە بوو کە یادی ئەو ڕۆژە بۆ هەموو کوردێک یادێکی بەنرخ و پیرۆزە. هەر بۆیە، بەم بۆنەوە لەلایەن ڕۆرنالیست و ڕۆژنامەگەر و ڕۆشنبیرانی کوردەوە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان، چ لە کوردستان و چ لەر دەرەوەی وڵات، یادی ئەو ڕۆژە بەنرخە پیرۆز کرایەوە.

حەوجێ بە گوتن نییە کە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆژنامە بە پێی ناوەرۆک و ئەوەیکە تا چ ڕادەیەک دەرخەری بەرژەوەندی گشتی و زمانی حاڵی خەڵک بێ، دیاردەیەکی سەردەمی مۆدێرنیتەیە کە لە ئورووپاڕا سەری هەڵداوە و دواتر لە وڵاتانی دیکە و لەوانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێمەی کوردی تێدا دەژین، پەرەی پێدراوە.

ڕۆژنامە و ئامرازی ڕاگەیاندن، پێوەندییەکی دوولایەنەی ڕاستەوخۆیان بە باری دێمۆکراسی و ئازادیی بیر و ڕادەربڕینەوە هەیە، هەر ئەندازە لەوڵاتێک ڕادەی دێمۆکراسی لە سەرتر بێ بە هەمان ئەندازەش جۆراوجۆریی ڕۆژنامە زۆرترە و هەر بەو پێیەش هەر ئەندازە ڕادەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە سەرتر بێ، ڕادەی دێمۆکراسی و ئازادیش زیاتر دەبێ. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان حوکمی بە سەردا دەکەن، بە هۆی نەبوونی دێمۆکراسی و ئازادی بیر و ڕا دەربڕین، ڕۆژنامە و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی زیاتر لە لایەن دەستە و تاقمی سەر بە دەوڵەتەوە ئیدارە دەکرێن کە دەرخەری ئامانجی دژی گەلی و پێداهەڵدەری ڕێژیمی سەرکوتگەرن . جا ئەگەر ئێمە بمانەوێ باری ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، هەڵسەنگێنن ئەوە مەسەلەکە بارێکی زۆر ئاڵۆزتر بە خۆیەوە دەگرێ . ئەگەر ڕۆژنامە وەک زمان و چاو و گوێ یان ڕەنگدەروە و بڵاوکەرەوەی هەستی نەتەوەیی لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا چاوی لێبکرێ ــ کە بۆ ئێمەی کورد وای چاو لێدەکرێ؛ هیچوەخت نەتەوە سەردەستەکانی خاوەن دەوڵەت نەیانهێشتووە ئەو پرۆسەیە بە شێوەی ئاسایی بەڕێوەبچێ. هەر بۆیەشە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی نەک لە کوردستان، بەڵکوو لە درەوەی وڵات لە دایک بووە.

شتێکی ئاشکرایە کە کاتێک پرۆسەی هەست و شعووری ناسیۆنالیستی شکڵ دەگرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بەرەو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاو دەنێن، ڕۆژنامە وەک زمانی حاڵی ئەوان دێتە کایەوە و بەرژەوەندیی ماددی و مەعنەوییان بەرجەستە دەکاتەوە. دیارە گەلی کوردیش بە تەواوی ئەو کۆسپ و تەگەرە سیاسییە و ئابوورییانەی کە دەوڵەتە ناوندییەکانی هاوپێوەند بە مەسەلەی کوردەوە خوڵقاندوویانە و دەیخوڵقێنن ــ سەرەڕای حەولی مانەوەی فیزیکی خۆی ــ لەوبوارەدا بە پێی توانا چاوپۆشی نەکردووە و بایەخێکی زۆری بە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی گشتی داوە. دەکرێ بڵێین دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە شعووری ناسیۆنالیستی و پرۆسەی «نەتەوە ــ دەوڵەت»ی کوردییەوە هەیە کە نیزیکەی سەدساڵێکە خەریکی تێپەڕاندن و تێسرەواندنی ئەو پرۆسەیە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

دیارە هەر وەک دەزانین بە پێی گەلێک هۆ و بارودۆخی دژوار، زەخت و فشاری دەوڵەتە ناوەندییەکان لە لایێک و شکڵ نەگرتنی بۆرژوازیی کورد بە شێوەی ئاسایی و قانوونمەند لە لایێکی دیکەوە و، هەروەها لاوازیی سەرمایە و توانایی ماڵی لە بەرانبەر مانۆری نەتەوەی سەردەستدا (کە تێکەڵاوی سەرمایەی جیهانی یە)؛ ئەم ئەرکە واتە چالاکیی ڕۆژنامەگەری بەگشتی کەوتووەتە ئەستۆی دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات کە خاوەنی شعوور میللین بەڵام بە گوێرەی دابڕانیان لە نیشتمان و نەبوونی پێوەندییەکی ئەوتۆی کارا بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازاڕەوە، ناتوانن ئەو پرۆسەیە بە ڕێکوپێکی و سەقامگیریی هەتاسەر تێسرەوێنن. بە داخەوە ئەو دەستەیەش کە تاڕادەیێک توانایی و وزەی ئابوورییان هەیە، خاوەنی مێشک و شعووری نەتەوەیی ئەوتۆ نین؛ بۆیە تا ئێستاش پرۆسەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، نەتوانراوە بە شێوەی ڕێکوپێک و سەقامگیر بەردەوام بێ.

حەوجێ بە دوو پاتکردنەوە نییە کە گۆڕەپانی چالاکی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گوێرەی گەلێک هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زەبرو زەنگی سیاسەتی دژی کوردیی دەوڵەتە ناوەندییەکان، جگە لە هێندێک قۆناخی کورتی مێژوویی نەبێ، ئەغڵەب لە دەرەوەی وڵات بووە. دیارە بۆ کار و چالاکیی ڕۆژنامەگەرییش لە دەرەوەی وڵات، هەروەک گوترا، مەسەلەی بازاڕ گەلێک گرینگە کە هۆی ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە سەر لاوازیی شعووری نەتەوەیی و جێگۆڕکێی چینایەتی کۆڕوکۆمەڵانی خەڵکی کورد لەو پێگەیە بۆ ئەم پێگەیە و، بەتایبەت تەئسیری سیاسەتی چەند فەرهەنگی و فرتوفێڵ و فریودانی سیاسەتبازان و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتە ناوەندییەکان، ئەو پرۆسەیەی زیاتر ئاڵۆز و دژوار کردووە. لە لایەکی دیکشەوە، مەسەلەی بازاڕ بۆ ڕۆژنامە هەم وەک خودی کاڵا و هەم وەک زمانی کاڵا زۆر گرینگە. کاتێک دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێ، بازاڕیش نییە، ئەگەر بازاڕ نەبوو پرۆژەش نییە و کە پرۆژەش نەبوو ئیدی بەرەوپێشچوونی فەرهەنگی وکۆمەلایەتیش نییە کە سەرجەمی ئەوانە و پێوەندیی دیالیکتیکیان پێکەوە کار دەکەنە سەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەری وەک ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندیی میللی، جا چ ماددی بێ و چ مەعنەوی...

ئەوەش ڕاستە کە لە وڵاتانی ئورووپاییدا هەر کەس و دەستەیەک ئەو ئازادییەی هەیە کە ڕۆژنامە و گۆڤار دەربکا. بەڵام چونکە چوارچێوەی پێوەندیی ئابووری لە سەر بناغەی پووڵ و سەرمایە داندراوە و بەتایبەت لایەنی زەرق و بەرقی ڕاگەیاندن و خۆراک دانی فیکری و ئامرازەکانی هەواڵنێری لە دەست خاوەن دەسەڵاتدارانی ئابووری دایە، کەم ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەتوانن هەتا سەر بەردەوام بن. بێ لەوەش بەشێک لە دانیشتووانی کوردی هەندەران (ئورووپا و...) بە هۆی ئەو پێوەندییە زاڵەی کە هەیە چ بە شێوەی خۆویست و چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەکەونە نێو جەغزی هێندێک گیروگرفتەوە کە کەمتر خۆ بە کاری خوێندنەوە و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە ماندوودەکەن.

هەر بۆیەشە بە داخەوە هێشتا هیچکام لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات نەتەنیا وەک کاڵا نەبوونە کەرەسەی قازانج گەیاندن و خۆ ئیدارەکردن، بەڵکوو خاوەن و بەڕێوەبەرەکانیان هەمیشە نۆیان لە گرێوی دەی دابووە و قازانج سەری مایەی خواردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوڕەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی وێڕای تەواوی ئەو کەموکوڕییانە، لە ڕەو ناکەوێ و هەروا بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێ. ■

دوکتور رۆبێرتا میکالێف

# ئەدەبی ڕۆژهەڵات و تیئۆرییەکانی ڕۆژئاوا

ئامادەکردنی: هاشمی ئەحمەدزادە

**☐ دکتور رۆبێرتا میکالێف (Roberta Micallef) له سالی ١٩٨٩ له زانکۆی نوبێرلین بەکالیورسی(BA) له زانستی سیاسەت و، هەروەها سالی ١٩٩٠ یش ماستێری لێکۆلینەوەی له سەر ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا وەرگرتووە. سالی ١٩٩٧، تێزی دوکتوراکەی له بواری ئەدەبی بەراوردی دا بە زانستگەی تێکزاس پێشکێش کردووە و دوکتورای فەلسەفە (Ph.D) له ئەدەبییاتی وەرگرتووە. له پاییزی ١٩٩٧وە وەک مامۆستای زمانی تورکی و ئوزبەکی له ئەنستیتووی زمانەکانی ئاسیا و ئافریقایی زانستگەی ئوپسالا دەستی بە کارکردووە و تا ئێستاش له سەر ئەم کارە بەردەوامە.**

**روبێرتا میکالێف هاوکات پرۆژەیەکی لێکۆلینەوەی له سەر ،سنوورەکان له ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندی، دا بە دەستەوەیە کە بە هاوکاریی چەند پسپۆڕی سوێدی بەڕێوەدەچێ. ئەم وتووێژە بە زمانی ئینگلیسی بەڕێوەچوە و پاشان کراوەتە کوردی. مەبەستی سەرەکیی ئەم وتووێژە ئاشنا کردنی خوێنەرەوەی کورد بە بوارە جۆراوجۆرەکانی دنیای لێکۆلینەوە و ئەدەبییات.**
**هاشم**

**■ دەزانم کورتکردنەوەی ریسالەی دوکتورا له چەند دێردا کارێکی هاسان نییە، بەلام سەرەڕای ئەوەش پێمخۆشە له زمان خۆتەوە بەرچاوترین خالەکانی تێزەکەت ببیسم.**

ـ هەروەک خۆت گوتت هاسان نییە کارێک کە مرۆڤ بە درێژایی چەند سالان خەریکی دەبێت و زۆر لق و پۆپی لێدەبێتەوە، له چەند دێڕاندا کورتی کاتەوە. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر مەبەستی تۆ، واتە ئاگادارکردنی خوێنەرەوانی گۆڤارەکەتان له لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و سیاسی، هەوڵدەدەم بە کورتی ئاماژە بە نامەی دوکتوراکەم بکەم، ناوی تێزەکەی من ئەوەیە:

«ڕۆڵی ئەدەبییات و ڕوناکبیران له سازکردنی پێناسی نەتەوەییدا، کەیسی ئوزبەکستان». The Role of Literature and Intellectuals in National Identity Construction, The case of Uzbekistan

ناوەرۆکی ئەم تێزە باسێکە له سەر پێوەندیی نێوان ئەدەبییات و نەتەوە، بە واتایەکی تر پێوەندیی نێوان بەرهەمهێنەران یان داهێنەرانی ئەدەب له لایەک و نەتەوە له لایەکی ترەوە بە وردی خراوەتە بەر باس. کارەکەی من هەم لایەنی تیئۆریکی هەیە و هەم لایەنی ئەزموونی و کردەیی. من له سەرەتادا چوومە ئوزبەکستان و ماوەی ٩ مانگان لەوێ مامەوە. لەم ماوەیەدا هەوڵی سەرەکیم ئەوەبوو کە چەمکەکانی زمان و ئەدەبییاتی ئوزبەکی له پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگای ئوزبەکستاندا لێکدەمەوە. بە بەردەوامی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیم لەگەڵ نووسەران و شاعیرانی ئوزبەکدا لێکدەداوە و بیروڕامان دەگۆڕییەوە. من هەوڵم دا ئامرازی تیئۆریکی ڕۆژئاوایی بۆ لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەلاتیی دەکاربێنم. ئەم ئامرازە تیئۆریکییانە له ئەساسدا بەرهەم و دەرەنجامی لێکدانەوەی مێژووی ئەدەبی ڕۆژئاواییین و بێگومان پیادەکردنیان له سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئوزبەک یان هەر وڵاتێکی تری ڕۆژهەاتی تێکەلاوی کۆمەڵێک گرفت دەبێ. من زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەم بنەما تیئۆریک و ڕەخنەییانە چەندە دەتوانن بۆ لێکدانەی ئەدەبییاتی ڕۆژهەلات بە کەڵک بن. لێکۆڵینەوەکانم هێنایانمە سەر ئەو دەرەنجامە کە له زۆر ئاستاندا دەبێ ئەم تیئۆرییانە گۆڕانکارییان تێدا بکرێ و بۆ وەدەستهێنانی ئاکامی باشتر لەگەڵ ئەبییاتی ئەم بەشەی جیهان سازگار بکرێن، یان بەلانیکەم له ژێر تیشکی تایبەتمەندییەکانی مێژوویی و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتیی ڕۆژهەلاتدا کەڵکیان لێوەربگیرێ. ئەم بۆچوونە هەروەک گوتم نەک تەنیا له سەر ئەدەبییاتی ئوزبەکی بەڵکوو له سەر ئەدەبییاتی تورکی و بگرە هەموو ڕۆژهەلاتیش دەکرێ ڕەچاوبکرێ.

بە بڕوای من شتێکی یەکجار زۆر جێی سەرنج و لەهەمان کاتدا جێی خۆشحالی یە کە ڕۆژبەڕۆژ کەسانێکی زۆرتر پێوانە و پێوەری تیئۆریکییەوە خۆ بە ئەدەبییاتی غەیری ڕۆژئاوایی ماندوو دەکەن و سەرهەڵدانی ئەدەبی نەتەوەیی له ڕوانگەی بۆچوونەکانی تیئۆریکی لێکدەدەنەوە. ئەمە ڕەوتێکی تازەیە و دەکرێ هیوادار بین کە ئێمەش ڕۆژێک له ڕۆژان کارتێکەریمان له سەر ڕەوتی تیئۆریسازی له جیهانی ئەدەبدا هەبێ.

**■ مێتۆدەکانی لێکۆلینەوەکەت چۆن دەتوانی بە کورتی ناودێر بکەی؟**

ـ وەک گوتم ئەمن ماوەی ٩مانگان له تاشکەند، پێتەختی ئوزبەکستان مامەوە (سالانی ٩٤-٩٣). یەکەم کاری من کۆکردنەوەی زانیاری دەستی یەکەم بوو. مێتۆدۆلۆژیی من بریتی بوو له سێ بەش: یەکەمیان پێداچونەوەی بەرهەمگەلێک کە لەم بوارەدا نووسرابوون، دووهەمیان چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و سێهەمیشیان چاوەدێری بەشدارییانە واتە تێکەلاوی لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی ئەدەبی و سیاسی بە مەبەستی چوونە ناو ناخی ڕووداوەکانەوە. من له کتێبخانەی بەناوبانگی «عەلی شیرنەوائی» و کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتیدا کارم دەکرد و کەرەسەی پێویستم له سالەکانی ١٩٣٠ڕا تا سەردەمی ئێستا ←

کۆدەکردەوە و گوڵبژێرم دەکردن. هەروەها چاوم بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هاوچەرخدا دەخشاند. ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە پڕبوون لە بابەتی بە کەڵک و مێژوویی بەتایبەت لە سەر دەورەی «جەدید»ییەکان کە دەورەیەکی یەکجار کارتێکەر بووە لە سەر ئەدەبییاتی وڵاتانی ئاسیای ناوەندی.

**■ ڕۆڵی ڕووناکبیران لە پێوەندی لەگەڵ پێناس و هەوێتی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کارەکەی تۆدا دەبینرێ. لێرەدا لە باس و شیکردنەوە و کێ بوونی ڕووناکبیران دەگەڕێین. چونکە ئەوە خۆی بابەتێکی جیاوازە و لێدوانێکی تایبەتی دەوێ. بەڵام پێمخۆش بوو ئاماژەیەك بە کاریگەریی ڕووناکبیران لە کۆمەڵگادا (هەڵبەت لە چارچێوەی کارەکەی خۆتدا) بکەی؟**

ــ من پێموایە ڕووناکبیران، بە لانی کەمەوە هێندێک لەوان، ڕۆڵێکی تایبەتی لە کۆمەڵدا دەگێڕن. لە هەلومەرجی قەیرانیدا ڕووناکبیران هۆکارێکی هاندەر و وەگەرخەری کۆمەڵگان. «گرامشی» دەڵێ ڕووناکبیران ئەو هێزەن کە بە بەردەوامی قەناعەت بە ئەندامانی کۆمەڵ دێنن. ئەوان لە گۆشدان و ڕێکخستنی جەماوەر دەستێکی باڵایان هەیە و نووسەران بە گشتی خاوەنی دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەرن. بەرهەمی ئەدەبیی نووسەران چلۆنایەتییەکی تایبەتی وەدەستدێنێ و لە ناکاوڕا دەبێت بە هۆکاری بەرهەڵستکاری و خۆڕاگری جەماوەر لە بەرانبەر هێزە درەکییەکاندا. خەڵک بە هۆی کارتێکەریی ئەم بەرهەمانە شارژ دەبنەوە و تێهەڵدەچنەوە. بەرهەمی ئەدەبی دەبێتە مێتافۆرێک کە بەستێن و زەمینەی لێحاڵیبوون و تێگەیشتنی خەڵک بە دەستەوە دەدات. خەڵک بە یارمەتیی بەرهەمە ئەدەبییەکان دژایەتی و ناکۆکی و تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵگا لێکدەدەنەوە و لە سەر ئەساسی دنیای ئەدەبییات توانایی دەربڕینی هەلومەرجی خۆیان بۆ هاسانتر دەبێتەوە. هەڵبەت ئەرکێکی گەورەی لەم چەشنە لە هەموو ڕووناکبیرێک بەدی ناکرێ و هەموو ڕووناکبیرێکیش ئەم توانایی و لێهاتوویەی نییە. هێندێک لە ڕووناکبیران گوێڕایەڵی سیستمن، بەڵام ئەوانەی خۆ بە سیستم نابەستنەوە و لەگەڵ دامودەزگای دژ بە نەتەوەکەیان خۆڕاناهێنن دەبن بە پاڵەوان و قارەمانی نەتەوە. ئەمە بەتایبەتی لە بارەی ئەو ڕووناکبیرانەدا ڕاستە کە هەڵوێست و بۆچوونەکانیان دەبێتە هۆی دەمەترسی هاویشتنی ژیانی ئاساییان و هەڕەشەی بەندیخانە و مەرگ بەردەوام لە سەریانە.

**■ ئەگەر سەرنج بدەینە سەر ڕووداوەکانی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، دەبینین لە هێندێك لە کۆمارەکانی ئاسیایی ناوەندیدا، ڕووناکبیران دەبنە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و لە ئاستی کۆمەڵگادا بەرپرسیاریی و ئەرك وەئەستۆ دەگرن. دەکرێ هێندێك لە سەر میکانیزمی کاری ڕووناکبیران بۆنموونە لە ئۆزبەکستاندا زانیاریمان بدەیەی؟**

ــ لێکدانەوەی چۆنێتی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕووناکبیران لە ئۆزبەکستان دەرفەتێکی باش دەرەخسێنێ بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردی ڕووناکبیر و پێوەندییەکانی دەسەڵات لەم کۆمەڵگایەدا. لە یەکێتی سۆڤیەت، ڕا لەسەر ئەمە بوو کە ڕووناکبیران ئامرازێکی زۆر بە کەلکن بۆ سازکردن و وەدیهێنانی «مرۆڤی نوێی سۆڤیەتی». «ژێدانۆڤ» لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتدا بە ئاشکرایی باسی ئەوەی کردبوو کە نووسەران ئەندازیارانی ڕۆحن. ڕەفتاری خەڵک دەکرا بە دانانی یاسا کۆنترۆڵ بکرێ و پێشکەوتنی تێکنیکی لە سایەی مۆدێرنیزەکردن وەدیهاتبا، بەڵام بۆ کارتێکەریی تەواو لە سەر ڕۆحی مرۆڤ، بۆ دانی فۆرمی تایبەتی و دڵخواز بە ئینسان و بۆ گۆڕینی بیری ئەو، هەست دەکرا کە ئەوەی پێویستە ئەدەبییاتە. بەڵام لێرەدا فاکتۆرێکی تر دێت ئاراوە. سیستمی سۆڤیەت ئەگەرچی دەیتوانی جۆرەیەکی تایبەت لە ئەدەب پەرەپێبدا و بەشێک لە نووسەران بباتە ژێر ڕکێفی خۆی و ئەدەبی سفارشتییان پێ بنووسێ، بەڵام نەیدەتوانی خوێنەرەوە ناچار بکات کە ئەوەی نووسراوە بیسەلمێنێ و پێی ڕازی بێ. گرامشی بە دروستی لە مەترسی ئەو شتەی ئەو پێیدەڵێ «هونەری بارهێنان» وشیارمان دەکاتەوە. لە ئۆزبەکستان پرۆژەی وەدیهێنان و سازکردنی ئینسانی ئۆزبەکی ــ سۆڤیەتی بە یارمەتی ئەدەبییات قەت سەرنەکەوت. لە ڕاستیدا هەتا هەشتاکانیش ڕەخنەگرانی ئەدەبییاتی ئۆزبەکی ڕەخنەیان لە نووسەرانی ئۆزبەک دەگرت و لۆمەیان دەکردن کە ئەوان واتە نووسەران نەیانتانیوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا کاراکتێری شیاو و باوەڕپێکراو بخولقێنن.

**■ ڕیئالیسمی سۆسیالیستی وەك قوتابخانەی زاڵی ئەدەبییاتی سۆڤیەت چەندە سەرکەوتوو بوو لە ڕامکردنی سەربزێوی دانیشتووانی ئاسیای ناوەندی، بۆنموونە ئۆزبەکەکان؟**

ــ واوێدەچێ کە خوێنەرەوە تەما و ویستی ئەوەیان نییە کە بە خۆیان ئیزن بدەن بکەونە ژێر کرتێکەریی ڕەوایەت و چیرۆکێک کە داوای ڕیئالیست بوونی هەیە. ئەو خەڵکانەی حەز دەکەن کولتووری خۆیان پێڕەو بکەن و خۆشیان لە پاڵەوان و ناسراوەکانی نەتەوەیی خۆیان دێت، وێناچێ بیانهەوێ ڕووی خۆش بە ئەدەبییاتێک نیشان بدەن کە کەموکوڕی و لاوازیی کولتووری ئەوان بخاتەڕوو. ئەوان ناهێڵن کولتوورەکەیان وەک پاشکۆ و ژێردەستی دەسەڵاتی بێگانە بناسرێ. شتێکی جێی سەرنج ئەوەیە کە زۆر نووسەری ئۆزبەک هەستیان دەکرد کە ئەوان لە هەلومەرجی قەیرانیدا ڕۆڵێکی گرینگیان دەکەوتە ئەستۆ. لە ڕاستیدا نووسەران پێویستیان بە قەیران هەبوو تا بتوانن بەرهەمی باش بنووسن. ڕۆڵی ئەم نووسەرانە لەگەڵ وەدیهاتنی دێمۆکراسیی ڕاستەقینە لە کەمی دەدات و لاواز دەبێ و جێگای نووسەران دەدرێ بە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆرنالیستان کە ئەرکی لێکدانەوە و شیکردنەوە وەئەستۆی خۆیان دەگرن. لە هەلومەرجی دێمۆکراسیی ڕاستەقینە دا خەڵک هەستی پێداویستییان بە کەسانێک کە درۆکان لە قاو دەدەن و ڕاستییەکان دەخەنەڕوو، لە دەست دەدەن.

**■ ناپرسم ئەدەبییات چییە، بەڵام دەمەوێ بپرسم ئەدەبییات چ ڕۆڵێك لە کۆمەڵگادا دەگێڕێ؟**

ــ من لە سەر ئەم باوەڕەم کە ئەدەبییات خاوەنی ڕۆڵێکی شازە لە کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەک کە تووشی قیران هاتووە. «کارل دۆیچ » یەک لە گەورەترین لێکۆڵەرەوانی نەتەوە دەڵێت کە یەک نەتەوە پێویستی بە دووشتی سەرەکی هەیە: یەکیان ئەفسانەیەکی هاوبەش لەمەڕ ڕیشە و بنج و بنەوانەوە و ئەوی دیکەیان دوژمنی هاوبە. چ شتێک جگە لە ئەدەبییات دەتوانێ ئەفسانەی هاوبەشیی ڕیشەی نەتەوەیەک ساز بکات؟ «شێلی» دەنووسێ ئەگەر بریتانیاییەکان بتوانن ←

ریتمی شارستانییەتێک دەستنیشان بکەن ، ئەوا دەتوانن بە سەریدا زاڵ بن. «ئێدوارد سەعید» لە بۆچوون و هەڵوێستێکی تەواو جیاواز ـ لە کتێبە بەناوباگەکەیدا: ئۆریانتالیسم (ڕۆژهەڵاتناسی)دا دەڵێ کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە سەر بیر و ڕای جەماوەری ڕۆژئاوایی و شێوەی تێفکرینیان لە سەر ڕۆژهەڵات و ئەوەیکە چۆنیان هەڵسوکەوت لەگەڵ بکەن، تەواو کاریگەر بوون. ئەو بەرهەمانە بە بڕوای ئێدوارد سەعید هەروەها کاریان کردووەتە سەر ئەوەی کە ڕۆژهەڵات چۆن لە خۆی دەگات و ڕۆژهەڵاتیی چۆن سەیری خۆی دەکات و چ کردەوە و دژکردەوەیەک ڕەچاو دەکات.

لە کتێبی *نەتەوە و ڕەوایەتدا* (Nation and Narration) ، «هۆمی بابا» (Homi Bhabha) نەتەوە و هونەرە ڕەوایەتییەکان لێک گرێ دەدا. من پێموایە ئەوەی «فرێدریک جەیمسۆن» لە کتێبی (ناخۆئاگایی سیاسی)دا ئاماژەی پێدەکات تەواو لە جێی خۆیەتی. جەیمسۆن دەڵێ کە تەنانەت ئەو بەرهەمانەی کە ڕاستەوخۆ سیاسی نین و بە شێوەیەکی خۆئاگایانە لە سیاسەت دوورەپەرێزی دەکەن، واقیعی سیاسی سەردەمی خۆیان ئاشکرا دەکەن و لەمەڕ ئەم واقیعە هۆگری یان دژایەتی دەنوێنن.

**■ هێندێک لە ژانرە ئەدەبییەکان دیاردەی ڕۆژئاوایین و سەرهەڵدانیان لە ڕۆژهەڵاتدا تەمەنێکی زۆری لێ تێناپەڕێ. ڕۆمان یەک لەم دیاردانەیە. زۆر لە تیئۆرییەکانی سەردەمی ئێستا سەرهەڵدانی ڕۆمان بە وەدیهاتنی چەمکی تازەی نەتەوە گرێدەدەن. تۆ چۆن لەم بابەتە دەڕوانی؟**

ـ ئەدەبییات فەزایەک پێکدێنێ کە تێیدا ئیمکاناتی جۆربەجۆر دەتوانن زەمینە و هەلی لەباری ڕەخسینیان هەبێ و سیناریۆی ڕەنگاوڕەنگ بخولقێندرێ. زۆرجاران بەرخورد و کۆنتاکتی کولتووری دەبنە هۆی چاندنی تۆوی ژانرێکی نوێ و لە ئاکامدا شینبوون و ڕوانی ئەم ژانرە نوێیە لە وڵاتێک کە پێشتر هیچ ئاسەواری نەبووە. سەفەر، پێوەندی و لکاندنی کولتووری و تەنانەت کۆلۆنیالیزم لەو دیاردانەن کە بوونەتە هۆی گواستنەوەی هێندێک لە ژانرەکانی ئەدەب بۆ ڕۆژهەڵات. ڕۆمان یەک لەم ژانرانەیە کە وەک تۆ گوتت لە ئەساسدا ژانرێکی ڕۆژئاوایی یە و دوایە هاتووەتە ڕۆژهەڵات. سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە وڵاتانی وەک ئوزبەکستان و تورکیا ئاکامی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و کولتوورین. لەدایکبوونی ڕۆمان لەم وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە سەر ئاشنابوونی ئەوان لەگەڵ ڕۆژئاوا و پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی. «بێنێدیکت ئاندێرسۆن» لە کتێبی (کۆمەڵگای خەیاڵی)دا سەرهەڵدانی ڕۆمان و دەوڵەتی نەتەوەیی بەیەکەوە گرێ دەدات. هەڵبەت لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە کاپیتالیسمی چاپ و پەیدابوونی ڕۆژنامەش دەکات و باوەڕی وایە کە ڕۆمان ژانری تایبەتیی دەوڵەتی نەتەوەیی یە.

**■ چاوپێداخشاندنێکی سەرپێیی بە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆمان دەردەخات کە شێعر خاوەنی پلە و پایە و پێشینەیەکی تایبەتە. چۆن دەکرێ ئەم دیاردەیە لێکدەینەوە؟**

ـ وایە، بۆ نموونە لە ئوزبەکستاندا ئێستاش شێعر فۆرمی زاڵی ئەدەبی یە. بە بڕوای من شێعر ڕۆڵێکی زۆر تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندیدا دەگێڕێ. سەبەبەکانی ئەم شتەش زۆرن. شێعر بە هاسانی لەبەردکرێ و بە هاسانیش هەزم دەبێ و هەروەها بڵاوکردنەوەی لە هەلومەرجی سانسۆر و فەزای نالەباری سیاسیدا بە هاسانی بەڕێوەدەچێ. لەوانە گرینگتر ئەوەیە کە شێعر وەک ژانرێکی خۆماڵی و توانا بۆ بەرگری و خۆڕاگری لە بەرانبەر کولتووری کۆلۆنیالیدا دەکاردێت. لە ئوزبەکستاندا ڕۆمان ئاکامی بەرخورد و ئاشنایی لەگەڵ ڕوسیەدا بوو، بەڵام شێعر دیاردەیەکی خۆیی بوو کە دانیشتووانی ئاسیای ناوەندی بە درێژایی چەندین سەدە لەگەڵی ڕاهاتوون و هەست و هۆگریی قووڵیان بۆی هەیە. ئەوان پێیان وایە لە باری شێعرەوە پێشینەیەکی دوور و قووڵتریان لە ڕووسەکان هەیە و ئەم باوەڕ و هەستە تەنانەت ئێستاش هەر لە ئارادایە و سەرەوەری و دسەڵاتی ڕووسەکان بە سەر ئوزبەکستاندا بۆ ماوەی حەفتا ساڵ چی لەم ڕاستییە نەگۆڕیوە.

**■ لە سەرەتای باسەکەماندا ئاماژەت بە پێداویستیی وردبوونەوە لە دەکارهێنانی تیئۆرییەکانی ڕەخنە و ئەدەب (کە پتر ڕۆژئاوایین) بۆ لێکدانەوەی ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵات کرد. پێموایە ئەوەی لە سەر جێگا و ڕۆڵی شێعر لە ئوزبەکستاندا گوتت، یەک لەم سەبەبانەیە کە دەبێ ڕەخنەگری ڕۆژهەڵاتی لە ئاستی ئەدەبییاتی ئەم وڵاتانە وشیارییەکی تایبەتی هەبێ و هەموو شتێك بە پێوەر و پێوانەی تیئۆریی ڕۆژئاوایی هەڵنەسەنگێنێت.**

ـ بێگومان، تیئۆرییەکانی ئەدەبی و ڕەخنەگری زۆر گرینگ و بە سوودن و دەتوانم بڵێم بە بێ یارمەتی ئەوان بەرهەمە ئەدەبییەکان دەستەوەستان دەمێننەوە. بەڵام وشیاری لە ئاست تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتدا شتێکە کە دەبێ بە وردی و بە شێنەیی لەبەر چاو بگیرێت. کاتێک ئێمە کەڵک لە تیئۆریگەلی ڕۆژئاوایی لەمەڕ نەتەوەسازیدا وەردەگرین، بۆمان نییە کوێرانە دەکاریان بێنین و چاوپۆشی لە تایبەتمەندییەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم وڵاتانە بکەین. دەبێ زۆر بە لێهاتوویی حیساب بۆ هەلومەرجی مێژوویی ئەدەبییاتی نەتەوەیی ئەم گەلانە بکەین. من لێرەدا دەمەوێ ئاماژەیەک بە کارەکەی تۆ بکەم و ئەوەی دەتهەوێ پێوەندی ناسیۆنالیزم وئەدەبییات لە کەیسی ئێران و کوردستاندا بخەیە بەر لێکۆڵینەوەیەکی تیئۆریک؛ بۆ من زۆر گرینگە بزانم ئەتۆ بە چ ئاکام و دەرەنجامێک دەگەی. پێوەندیی دوو ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتی و کارتێکردنیان لە سەر یەکتر لە ڕادەبەدەر جێی سەرنجە. ئایا ئەم دوو ئەدەبییاتە لە بەستێنێکی کۆلۆنیلیدا سەریان هەڵداوە؟ مەبەستم لە پلەی یەکەمدا ڕۆمانی ئەو دوو ئەدەبییاتەیە. چۆن ڕۆمانی کوردی و فارسی کاریان کردووەتە سەر یەکتر؟ ئایا ڕۆمانی کوردی لە ژێر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی ڕۆمانی فارسیدا سەری هەڵداوە یان نووسەرانی کورد بەرخورد و کۆنتاکتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبووە؟ ئێمە زۆرجاران ڕۆژهەڵات لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا لێکدەدەینەوە. پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی کۆنتێکست و قەوارەی خۆیدا هەڵسەنگێنین و شیبکەینەوە . ئێمەش دەبێ پێ بنێینە ناو دنیای تیئۆریسازی و ئەرکی خۆمان لەم ئاستەدا بەجێبێنین.

**■ دوکتور ڕۆبێرتا زۆر سپاس بۆ ئەم ئاخافتنە. هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانم لە سەر بابەتی تری ئەدەبی لەگەڵت بدوێم و کەڵك لە ڕوانگە بە نرخەکانت وەرگرم.**

ـ سپاس بۆ تۆش و سەرکەوتوویی.

چەند باسی تیۆری

سەبارەت بە مێژووی

# ڕۆژنامەگەریی کوردی

به بۆنەی سەدەمین ساڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان

ئەمیری حەسەنپوور

ڕۆژنامەگەری (ڕۆرنالیسم) بەرهەمێکی هەرە گرینگی کولتووری ڕۆژئاوایە کە بە سەرهەڵدانی دەسمایەداری پەیدابوو و دوای سێ سەدە گەیشتە کوردستان. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ڕابردوو و ئێستەی ڕۆژنامەگەریش هەر لە ڕۆژئاوا دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسیی (هیستۆریۆگرافی) ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی (mass media وەک ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەڤیزیۆن) ئەوەندەی مێژوونووسیی سیاسی بایەخی پێنەدراوە، ئێستە کۆمەڵێک تیۆری و میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئامرازەکان لە بەردەست دایە کە بۆ نووسینی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆر بە کەڵکن. ئەو زانستە مێژوونووسییانە ڕوانگە و بۆچوونی جۆربەجۆر و دژبەیەکی تێدایە و هێشتا لە مێژوونووسیی گشتی و تەنانەت لە مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووریش دابڕاوە. هەروەها زۆربەی مەفهووم و تیۆری و میتۆدەکان لە سەر بنچینەی تەجروبەی ئامرازی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان داندراون. سەرباقی وەش، دەکارهێنانی ڕەخنەگرانەی ئەو مێژوونووسییە دەتوانێ لێکۆڵینەوەی ئێستە و ڕابردووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەرەو پێشەوە بەرێ. من لێرەدا حەول دەدەم بەعزە کێشەیەیێکی تیۆری بهێنمەگۆڕێ و بایەخیان بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەڵبسەنگێنم.

## ئەلف: چەند ڕوانگەی تیۆری

۱) **تیۆری ئامراز** (medium theory): ئەو تیۆرییە کە بە نێوی تریش ناسراوە (وەک مەکتەبی تورانتۆی ڕاگەیاندن) سەرچاوەی لە تێبینییەکانی **هارۆلد ئینیس** (Harold Innis) و **هربرت مارشال مەکلووان** (Herbert Marshall McLuhan) دایە و مێژووی کۆمەڵگەی بەشەر لە پەیدابوون و گۆڕانی ئامرازی ڕاگەیاندندا کورت دەکاتەوە.[1] ئەگەر مارکسیسم پێی وایە مێژوو بەرهەمی خەباتی چینایەتی یە، ئەو تیۆرییە دەڵێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە گۆڕانی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن. بۆ وێنە مێژووی ئینسان لەو قۆناغانەدا کۆدەکرێتەوە:

١- ڕاگەیاندنی زارەکی (oral communication)
٢- ڕاگەیاندن بە نووسین
٣- ڕاگەیاندنی چاپ
٤- ڕاگەیاندنی ئێلیکترۆنیک (تێلگراف، تەلەفۆن، رادیۆ...)

لەو مێژوونووسییەدا، داهێنانی نووسین بڕگەیێکی هەرە گرینگە لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا. هەروەها مێژوو بە ماشێنی کردنی نووسین (واتە چاپ) دەورێکی نوێ دەست پێدەکا.

**ئینیس** پێی وابوو کە تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی دەگیرێ لە دارشتنی پێوەندیی زەمان و مەکان. ئەو پێوەندییەش (زەمان و مەکان) بە نۆرەی خۆی بناغەی ئەنستیتوسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێژێ. بۆ وێنە حێندێک لە ئامرازەکان وەک نووسین (لە سەر کاغەز) و چاپ و ئامرازی ئێلیکترۆنیک دەسەڵاتی سیاسی (وەک ئەنستیتوسیۆنی دەوڵەت) لە مەکاندا پەرە پێدەدەن و یارمەتی دەدەن بە ئینحیسارکردن و ناوەندی کردنی هێز و دەسەڵات. بەپێچەوانە، ڕاگەیاندنی زارەکی (بە بێ ئامراز؛ قسەکردنی ڕووبەڕوو) یان نووسین لە سەر بەرد هەرکام بە شێوەی خۆی لە زەماندا دادەمێنێ و ڕێگەنادەن بە بەرینکردن و بڵاوکردنەوەی دەسەڵات لە مەکاندا. **ئینیس** پێی وابوو کە لە فەرهەنگی نوێباو (مۆدێرن) دا، چاپخانە و ئامرازی ئێلیکترۆنیک، بە کورتکردنەوەی زەمان و مەکان یارمەتی دەدەن بە بەرینبوونەوەی دەسەڵاتی دەسمایە و دەوڵەت. گرفتێکی بەسام لە ڕاگەیاندن بە ئامرازدا ئەوەیە: دەزگای ئامراز (ئیستگەی رادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار...) ژمارەیێکی کەم (لەچەند کەس ڕا بگرە هەتا چەند سەد کەس) بەڕێوەی دەبەن بەڵام لەگەڵ خەڵکێکی زۆر (چەند هەزار و چەند میلیۆن و ئێستە بیلیۆنێک) دەدوێن، بەڵام ئەو جەماوەرە گوێگرە، بینەرە یان خوێنەرەوەیە ئیمکانی وەڵامدانەوە و دیالۆگیان لەگەڵ نێرەری پەیامەکە نییە. بە کورتی، ڕاگەیاندنی زارەکی ئیمکانی دیالۆگی زۆرە، بەپێچەوانە ئامرازەکان ڕێگە بە لێکدوان و دیالۆگ نادەن.

**ئینیس** دەڵێ نووسین لە سەر کاغەز یان پاپیرووس ڕێگەی خۆش کرد بۆ بڵاوبوونەوە و بەرینبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و دروست کردنی ئیمپراتوری. هەروەها، تێکنۆلۆژیی چاپ ناسیۆنالیزم و زمانی نەتەوەیی دروست کرد و دەسەڵاتی عەسکەری، کولتووری سیکولار و زانستی نوێی پەرەپێدا. **مەکلووان** دەڵێ ئەو شتە (تێکنۆلۆژیە)ی پەیامی پێرادەگیێندرێ (بەردەنووس، کاغەز، رادیۆ...) لە خودی پەیامەکە

گرینگترە. قسە بەناوبانگەکەی مەکلووان ئەوەیە:

«ئامراز پەیامە (The medium is the message)»

لیرەدا مەودای ئەوەم نییە بە وردی باسی ئەو تیۆرییە بکەم، بەلام ئەگەر بێتوو مێژووی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییەدا لێکبدەینەوە دەبێ دەکارهێنانی نووسین (بە کوردی یان زمانی دی)، چاپ، تێلگراف و ئامرازەکانی تر لە کوردستاندا بکەینە بنچینەی گۆڕانی کۆمەلگەی کورد. لەو مێژوونووسییەدا، ڕۆژنامەی **کوردستان** ی ١٨٩٨ دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی کورد ــ سەرهەلدانی نەتەوە، زمانی نەتەوەیی و دامەزراندنی بناغەی دەولەتێکی کورد. دەکرێ بلێین بەگوێرەی ئەو بۆچوونە، ڕۆژنامە دانەری کوردایەتی یە نەک کوردایەتی دامەزرێنەری ڕۆژنامە.

لەگەل ئەوەشدا «تیۆری ئامراز» سەرنجی مێژوونووس بۆ دەوری چاپ و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تێکنۆلۆژی تر لە گۆڕانی کۆمەلگەی کورد ڕادەکێشێ و زۆر تێبینی گرینگ دێنێتەگۆڕێ، دیاریکردنی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن وەک ماتۆری مێژوو ڕێگەنادا بە تێگەیشتنی پێوەندیی چەند لایەنەی نێوان ئامرازەکان و نیزامی کۆمەلایەتی ــ ئابووری و زۆر پێوەندیی ئالۆزی تر لە نێوان تێکنۆلۆژی و ئابووری، سیاسەت، کولتوور و زمان و دیاردە کۆمەلایەتییەکانی دی.

لە بیست سی سالی ڕابردوو لە ڕۆژئاوادا، دوو تیۆری لە لێکدانەوەی باری ئێستە و ڕابردووی ئامرازەکان لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەستاون، یەکیان «ئابووری سیاسی ڕاگەیاندن»ە (political economy of communication) و ئەوی تر «دیراساتی کولتووری»یە (cultural studies).

٢) **تیۆری «ئابووری سیاسی»:** ئەو تیۆرییە پێی وایە ئامرازەکان سەربەخۆ نین و وەک ئەنستیتوسیۆنی ئابووری بەشێکن لە نیزامی دەسمایەداری کە جیهانبینی و بەرژەوەندی ئەو نیزامەیان دەوێ. بۆ وێنە، ئامرازە گەورەکان وەک **«سی. ئێن. ئێن»** (CNN) یان ڕۆژنامەی **لوێ مۆند** *Le Monde* یان **گاردیەن** *Guardian* هەم دەورێکی گرینگ دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی فکر و مەعنا و زانیاری و لێکدانەوە و ڕابواردن (entertainment) و هەم ڕێکخراوەی ئابوورین کە دەبێ بە قازانجکردن بەڕێوە بچن. جا بۆیە ئەو دنیا فکرییەی کە ئەو دەزگایانە دەیخولقێنن و ڕایدەگەیێنن لە خزمەت مانەوە و ژیانەوەی نیزامی دەسمایەداری دایە. **دالاس سمایث** (Dallas Smythe) دەلێ ئامرازەکان بەرنامەی زانیاری (information) و ڕابواردن بە خۆڕایی (ڕادیۆ یان تەلەڤیزیۆن) یان بە پارەی کەم (ڕۆژنامە) بلاودەکەنەوە بۆ ئەوەی گوێگر/بینەر/خوێنەرەوە پەیدا بکەن و بیانفرۆشن بەو شەریکانەی کە ڕێکلام بلاودەکەنەوە. بەو چەشنە، ئەو کالا (commodity) یەی کە ئامرازەکان بەرهەمی دێنن بەرنامەی زانیاری و ڕابواردن نییە. بۆ وێنە، کانالێکی تەلەڤیزیۆن فیلمێک پێشان دەدا و بە پێشاندانی فیلمەکە بینەر کۆدەکاتەوە و بە پێشاندانی ڕێکلام لە کاتی فیلمەکەدا، لە شەریکەکە پارە وەردەگرێ. هەر بەرنامەیێکی بینەری زۆرتر بێ نرخی ڕێکلامەکەی زۆرتر دەبێ. بەو چەشنە گوێگر/بینەر/خوێنەرەوە دەبێتە کالایێک (audience com-modity) کە ئامرازەکان دەیفرۆشن بەو شەریکانەی کە دەیانەوێ کالای خۆیان بفرۆشن.

«ئابووری سیاسی» زۆر لایەنی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و تێکنۆلۆژیی ئامرازە گەورەکان لە ولاتە دەسمایەدارییەکان ڕوون دەکاتەوە و هەلوێستی تیۆریی ئالۆزتری هەیە. ئەگەر لەو ڕوانگەوە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لێکبدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەک دەزگای ئابووری سەرمایەداری پێکنەهاتوون یان بەڕێوەنەچوون. بەرهەمهێنەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی زۆر جۆراوجۆر بوون. بۆ وێنە:

| | | |
|---|---|---|
| **کوردستان** | ١٩٠٢-١٨٩٨ | بنەمالەی دەرەبەگ |
| **تێگەیشتنی ڕاستی** | ١٩-١٩١٨ | دەولەتی ئینگلیس |
| **امید استقلال** | ٢٤-١٩٢٣ | حکوومەتی شێخ مەحموود |
| **ژیان/ژین** | ٦٣-١٩٢٦ | چەند کەس ــ خسووسی |
| **گەلاوێژ** | ٤٩-١٩٣٩ | چەند کەس ــ خسووسی |
| **ڕیا تازە** | ١٩٣٠ -١٩٩٢ | حیزبی کۆمۆنیستی هەرمەنستان |
| **زاری کرمانجی** | ٣٠-١٩٢٦ | تاقەکەس یان مالباتێک |
| **کوردستان** | ١٩٤٦ | کۆماری کوردستان |
| **خەبات** | -١٩٥٩ | پارتی دێمۆکراتی کوردستان |
| **ڕوشنبیری نوێ** | -١٩٧٣ | دەولەتی عێراق |

هیچکام لەو بلاوکراوانە وەک دەزگایەکی ئابووری دەسمایەداری بەڕێوەنەدەچوون. بۆ وێنە، ڕۆژنامەی **کوردستان** ی کۆماری کوردستان «مزی اگاداری» دانا (لاپەڕەی ١ دێری ٣ڕیال، لاپەڕەی ٤ دێری ١ ڕیال) بەلام لە شارۆچکەی مەهاباد و لە شارەدێی بۆکان تاجرێک یان کاسبارێکی وا نەبوو کە پێویستی بە بلاوکردنەوەی ڕێکلام (ئاگاداری) بێ (**کوردستان**، ژ ١٧، ای ڕەشەمەی ١٣٢٤ - ٢٠ی فیوریەی ١٩٤٦، ل ٤). تەنانەت **گەلاوێژ**، گۆڤاری ئەدەبی هەرە گرینگ، نەیدەتوانی پارەی ئابوونەش کۆبکاتەوە. **گەلاوێژ** لە سالی چوارەمی ژیانی دا، دوای پاڕانەوەیێکی زۆر لە ئابوونەداران بۆ ئەوەی پارەکەیان بدەن، چارەی نەما و «محکمەی گەلاویژ و قەرزار» ی دامەزراند (سالی٤، ژ ٤، ١٩٤٣، ل ٤٨-٥١) و هەڕەشەی کرد کە ناوی قەرزداران بلاودەکاتەوە. دوای چوارمانگان نووسی: «ئەمە سە سالە بە کاغذنوسینی تایبەتی، بە ڕاسپاردن، بە داواکردن لە **گەلاویژ** دا تکا ئەکەین لەبری لە آبونەکانمان کە یا قەرزی گەلاویژ بنیرن یا گوڤارەکە وەرنەگرن، یەکیکی تر کەلکیکی لی ببینی...» و دوایەش ناوی ٢٣ قەرزداری بلاوکردەوە کە دوو قایم مەقام و دوو محامی و چەند ئاغا و بەگی تێدابوو. (س ٤، ژ ٨، آغستوس ١٩٤٣، ل٧١). داهاتی حێندێک لە گۆڤارەکانی کوردستانی عێراق پێش ١٩٦١ (بۆ وێنە **هەتاو** ی گیوی موکریانی) لە ڕێکلامی دەولەت وەگیردەکەوت. ئاشکرایە کە پێوەندی دەسمایەداری کز بوو و چینێکی بورژوازی (بە ورد و درشتەوە) بە هێز و جەماوەرێکی خوێندەواری وا لە گۆڕێدا نەبوو کە ڕۆژنامەگەریی کوردی بکاتە دیاردەیێکی دەسمایەداری.[٢] دیارە ئێستە پێوەندی دەسمایەداری لە ولاتدا ئەوەندە بەرینە کە ڕۆژنامە دەتوانێ بە داهاتی ڕێکلام و ئابوونە و تاقفرۆشی بەڕێبچێ بەلام نەبوونی ئازادی سیاسی ڕێگای لە کالایی بوونی چاپەمەنی و خوێنەرەوە گرتووە.

٣) **تیۆری دیراساتی کولتووری:** ئەو تیۆرییە بریتی یە لە کۆمەلە هەلوێستێک کە ڕوانگەی ئابووری سیاسی بەرپەرچداوەتەوە و دەلێ ئامرازەکان سەرباقی پێوەندییان بە نیزامی دەسمایەداری تارادەیێکی زۆر سەربەخۆن و ڕاستەوخۆ نەبەستراونەوە بە بەرژەوەندی دەسمایە. بەشێک لەو ڕوانگەیە پێی وایە دەسمایەداری بوونی ئامرازەکان یان بورژوایی بوونی مەتنەکان (ناوەڕۆک) کێشەیێکی گرینگ نییە. واتە ئەوە گەرینگ نییە کە کێ مەتن (text، دەق) یان ناوەڕۆک یان مەعنا دادەنێ چونکە مەتنەکە هەرچی بێ، ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە یان گوێی لێ دەبێ یان دەیبینێ خۆی مەعنای دەکاتەوە و تێی دەگا یان پێی خۆش دەبێ. ئەو

مەتنە کە دەزگای ئامراز دەینێرێ مەعنا یان خۆشی (pleasure) یێکی یەکسان و نەگۆڕی تێدا نییە کە بۆ حەموو وەرگر (receiver) یێک وەک یەک بێ. بەپێچەوانە ئەوە وەرگر (خوێنەرەوە یا بینەر)ی مەتنەکەیە کە مەعنا دروست دەکا یان پێی خۆش دەبێ. کەوابوو نە دانەری مەتن، نە ئامرازی ناردن، نە مەتن هیچکامیان دەورێکی گرینگ ناگێڕن لە مەعنا داهێنان یان خۆشی دان. کانگای مەعنا و خۆشی لە پرۆسەی وەرگرتن (reception) دایە نەک لە پرۆسەی دانان (production). هەر مەتنێک، سازکراوەیێکی فرە مەعنایی یە و وەرگری مەتنیش هەرکامەی کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە. وەرگری مەتن ئینسانێکی چالاک (active)، تێگەیشتوو، بەربەرەکانیکەرە و ناکەوێتە داوی ئەو پەیام و مەعنایانەی کە ئامرازەکان پێی ڕادەگەیێنن.[٣]

ئەو تیۆرییە لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکی دەخاتە سەر دیاردەی ئاڵۆزی ئامرازەکان، ناتوانێ پرۆسەی پڕ پێچ و پەنای دانان ـ مەتن ـ وەرگرتن باش شی بکاتەوە. لەلایێک ئامرازەکان لە نیزامی ئابووری جوێ دەکاتەوە و سەربەستی تەواویان دەداتێ، لەلایێکی ترەوە وەرگر لە دانەر و مەتن جیادەکاتەوە و تەواو سەربەخۆی دەکا لە داهێنانی مەعنا و لە خولقاندنی خۆشی. ئەگەر تیۆری «ئابووری سیاسی » هێز یان دسەلاتی تەواو دەدا بە دەزگای ئامرازەکان و دەوری وەرگر (خوێنەرەوە/بینەر) بێ بایەخ دەکا، «دیراساتی کولتووری» هێز یان دەسەلات بەیەکجاری دەدا بە وەرگری مەتن و جەغزێک دەکێشێ بە دەوری مەتن و دانەری مەتنەکان.

ناکۆکی نێوان ئەو دوو ڕوانگەیە هێشتا بەردەوامە. ئێستە «دیراساتی کولتووری» لەگەڵ پۆستمۆدێرنیزم و پۆستستراکچرالیزم تەواو تێکەڵاوبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تیۆرییە توانیوێتی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە چەند هەنگاو بەرەو پێشەوە بەرێ، ئێستە ورەی ڕەخنەگرانەی نەماوە و لەباتی بەربەرەکانی باری باو (status quo یەعنی ئەو نیزامەی ئێستە هەیە) لە بەرانبەری سەر دادەنوێنێ. ئەو ڕوانگەیە کاتێکی تەواوی دەسەلات لە وەرگردا کۆدەکاتەوە و هەرچی دەسەلاتە لە نێرەر وەردەگرێ، ئیتر مەسەلەی زاڵی (domination) وەلادەنێ و دان نانێ بە دیاردەی ژووردەستی/ژێردەستی و دابەشبوونی نابەرابەرانەی دەسەلات. لەگەڵ ئەوەشدا مەفهوومی زاڵی بەیەکجاری فڕێدەدا، باسی بەربەرەکانی (resistance) وەرگر لە بەرانبەر دەزگای ئامرازەکان دێنێتەگۆڕێ. ئەگەر بێتوو بینەر بەرنامەیێکی تەلەڤیزیۆنی پێ خۆش نەبێ و کاناڵەکە بگۆڕێ یان تەلەڤیزیۆنەکە بکوژێنێتەوە ئەوە بەرەنگاری دەزگای ئامراز بووە.[٤]

ڕەنگە مێژوونووس، ڕۆژنامەنووس، ڕۆژنامەفرۆش یان خوێنەرەوەی ڕۆژنامەی کوردی هەڵوێستەکانی «دیراساتی کولتووری» پێ سەیر بێ. لە کوردستاندا، دەوڵەتی تورکیا ئیدارەی ڕۆژنامەی *Özgür Ülke* لە ئیستامبووڵ و ئانکارا لەیەک کاتدا بە بۆمبا تەقاندەوە، ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەفرۆشەکانی پەیتا پەیتا تیرۆر کردووە و بینەرەکانی (ماد ـ ت. ڤ) و فرۆشەری ئانتێنی مانگۆڵەی ئەشکەنجە و ئازارداوە و ئانتێنی مانگۆڵەی وردوخاش کردووە. تەنانەت لە ئورووپا ــ کانگای دێمۆکراسی بورژوایی ــ پۆلیسی ئینگلیس و بلژیک و ئاڵمان لە یەک ڕۆژو و لە یەک کاتدا هێرشیان بردە سەر ستودیۆ و ئیدارەی تەلەڤیزیۆنەکە و وەک ژاندارمی تورکیا کامپیوتر و ئارشیوەکەیان تاڵان کرد و لە بروکسێل چەند بەرهەمهێنەری بەرنامەی (ماد ـ ت. ڤ) یان گرت و موحاکەمەکرد. لە کوردستان ئامرازەکان ــ وەک شاخ و دەشت و شار و دێ ــ شەڕگەی شەڕێکی بێ ئامانن لە نێوان ڕۆژنامەنووس و بەرهەمهێنەری رادیۆ و تەلەڤیزیۆن لەلایێک و دەوڵەتەکان لەلایێکی تر. لەچەند ساڵی ڕابردوودا، شەڕێکی تر لە ژێر ئاڵای حکوومەتی هەرێم ــ لە کوردستانی باشوور درێژەی بووە. لەو شەڕەدا دوو حیزبەکان و وردە حیزبی تر هێرشیان بردۆتە سەر ئیستگەی ڕادیۆ و تەنانەت داگیرکردن و بێدەنگ کردنی ئیستگە و ڕۆژنامەکان.

ئەگەر لە کوردستان شەڕی ئامرازەکان بە تیرۆر و زیندان و ئیعدام دەکرێ. لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیێکی ناڕاستەوخۆ و تەواو ئاڵۆز بە ڕێگەی قانوون یان بێ قانوونی بەڕێوەدەچێ. لە ڕۆژئاوا، کانگای دەسەڵات یان هێز لە دەوڵەت ڕا گوێزراوەتەوە بۆ بازاڕی دەسمایەداری. لەو وڵاتانەدا سەرچاوەی پروپاگەند و سانسۆڕ زۆرتر لە بازاڕ دایە نەک لە ئەنستیتوسیۆنی دەوڵەت (دیارە دەوڵەت هێشتا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا پروپاگەند و سانسۆڕی خۆی دەکا کە زۆرجار لەگەڵ کاری بازاڕ تێکەڵاو و هاومەبەست دەبێ).

لەگەڵ ئەوەشدا «تیۆری ئامراز» و «ئابووری سیاسی» و «دیراساتی کولتووری» هەرکامیان لایەنێکی دنیای ئامرازەکان لێکدەدەنەوە، بە بۆچوونی من هیچکامیان بەتەنێ ناتوانن ئاڵۆزیی دنیای ئامرازەکان باش شیبکەنەوە. بەڵام حەولدان بۆ یەککگرتوویی ئەو دوو ڕوانگەیە (ئابووری و دیراسات) تا ئێستە کەڵکی نەبووە. کێشەکە هەم سیاسی یە و هەم تیۆری و ئیپیستیۆلۆژی (علم المعرفه). لە باری سیاسییەوە، «ئابووری سیاسی» ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە نیزامی دەسمایەداری دەکا لە کاتێکدا «دیراساتی کولتووری» بڕوای بە بوونی نیزام یان ناوەندی بوونی دەسەڵات لە نیزامی سەرمایەداری نییە. تیۆری دیراسات دنیای ئامرازەکان لەتوکوت دەکا و پێوەندییە بەرینەکانی نێوان نێرەر ـ مەتن ـ وەرگر و بڕگەی مێژوویی و بارودۆخی هەمیشە لە گۆڕانی ئەو پێوەندییانەی پێ تیۆریزە ناکرێ. بە بۆچوونی من ئالترناتیڤی ئەو تیۆرییانە، تیۆری مارکسیستی یە کە ئامرازەکان وەک ئەنستیتوسیۆنی کۆمەڵایەتی چاو لێدەکا و لە جیاتی هەڵبڕهەڵبڕکردنی نێرەر ـ مەتن ـ وەرگر، پێوەندی دیالێکتیکی نێوانیان شیدەکاتەوە.[٥]

٤) **تیۆری مارکسیستی:** لە ڕوانگەی ئەو تیۆرییەوە، ئامرازەکان ئەنستیتوسیۆنی ئابووری، سیاسی، ئیدەئۆلۆژی، تێکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتین و ناکرێ ئامرازەکان لە یەکێک لە ئەو بوعدانەدا کورت بکرێنەوە. «ئابووری سیاسی» لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی لە تیۆری مارکسیستی دایە، تیۆرییەکەی ئابووری گەرانەیە و پێوەندی نێوان کولتوور و ئیدەئۆلۆژی و تێکنۆلۆژی لەلایێک و ئابووری لە لایێکی تر بەشێوەیێکی نادیالێکتیکی لێکدەداتەوە. هەروەها، تیۆری مارکسیستی گشت دیاردەیێک لە بواری مێژوویی خۆیدا چاو لێدەکا و ناکۆکییە ناوەکی و دەرەکییەکانی ئەنستیتوسیۆنی ئامرازەکان شیدەکاتەوە. ئەو تیۆرییە، سەرنجی مێژوونووس بۆ ئەو لایەنانەی ئامرازەکان ڕادەکێشێ:

١- بەرهەمهێنەر (شەریکە، حیزب، دەوڵەت، دەستە و تاقمی جۆراوجۆر، تەنانەت تاقە کەس)

٢- نووسەر، وێنەگر، نیگارکێش، هەواڵنووس، چاپکەر و...

٣- تێکنۆلۆژی (چاپ، ئامرازی ناردن و وەرگرتن...)

٤- ڕێکخراوە (دەمودەزگای بەڕێوەبردن، ئیدارەکردن، بڵاوکردنەوە، فرۆشتن...)

٥- کرێکار و مۆچەخۆر (کرێکاری چاپ، یەکێتی کرێکاران، ڕۆژنامەنووسان...)

٦- مەتن (ناوەرۆکی ئامرازەکان...)

٧- وەرگر (جەماوەری خوێنەرەوە/بینەر/گوێگر)

٨- بڕگەی مێژوویی (context)

هیچکام لەو لایەنانەی ژیانی ئامرازەکان سەربەخۆنین و لە چوارچێوەی نیزامی کۆمەلایەتی ــ ئابووری کۆمەڵگە و چوارچێوەی جیهانی و مێژووییدا لە گۆڕان و گۆڕین دان. کێشەیێکی گرینگی ئەو تیۆرییە خەبات بۆ ئازادی، ڕزگاری، عەدالەت و یەکسانی یە و بایەخ پێدانە بە جێگەی ئامرازەکان لەو خەباتەدا.

## ب: تایبەتیتی ڕۆژنامەگەریی کوردی

ڕۆژنامەگەری دیاردەیێکی کولتوور و شارسانێتی ڕۆژئاوایە و وەک زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆژئاوا لە دنیادا بڵاوبۆتەوە و لە هەر ولاتێک ژیانی تایبەتی خۆی دەستپێکردووە. دەکرێ بڵێین مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کاتێکدا کە بەشێک لە مێژووی گشتی ڕۆژنامەگەری یە، تایبەتیتی وای هەیە کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کۆمەڵگەکانی تری جیا دەکاتەوە. بەلام ئەو تایبەتێتییانە خۆیان بەشێک لە گشتێتی مێژووی ڕۆژنامەگەرین. لە ڕوانگەیێکی دیالێکتیکیدا، گشتێتی لە تایبەتێتیدا دەردەکەوێ و تایبەتێتی بنچینەی گشتێتی یە. لێرەدا، چەند بڕگە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردستان و ولاتی تر باس دەکەم بۆ ئەوەی بەعزە کێشەیێکی تیۆری و مێژوونووسی شیبکەمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چاپ و کاغەز و جەوهەری چاپکردن چەند سەدە پێش ڕۆژئاوا لە چین و کوریای فیۆدالیدا داهێندران، بەلام ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری لە ئورووپای دەسمایەداری دەستی پێکرد. لە کۆمەڵگەی دەرەبەگیدا، بەرهەمی چاپ ــ کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار ــ نەیدەتوانی ببێتە کالا (commodity)یێک کە بکڕدرێ و بفرۆشرێ و زێدەبایەخی لێ پەیدا بێ. چاپ لە ئورووپا لە ناوەڕاستی سەدەی ١٥ کە فیۆدالیسم بەرەو ڕووخان دەڕۆیی پەیدابوو و هەوەڵ کتێبی چاپکراو ــ ئینجیلی گوتنبێرگ ــ لە سالی ١٤٥٠دا بلاوبۆوە. بەلام هەوەڵ ڕۆژنامەکان سەدەونیوێک دوایە لە سالانی ١٦٠٥ هەتا ١٦٢٠ لە هولەند، ئالمان، بلژیک، سویس و ئوتریش پەیدا بوون (مەبەست ئەو جێگایانەیە کە ئێستە بەو ناوانە دەناسرێن). هۆیەکانی ئەو جیاوازییە زەمانییە دووردرێژە تارادەیێک ناسراون: چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتێب زۆرجار هاسانترە لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامە و گۆڤار. پێداویستی ڕۆژنامە بوونی جەماوەرێکی خوێندەوار، بوونی چین و توێژی کۆمەلایەتی موحتاجی زانیاری و لێکدانەوەی هەواڵ و ڕووداو، بوونی نووسەر، سەرنووسەر، هەوالنێر، هەوالنووس، نیگارکێش، چاپگەر و کرێکاری فکریی تر، بوونی کاغەز و سیستمی بلاوکردنەوەی ڕۆژانە و زۆر بارودۆخی ترە.

لە ڕۆژئاوا، سەرهەڵدانی چینی بورژوازی و نیزامی دەسمایەداری بارودۆخی پەیدابوون و گەشانەوەی ڕۆژنامەگەری پێکهێنا. هەربۆیە ماوە زەمانێکی سەدوپەنجاساڵە هەوەڵ کتێب وهەوەڵ ڕۆژنامە لێک جیادەکاتەوە. ڕۆژنامە وگۆڤار و نامیلکە گاشەبەردی بناغەی مۆدێرنیتی ــ کولتووری سەرمایەداری ــ بوون. چاپەمەنی بەتایبەت ڕۆژنامە و گۆڤار بناغەی نەتەوە و نەتەوەییان دارشت: ڕووخاندنی دەرەبەگایەتی و کولتوور و سیاسەتی، بەربەرەکانی زمانی لاتینی و گەشەپێدانی «لەهجەکان» (vernaculars) و سەرهەڵدانی ئەو «لەهجانە» وەک زمانی نەتەوەیی، پەرەپێدانی سکولاریسم و زانستی نوێباو، بەربەرەکانی پاشایەتی موتلەقە، بلاوکردنەوەی بیری ئازادی فەرد و دێمۆکراسی بورژوایی، گەشەپێدانی ئەدەبی پەخشان و فۆرمی ئەدەبی وەک ڕۆمان و کورتەچیرۆک، ڕیفۆرمی ئەنستیتوسیۆنی دین وکەنیشتە، پەرەپێدانی خوێندەواری لە نێو پیاوان و ــ دوایەش لە سەدەی هەژدە بەولاوە ــ لە نێو ژنان و زۆر گۆڕانی کۆمەلایەتی و سیاسی تر.

لە کوردستان، ڕۆژنامەگەری بە زمانی کوردی لە بارودۆخی نیزامی دەرەبەگیدا ــ ئەویش لە دەرەوەی ولات دەستی پێکرد و هەوەڵ ڕۆژنامە بە ئەرکی بنەماڵەیێکی دەرەبەگ بلاوبۆوە. سەرباقی وەش، لە کوردستان هەوەڵ ڕۆژنامە، بەپێچەوانەی ئورووپا، وەپێش هەوەڵ کتێبی کوردی کەوت (الفبای کرمانجی، خلیل خیالی موطکی ، ١٣٢٥ م، ١٩٠٩).٦

ئەگەر لە ڕۆژئاوا ڕۆژنامەگەری ئامرازی دامەزراندنی نەتەوە بوو، دوای دابەشکردنەوەی کوردستان لە ١٩١٨ ، ڕۆژنامەگەریی فارسی و تورکی و عەرەبی بوو بە ئامرازی سەرکوتکردنی نەتەوەی تازە سەرهەڵێناوی کورد.

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شەڕێکی نابەرابەر و خوێناوی لە نێوان ناسیۆنالیزمی بە دەوڵەت گەیشتووی تورک و فارس و عەرەب و ناسیۆنالیسمی لە ژێر سەوەتەماو و لەتوکوتبوو و بێدەوڵەتی کورد گیرساوە و دەوری دانانی نەتەوە و زمانی نەتەوەیی و دەسەلاتی نەتەوەیی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا گێڕا.

ڕۆژنامەگەری بەرهەمێکی مۆدێرنێتی (نوێباوی) یە بەلام لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پێویستە ئالۆزی ئەو دیاردەمان لەبەر چاو بێ و مۆدێرنێتی وەک دیاردەیێکی سەربەخۆ لە فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتی ــ ئابووری و خەباتی چینایەتی چاو لێنەکەین. تەنانەت لە ڕۆژئاواش، چاپەمەنی بە تایبەت ڕۆژنامەگەری مەیدانی خەبات لە نێوان هێزی کۆنەباو و نوێباو بوو. چینی دەرەبەگی بەرەو ڕووخان و دەوڵەت و کەنیشتەکەی، ئەو دیاردە نوێباوەیان بۆ درێژەپێدانی نیزامی کۆن و سەرکوتکردنی هێزی نوێباو دەکارهێنا. لە کوردستاندا، ڕۆژنامەگەری بە شێوەیێکی ڕۆر ئالۆزتر لە خەباتی سیاسی و کولتووریدا بەشدار بوو.

لە سالانی ١٩٢٠دا، دیاردەی نوێباوی ڕۆژنامەگەری ئامرازێکی گرینگی سیاسی و کولتووری حکوومەتی دەرەبەگیی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی عەشیرەیی ــ دەرەبەگیی سمایل ئاغای سمکۆ بوو. لە ڕوالەتدا، نوێباوی/کۆنەباوی و ناسیۆنالیسم/ئێستیبداد تێکەلاو بوون. لە مێژوونووسیی ناسیۆنالیستیدا ئەو چەشنە ڕۆژنامەگەرییە ــ ئەگەر باسی بکرێ... لە ڕێژیمی سیاسی و کۆمەلایەتی سەردەمی خۆی جوێ دەکرێتەوە و، تەنیا وەک دیاردەیێکی نوێباو چاوی لێدەکرێ و چاو دەقوچێندرێ لە هاوژینی و ناکۆکی زۆر ئالۆزاوی نێوان نوێباوی و کۆنباوی و بڕگەی مێژوویی و چۆنێتی هاوسەنگی هێزەکان لە کوردستان و لە ناوچە (ئاسیای ڕۆژئاوا) و لەباری نێونەتەوەیی دا.

لە کاتێکدا کە شۆڕشی پەیتاپەیتای تێکنۆلۆژیی چاپ دەورێکی تازەی لە مێژووی چاپەمەنی لە ئورووپادا دەست پێکردبوو، حوزنی موکریانی لە ١٩٢٦دا چاپخانەیێکی دەستی هەرە کۆنی کڕی و، بە باری ئێستران ڕایگوێزتەوە بۆ شارەدێی ڕەواندز و لە ١٩٢٦ هەتا ١٩٣٠ گۆڤاری زاری کرمانجی و بیست و سێ کتێبی بلاوکردەوە. لە کاتێکدا حوزنی وێنەکانی زاری کرمانجی بە دەستی لەسەر دارەبەڕوو هەڵدەقەند، لە گۆڤارەکەیدا ڕەخنەی دەگرت لە سیاسەتی دەوڵەتی ئینتیداب و لە بەرنامەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ کوردستانی باشوور. گۆڤارەکە لە ڕەواندزەوە بۆ کۆمیسیۆنی ئینتیداب لە ژنێڤ دەناردرا لە کاتێکدا حەرفەکانی چاپخانە سوابوونەوە و ئەوەندە کەم بوون کە بەشی چاپکردنی گۆڤارەکەی نەدەکرد. ڕووداوی لەوە سەیرتر ئەوەیە کە شێخ مەحمود ــ مەلیکی کوردستان ــ دوای شکانی لە هێزی بریتانیا ــ عێراق لە ←

١٩٢٣ سلێمانی بەجێهێشت و چاپخانەکەی ڕاگوێزتەوە بۆ چیای سوورداش و لە ئەشکەوتێک ڕۆژنامەی **بانگ حەق** ی بلاوکردەوە. دەکرێ بپرسین مێژوونووسیی ڕۆژنامەگەریی کورد ئەو بایەخدانە بە ڕۆژنامە چۆن لێکدەداتەوە ئەویش لەکاتێکدا کە زۆربەی خەلکی کوردستان لە شار و لە دێ نەخوێندەوار بوون، پێوەندی دەرەبەگایەتی ــ عەشیرەیی لە دەرەوەی شار و تەنانەت لە زۆر شارۆچکاندا زال بوو، جەیشی شێخ مەحموود و سمایل ئاغا کۆنەباو (عەشیرەیی) بوو. حیزب و ڕێکخراوی نوێباو لە ئارادا نەبوون ...؟ هەر لەوسالانەدا، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە نێوان هەرمەنستان و ئازەربایجانی سۆڤێت (١٩٢٣-٢٩) ڕۆژنامەیێکی کوردی (بە زمانی رووسی) و دوایە لە ١٩٣٠ بەولاوە ڕۆژنامەی **ریاتازە** لە هەرمەنستان بلاودەبوونەوە و ئەرکی دامەزراندنی سوسیالیسم و فەرهەنگی سوسیالیستی و پەروەردە بە زمانی کوردییان خستبوە ئەستۆی خۆیان. لە تەواوی دەورەی ئینتیداب دا (١٩٢٠-٣٢)، دەولەتی ئینگلیس سیاسەتی ئەمەبوو کە ئیجازەی بلاوبوونەوەی ڕۆژنامە (بلاوکراوەی ڕۆژانە) ی کوردی نەدا، چونکە پێی وابوو کە ڕۆژنامە ناسیۆنالیسمی کورد لە عێراق و ولاتانی دەوروبەر بە هێز دەکا.[٧] نێونەتەوەیی بوونی «کێشەی کورد» زلهێزەکانی ڕۆژئاوای کێشایە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی. لە بارودۆخی شەڕی جیهانی دووەمدا، دەولەتی فەرانسە سێ گۆڤاری کوردی (**روناهی، روژانوو، ستێر** لە شام و لوبنان) و دەولەتی ئینگلیس گۆڤارێکی (دەنگی گیتی تازە لە بەغدا) بلاوکردەوە و ئەمریکا لە ١٩٤٩-٥٣ **ئاگاو ڕووداوی حەفتەیی** لە بەغدا وەدرخست. مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو چەند ڕووداوە دەست ڕاکێشان بۆ ئالۆزیی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دژواری ئەرکی مێژوونووسە.

مێژوونووسیی لیبڕالی، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی وەک هێزێکی رزگاریکەر کە بەشەری لە نیزامی دیکتاتۆڕی ڕا بەرەو دێمۆکراسی بردووە چاو لێدەکا. هابرماس(Jürgen Habermas) ئەو بۆچوونە بەرپەرچدەداتەوە و پێی وایە دەوری ئامرازەکان لە قۆناخی مۆدێرنێتی دا گۆڕاوە و ئێستە بە زالبوونی بازاڕی دەسمایەداری بە سەر ئامرازەکاندا ئەو دەورە دێمۆکراسیگەرانە نەماوە. هابرماس پێی وایە لە سەر دەمی سەدەی ١٧و ١٨دا «کریاوەیی بورژوازی» (öffentlichkeit) لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا پێکهات.[٨] بەشێک لەو ئاوەلەبوونە پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی خسووسی و سەربەخۆ (لە دەولەت) بوو کە مەودای دەدا بە هاوولاتی(citizens)یان بۆ باسکردنی کێشەی سیاسی وەک ناڕەوابوونی دەسەلاتی موتلەقی پاشایەتی و پێویستبوونی دامەزراندنی دەسەلاتی «گەل». بورژوازی تازەپێهەلگرتوو داوای موناقیشەی عەقلانی و ئاوەلە و ئازادی دەربڕینی بیروڕای دەکرد. مەفهوومی «کریاوەیی» هابرماس زیندووکردنەوە یان هێنانەوەگۆڕی ئیدیعایێکی بورژوازی تازەپێگەیشتووە کە پێی وابوو ڕۆژنامەگەریی ئازاد زانیاری بێ لایەنانە دەدا بە فەرد و فەردیش وەک هاوولاتی (citizen) بە شێوەیێکی سەربەخۆ سووردەبێ لە سەر هەر باس و خواسێک و دەبێتە بەشێک لە جەمع (public)ێک کە لە سیاسەتدا دەبێتە پارسەنگی دەسەلاتی دەولەت. «کریاوەیی»، وەک شوێنێک یان فەزایێکی سیاسی، جێگەی تایبەتی هەیە لە کۆمەلگەدا ــ سەربەخۆیە لە شوێنی مالبات (خێزان)، دەولەت و بازاڕ و جێگەی عەقلی جەمعی (public reason) هاوولاتیانە. بە بۆچوونی هابرماس گۆڕانێکی گرینگی مێژوویی لە ئوڕووپادا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەولاوە دەستی پێکرد ئەویش دەسەلات پەیداکردنی بازاڕی سەرمایەداری بوو بە سەر ڕۆژنامەگەری و ئامرازی ڕاگەیاندن. بە کورتی بازاڕی سەرمایەداری «کریاوەیی» بەرەو داخراوەیی برد. ئێستە ئامرازە دەسمایەدارییەکان لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری ڕێگە نادەن بە دەربڕینی بیروڕای ڕەخنەگرانە و بەرهەلستکردنی باری باو.

ڕەخنەیێکی زۆر لە تیۆری «کریاوەیی» کراوە. بۆ وێنە، ڕەخنەگران دەلێن میکانیسمی گرینگی ئەو «کریاوەیی»یە وەلانان و قرتاندنی بیروڕا بووە و ناکرێ وەک فەزایێکی ئازاد بۆ گشت هاوولاتییان ـ تەنانەت گشت ئەندامانی بورژوازی ـ باسی بکرێ. لە ڕوانگەی فێمینیسیتییەوە «کریاوەیی» مەفهوومێکی پیاوەزنانەیە چونکە وایدادەنێ کە بەشدارانی ئەو شوێنە کراوەیە ـ ژن و پیاو ـ بەرابەرن، یان تاقە کریاوەیێک باشترە لە چەند کریاوەیی. ئەوەش لە کاتێکدا کە «کریاوەیی» ژنان و کرێکاران و کەمایەتییان لە ئارادا بووە و دەوری بەرانبەرکێی کریاوەیی بورژواییان گێڕاوە.[٩] سەرباقی ئەو ڕەخنانە، زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە ئەو مەفهوومە دەکرێ پەرەی پێبدرێ و لە تیۆری و پراتیکدا بۆ دێمۆکراتیکردنی کۆمەلگەی دەسمایەداری کەلکی لێوەربگیرێ یان بۆ مێژوونووسین دەکاری بێنن.

ڕەنگە دەکارهێنانی ڕەخنەگرانەی ئەو مەفهوومە وێڕای بۆچوونی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە «کۆمەلەگەی مەدەنی» بۆ لێکۆلینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بێ فایدە نەبێ بەتایبەتی بۆ بەراوردکردنی ئەزموونی کوردستان لەگەل ڕۆژنامەگەریی ڕۆژئاوا. دەکرێ بلێین چەندجار بارودۆخی وا لە ولات پێکهات کە وەک سەرهەلدانی «کریاوەیی» ڕۆژئاوا دەچوو ـ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عوسمانی لە ١٩٠٨ هەتا ١٩١٨ و لە ١٩١٨ هەتا ١٩٢٠، لە کوردستانی باشوور لە ١٩١٨ هەتا ١٩٦١ و لە ١٩٩١تا ئێستە، لە ئێران لە ١٩٤٦ (کۆماری کوردستان) و لە ١٩٧٩. بەلام دیارە هەرکام لەو گۆڕاییە سیاسییانە تایبەتێتی خۆیان بووە و هیچکامیان دووپاتەکردنەوەی تەجروبەی ڕۆژئاوا نەبوون. زۆربەی ئەو مەودایانە بە کزبوونی دەسەلاتی دەولەتی پێکهاتوون ـ ئازادی لە نەبوونی دەولەتی ناوەندیدا سەری هەلێناوە. تەجروبەی دەسەلاتی سیاسیی کورد لە لێکۆلینەوەی ئەو مێژوویەدا دەبێ بایەخی پێبدرێ. لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا بایەخێکی زۆر درا بە ڕۆژنامەگەری بەلام ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئۆرگانی تاقەحیزبی حاکم بوون. لە کوردستانی باشووردا لە سالی ١٩٩١ بەولاوە، نیزامی تاقەحیزبی نەماوە ئەگەرچی تەقەلا بۆ یەکحیزبیکردنی ولات هێشتا درێژەی هەیە. گۆڕانی کۆمەلگەی کوردەواری لە کوردستانی باشوور ــ پەرەسەندنی ژیانی شار، خوێندەواربوونی ژن و پیاو، بەرینتربوونی توێژی ڕۆشنبیر، پەیدابوونی تێکنۆلۆژیی تازەی چاپ، کەلەک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن... ــ ڕۆژنامەگەری خستۆتە بارودۆخێکی وا کە لە کۆماری کوردستان جوێی دەکاتەوە. لێرەدا سەرباقی باری یەکجار ناخۆشی ئابووری و گەمارۆدانی کوردستان لە لایەن عێراق و تورکیا و سووریا و ئێران، هاوولاتییان ـ هێزی غەیرە حیزبی ـ تێکۆشانێکی بێوچان لە گۆڕایی ئامرازەکاندا دەکەن و لەگەل دەسەلاتی خۆمالی (بەتایبەتی دووحیزبەکان) تێکهەلدەچن. حیزبەکان خۆیان (هەم حیزبی دەسەلاتدار و هەم حیزبە چکۆلەکان و ڕێکخراوە رادیکالەکان) لە ڕۆژنامەگەریدا یەکجار چالاکن. گەشانەوەی ڕۆژنامەگەری لە بارودۆخێکی سیاسی وادا درێژەی هەیە کە دەولەتەکانی ناوچە و بەعزە حیزب و دەستە و تاقمێک لە ئازادی بیروڕا دەتۆقێن و ناحەزانی خۆیان تیرۆر دەکەن. دەکارهێنانی مەفهوومی «کریاوەیی» بۆ لێکدانەوەی ئەو بڕگەی مێژووی ڕۆژنامەگەرییە هەم تەنگەبەری مەفهوومەکە ئاشکرا دەکا و هەم ئەو بارودۆخە تاڕادەیێک شیدەکاتەوە. لە سالانی ڕابردوودا، دەولەتی تورکیا لە قەتلوبڕی ڕۆژنامەگەران و لە

داخستنی کراوەیی دا لە گشت دەوڵەتی سەرکوتکەری دنیایە وەپێش کەتووە. لە دوورەوڵاتی ڕۆژئاوادا، ڕۆژنامەگەریی کوردی ئازادی سیاسی هەیە بەڵام نەبوونی ئازادی ئابووری (پارە، سیستمی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و کڕین و...) مەودای بە ئەو ئازادییە سیاسییە تەنگەبەر کردووە. سەرباقی وەش، ئازادی سیاسی وێڕای بەعزە هەڵکەوتێکی مێژوویی، ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی بە مانگۆڵە خۆش کرد. ئێستە پێوەندی وڵات و دوورەوڵات لە گۆڕاییی ئامرازەکاندا بەرینە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە.

لە دوا ساڵەکانی سەدەی حەڤدە لە جەنگەی گەشانەوەی دەرەبەگایەتیدا، ئەحمەدی خانی دەردی بێ کتێبی دەربڕی و گوتی:

**ئەتواعێ میللەل خودان کتێبن**
**کورمانج تەنێ دبێ حسێبن**

دوو سەدساڵ دوایە، لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە، حاجی قادری کۆیی بێ جەریدەیی هەست پێکرد و گوتی:

**سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پووڵێ**
**ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان**

هەوەڵ ڕۆژنامە ساڵێک دوای خامۆش بوونی حاجی لە دوورەوڵات بڵاوبۆوە و لەبەر نەبوونی ئازادی، لە قاهیرە بەرەو ژنێڤ ڕۆیی و لەوێشرا کۆچی کرد بۆ فۆکستون لە ئینگلستان. سەدساڵ دوایە، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیست دا، تەلەڤیزیۆنی مانگۆڵە لە ناکاو ئامرازی ڕاگەیاندنی کوردی هەڵاویشتە نێو سەدەی بیست و یەکەوە. **کوردستان**ی ١٨٩٨ سنووربەدەرکرا و لە پشت سنووران ماوە بەڵام (**ماد ـ ت. ڤ**) ی ١٩٩٥ سنوورە نێونەتەوەییەکانی تێکشکاندووە و وڵات و دوورەوڵاتی تێکقرماندووە. لێکۆڵینەوەی ئەو مێژوویە ئەرکێکی یەکجار گرانە و پێویستی بە تیۆری و میتۆد و ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و تێکۆشان و هاوکاری هەیە.

دەکرێ ئەو مێژووە پڕ گرێوگۆڵە لە ناکۆکیی نێوان نوێباوی وکۆنباویدا کورت بکەینەوە. بەڵام ئەو چوارچێوە تیۆرییە تارماییێک بە سەر ئەو مێژووە پڕ لە خەباتەدا دەکێشێ. دەکرێ بپرسین کام نوێباوی؟ نوێباوی لە ڕوانگەی کام هێزی کۆمەڵایەتی؟ نوێباوی لە خزمەت کام بەشی کۆمەڵگەی کورد ـ کرێکاران، جووتیاران، ژنان، کاسبکاران، ڕۆشنبیران؟

**تێبینی:** ئەو باسە پێداچوونەوە و نووسینەوەی وتارێکە کە لە ژێردێڕی «چەند مەسەلەی تیۆری لە مێژوونووسیی ڕۆژنامەگەری و ئەدەبیی کوردیدا» لە ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرا.

**پەراوێزەکان**

1- E. McLuhan and F. Zingrone (eds), *Essential McLuhan*. Concord, Ontario; Anansi, 1995.
Harold Innis, *The Bias of Communication.* Toronto; University of Toronto Press, 1951.

٢- لە کوردستانی باشووردا کە ئازادی نووسین و چاپکردن بە کوردی تاڕادەیێک هەبوو، نووسراوە و بەرهەمی ئەدەبی تەنانەت لە ساڵانی ١٩٥٠دا هێشتا نەبیوو بە کاڵا. پێوەندی نێوان نووسەر، چاپکەر و خوێنەرەوە لە شێوەی پێش دەسمایەداریدا مابۆوە. جەمال نەبەز لە کتێبەکورت و بەنرخەکەیدا ـ ***خوێندەواری بە زمانی کوردی***، بەغدا، چاپخانەی النور، ١٩٥٧ـ وێنەیێکی زیندووی لەو پێوەندییانە کێشاوە. نەبەز دوای باسی باری شپرزەی چاپگەری لە کوردستان دەڵێ:

کەواتە لە کوردستان ماوەی چاپ و چاپگەری نیە. لەبەر ئەوەیە کوردیکی بەسزمان کە بە هەزاران کوێرەوەری و ترس و شەونخوونی ئامیلکەیەک ئەهێنیتە بەرهەم ئەبی رووبکاتە (بەغدا) و لەویش ناچار ببی لە چاپخانەی (مەعارف!) لە چاپی بدا. چونکە هەتا ئەم ڕوژانی دواییە تیپی کوردی هەر لەوی دەست ئەکەوت. چاپخانەی (مەعارف)یش بە هوی ئیش زوری و بی باکیەوە چەند مانگیک ئەو کەسە لە (بەغدا) ئەهیلیتەوە یان ئەوەندە هاتووچوی بەغدای پی ئەکا تا نووسراوەکە (١٠)قات و (١٥) قات لە سەری ئەکەوی. ئەو حەلە چاری نامینی ئەچی نرخیکی وا زوری لە سەر دائەنی کە زیانی تیانەکات. لەوەدا ئەبینی کتیبەکانی بو نافروشری و ئەکەویتە ژیر باری قەرزەوە. بە کورتی کاریک بە سەر ئەو ئەگبەتە دی ئەگەر زور بە زات و چاوقایم نەبی ناتوانی جاریکی تر لاپەرەیەک لە چاپ بداتەوە...

ئەمە هەتا ئیرە بەزمی چاپکردن بوو. ئەمجا بام بیینە سەربەزمی بلاوکردنەوەی ئەو چاپکراوەی کەوا بەم دەردی سەریە پیک هاتووە ئەبینی ئەو کەسە هەر ئەوەندە کتیبەکەی لە ژیر چاپ دەرچوو دەست بەجی تەنگوچەلەمەی بلاوکردنەوەی دیتە بەر دەم. بەراستی بلاوکردنەوەی چاپکراو لە کوردستانا لە چاپکردن گرانتر نەبی ئاسانتر نیە. چونکە هەندی جی هەر بەجاری کتیبخانەی تیا نیە. لەبەر ئەوە زورجار کتیبەکان بە سەر ورگی خاوەنەکەیان ئەمیننەوە وە هەندی جاریش ناچار ئەبی بیداتە دەست کەسانی ئەوتو کە پارەکەی بو بخون و مایەی بکەن بە مایەی پیازفروش. جار ئەو حەلە ئەگەر نووسەر زور دلسوز و لی بوردوو نەبێ بە تەواوی زەوقی ئەشکی و وورە بەرئەدا و ئیتر لە باتی توبە یەک سەد توبە ئەکا کە تا ماوە کتیب چاپ نەکاتەوە (ل ١٨-٢١).

٣- جان فیسک یەکێک لە تیۆری دانەکانی ئەو ڕوانگەیە:
John Fiske, *Television Culture*. London: Methuen. 1987.

٤- لە ساڵانی ١٩٩٠دا، ڕەخنەیێکی زۆر لە «دیراساتی کولتووری» کراوە. بۆ وێنە بڕوانە:
Carol Stabile, "Resistance, recuperation, and reflexivity: The limits of a paradigm." *Critical Studies in Mass Communication*, Volume 12, 1995, pages 403-422.

٥- ئەو ڕوانگەیە تاڕادەیێکی زۆر لەگەڵ تیۆری لیبراڵی ئامرازەکان یەک دەگرێتەوە. ئەو تیۆرییەش سەر بەخۆیی تەواو دەدا بە وەرگر. لە تیۆری ئەدەبیی پۆستستراکچرالیستەکانیشدا باسی «مردنی نووسەر» دەکەن و پێیان وایە خوێنەرەوە هەرجارێک مەتنێک دەخوێنێتەوە دەبێ بڵێین کە مەتنەکە دەنووسێتەوە. لە پێوەندی نێوان نووسەر ـ مەتن ـ خوێنەرەوەدا، مەبەستی نووسەر و مەعنای مەتن وەستاو نین و خوێندنەوە وەک نووسینەوە وایە.

٦- مەبەستم لە «کتێبی کوردی» لێرەدا کتێبێکە کە کورد نووسیبێتی. بە زمانی کوردی نووسرابێ و بۆ خوێنەرەوەی کوردزمان بڵاوکرابێتەوە.

٧- س.ج. ئیدمۆندز دەنووسێ: "سیاسەت وابوو کە پێش ساڵی ١٩٥٨ قەت ئیجازە نەدرا ڕۆژنامەیێکی سیاسی کوردی بڵاوبێتەوە".
C.J. Edmonds, "Kurdish nationalism," *Journal of Contemporary History*, Vol. 6, No 1, 1971, p. 150.

٨- وشەی «کریاوەیی» لە مەعنای ئەو وشە ئاڵمانییەی کە هابرماس دەکاری هێناوە زۆر نزیکە. بەڵام وشەکەی هابرماس لە وەرگێڕانی ئینگلیسی دا وەک public sphere وەرگیراوە و ئەو وشە ئینگلیسییە لە زمانەکانی تریشدا باو بووە و لە سەفەری خۆیدا بۆ زمانی کوردی وەک «حەوزەی ئەفکاری عموومی» وەرگێڕدراوە (بڕوانە **گزینگ**، ژ ١٣، پاییزی ١٩٩٦. ل ٣٤). من هەتا پەیدابوونی وەرگێڕانێکی باشی کوردی، وشەی «کریاوەیی» دەکار دێنم. لە هەنبانەبۆرینەدا، «کریانەوە» وەک «ئاواڵەبوونی دەرگای داخراو» مەعنا کراوە. بۆ باسی وشە ئاڵمانییەکە و وەرگێڕانی ئینگلیسی بڕوانە:
John D. Peters, "Distrust of representaion: Habermas on the public sphere," *Media, Culture and Society*, Vol. 15, 1993, pp. 541-571.

٩- بۆ ڕەخنەی مەفهوومی «کریاوەیی» لە ڕوانگەی فیمینیستی و رادیکاڵ بڕوانە:
Lisa McLaughlin, "Feminism, the public sphere, media and democracy," *Media, Culture and Society*, Vol. 15, 1995, pp. 599-620.
Oskar Negt, "Mass media: Tools of domination or instruments of liberation? Aspects of the Frankfurt School´s communications analysis." *New German Critique*, No. 14, Spring 1998, pp. 61-80.

***

# کوردەکان و ئەوانی« دیکە »یان: هەویتی و سیاسەتی لەتوپەت

عەبباسی وەلی

وکێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

The Kurds and Their"Other": Fragmented Identity and Fragmented Politics

❑ دیپارتمانی سیاسەت، زانکۆی وەیلز- سوانزی، بریتانیای مەزن

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتن لە جیهانی هاوچەرخدا. نزیکەی سی میلیۆن کورد لە کوردستاندا دەژین، بەڵام [ئەوانە] لە ژێردەستەڵاتی قانوونیی نەتەوایەتی چوار دەوڵەتی حاکمی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا دان، کە بە شێوەی جیاواز حاشا لە هەوێتی نەتەوایەتی کورد دەکەن و بە زەبری چەک نیشانەی سیاسی و فەرهەنگی [ئەو هەوێتییە] سەرکوت دەکەن. دابەشبوونی کوردستان دوای شەڕەی یەکەمی جیهانی و [لە] ناکامی جیاوازیی ستروکتووری کۆمەڵگە کوردییەکاندا، [کە] لە لایەن ڕێژیمی جۆربەجۆری سیاسی و ئابوورییەوە بەڕێوەبردراون، کوردەکانی لە [هەبوونی] یەکێتیی سیاسی و یەکپارچەیی فەرهەنگی بێبەش کردووە. ئەو ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسییە کوردییانەی، وا لە ساڵی ۱۹۱۸وە لە کوردستانی دابەشکراودا زیادیان کردووە، شێوەی جۆربەجۆریان بە خۆوە گرتووە و وەدوای ئامانجی جۆربەجۆر کەوتوون، بەڵام بەرهەڵستی لە ئاست حاشاکردن لە هەوێتی کوردی و خۆڕاگری بەرانبەر بە هەوێتییە بەسەرداسەپاوە «نەتەوایەتییەکان» [وەکوو] هۆی بنەڕەتی سەرهەڵدانە کوردییەکان ماوەتەوە. ئەم دیالێکتیکەی حاشالێکردن و خۆڕاگرییە شێوەی سیاسی و خەسڵەتی ناسیۆنالیزمی کورد دیاری دەکا.

ناسیۆنالیزمی کورد بریتی یە لە سیاسەتی سەلماندنی هەوێتی نەتەوایەتی کورد. هەوێتی نەتەوایەتی کورد بەرهەمی مۆدێرنیتەیە. ڕەگوڕیشەی لە پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگییەکانی سازکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرن و هەوێتی نەتەوایەتی لەو کۆمەڵگە فرە ـ ئێتنیک و فرە ـ فەرهەنگییانە دایە. حاشاکردن لە ئێتنیسیتەی کورد و هەوێتی ئێتنیکی و نەتەوایەتی کورد هەلومەرجی پێویست بوو بۆ [ڕەخسانی] ئەو پرۆسانە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا. بەڵام ئەو دەوڵەتە نەتەوایەتییانەی لەو وڵاتانە سەریان هەڵهێنا و ئەو دیسکۆرسە ناسیۆنالیستییە ڕەسمییانەی کە بۆ ڕەوایی پێدان بە حوکمی دیکتاتۆرانەی ئەوان و سیاسەتی فەرهەنگی ڕێبەرانەیان سازکران لە جێدا شێوە و خەسڵەتیان جۆراوجۆر بوو. دینامیکە ستروکتوورییەکانی ئەوان ڕێگەی جیاوازی مۆدێرنیزاسیۆن و پێشوەچوونیان خستە بەرچاو، بە تەنسیری جیاوازەوە لە سەر پرۆسە گشتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی حاشالێکردن و دەرهاویشتنی هەوێتی کوردی لە هەرکام لە خاکە نەتەوایەتییەکانی خۆیاندا. هەوێتی نەتەوایەتی کورد نیشانەی جۆراوجۆری سیاسی و فەرهەنگی «ئەویدیکە»ی پێوە دیارە. ئەو هەوێتییە لەوەتا دەسپێکی هەتا بڵێی لەتوپەتە.

هەوێتی نەتەوایەتی کورد، سەرەڕای لەتوپەتبوونی لە باری خەسڵەتەوە ئەوپەڕناسیۆنال (transnational)ە. دیالێکتیکی حاشالێکردن و خۆڕاگری خەسڵەتێکی تایبەتی ئەوپەڕناسیۆنالی داوە بە ناسیۆنالیزمی کورد کە، بێتوو هەلومەرجی لەباری ناوچەیی هەبێ، لەوانەیە وەپێش لەتوپەتبوونی سیاسی و فەرهەنگی هەوێتی کوردی کەوێتەوە [و نەیهێڵێ]. بەڵام ئەو هەلومەرجە قەت لە ئیمکانێکی تیئۆری زیادتر نەبووە. چونکوو خوووخدەی ئەوپەڕناسیۆنالی ناسیۆنالیزمی کوردیش، لە هەلومەرجی نێوخۆیی و پێشوەچوونی جیاوازی کۆمەڵگە کوردییەکاندا بەرتەنگی ستروکتووری خۆی هەیە. ئەو هەلومەرجانە، بەڵام لە سەرووی هەموویان، ستروکتووری کۆمەڵایەتیی گەشەنەکردوو و لاوازیی بۆرژوازی لە ناوچە شارەییەکان، لە گەڵ هێزی ڕیشاژۆکردووی خاوەنموڵکێتی و عەشیرەتگەری لە ناوچە لادێییەکان، خەسڵەتی ئەوپەڕناسیۆنالی ناسیۆنالیزمی کوردی بە توندی بنکۆڵ کردووە و، کاریگەرانە ئەو ڕەوتانەی سست کردووەتەوە کە مەیلی لە یەک نزیک کەوتنەوەیان تێدایە. ناسیۆنالیزمی کوردیش، هەتا بڵێی هەروا لەتوپەت ماوەتەوە. لە یەکێتی ستروکتووری، سیاسی و فەرهەنگی بێبەش کراوە. کراوەتە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخوازیی ناوچەیی [لە یەکدابڕاو]، بەرژەوەندیی ناوچەیی و پێوەندیی پاشکۆیی (clientalist) دایگرتووە.

بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان، کە بە سەر شانۆی سیاسی کوردیدا زاڵن، لە باری خەسڵەتەوە خوووخدەی ناوچەگەرییان هەر ماوەتەوە. ئەوان هەر تەبیعەتی لەتوپەتی هەوێتی نەتەوایەتی کورد دەسەلمێنن و ناتوانن بە سەریدا زاڵ بن [و نەیهێڵن]. لە ڕاستیدا، کاتێک ئەوان لە لایەن دەوڵەتە حاکمەکانی دراوسێ ڕا پشتیوانیان لێدەکرێ، دەپارێزرێن ←

و بەکاردەهێندرێن بۆ [جێبەجێکردنی] سیاسەتی ئەودیو سنووری [ئەو دەوڵەتانە] دژی لەتوپەتی خۆ[یان]، هەر وەک زۆرجار لە هەرێمدا ڕوویداوە، بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان بە توندی ئەو سنوورە سیاسی و فەرهەنگییانەی کە هەوێتی ئێتنیکی و نەتەوایەتی لە یەک جودا دەکاتەوە دەشێوێنن. ئەو بزووتنەوانە لەباری خەسڵەتەوە هەوێتییەکی لێڵیان هەیە، لە نێوان ناسیۆنالیزم و ئێتنیسیزیمدا دەخولێنەوە، زۆرجار شێوە و ڕێبازیان لە پێناو بەرژەوەندیی ناوچەیی و ئامانجی «دەستبەجێ»ی سیاسی دەگۆڕن. ئەو لێڵ بوونە دیسکۆرس و کردەوەی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان دیاری دەکا، سیاسەتە گەپجارییەکان و مێژووی تراژیکیان شاهیدی ئەمەیە. پێوەندیی لێڵی ئەو بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییانە لەگەڵ هەرکام لە «ئەویدی» خۆیان لە لایەکەوە و، کێشەی بەرژەوەندییان لەگەڵ بەرهەڵستیان لە بەرانبەر کوردەکان و بزووتنەوە کوردییەکان لەودیوی سنوورە نەتەوایەتییەکان لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەوەندەی پێدەکرێ لەتوپەتبوون و جۆراوجۆربوونی هەوێتی نەتەوایەتی کورد خراپتر بکا. بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان لە بەر جموجۆڵیی ناوچەگەری و بەرژەوەندیی پاشکۆیی، زۆرجار ڕوویەکی دزێو لە هەوێتی کوردی دەنوێنن [کە] لە خۆی هەڵگەڕاوەتەوە، بەشەکانی بە ژانی لەتوپەتی خۆی ئەشکەنجە دەکا.

پشتیوانیلێکرانی لاوەیی و پاشکۆیی ناوخۆیی، دوو لایەنی بنەڕەتی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییە کوردییەکان، هەردووکیان دژی هەوێتی نەتەوایەتی کوردن. ئەوان لە سەر پێوەندییە ئێتنیکی و هەوێتییە ئێتنیکییەکان لە کوردستان دەژین و هێزیان وەبەردەنێن، [دەبنە هۆی] درێژەکێشانی لاوازیی ستروکتووری و دواکەوتوویی فەرهەنگی ناسیۆنالیزمی کورد. هەستان و ڕووخانی جاروباری بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان لە بەشەکانی کوردستان شاهیدی لە سەر ئەم ڕاستییە سیاسییە دەدا. بەڵام سەرەڕای تەنسیری بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان لە شلکردنەوەی پێشوەچوونی ستروکتووری و خۆگرتنی فەرهەنگی ناسیۆنالیزمی کورد، مانەوەیان وەکوو ئامرازی زاڵی دەربڕینی هەوێتی کورد ئاماژە دەکا بە ناکامێکی زۆر تاڵتر؛ هەر دەڵێی مۆدێرنیتە بە تەواوی لە سیاسەتی کورد لای داوە.

ئەم ناکامە تاڵە مەنتقی ناوخۆیی ئەو سیاسەتە کەسادانە وەڕوودەخا وا لە لایەن بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازییەکانەوە لە کوردستانی هاوچەرخدا پێڕەوی دەکرێن. ئەو بزووتنەوانە لە بناوانەوە دژکردەوە (reactive)ن لە جیات ئەوەی کە گۆڕێنەر (proactive) بن، وەکوو هەموو سیاسەتی دژکردەوە [یی]، دینامیکیان لە خەسڵەتدا «دەرەوەیی» یە؛ ئەو سیاسەتانە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیا ــ سیاسییەکانی خۆیان هەڵکەوتوون، لە [ژێردەستەڵاتی] هێز و توانای حکوومەتە ناوەندییەکان بۆ سەقامپێدان و بەڕێوەبردنی سانترالیزمی خاک لە کوردستاندا. بۆیە هەستان و ڕووخانیشیان هەمیشە تەواو بە پێچەوانەی [ڕادەی] ڕێژەی هێز و توانایی هەرکام لە حکوومەتە ناوەندییەکانە. مەنتقی تایبەتی ناوخۆیی و دینامیکی سیاسەتە ئۆتۆنۆمیخوازییەکان بەم شێوەیە بە هیچجۆر لە مێژووی کورددا تازە نین، ئەوان بنەچەکەیەکی دووروردێژ و لەمێژینەیان هەیە و دەگەنەوە بەر لە مۆدێرنیتە. ئەو سیاسەتانە بە وردی لە تەک دینامیکی تەبیعەتی «دژکردەوە» و «دەرەوەیی»، «ناوەند ــ دەوروبەر» جوور دەردێنەوە کە پێوەندیی نێوان میرایەتییە کوردییەکان و مەزنە ئێرانی و عوسمانییەکانیانی دیاری دەکرد. بەم مانایە، بۆیە، خووخدە بنەڕەتییەکان و خەسڵەتە تایبەتییەکانی سیاسەتی کوردی لە ماوەی نزیکەی دوو سەداندا بە زەحمەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەو بەردەوامییە نەحسە مێژووییە نەک هەر پێشی مۆدێرنیتەی گرتووە بەڵکوو لە بەرانبەریشیدا ڕاوەستاوە. ئەمە نیشانەی لە بەستچوونی مێژوویی سیاسەتی کوردی یە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە چاولێهەڵبواردنێکی گرینگی تیئۆری و هەروەها هەڵەیەکی سیاسی یە، تایبەتمەندیی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد تەنێ بدرێتە پاڵ هەلومەرجی ناوخۆیی کۆمەڵگە کوردییەکان. ڕاستە، دەستەڵات و مانەوەی هێزە سیاسی و فەرهەنگییە پێشمۆدێرن و دژی مۆدێرنەکان و پێوەندییە پێشمۆدێرن و دژی مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگە کوردییەکانی ئێستادا هۆی خەسڵەتی لەتوپەتی هەوێتی نەتەوایەتیی کوردە، بەڵام ئەوە تاڕادەیەک وایە. چونکوو چاوپێداخشاندنێکی خێرا بە نووسراوە تیئۆرییە تازەکان لەمەڕ سیاسەتی هەوێتی ئەوە وەبیر دەهێننەوە کە هەوێتی، نەتەوایەتی بێ یان وەکی دی، هەمیشە [بوونی] «جیاوازی» بە پێششەرت دادەنێ و بە بێ ئەو جیاوازییە هەبوونی هەر بە بیریشدا نایە. هەوێتی بریتی یە لە پێوەندیی نێوان «خۆ» و «ئیدی» لە جیاوازیدا؛ هەمیشە پێویستی بە «ڕچە»ی «ئیدی» هەیە و بۆ هەمیشە لێی «نیگەران»ە. [هەوێتی] قەت فیکسد و سابیت نییە، لە وەڵامی ئەو جیاوزی/جیاوازییانەدا دەگۆڕدرێ کە هەوێتی «ئەویدی» دیاری دەکەن. ئەو ناساندنە سەرەتاییە نوختەیەکی سادەی تیئۆری تێدایە: هەوێتییەکان پێوەندییەکی «جیاوازی»یان لە تەک یەکتریدا هەیە و بە پێی گۆڕانی سیستمی جیاوازی/جیاوازییەکان کە ئەو پێوەندییە دیاری دەکەن دەگۆڕدرێن. ئەوان هەمیشە نیسبین.

کەلک وەرگرتن لەم نوختە تیئۆرییە بۆ [سەلماندنی] قسەکەی ئێمە ڕوونە: تایبەتمەندیی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیش تاڕادەیەک بە هۆی گۆڕانی پێوەندی هەوێتی کوردی و «ئەوانی دیکە»ی دیاری دەکرێ. ئەم پێوەندییە، کە بێ ئەملاوئەولا لە دیالێکتیکی حاشالێکردن و خۆڕاگریدا هەیە، بریتی یە لە زەبروزەنگ، دەرهاویشتنی سیاسی و سەرکوتکردنی «جیاوازی». ئەو دیالێکتیکەی زەبروزەنگ نەک هەر خووخدەی هەوێتی نەتەوایەتی کورد بەڵکوو چلۆنایەتی ئەم پێوەندییە لەگەڵ «ئەوانیدی» وی دیاری دەکا. ئەوە خەسڵەتێکی تایبەتی دەدا بە ناسیۆنالیزمی کورد و، لە ناسیۆنالیزمی کلاسیکی ئورووپای ڕۆژئاوای جوێدەکاتەوە. چونکوو لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی کلاسیک لە ئورووپا بە مۆدێرنیتە دەستی پێکرد و هاوڕێ بوو لەگەڵ لەدایکبوونی کۆمڵگەی مەدەنی و هاووڵاتێتی دێمۆکراتیک، ناسیۆنالیزمی کورد بە حاشاکران لە هەوێتی کورد هاتە پێشەوە و، بە پێچەوانەی [ئورووپا] لە سەر سەرکوتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتێتی دێمۆکراتیک لە کوردستان داندراوە. ئەوە سیاسەتێکی مۆدێرنە کە بە دەم سەرکوتکردنی هەلومەرجی مۆدێرنیتە لە کوردستان دا بە خۆ دادێ: خەسڵەتێکی دژی یەکی سیاسەتی تواندنەوەی بە زۆرەملی [کە] بە بەردەوامی لە لایەن «ئەوانی دیکە»یەوە بەڕێوەدەچێ.

پێوەندی لێڵی ناسیۆنالیزمی کورد لە تەک مۆدێرنیتەدا بە ڕاشکاوی ڕیشەی لە لاوازیی سیاسی وی دایە. هەلومەرجی ستروکتووری ناسیۆنالیزمی کورد ڕێگەی پێنەداوە لە گرینگی سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرنیتە تێبگا. [ناسیۆنالیزمی کورد] زۆرجار [مۆدێرنیتە]ی هەر بە زانست و تێکنۆلۆژی مۆدێرن داناوە. ئەوە چ لە زەمانی شکڵ گرتنی ←

ناسیۆنالیزمی کورد و چ ئەمڕۆش هەر ئاوا دادەندرێ. جۆش و خرۆش و هەستی پێزانی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە ئاست مۆدێرنیتە کەمجار لە سنووری باوەڕی ئەرێیی(positive) بە زانست و تێکنۆلۆژی مۆدێرنی تێپەڕاندووە. بەڵام لاوازیی مۆدێرنیتە لە سیاسەت و فەرهەنگی ناسیۆنالیستیی کورددا، وەک دیتمان، هۆیەکی دیکە و زۆر گرینگتری هەیە. زەبروزەنگی «ئەویدی» و سەرکوتکردنی «جیاوازی» و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، کە درێژە بە لەتوپەتبوونی هەوێتی نەتەوایەتی کورد و لەتوپەتبوونی سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکان دەدا و بەرهەمیان دەهێنێتەوە، هەروەها کاریگەرانەش هەلومەرجی سیاسی و فەرهەنگی مۆدێرنیتە کز دەکا. کەوابوو، هەقایەتەکە زۆر لەوەی ئاڵۆزترە کە وەبەر گوێیان دەکەوێ: مۆدێرنیتە خۆی لە ناسیۆنالیزمی کورد گێل نەکرد، بەڵکوو دروستی کرد بەبێ ئەوەی لە دیسکۆرس یان لە کردەوەدا بیسەلمێنێ. ناکامی دژ لەیەکی ئەو پرۆسە مێژووییە هێشتاش لە گەڵمانە؛ ئێمە ناسیۆنالیستی کوردمان هەن بێ ناسیۆنالیزمی کورد ـ شتێکی سەیروسەمەرەی مێژوویی کە هەرچییەکی بێ ڕاستە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لێرەدا ئێمە خۆمان بەو شتە سەیروسەمەرە مێژووییەوە خەریک ناکەین بەڵکوو لەو پرۆسە تایبەتییە سیاسی و فەرهەنگییە [دەکۆڵینەوە] کە سازی کردووە، واتە، پرۆسەی سازکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، کە زوو دوای دووهەم دابەشبوونی کوردستان دەستیپێکرد. ئەم پرۆسەیە لە هەرکام لەو چوار کەیسانەدا شێوەی جیاوازی بە خۆیەوە گرت. بەڵام ئامانجە ستراتێژییەکەی لە هەموو جێیەک وەک یەک وابوو: سازکردنی دەوڵەتی ئاوا کە هەوێتییەکەیان بە ڕێگەی هەوێتی تێگڕایی دانیشتووانی دیاری کرا. ئەوە پێویستییەکی خۆڵێنەبوێر بوو بۆ قانوونی بوون و ڕەوابوونی دەستەڵاتی سیاسی. لە ڕوانگەی تیئۆرییەوە، دەستەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتە نوێیەکاندا قانوونی و دێمۆکراتیک بوو؛ ئێرادەی تێگڕایی خەڵک ئەو دەستەڵاتە سیاسییەی پێکهێنابوو، نەک ویستی ملهوڕێکی فەرمانڕەوا. لە ڕوانگەی قانوونییەوە، باوەڕی دێمۆکراتیی «سەروەری گشتی» زەمینەی حقووقی بۆ درستکردنی ئەو هەوێتییە مۆدێرنە ڕەخساند، بەڵام ئەو پرۆسە سیاسی و فەرهەنگییانەی بە دوویدا هاتن یەکجار زۆر جیاواز بوون.

هەوێتی دەوڵەتە نوێیەکان، یەکێتی خەیاڵیی ئەوان لەگەڵ هەرکام لە نەتەوەکانیان بە ڕێگەی هێزی عەسکەری و ئیدەئۆلۆژییە «ڕەسمی/ نەتەوایەتی»یەکاندا دروست کران. پرۆسەی سانترالیزمی خاک، کە بە دوای سازبوونی ئەو دەوڵەتانەدا هات دەستەبەر بوو کە ئێرادەی گشتی گونجێندراو لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری و قانوونیدا لە سەرانسەری خاکیاندا بە ئاوایەکی تاقانە بەڕێوەبچێ بە بێ بەرهەڵستی هەرێمی و ناوچەیی و بە بێ نافەرمانی و سەرکێشی. بەڵام دەوڵەتە نوێیەکان زوو بۆیان دەرکەوت کە وەدیهاتنی ویستە مۆدێرنەکانیان بۆ [بەدەستەوەگرتنی]دەستەڵات و ڕەوایەتی جگە لە کۆنترۆڵێکی کاریگەر بە سەر خاکە بە ڕەسمی ناسراوە «نەتەوایەتی»یەکانیاندا پێداویستی زیادتری هەبوو. مۆدێرنیتە مەکۆ (lacus)ی نەریتی دەستەڵاتی سیاسی گۆڕیبوو. بۆیە دەکارکردنی کۆنترۆڵی کاریگەر بە سەر خاکدا هەتا دەهات زیادتر لە دەکارکردنی کۆنترۆڵێکی کاریگەری دەستەڵاتی سیاسی بە سەر دانیشتوواندا گرێ دەدرا، [واتە] «تەبەعە/هاووڵاتییەکان»ی دەوڵەتی نوێ. لە ڕاستیدا، ئەوەی دواییان بوو بە ئامانجی ستراتێژی دەستەڵاتی سیاسی، کە تێکۆشا بیسەلمێنێ دەوڵەت و نەتەوە نەک هەر سنووریان لە یەکتری دەگەڕێتەوە بەڵکوو لە یەکتریش جوێ ناکرێنەوە. ئەو یەکەتییە خیاڵییە «ئۆرگانێکی»یەی دەوڵەت و نەتەوە هاوکات لە لایەن ناسیۆنالیزمە ڕەسمییەکانەوە دووپاتەکراونەوە کە بوو بە بەشی ئیدەئۆلۆژی پرۆسەی سازکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە لەو شتانەدا. دیسکۆرسی ڕەسمی وای دانا کە نەتەوە و دەوڵەت هەر یەکن، ئەوان هەوێتییان هەر یەکە؛ هەردووکیان حاکمن و ناشێ لە یەکتری جوێ بکرێنەوە. ئێرادەی دەوڵەت و توانایی وی بۆ فەرمانڕەوایی کردن ئێرادە و هێزی نەتەوە نیشان دەدا، هەلومەرجی هەبوونی سەربەخۆی وییە.

پرۆسەی سازبوونی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا مۆدێرن بوو، هەروەها ئەو ناکامە بەمەبەست و بێ مەبەستانەش [کە لەوان کەوتەوە]. ئەوە هەوێتی دێمۆکراتیکی دەوڵەت و نەتەوە، فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەرداکراوە، کە ئامانجی ستراتێژی دەستەڵاتی سیاسی دەگۆڕێ. دەوڵەتی مۆدێرن هەوێتی هاووڵاتییەکانی خۆی بە نیشانەداکردنی «جیاوازی» و سەرکوتکردنی دیاری دەکا، واتە، بە سەرکوتکردنی جیاوازی ئێتنیکی و فەرهەنگی، کە بەم پێیە لەگەڵ هەوێتی حاکمدا دەیانگونجێنێ، [واتە] هەوێتی نەتەوایەتی. هەوێتی مۆدێرنی نەتەوایەتی بە شێوەی ئاسایی، ئەگەرچی هەمیشەش نا، هەوێتی ئێتنیکی زۆربەیە کە لە سیاسەتدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. بەو مانایە، بۆیەیە، دەوڵەت ـ نەتەوە و بیدەوڵەتی هەردووکیان بەرهەمی مۆدێرنیتەن. ئەوان پێچەوانەی دیالێکتیکی پرۆسەیەکی مێژوویی وەک یەکن.

ئەگەرچی بنیاتی دەوڵەت ـ نەتەوە و ئەو پرۆسە و کردەوە سیاسی و فەرهەنگییانەی پێوەی لکاون بە بەربڵاوی وەکوو دەستکەوتی هەرە سەرنجڕاکێشی مۆدێرنیتە پەسن دراون، بێدەوڵەتی و ئاکامەکانی لە دیسکۆرسی مۆدێرنی فەلسەفی و سیاسیدا زۆرکەم هەمان جێگەی بەرزی دراوەتێ. بێدەوڵەت وەکوو بەرماوێکی ڕابردوو چاوی لێدەکرێ، یان وەکوو ڕووداوێکی لابەلای مۆدێرنیتە[کە] دژی مێژوو بەشەڕ دێ؛ بە هەر لایەکدا بێ دەرئەنجام هەر یەکە: بێدەوڵەت و ویستەکانی ناکرێ لە دیسکۆرسی فەلسەفی و سیاسیی مۆدێرنیتەدا نوێنەرایەتی بکرێ، بە لانی کەمەوە لە سیاسەتدا نا. لە دیسکۆرسی سیاسی مۆدێرنیتەدا بێدەوڵەت بە بابەتێکی ئینسانی دادەندرێ، [کە هەستی] بەزەیی و بەخشندەیی دەبزوێنێ، هەروەک قاتوقڕی، برسێتی و بێ خانوویی. لەبەر ئەوەیە لەبەرچاوگرتنی بێدەوڵەت بوون وەکوو سیاسەت و بێدەوڵەت وەکوو «بابەتی سیاسی» دەستبەجێ باسی پڕ گێرەوکێشەی ماف دەورووژێنێ، کە لە دیسکۆرسی سیاسی مۆدێرنیتەدا، لە باری دەروونییەوە لە بنیاتی دەوڵەت ـ نەتەوە و سەروەریی نەتەوەیی بەستراوەتەوە. جا بۆیە نیگەرانییەکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە کە بێدەوڵەت هیچ هەوێتییەکی مۆدێرنی سیاسی نییە. هەوێتی و ویستەکانی بێدەوڵەت لە لایەن دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنەوە حاشایان لێدەکرێ، کە بێدەوڵەت دەکەن بە «ئەویدی»ی مێژوویی مۆدێرنیتە. ئەم باسە بە دەورێکی تەواو دەمانگەیێنێتەوە سەر چارەنووسی کوردان و هەوێتی لەتوپەتیان.

دەوڵەتە حاکمەکان کە پشت ئەستوور بە ڕەوایی جەماوەری ـ دێمۆکراتیک هەوێتی کوردییان سەرکوت کردووە، حەقەکەیان، وەکوو گشت حەقە جیهانییەکانی مۆدێرنیتە، ڕیشەی لە چاخی ڕووناکی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دایە. بەڵام فەرهەنگی لیبراڵ و پێوەندیی ←

سەرمایەداری بەرهەمهێنان هێشتا زۆر سەرەتایی و ناکامڵ بوون کاتێک پرۆسەی بە زەبروزەبگی دروستبوونی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا دەستپێکرد. ئەوە مانای وابوو کە هەوێتی تاقانەی نەتەوە و دەوڵەت، کە لە قانوونە ئەساسییەکانیاندا پێشبینی کرابوو و لەبەرچاوگیرابوو، دەبوو بە زەبری چەک دروست بکرێ. هەربۆیە، لە کردەوەدا پرۆسەکە بە پێچەوانە بوو. ئەوە ئەو دەوڵەتە[تازە] سەرهەڵداوانە بوون کە هەوێتی هەرکام لە نەتەوەکانی خۆیان دیاری کرد؛ هەم سنووری دەرەوە و هەم دیوی ناوەوەی هەوێتی نەتەوایەتی ئەوان، لە پرۆسەی نارێکی مێژوویی‌دا کە تێیاندا پێوەندییە فەرهەنگییەکان تەقریبەن هەمیشە لە پێوەندییە سیاسییەکان وەدواکەوتبوون. بۆیە، لاوازیی ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیزمە ڕەسمییەکان لە تورکیا، ئێران و (دواتر) عێراق، کە دەبوو بە ڕێگەی توندوتیژکردنی دەکارکردنی زەبروزەنگی سیاسی هێزیان وەبەر بندرێ لە پرۆسەی سازکردنی نەتەوەی حاکمی تاقانە و هەوێتییە نەتەوایەتییەکان لەو وڵاتانەدا.

ئەم ئەسازانە گرینگەی نێوان سیاسەت و فەرهەنگ تەنێ ڕێکەوتێکی سەیروسەمەرەی مێژوویی لە بەر ساوایی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانە نەبوو. بەڵکوو ئەوە تایبەتمەندییەکی زۆر بەردەوام بوو لە پرۆسە سیاسییەکانیاندا، ئاکامە بڕبڕەکەی لەو تەعریف و ناساندنەدا بوو کە لە قانوونی ئەساسی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی [تازە] سەرهەڵداودا سەبارەت بە هاووڵاتێتی بە دەستەوەدرابوو. باوەڕی سەرەوەریی گشتی، کە تەبیعەتی دەسەڵات و ڕەوایی لە قانوونی ئەساسی ئەو دەوڵەتانەدا دیاری دەکرد، بە جیدی سست بووەوە لەبەر ئەو جۆرە بیرەی هاووڵاتێتی کە هەوێتی ئێتنیسیتە زاڵەکانی ئەوان بوو. ئەوانەی لە ڕوانگەی ئێتنیکییەوە بە تورک، فارس و عەرەب دانەدەندران لە هاووڵاتێتی ئەو دەوڵەتە نەتەوایەتییانەی [تازە] سەرهەڵداو دەشۆرانەوە و دەردەهاویژران ئەگەر حاشایان لە هەوێتییە ئێتنیکی و فەرهەنگییەکانی خۆیان نەکردبایە یان وەلایان نەنابایە. ئەوانەی کارێکی ئەوتۆیان نەکرد ناچارکران مل ڕاکێشن و، ئاخریش ملیان هەر ڕاکێشا، ئەگەرچی زۆرجار دوای ئەوەی لە سەرەتاوە خۆڕاگرییان کرد، ملیان نەدا و ڕاپەڕین. بۆ ئەوان ئەندامەتی لە دەوڵەتە نوێیەکاندا نەک هەر بە ئازادی و دڵخوازانە نەبوو؛ بەڵکوو بە ڕێگەی تۆبزێتی سیاسییەوە جێبەجێکرا. لەڕاستیدا، ئەو دەمیش و، ئێستاش، لە قانوونە ئەساسییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا ئەسازانێکی گرینگ لە نێوان هەلومەرجی سەروەری و هەلومەرجی هاووڵاتێتییدا هەیە. ئەو بۆشاییەی نێوان سەروەریی گەل و هاوڵاتێتی «ئێتنیکی» بە ڕێگەی هەڕەشەی سیاسیدا پڕ دەکرێتەوە، ئەم هەڕەشە سیاسییە پێوەری سەرەکی پێوەندیی نێوان حاکم و کوردەکانە لەو چوارچێوە دەوڵەتە نەتەوایەتییانەدا.

ئەم نوختەیەی دوایی بەتایبەتی جێی لێ فێربوونە. ئەم نوختەیە دەڵێ تا ئەو کاتەی ئەو هەلومەرجانەی کە پێوەندیی نێوان هەوێتی کورد و هەوێتییە حاکمەکان دیاری دەکەن نەگۆڕدرێن و وەکوو خۆیان بمێننەوە هەڕەشە و زەبروزەنگی سیاسی لە کوردستان درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. بابەتی هەرە گرینگ لەم بوارەدا، [کە] مێژووی کورت بەڵام بە زەبروزەنگی ئەو پێوەندییە پەیتا پەیتا و بێ پسانەوە شاهیدی لە سەردەدا، کۆنسێپتی مۆدێرنی سەروەریی سیاسییە وا لە قانوونە ئەساسییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا گونجاوە. ئەو کۆنسێپتە سنوورەکانی هەوێتی کورد و هەوێتی حاکمی دیاری کردووە و ئاکاری ئەو دەوڵەتانە لە ئاست جڤاتە کوردەکانیان باس دەکا. پێششەرتی ئەو کۆنسێپتەی سەرەوەری ڕوانگەیەکی ئەو پەڕمێژوویی یە لەمەڕ دەسەڵاتی سیاسی. [ئەمە] لە دەرەوەی مەڵبەندی سیاسەتی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بەڕێوەبردنی ئاکار لە «پێوەندی هێزەکان» لە کۆمەڵگەدا. بیری سیاسەت [بەوجۆرەی] کە لە کۆنسێپتی دەسەڵاتی سیاسی حاکمدا دێتەگۆڕێ لە دەرەوەی سنوورە لە گۆڕانهاتووەکانی ئەو پێوەندییانە دایە کە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی بەرباس دا هەیە و، بەم پێیە لەگەڵ دینامیکی ئەواندا ناسازێ. ئەوە بە زەرەری ئاکاری چاک حکوومەتکردنە. جا بۆیە دەبێ ئاکاری ئەم دەوڵەتانە، حکوومەت کردنیان بە سەر جڤاتەکوردییەکاندا بە شێوەیەکی کاریگەر لە بابەتی سەروەری جوێبکرێتەوە. لە جیاتیان دەبێ بەڕێوەبردنی جڤاتە کوردییەکان وەکوو پرۆسەیەکی سیاسی لە بەستێنی گشتی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی هاووڵاتیاندا مامڵەی لەگەڵ بکرێ.

یەکەم هەنگاو لەو ڕێبازەدا، ئەوەی خوارەوەیە، ئەویش جێبەجێکردنی ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی قانوونی یە بەو شێوەیەی کە ئەو کۆنسێپتە «ئێتنیکییانە»ی هاووڵاتێتی ئێستا جێگەیان بە بیری دێمۆکراتیکی هاووڵاتێتی پڕ بکرێتەوە[بیرێکی ئەوتۆ] کە هەموو جۆرە بەسترانەوەی ئێتنیکی، ڕەگەزی و ئایینی یان لێوەشاوەیی فەرهەنگی بۆ ئەندامەتی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دەربهاوێژێ. ڕاستە، لە هەلومەرجی ئێستادا لە کوردستان، ئەم پێشنیارە تیئۆرییە ڕەنگە لە ئارەزوویەکی باش زیادتر نەبێ. چونکوو زۆرکەم وێدەچێ ئەو چوار دەوڵەتە حاکمەی کە بە سەر کوردستانی دابەشکراودا فەرمانڕەوایی دەکەن قەت بیانەوێ یان بوێرن هەوێتی کوردی لە هەلومەرجی سەروەری سیاسی جوێکەنەوە، بە لانیکەمەوە تا ئەو جێگەیەی کە دیسکۆرسە ڕەسمییە ناسیۆنالیستییە/ دەوڵەتایەتی و پێویستی بنیاتە «نەتەوایەتی»یەکانیان لە سەر جێی خۆی و ئاوا بمێننەوە. هۆیەکەشی ئاشکرایە: کەمالیزم، خومەینیزم و بەعسیزم، سەرەڕای جیاوازییە بنەڕەتییەکانیان، هەموویان لە سەر حاشاکردن لە هەوێتی نەتەوایەتی کورد پێکێشی دەکەن وەکوو پێداویستییەک بۆ [پاراستنی] سەروەریی نەتەوایەتی خۆیان. ئەو ڕوانگەیە بەشێکی جوێنەکراوەی دروونی ئەوانە لە خۆدانانیان بە حاکم و دەوڵەتانی سەربەخۆ. ئەوە ڕەیشەی لەو ناباوەڕی، ترس و ختۆکەلێکردنە دایە کە هەتاکوو ئێستا زەبروزەنگی ئەوانی لە دژی کوردەکان پاساو داوە و داوای کوردەکانیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی وەدوا داوەتەوە؛ [واتە] حەوجێ بە ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی قانوونی بە ڕێگەی لە ناوەندکردنەوە (decentralisation) و لە ئێتنیسیتەکردنەوە (de-ethnicisation)ی هەلومەرجی هاووڵاتێتی. ئەم بەدیلەی ئێستا بۆ بە ڕەسمی ناسینی هەوێتی نەتەوایەتی کورد، ئەگەر بکرێ بە بەدیل دابندرێ، کەمتر خەیاڵی نییە. چارەسەری عەسکەری کە زۆرجار لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەکارکراوە ناژیرانە و بە مەترسی یە. زۆر کەمتر وێدەچێ «سەروەریی نەتەوایەتی» ئەوان دەستەبەرکا، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە پرۆسەی دێمۆکراتیک و کۆمەڵگەی مەدەنی لەو قەڵەمڕەوانەی ئەوانی بە سەردا حاکمن هەر وا لاواز و دواکەتوو ماونەتەوە. ■

* ئەم وتارە لە سێهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوایەتی «ناوەندی بدلیسی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی» کە لە ۱۹-۲۱ی مارسی ۱۹۹۸ لە زانکۆی پرینستن ــ ئامریکای سەروو بەسترا، پێشکێش کراوە.

محەمەدی مەلا کەریم

# دەمەتەقێیەکی دۆستانە لە گەڵ کاک مارتین ڤان براوئێسن

## لە بارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی و دەوری مەم وزینەوە لە وشیاری نەتەوەیی کورددا

بەشی دووهەم

جا، ئەم بەشەی سەرەتای مەم وزین بەوە دوایی دێنێ کە ئەڵێ:

**گەر دێ هەبوا مە ئیتتیفاقەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**روم و عەرەب وعەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مە را دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین ودەولەت[١٧]**
**تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت**
**تەمییز دبون ژ هەڤ مەقالات**
**مومتاز دبون خودان کەمالات[١٨]**

مەبەستی خانی ئەوەیە ئەگەر وا نەبووایە و وا خراپ لە واتای ئازایەتی و مندتباری نەگەیشتباین و لە ناو خۆماندا یەککەوتن و ڕێکەوتنمان بووایە و هەر کاممان بگری ئامادە بووایە مل بۆ یەکێکی ترمان کەچ بکا، هەموو گەلانی دەوروبەرمان چاو لەبەرمان ئەبون و نۆکەرییان ئەکردین ـ کە منیش ئەڵێم ئێمە هەر ئەوەندەمان لێیان ئەوێ خۆیانمان بە سەردا نەسەپێنن و وەک برا مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن و، ئێمە چاوەڕێی ئەوە نین کەس ببێ بە خولام و خزمەتکارمان ــ، ئەگەر ئەم یەکگرتنەمان بووایە، وەک دینەکەمان تەاوە، دەولەتیشمان ئەبوو و بەجارێ ئەبووین بە خاوەنی دین ودەولەت و کە بوویشین بە خاوەنی ئەم دوانە دەرگای خوێندەواریمان بۆ گەلەکەمان ئەخستە سەر پشت و بە مامەڵەی زیرەکانە و وشیارانەمان لەگەڵ گەلان و دەولەتانی دەوروبەرمان فێری حیکمەت و لە کاروباری دنیا گەیشتن ئەبووین و قسەی چاک وخراپمان لێک ئەکردەوە و، پێگەیشتووەکانمان کەسانێکی هەڵاوێردە ئەبوون.

ئەمە بەشی یەکەم بوو لەو سەرەتایەی مەم وزین کە بە هەموو ڕوونییەک ڕادەی ناسیۆنالیستیی خانیمان پیشان ئەدا و بۆمان دەرئەخا کە چۆن عەوداڵی دوای بوونی دەولەتێکی کورد بووە. ئەمە تەنها بەشێکی ئەو بەیتانەی بوو کە ئەم بیروبۆچونەی دەرئەبڕن وهێشتا ماویشیەتی لێی بدوێین. کەچی کاک براونێسن ئەفەرموێ: «پێشم وایە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بە یەک دوو دێڕی بەنێوبانگی نێو مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە [ئاکامی ناسیۆنالیستیی خانی ـ م] و بڵێین خانی بیری لە دەولەتێکی کوردی کردووەتەوە».

ڕاستە لەم بەشە ٤٦ بەیتییەدا کە ئێمە تەنها تێکستی ٣٩ بەیتیمان لێرەدا گێڕاوەتەوە، بەشی زۆریان بەڵگەی تەنها ناسیۆنالیست بوونەکەینی و ئەوانی دیکەشیان داوای دەولەتی کوردیان تێداکراوە، بەڵام ئەگەر ئەوەمان لە یادنەچێ کە ناسیۆنالیزم و داوای دەولەتی نەتەوەیی کردن دوو شتن لێک جوێنابنەوە چونکە ئەگەر مرۆ ناسیۆنلیست نەبێ دەولەتی نەتەوەیی ناوێ و، ئەگەر دەولەتی نەتەوەیی ویست ئەوە دیارە بۆیە ئەیەوێ چونکە لای کەمەکەی ناسیۆنالیستە و، هەروا ئەگەر زانیشمان لەم ٤٦ بەیتە لای کەمی لە ١٥ بەیتدا بابەتی لێدوان بە ئاشکرا دەولەتی نەتەوەیی یە بۆ (مەی) کورد، تێئەگەین بۆچوونەکەی کاک براونێسن زۆر لە ئینساف و گیانی زانسپەروەریی دوورکەوتووەتەوە و، ئەگەر مەبەستی بێ وەک خۆی بە دۆست و دڵسۆزی کورد دائەنێ و منیش لام وایە، وایە، ڕووی ڕاستەقینەی کولتووری کورد دەرخا و، ئەگەر بە ڕاستی بێ ئەەی لە توێژینەوەکانیدا پاڵی پێوەئەنێ تەنها گیانی زانسپەروەریی یە و منیش هەر لام وایە، ئەبێ بە ئاشکرا ددان بە هەڵەیی بۆچوونەکەیدا بنێ و، خانی و بیری خانی و مەم وزینی خانی لە شوێنی شایانی خۆیاندا دابنێ.

لە بەشی پاشەوەی ئەم پارچەیەیشدا کە لێی دواین گەلێ بەیتی پرواتای تر هەن نیشانەی زەقی گیانی ناسیۆنالیستیی خانین و وەک بەڵگەگەلێکی بەرپەرچنەدراوە لە بەردەمی کاک براونێسن دا ڕاست ئەبنەوە، هەرچەند خانی لە ڕووی خۆ بەکەمزانینەوە کە ڕەوشتی کەسانی لە خۆبووەدووە، فارسیی لە کوردی لە پێشتر زانیوە، بەڵام، وەک خۆی ئەڵێ لە بەر تەعەسسوبی بۆ کورد و کوردپەروەریی، هاتووە خۆی بەم داستانەوە ماندوو کردووە و بە کوردی نووسیویە، تا کەس نەڵێ کورد هیچیان نییە و خاوەنی هیچ ئەسڵ و فەسڵێک نین:

**خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی**
**مەیدانێ کەمالێ دیت خالی**
**یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری**
**بەلکی ب تەعصوب وعەشیری**
**حاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێ داد**
**ئەڤ بیدعەتە کر خیلاڤێ موعتاد**
**صافی شەمراند ڤەخوار دوردی**
**مانەندێ دەری لیسانی کوردی**
**ئینایە نیظام و ئینتیظامێ**
**کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ**
**دا خەلق نەبێژن کو ئەکراد**
**بێ مەعریفەتن، بێ ئەصل وبونیاد[١٩]**

ئەنجا بە هەموو ئاشکراییەک باسی ئەوە ئەکا کە ئەیەوێ کوردیش، وەک گەلانی تر، ببنە خاوەنی کتێبی نووسراوی خۆیان، چونکە هەر کوردن لە ناو ئەو گەلانەدا کە ئەو ناسیونی کتێبی تایبەتیی خۆیانیان

نییه:

**ئەنواعی میللەل خودان کتێبن**
**کورمانج تنێ د بێ حسێبن**[20]

بۆ ئەوەیش کەس نەڵێ کورد لە نەفامی و بێکەسییانەوە کتێبی خۆیانیان نییە، ئەڵێ کورد وەنەبێ نەفام و بێ کەماڵ بن، مەسەلە ئەوەیە بێکەس و بێدەر و بێدەرەتانن و دەستیان بە هیچدا ناگا و تێکڕا نەزان ونەخوێندەوار نین بەڵکوو بێدەسەڵات و بێخاوەنن و کەوتوونەتە بن دەستی خاوەدەسەڵاتی بێگانە. ئەگەر ئێمەی کوردیش خاوەنێکمان هەبووایە [پادشایەکی لە خۆمانمان هەبووایە وەک میللەتانی تر هەیانە ـ م] بە دەست ودەهەندە و بەخشندە و و قسەزان بووایە و زانست وهونەر و گوێ بۆ مەنتیق شلکردن و شیعرو ئەدەب و کتێبی لا مەبەست بووایە و وەک نەختینەیەکی پەسند مامەڵەی لەگەڵ کردبان، منیش لە سایەیدا ئاڵای شیعرم لە سەربانی بەرزی ئەم گەردوونە هەڵئەکرد و شاعیرانی مەزنی میللەتەکەم وەک مەلای جزیری و عەلیی حەریری زیندوونەکردەوە و، واتە لەو شاکارانەی ئەوان دایهێناون منیش دام ئەهێنا و کارێکی وام ئەکرد فەقێی تەیران تا دنیا دنیایە پێی شاد بووایە. مەبەستی لەوەیە زانست و ئەدەب وهونەر و شان و شکۆی هەر گەلێک بەستەیە بە دەسەڵاتی سیاسییەوە کە بەدەستی خۆیەوە بێ و خۆی خۆی بەڕێوەبەرێ و چاکی بەڕێوەبەرێ، بەڵام چی بکەم پادشایەکی وامان نییە و لەبەر نەبوونی ئەویش بازاڕی زانست وێەدەبمان ساردەو کەسێ کڕیاری نییە و ناشمان ناوی کەوتووەتەوە.. تاد؛ کە گەلێ شتی تری لەم بابەتەیش لەم پارچەدا ئەڵێ و، لەمە زیاتر درێژەدان بەم بابەتە لە تواناادا نییە لە تەنگەلانێکی وەک ئەم شوێنەدا بگوترێ:

**کورمانج نە پڕ د بێ کەمالن**
**ئەمما د یەتیم وبێ مەجالن**
**فیلجوملە نە جاهیل ونەزانن**
**بەلکی د سەفیل و بێ خودانن**
**گەردێ هەبوا مەژی خودانەک**
**عالی کەرەمەک، لەتیفەدانەک**
**عیلم وهونەر و کەمال و ئیزعان**[21]
**شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان**
**ئەڤ جینس بیا ل باوی مەعمول**
**ئەڤ نەقد بیا ل نک وی مەقبول**
**من دێ عەلەما کەلامێ مەوزون**
**عالی بکرا ل بامێ گەردون**
**بیناڤە ڕحا مەلێ جزیری**
**پێ حەی بکرا: عەلی یێ حەریری**
**کەیفەک وە بدا فەقیهێ طەیران**
**حتتا ب ئەبەد بمایێ حەیران**
**چبکم کو قەوی کەسادە بازار**
**نینن ژ قوماشێ را خەریدار**[22]

سەرەڕای ئەمە گشتی لە تەواوی داستانەکەیشدا گەلێ بەیت و نیشارەی تر هەن ئەوانەی بە وردی لێیان بکۆڵنەوە تێئەگەن خانی بە ئیستیلاحی سیاسی کوردێکی ناسیۆنالیستی پڕ بە پێستی وشە بووە و عەودالی دوای ڕێگای دەولەتێکی خۆماڵی بووە گەلەکەی لە ژێر بەرداشی ڕۆم وعەجەم بێنێتە دەرەوە و لە ژێر سایەی چەتری شینی ئەم گەردوونەدا جێگای شایانی خۆی بۆ دابین بکا.

جا ئەگەر ئەمە هەمووی نیشانەی ناسیۆنالیستیی خانی نەبێ، ئەبێ چی بێ و، ئەگەر بە دوای دەولەتی خۆیی چاودێریکەری ئەدەب و هونەر و زانستدا گەڕان و بیرلێکردنەوەی وا نەبێ، ئەبێ چۆن بێ؟

کاک براونێسن بە وردی باسی ئەوە ئەکا کە خانی لە کاتێکدا کە زانیویە بە کوردی نووسین، بە پێچەوانەی بە فارسی نووسینەوە، خوێندەوار و گوێ بۆشل کەرێکی زۆر کەمی ئەبێ بۆ پەیدا ناکا، کەچی لەگەڵ ئەوەیش هاتووە بە کوردی شیعری داناوە تا خەڵک نەڵێن کورد هیچ و پووچن. باشە، ئەم دەستنانەی خانی بە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی خوانا و شنەواوە و، ڕازی بوونی بە کۆمەڵێکی کەمی کوردی بە کوردی خوێن و لە کوردی گوێگر، بۆ ئەبێ ئەکرێ بە بەڵگەی ئەوە کە خانی ناسیۆنالیست بووە و هەر ئەوەندەی بە دەمەوە بێ شایەت ئەوەی بۆ بدا کە گوایە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردە؟ ڕەنگ بێ بەڵگەی براونێسن لەم بارەوە ئەوە بێ ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغێکی دیاری گەشەکردنی کۆمەڵە و ئەوانەی بەشداری لە ڕێ تەختکردندا بۆ هاتنە دیی ئەو قۆناغە ئەکەن خۆیان بەناسیۆنالیست دانانرێن، بەڵکوو بنەچەی ناسیۆنالیزمی ئەو کۆمەڵانەن ئەم گەشەکردنە ڕووئەدا تیایاندا.

براونێسن ئەمە بە زەقی ناڵێ، بەڵام لام وایە هەر ئەمەی مەبەست بێ، چونکە لە لایەکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: «ئەمن دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەیە کە لە کەیسی ئەحمەدی خانیدا قسە لە ناسیۆنالیزم بکەم، بەڵام بە حاجی قادری کۆیی بێ ئەملاوئەولا ئێمە شاهیدی هاتن و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئێدەئالی دەبین».

جیاوازیی نێوان خانی و حاجی و سەردەمی خانی و حاجی چییە؟

بەلای منەوە، خانی لە ناسیۆنالیزمەکەیدا گەلێ لە حاجی لە پێشترە، چونکە بە ئاشکرا داوای دەولەتی کوردیی کردووە، کەچی ئەوە لای حاجی دیار نییە و، تائێستا شیعری وای نەدۆزراوەتەوە وەک خانی بە ئاشکرا گیروگرفتی ژیانی گەلی کوردیی تێدا بەستبێتەوە بە نەوبوونی دەولەتێکی نەتەوەیی یەوە، بەڵام ئەم، بەپێچەانەی ئەوەوە، بە هۆی ژیانی ئەستەموولیەوە، گەلێ گەلێ لەو زیاتر ئاگاداری ژیانی سەردەم و بیروباوەڕی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوا ـ دێمۆکراتی ئورووپای سەرمایەداری بووە و، لەگەڵ ژیانی دەرەبەگییانەی کوردستانی بە قووڵی بەراوردکردووە و هەواڵ و دەنگوباسی ژیانی پێشکەوتووی ئورووپا بە ئاشکرا کاری کردووەتە بیروبۆچوونەکانی و زیاتر لە سەردەمی ژیانی کوردستانی، گیانی بەربەرەکانێ کردنی بیروباوەڕی پڕوپووچ و داوای خوێندەواریی تەنانەت بۆ ئافرەتان و فێربوونی پیشەسازی و هێنانە بەرهەمی سەرچاوەکانی بەروبوومی ناوخۆ لە جیاتی هێنانی لە دەرەوە و، دیمەنەکانی تری ژیانی شارستانەتیی تێدا گەشەپێداوە، کە ئەم جۆرە بابەتانە بەشبەحاڵی خانی بەتەواوی نادیار و نامۆن.

من وای بۆ ئەچم خانی، وەک مەلایەکی کوردی موسوڵمان، کە لە ناو جەرگەی کوردستانی خوێدا ژیاوە و چەندین میرایەتیی کوردی لە بەرانبەر سەفەوی و عوسمانیدا بێدەسەڵاتی بە چاوی خۆی دیوە کە نەیانتوانیوە لە ناوخۆیاندا یەکبگرن و دەولەتێکی نەتەوەیی پێکەوەبنێن و بەوە خۆیان لە ژێردەسەڵاتی ڕۆم وعەجەم دەربهێنن و، لەلایەکی کەیشەوە هیچ ئاگادارییەکی لەو مەترسییە نەبووە کە کێشەی عوسمانیی دەرەبەگی و ئورووپای هەڕەتی گەشەکردنی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی و ڕاستبوونەوەی ئێرانی شیعەمەزەبی دوژمنی عوسمانی کە سەرەنجامەکەی، لە مەیدانی ئەو کێشەیەدا، بە سوودی ئورووپا بووە بۆ سووک کردنی باری عوسمانی لە سەری، بەرەو ڕووی هەر مەلایەکی موسوڵمانی سوننی مەزەبی کردووەتەوە، ناکۆکیی هەرە گەورەی لە پێش چاودا ئەوە بووە کە لە نێوان گەلەکەی و دوو دەولەتی ڕۆم و عەجەمدا بووە و، چارەی ئەو ناکۆکییەیشی تەنها لە پێکەوەنانی دەولەتی نەتەوەیی کورددا دیوەتەوە، لە کاتێکدا حاجی قادر کە ڕۆژانی سەردەمی

هۆشیاریی نەتەوەییی خۆی لە ئەستەمووڵ بەسەربردووە و لە چەرخێکدا ژیاوە قۆناغی توندوتیژیی ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆم وعەجەم بە سەرچووبوو و بەشبەحاڵی مەسەلەی کوردی کە ماکی ڕەسەنی ناکۆکیی سەدان ساڵی نێوانیان بوو، هەر دوولا گەیشتبوونە داڕشتنی یەک جۆرە ستراتیژ و تاکتیک و، میراتییە کوردەکانی لای خۆیانیان یەک لە دوای یەک پاکۆکردبوو و نەخشەی سنووری نێوانیانیان کێشابوو، لەگەڵ ئەوەیش بە قووڵی هەستی بە ژیانی سەختی گەلەکەی خۆی لە ژێر دەستی ئەم دوو دەوڵەتەدا ئەکرد و ئاخوداخی بۆ میرایەتییە لەناوبراوەکانی کوردستان هەڵئەکێشا و ئەیزانی ڕۆم وعەجەم چییان بە گەلەکەی کردووە و ئەکەن، ناکۆکیی هەرە گەورە لە زەینیدا ئەوە نەبووە لە نێوان گەلەکەی و دەوڵەتی عوسمانیدا بووە، بەڵکوو ئەوە بووە لە نێوان عوسمانی و دوژمنەکانیدا بووە بە مەرجێ جۆرە پێوەندێکی بە گەلی کوردەوە بووبێ. بۆنموونە هەرگیز ئەوەندە توند بە گژ دەوڵەتی عوسمانیدا نەچووە کە بە گژ بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەندا چووە. ڕاستە بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەن باڵێکی شۆڤێنیی دووئاتەشەیشی بووە مەترسییەکی زۆری ڕێتێچووی بۆ دوارۆژی کورد و کوردستان بە دەمەوە بووە، بەڵام ئەمە تەنها مەترسییەکی ڕێتێچوو بووە و، شتێ نەبووە بە ناچاری لە دوا ڕۆژدا وەک مەترسییەک لە پێش کورددا زەق ببێتەوە و زۆری لەو مەترسییە کەمتر بووە کە بە هۆی دەوڵەتی عوسمانی و سیاسەتیەوە بەرەنگاری کورد بووەتەوە. حاجی لەوە نەگەیشتووە کەوا لەو قۆناغەدا ئەوی تێدا ئەژیا ئەرکی سەرەکیی سەرشانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد ئەوە بووە لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییی ئەرمەن بگاتە هاوکارییەک لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و، مەترسیی ڕێتێچوونی ئەم بزووتنەوەیە دوا بخا بۆ ڕۆژی خۆی. حاجی لەم کێشەیەدا لە ناو کورۆکدا وەک موسوڵمان زیاتر ئەنوێنێ تا وەک کورد.

حاجی بە شانازییەوە باسی ڕاپەڕینی گەلانی یۆنان و بەڵقان ئەکا بۆ سەندنەوەی سەربەخۆییی پێشێلکراویان لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە دیوانەکەیدا پارچە شیعرێ بەدیناکرێ داوا لەگەلی کورد بکا ڕاپەڕینێکی وا بەرپا بکەن. داوای یەکگرتنی نەک تەنها ئاغا و میرەکانی کوردستان، بەڵکوو جەماوەری میللەتیش لە هەموو چین و توێژاڵێ ئەکا و تەنانەت داوای دەرکردنی ڕۆمییانیش ئەکا و بەگژی نۆکەرایەتیی ڕۆم و عەجەمدا ئەچێ و گەلێ جار بە خراپ باسی هەردوولایان ئەکا و ئەگاتە ڕادەیەک خەڵکەکە بانگ ئەکا بۆ کۆکردنەوەی هەموو چەکێک و ئەڵێ کاری کوردان بە پەنابردنە بەر چەک نەبێ چاک نابێ و... لەگەڵ ئەمە و لەمە زیاتریشدا پرکێشیی ئەوە ناکا بە ئاشکرا بانگیان بکا بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. من لام وایە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ گیانی موسوڵمانەتییەکەی کە لە زۆر هەڵوێستدا لەگەڵ عوسمانییەکان ئەیانخاتە یەک بەرەوە لە دژی دوژمنانی دەوڵەتی خەلیفە و ناهێڵێ زاتی ئەوە بکا تەوقی مێردزمەی ئەو بیرە لە گەردی خۆی دامالێ و وەک خانی بێپێچوپەنا دەستی خەڵکەکە بگرێ و بیخاتە سەر شوێنی ئازارەکەیان و چارەیان بۆ دەستنیشان بکا.

جا، من ئەمەیشم لە حاجییەوە بە لاوە سەیر نییە چونکە لەو سەردەمەدا خاوەن بیرانی ئەتەوە موسوڵمانەکانی ژێردەستی عوسمانی، چ ئەوانەی لە ئەستەمووڵ بوون و چ ئەوانەی لە وڵاتی خۆیان، مەگەر بە دەگمەن ئەگینا کەسیان داوای جوێبوونەوە و سەربەخۆییی نەتەوەکانی خۆیانیان نەئەکرد و، داخوازیی گشتیان لە چوارچێوەی هەندێ ڕیفۆرم و بەڕێوەبەرێتییەکی نامەرکەزیدا ئەسووڕایەوە و، حاجیش کە لەوانەیە لە ڕۆژگاری خۆیدا تاقە نوماینەدەی گەلی کورد بووبێ لە ئەستەمووڵ، ئاسان نەبووە بۆی، بە تەنها بۆخۆی، ئالای سەربەخۆییی گەلەکەی لە ناو هەموو گەلە موسوڵمانەکانی ژێر دەستی عوسمانیدا هەڵ بکا و لە بازنەی بیری (کۆمەڵی ئیسلام) بچێتەدەردەوە.

ئەنجا ئەگەر من باشی بۆچووبم وکاک براونێسن خانی لەبەر ئەوە بە ناسیۆنالیست دائەنێ چونکە لە سەردەمی خانیدا ناسیۆنالیزم تەنانەت لە ئوڕووپایشدا لە سەرەتایدا بوو، ئیتر چۆن ئەبێ لای خانییەکی کوردی ڕۆڵەی کۆمەڵێکی چەند قۆناغ لە دوای ئوڕووپاوە دەرکەوێ؟ من وەک لە سەرەتا وتم، باوەڕم بە ڕاستیی ئەو جۆرە قیاسانە نییە و، هەرچەندیش ئەزانم ناسیۆنالیزم بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری یە و سەرمایەدارییش ئەو سەردەمە لە کوردستاندا نەبووە، بەڵام لە مێژوودا زۆرجار ڕێ ئەکەوێ هەندێ بیروباوەڕی تێکڕا سەر بە قۆناغێکی نوێ بە هۆی گەلێ کارای لاوەکییەوە بەر لە سەر هەڵدانی ئەو قۆناغە لە وڵاتێکدا سەرهەڵبدا و، سەرهەڵدانی ئەوهەندە بیروباوەڕانە هیچ لەکە بەوە ناگەیەنێ قۆناغەکە وەک قۆناغ هێشتا سەری هەڵئەداوە و مەرجەکانی سەرهەڵدانی نەهاتوونەتە دی. بۆیە، ئەبوو کاک براونێسن هیچ دوودڵییەکی لەوەدا نەبوایە کە خانی ناسیۆنالیستە یا هەر هیچ نەبێ وەک بۆ حاجی قادری بەکارهێنا ناسیۆنالیزمەکەی ئەمیشی کە زۆر بە زەقی بە سەرەتای مەم و زینەکەیەوە دیارە بە ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئایدیالی لە قەڵەم بدایە، چونکە بەهەرحاڵ مەسەلەکە لە یاری بە وشەکردن بەولاوە ناوکێکی ڕاستەقینەی نییە، ئەگینا پایەی کەسانی وەک خانی و حاجی لە مێژووی سیاسی و فکریی گەلی کورددا لە سەر ددان پێدانان و بۆ مۆرکردنی کەس ئەوەستاوە.

من هەرچەند چاو بەم وتارەی کاک براونێسندا ئەگێڕمەوە وام بە خەیاڵدا دێ بییەوێ بە هەر چەشنێ بووە قەدری خانی و مەم و زینەکەی کەم کاتەوە و بە ئەگەر و مەگەر و ئیحتیمالات تێدا دۆزینەوە وا لەم بەرهەمە دانسقەیەی خانی بکا بیکا بە شتێکی زۆر لە خوار پایەی ڕاستەقینەوە لە مێژووی فکری و سیاسیی کورددا. ئەوەتا پاش ڕەتکردنەوەی بەڵگەیی سەرەتایی مەم و زین بۆ ناسیۆنالیستیی خانی و بیرکردنەوەی لە دەوڵەتێکی کوردی، کە زۆری لە سەر دواین، جارێکی تر و لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر مەم و زین و، وەک بڵێی لە داوەریکردنی دەروونی خۆیدا هەستی بەوە کردبێ کە تەقەلاکەی بۆ کەمکردنەوەی پایەی سەرەتاکەی مەم و زین بێ سوودە و، لە بەر ئەوە بییەوێ بە ئینکاری ڕاستیی دانەپاڵ خانیی سەرەتای مەم و زین بەجارێ لە بنی مەنجەڵ بدا و، ئەڵێ: «لەڕاستیدا ئەمن بۆ خۆم بۆ ماوەیەک پێم وابوو ئەوانە [واتە: ئەو بەیتە نوێباوانەی سەرەتای مەم وزین ــ م] لە لایەن نووسەرەوەکەیەوە زۆر دواتر لە نووسراوەکەی خانی ترینجێندراون، چونکە ئەوان لە بەر گوێی من زۆر تازەبوون، بەڵام ئەو وشانە لەو چاپە زانستییە وا لە لایەن م. ب. ڕۆدینکۆ M.B. Rudenko وەشرا بڵاوکراوەتەوە، هەن کە لە ڕووی نۆ دەستنووسی جۆربەجۆرەوە ساخکراوەتەوە کە ئەوەی هەرە کۆنیان کە ساڵانی ١٧٣١-١٧٣٢دا نووسراوەتەوە، واتە زۆر پێش لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست».

کەواتە، براونێسن سەردەمانێکی کەم یا زۆر باوەڕی نەبووە کەوا ڕێی تێئەچێ بەر لەوەی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرهەڵبدات، شتێکی ناسیۆنالیستانە لە کوردستاندا بنووسرێ، چونکە ئەبێ ئەو خاکەی بە قسەی لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان بەر لە هەموو جیهان دانەوێڵەی تێدا داچێنراوە و گوندی تێدا دروست کراوە یەکێکە لە کۆنترین نشینگەکانی ئادەمیزاد، لە هەموو ڕۆژهەڵات ئایەختر بێ و بۆ ئەوە ئەشێ هیچ شتێکی تێدا سەرهەڵبدا پێش ئەوەی لە شوێنێکی تری

ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵدابێ. ئەم بیروبۆچوونەی ماوەیەکی براونێسن ئەو چەند بەیتەی سەرەتای مەم و زین بە درۆ و دەست هەڵبەستی کابرایەکی ساختەچی دائەنێ و بەمەیش هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا بە درۆزن دەرئەکا کە گوایە ویستوویانە شان و شکۆی درۆینە بۆ گەلەکەیان پێکەوە بنێن. کاری ڕاست بێ ڕۆدینکۆی جوانەمەرگ کە تێکستێکی لە سەر چەند دەستنووس ساغکراوەی مەم و زینی لە ١٩٦٢دا بڵاوکردەوە یەکێکیان تەنها ٣٤ ساڵ پاش دانانی مەم و زین و گەلێ پێش دەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتدا نووسراوەتەوە. باشە، کاک براونێسن کە بۆی دەرکەوت بۆچوونەکەی زووی لە جێی خۆیدا نەبووە و گومان لە ڕاستیی دانەپاڵ خانیی ئەم بەیتانەدا نییە، ئیتر نەئەبوو پاشماوەی بۆچوونە هەڵەکەی لە دڵ ودەروونیدا نەمێنێ؟ کەواتە ئەگەر بۆ بەڵگەهێنانەوە نەبووە بۆ بە شایان نەزانینی کورد بۆ ئەوەی لە دەمێ ساڵەوە چەکەرەی بیری ناسیۆنالیستی سەری لە ناویاندا هەڵدابێ، یا هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی خانی و مەم و زینەکەی ئەو شایەت و دەستاوێژە نین لەم بارەوە باوەڕیان پێ بکرێ، بۆچی لەو کۆڕە گەورە و گرانەی یادکردنەوەی خانی و ساڵگەردی سێسەدی دانانی مەم و زیندا بۆ گوێگرانی ئەگێڕێتەوە و، بەڵگەیەتیی قسەکەی لە چیدایە و، سوودە زانستییەکەی کامەیە و، چ کەلێنێک لە جیهانی توژینەوەدا پڕئەکاتەوە؟ ئەگەر چاپە بڵاوکراوەکەی ڕۆدینکۆ لە بەردەستی خوێندواراندا نەبوایە ڕەوابوو بووترێ ئەو بەیتانەی دراونەتە پاڵ خانی زۆر لە ڕادەی گەشەکردنی کوردستانی سەردەمیەوە دوورن و، هەموو کەسێکیش دەستی نەئەگەیشتە ئەو کتێبخانانەی دەستنووسەکانی مەم و زینیان تێدا هەڵگیراون تا بە چاوی خۆیان بیانبینن و ڕاستییان بۆ دەرکەوێ و، لەبەر ئەوە خستنەبەر گومانیان کارێک نەئەبوو لە گیانی توژینەوەی زانستییەوە دوور بێ. بەڵام مادەم ڕۆدینکۆ مەیدانی هیچ بۆچوونێکی لەم چەشنەی بۆ کەس نەهێشتەوە و دەستنووسی وای خستەڕوو ڕێگا بۆ گومانەکەی براونێسن نەهێڵێتەوە، نیتر ئەو بە چ حەقێک ئەم بۆچوونە نادروستەی خۆی ئەخاتە بەردەستی کۆمەڵانی خوێندەواران؟ ئەو ئەگەر لەگەڵ دداننان بە ناسیۆنالیستیی خانی و بە بەڵگەدانانی شیعرەکانیدا بۆ داواکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئەم قسانەی بکردایە، ئەبوون بە مایەی بەهێزکردنی بۆچوونەکەی، بەڵام کە مەسەلەکە بەپێچەوانەیە، ئەنجامیان لەوە بەولاوە نابێ کە کۆمەڵانی گوێگر و خوێندەوار لەوە دوودڵ بکا کە خانی ئەو کەسەبێ و، مەم و زین ئەو بەرهەمەبێ ئەوەندە بە شانوباڵیاندا هەڵبدرێ.

براونێسن پاش ئەو ڕستەیەی ئێستا گێڕامانەوە و پاش هێنانەوەی چەند بەیت و نیوە بەیتێک لە سەرەتای مەم و زینی خانی لەوانەی نیشانەی داواکردنی دەوڵەتی کوردن، ئەڵێ: «وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ کە ئەو قسانە وەک سکاڵای کوردێک بخوێنێتەوە کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی دەوڵەتی نییە، لە کاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان، فارسەکان هەیانە». ئەو گشتە بەیتە زەق و ئاشکرا و بێپێچوپەنایانەی خانی کە ئێمە زۆریانمان گێڕانەوە لە سەرمان نووسین و گیانی ناسیۆنالیستی و کوردایەتییان لێوە لێشاو ئەکا، براونێسن هەر ئەوەندەیان پێ ڕەوا ئەبینێ کە بڵێ مرۆڤ لە خوێندنەوەیانەوە خوتوورەی ئەوە ئەکەوێتە دڵیەوە کە سکاڵای کوردێک ئەخوێنێتەوە داوای دەوڵەتی کوردی ئەکا.. ئەگەر براونێسن لەڕاستیدا جێگایەکی شایانی لە مێژووی بیری سیاسیی کورددا بۆ خانی دانابوایە مەسەلەکەی بە ڕستەیەکی وا ساردوسڕی بێگیان نەئەبڕییەوە. توخوا، خەڵکینە، شیعری وا لە ئەدەبی هەر میللەتێکی تردا ببێ و، لە سەردەم و چاخێکی بەشبەحاڵی ئەو میللەتە وەک ئەو سەردەم و چاخەی کورددا وترابێ کە خانی وتوونی تیایدا، بە پیتی زێڕ و لە سەر بەرزترین دیواری شکۆمەندترین بینای مێژوویی ئەو میللەتە نایننووسنەوە؟ ئەمانە شیعرێکی ئەوەندەیان بە باڵا ببڕێ کە کاک براونێسن بە باڵای بڕیون؟

بەڵام براونێسن تەنانەت ئەو وەسوەسە و خوتوورەییەیش بەو شیعرانە ڕەوا نابینێ و، وەک خۆی ئەڵێ: «لەم جۆرە تێخوێندنەوەیە دوو گیر وگرفت ڕاست دەبنەوە، بە پێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەروبەندی ئێمە بۆمان دەدەکەوێ کە ئەو دەمی خەڵک بە گشتی خۆیان بە گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد بەو شێوەیەی کە خەڵک لەم ڕۆژگارەدا دەیکەن. ڕۆم، عەرەب و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت (بە دەوڵەت) نین. ڕۆم لە بناوانەوە ئیمپراتووریی ڕۆم بوو و دواتر بەشی ڕۆژهەڵاتی واتە بیزانتیۆم ، پاشان ئەم نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکارکرا، دەوڵەتەکانی سەلجووقی و عوسمانی و، ئێستا جارجار بۆ نێودێرکردنی کۆماری تورکیا بەکاردەهێنرێ. بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێرکردنی تورکی ئاسایی دەکارنەکراوە. زاراوەی عەجەم لەلایەن عەرەبەکانەوە دەکاردەکرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بە زمانی جوێ لە عەرەبی دەدوان و، لە زمانی تورکیی عوسمانیدا تایبەتی بۆ نێودێرکردنی هەموو جۆرە ئێرانییەک دەکاردەکرا و لەوانە تورکی ئاخێوەرانیش». شایانی وتنیشە براونێسن ئەم قسانەی پاش هێنانەوەی چەند بەیتێکی خانی ئەکا کە ئەم دوو بەیتە لەوانەن:

گەر دێ هەبوا مە ئیتتیفاقەک<br>
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک<br>
روم و عەرەب وعەجەم تەمامی<br>
هەمیان ژ مە را دکر غولامی

مەبەستی براونێسن لەم قسانەی ئەوەیە بگاتە ئەو ئەنجامە کەوا خانی باس لە دەوڵەت ناکا و مەبەستی لە ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەنها چەند گرووپێکی ئێتنیکی یە کە پێیان ئەڵێن ڕۆم یا عەرەب یا عەجەم نەک گەلانێک بەم ناوانە و بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی دوێی خاوەن دەوڵەت و، تەنانەت مەبەست لە (مە)کەیش کە بۆ کورد ئەگەڕێتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکە نییە ئێمە ئەمڕۆ پێیان ئەڵێین (کورد)، وەک پاشتر لەم باسەیش ئەدوێین. ئەمەیش هەموو بۆ ئەوە کە گیانی نەتەوەیی یەتی لە خانی داماڵێ و کورد و تورک و عەرەب و فارس بکا بە کۆمەڵانێکی خەڵکی بەناو جیا بەڵام هیچجۆرە ناکۆکییەکی پێوەندیدار بە دەسەڵاتی سیاسییەوە لە نێواندا نەبوو. ئەمەیش قسەیەکی هەر لەخۆوەی بێبەڵگە و دەلیلە و، ڕیزکردنی ئەم ناوانە لە بەرانبەری یەکدا لە شیعرەکانی خانیدا هەر بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێکن هەر یەک زمانێک و نیشتمانێک و کەسایەتییەکی تایبەتی خۆی و بارودۆخێکی سیاسیی جوێ لە هی ئەوانیان هەیە و، تیایاندایە دەستی بە سەر یەکێ یا دوان لە وانیاندا گرتووە و دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانیی لە دەست دەرهێناوە.

کە لەم ڕاستییە بووینەوە، دێینە سەر شیکردنەوە و لێدوانی قسەکانی براونێسن لەم بارەوە کە پێشتر بەیەک پارچە هەموومان خستە بەردەستی خوێندەواران و، ئەڵێین:

ڕۆم و عەرەب وعەجەمی مەم و زینی خانی و هی پێش سەردەمی خانییش، خاوەن دەوڵەت بووبن یا نەبووبن (کە بوویشن)، مەبەست لێیان گرووپە خەلکانێ بووە بە زمانی جیاجیا دواون و هەریەکە وڵاتی خۆیانیان بووە. عەرەب لای هەمووان ئەوانە بوون بە عەرەبی دواون و وڵاتی خۆیانیان بووە و زۆریشیان بە کۆمەڵ کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی گەلانی تر و تیایدا نیشتەجێ بوون. ڕۆم لە سەدەمی بیزەنتییەکاندا ←

بەوانە وتراوە دانیشتووی وڵاتی بێزەنتە بوون و بە زمانی ئەو وڵاتە دواون کە تورکیای ئێستا ئەگرێتەوە. پاش ئەوەیش کە وڵاتی بێزەنتە کەوتە دەست خێڵە تورکەکان کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتبوون ناوەکە مایەوە و بە سەر ئەم تورکانەدا بڕا. عەجەمیش هەرچەند وەک ناوێکی نیمچە شۆڤێنییانە لە لایەن عەرەبەوە بە هەموو ناعەرەبێک وتراوە، تێکڕا بۆ خەڵکی ئێران بەکارهێنراوە، بەڵام هیچکام لەو گەلانەی ناوی عەجەم گرتوونیەوە، تەنانەت فارسیش، بە خۆیانیان نەوتووە عەجەم. زۆرجاریش شانبەشانی ناوی عەرەب وعەجەم، ناوی گەلانی تریش هێنراوە وەک ڕۆم و بەربەر و هیدی کە ئەمەیش وا ئەگەیەنێ هەمیشە بە ناعەرەبەکان نەوتراوە عەجەم. ڕاستیش نییە ئەم ناوانە ناوی گرووپی ئێتنیکی بێدەوڵەت بن. بەڵێ، ناوی گرووپی ئێتنیکی بوون، بەڵام مەسەلەکە بە حوکمی ناچاری پێوەندی بە بوون و نەبوونی دەوڵەتەوە نەبووە. وا بووە گرووپە ئێتنیکییەکە دەوڵەتی خۆی بووە یا نەیبووە و زۆرتریان بوویانە. کە پێغەمبەری ئیسلام نامە بۆ پادشای ڕۆم و فارسەکان (فورس) ئەنووسێ و داویان لێئەکا موسوڵمان ببن و ئۆباڵی جووتیارەکانیان ئەخاتەئەستۆ ئەگەر موسوڵمان نەبن، مەبەستی لە ڕۆم و فارسەکان تەنها گرووپێکی ئێتنیکی نەبووە، بەڵکوو گرووپێکی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت و پادشایش بووە. کە «سەعدی شیرازی»یش ئەڵێ:

ز دریای عمان برآمد کسی
سفر کرده هامون ودریا بسی
عرب دیده و ترک و تاجیک و روم
ز هر جنس در نفس پاکش علوم۲۳

واتە: کابرایەک لە دەریای عومانەوە سەری هەڵدا گەشتی زۆری دەریا و بیابانی کردبوو، عەرەب و تورک و تاجیک و ڕۆمی دیبوو و زانستی هەر ڕەگەزێ لەمانە کاری لە دەروونی پاکیدا کردبوو، کە ئەمەیش واتە وڵاتی ئەو گرووپە ئێتنیکییانە هەموو، گەڕابوو، چۆن ئەتوانین ئەم ڕەگەزانە تەنها وەک گرووپێکی ئێتنیکیی بێدەوڵەت تەماشا بکەین مادەم کە هەرکامیان زانستێکیان بووە و زانستیش چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزادە دەزگایەکی ڕێکوپێکخەری ئەوێ کە لە ئیستیلاحدا پێی ئەوترێ دەوڵەت؟ تێکڕا لە ئەدەبیاتی کۆن و تازەدا کە ناوی گرووپێکی ئێتنیکی بهێنرێ ڕژێمی بەڕێوەبەرێتی و دەوڵەتیشی لەگەڵدا ڕەچاو ئەکرێ و، نەبوونی دەوڵەت، هەر جۆرە دەوڵەتێ بێ، بۆ هەر گرووپێکی ئێتنیکی شتێکی کەمیابە و کەمیاب بووە مەگەر ئەوەندە بچووک بێ بۆ ئەوە نەشێ دەوڵەتی هەبێ و خاکی سەربەخۆی نەبێ یا لە وڵاتی خۆی تەرا کەوتبێ و پەڕیبێتە ناو گەلی وڵاتێکی ترەوە و توانی ئەوەی نەبووبێ لەوێ دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ. بەکارهێنانی ناوی هەر گرووپێکی ئێتنیکی تەنها لەو حاڵانەدا واتای دەوڵەتی ئەو گرووپەیشی تێدا ڕەچاو ناکرێ کە لە قسەی عادەتیی خەڵکی ڕەمەکیدا بێ.

جا، ئەگەر خانی ئەم ناوانەی ڕۆم و عەرەب وعەجەمی بە مەبەستی گەلی دەوڵەتدار بەکار نەهێناوە، ئەی چۆن هەر لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا چەندجار باسی ئەوەی کرد کە ئێمەی کورد ڕۆم بە سەرماندا زاڵ بوون و بووین بە ژێردەستەی تورک و تاجیک و عەجەم و، شوێن کەوتنی ڕۆم و عەجەم و مل بۆ کەچکردنیان شوورەیی یە و، لە جەنگی نێوان ڕۆم و عەجەمدا لە خوێنی خۆماندا شەلاڵ بووین؟ ئەم قسانەی کاک براونێسن لەوانەیە بە گوێی کەسانێکدا بچن کە تەواوی سەرەتای مەم و زینیان بە وردی نەخوێندبێتەوە، ئەگینا بەشبەحاڵی ئەوانەی شارەزایانە ئاگاداری ئەو سەرەتایەن، زۆر چاک ئەزانن خانی تاقەجارێ چییە لەو سەرەتایەدا ناوی ئەو گرووپە خەڵکانەی بێ مەبەستی سیاسی و بێ لەچاوگرتنی دەسەڵات و دەست بەسەرکورددا گرتن و ئازاردانی کورد لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆم و عەجەمەوە بەکارنەهێناوە.

بوونی شێوەیەک لە شێوەکانی دەوڵەت، لە سەرەتایی ترین شێوەوە تا گەشەکردووترینی، لەگەڵ تێکڕای هەر گرووپێکی ئێتنیکیی خاوەن جیۆگرافیای خۆیدا کارێکە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە هەیە و، نازانم کاک براونێسن بۆ ئەم ڕاستییە لە زەینی خۆی ون ئەکا هەر بۆ ئەوەی لە گوێگرانی وتارەکەیی بگەیەنێ کە ناوهێنانی ڕۆم و عەرەب و عەجەم لە سەرەتای مەم و زینی خانیدا بە مەبەستی گرووپی ئێتنیکیی خاوەن دەوڵەت نییە.

براونێسن هەر لە چوارچێوەی ئەم قسانەیدا دەربارەی واتای ناوی ڕۆم و عەرەب و عەجەم و کورد و شتی وا، لە سەری ئەڕوا و ئەڵێ: «عەرەب و کورد (یان کرمانج، خانی هەردووکیان بە کار دێنێ) دەوڵەت نین، بەڵکوو گرووپی ئینسانین» منیش ئەڵێم هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئەو دوو شتەدا نییە کە عەرەب یان کورد یان هەر ناوێکی دیی لەم چەشنە، هەم بە واتای دەوڵەتیش و هەم بە واتای گرووپێکی ئینسانیش بەکاربێن. شوێنی بەکارهێنانی وشەکە ئەوەمان بۆ دەستنیشان ئەکا کام واتا مەبەستە. لە سەرەتای مەم و زینی خانیدا عەرەب، هەروا ڕۆم و عەجەم، بۆ هەردوو واتاکە بەکارهاتوون، هەرچەند لە سەردەمی خانی خۆیدا عەرەب دەوڵەتێکی سەربەخۆییان نەبووە و سەرانسەری عەرەبستان ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەڵام خۆ ڕۆژگارێکی دووروودرێژ عەرەب فەرمانڕەوای سەرانسەری جیهانی ئیسلام بوون و، خانییش ئیشارەت بۆ ئەوە ئەکا کە بەشێکی زۆری مێژووی کورد و کوردستان پاش هاتنی ئیسلام بریتی بووە لە ژێردەستەیی دەوڵەتانی عەرەب وعەجەم و تورک و، ئەگینا خۆ لام وایە زانیبێتی حاڵی عەرەبیش لە سەردەمی ئەودا زۆر لە هی کورد خۆشتر نەبووە. دووریش نییە خانی لەم هێنانی ناوی عەرەبەیشدا شانبەشانی ڕۆم و عەجەم ئیشارەت بۆ ئەو شەڕە خێڵانەیش بکا کە لە سەر لێواری سنووری کوردستان و عەرەبستان ڕوویان ئەدا و خێڵە عەرەبەکان لێشاویان ئەهێنا و خێڵە کوردەکانیانی ناوچەی مووسڵ و جزیرە و حەڵەبیان لە شوێنی خۆیان دەرئەپەڕاند و زەویوزارەکانیان داگیرئەکردن و خۆیان ئەهاتنە جێیان.

براونێسن لە ئاوەڵەترکردنی بیروبۆچوونەکانیدا لەمەڕ خانی و مەم و زینەکەی، گەلێ دوورتریش ئەڕوا و ئەڵێ: «بەڵام من لەوە بە گومانم کە داخودا مەبەستی بە وردی لە نێوهێنانی هەمان گەل بووە کە لەم ڕۆژگارەدا ئێمە وەک نەتەوەی کوردی باس دەکەین. هەروەک ئەمن لە جێگەیەکی دیکەشدا نووسیومە زاراوەی کورد لەو زەمانیدا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێرکردنی عەشیرەتە کوردەکان و بەشێک لە دەستەی سەردەستی ئاریستۆکراتی شارنشین بەکارهاتبێ، بەڵام نەک بۆ جووتێرانی ناعەشیرەتی».

خانی کە وتی (کورد) یا (کرمانج) مەبەستی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە بە ناوی کورد یا کرمانج ناوئەبرێن. ئیتر بۆ ئەبێ خێڵ و جووتیارەکانی کورد لێک جوێبکرێنەوە؟ براونێسن ئەمەی بە هیچ کلوجێ لە وتارەکەیدا ڕوون نەکردووەتەوە، بەڵام لە پەراوێزی ژمارە (۱۰)یدا حەواڵەی وتارێکمان ئەکا لە ژمارەی(۳)ی هەمان گۆڤاری «گزینگ»دا کراوە بە کوردی. کە گەڕامەوە سەر ئەو وتارە، ئەوەندەم توانی بابەتی وای لێهەڵبکرێنم کە بۆ بەڵگەیی بۆ ئەم قسەیەی بشێ کە ئەڵێ: «گشت ئەو کوردانەی ئەو [واتە شەرەفخانی بیتلیسی لە شەرەفنامەکەیدا ــ م] باسیان دەکا، ئەجیوزادەی شارستانی یان عەشیرەتن» و، «ئەو بە جووتێرانی بندەست، بێ

لەچاوگرتنی ئایین و زمانیان، قەت نالێ کورد» و، «ئەو حەماسەیە [مەبەستی لە مەم و زینی خانی یە ـ م] ئەدەبییاتی دەربارە وکوردەکانی خانی جووتێر نین، بەڵکوو سەر بە سەردەستی ئێلیت(فیۆدال)ن». پێموایە ئەمەیش بۆ ئەوە ناشێ بکرێ بە بەڵگەی ئەوە کە کورد لە سەردەمی خانی و بەر لە خانیدا تەنها بە خێڵە کوردەکان و بەشێک لە دەستەی سەردەستەی ئاریستۆکراتی شارنشین وتراوە و، بە جووتیارانی کورد نەوتراوە کورد. ئەمەیش کە ئەو کوردانەی شەرەفخان لە کتێبەکەیدا باسیان ئەکا هەموو نەجیبزادەی شارستانی یان عەشیرەتن، لە خودی خۆیدا ئیسپاتکردنی ئەوێ، چونکە ئەرکی سەرشانی شەرەفخان لە کتێبەکەیدا شیکردنەوەی بنەمای کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکانە نەبووە کە باسیان لێ ئەکا و، ئەو تاقەجارێ چییە لە کتێبەکەیدا نەیوتووە «کوردەکان و جووتیارەکان» تا ببێ بە بەڵگە بۆ ئەوە کە لەو سەردەمەدا جووتیار بە کورد دانەنراون و وا تەماشاکراون کە لە میللەتێکی تر بن، هەرچەند ئەگەر وایشی وتبا ئێمە بە جۆرێکی ترمان مانا لێ ئەدایەوە وەک پاشان لەمەیش ئەدوێین. هۆی باس نەکردن یا کەم باسکردنی ناوی جووتیاری کورد و ناونەهێنان یا کەم ناوهێنانیشیان لە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمانەدا، ئەوەیە لەو زەمانەدا کوردی گوندنشین لە چاو خەڵکی تردا کەم بوون و زۆرتری کوردان عەشایر و ڕەوەند بوون و کوردە شاری و دێهاتییەکان، سەربازی پیشەریان لێ دەرکەی، جەنگاوەر نەبوون و خەریکی کشتوکاڵ و وەستایی و بازرگانی و کاسبیی تر بوون و دەورێکی زەقیان لەو ڕووداوانەدا نەبووە کە زۆرجار بە بەکارهێنانی چەک براونەتەوە. پێش گەشەکردنی سەقامگیری و گوندنشینی و ڕووکردنە کزیی ژیانی کۆچەری، بڕبڕەی ژیانی ئابووریی کوردستان بە حەیوانداری بەند بووە نەک بە کشتوکاڵ و، حەیوانداریش کاری خێڵە ڕەوەند و شوانکارەکان بووە کە سەرەڕای ئەوەی بە پێی سروشتی ژیانیان و بۆ داکۆکیکردن لە سامانەکەیان لە دز و جەردە و ڕێگر و لە دڕندەی کێوی چەکبەدەست و جەنگاوەریش بوون، بە بنەمای کۆمەڵیش ناسراون و دراونەتە قەڵەم و، جووتیار و لادێیی تر و شارنشینەکانی بنەوە وەک چینێکی ئایەختر لە خێڵەکییەکان تەماشاکراون.[٢٤]

تەنانەتیش ئەگەر لەو سەردەمەدا تەنها بە خێڵەکان و بەشێک لە دەستەی ئاریسۆکراتی شار وترابێ (کورد)، دیارە ئەوە بە هیچ جۆرێ واناگەیەنێ جووتیار کورد نەبوون. ئەمانە مادەم لە میللەتێکی تر نەبوون و بە شتێکی تری ناکورد دانەنراون، دیارە هەر کورد بوون، چونکە لەو خاکەدا ژیاون کە خێڵە کوردەکانیشی تێدا ژیاون و بەو زمانە دواون کە ئەوانیشی پێ دواون و، بەشداری ئەو ژیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بوون کە خێڵەکانیش بە حەیوانداری هێناویانەتە بەرهەم و، دابونەریت و خوو و ڕەوشتیان تێکڕا هەر ئەوە بووە کە ئەوان بوویانە و، بەڵکوو هەر بەشێک بوون لە وان و ڕۆڵەی خێڵەکانی ئەو ناوچانە بوون کە گوند و شارەکانیانی تێدا بوون و بە یەکەیەکە و کۆمەڵ کۆمەڵ لێیان جوێبوونەتەوە و لە شار و گوندەکاندا نیشتەجێ بوون و ، ئەمیش زیاتر ئەمان بوون بە بنیاتنانی ژیانی سەقامگیری لە کوردستاندا بنەمای ناسیۆنالیزمی دوارۆژی کوردیان دانا.

کەواتە ناوهێنانی جووتیارانی کورد لە سەر چاوەیەک یا زیاتردا، هەرگیز نابێ بە بەڵگەی ئەوە کە ئەوانە کورد نەبوون یا پێیان نەوتراوە کورد و، بەڵگەهێنانەوە بەوە بۆ بەکورددانەنانی جووتیاران لە سەر هیچ پایە و بنەمایەک ڕاناوەستێ.

ئەمە، ئەمە. بەڵام چش، با بە جووتیار نەوترێ کورد! ئەمە چ دورێکی لەوەدا هەیە کە مەبەستی خانی لە وشەی (کورد) و (کرمانج) لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا دیاری بکا و، کێشەی نێوان کورد و ڕۆم وعەجەم لە کێشەی گەلێکی ژێردەست کراو و حوکمڕانانێکی داگیرکەری لەو گەلانەی تر، بکاتە دەرەوە و، ڕێگای ناسیۆنالیستیی لە خانی بگرێ و ئیدعای بیرکردنەوەی لە دەوڵەتی بۆ کورد بە درۆ بخاتەوە؟ ئاخۆ ئەگەر بە جووتیاری کورد نەوترا کورد و، لە کێشەی نێوان دوو لای داگیرکەر و ژێردەست کراو کرانە دەرەوە، کێشەکە بەشبەحاڵی ئەو داگیرکەرانە و ئەو خێڵە کوردە ناجووتیارانە ئەبڕێتەوە و نێوانی کورد و ڕۆم و عەجەم ئەبێ بە ماستی مەییو و، سەرچاوەی سەرهەڵدانی بیرە ناسیۆنالیستییەکەی خانی و داوای دەوڵەتەکەی بۆ کورد کوێر ئەبێتەوە؟ من بە خەیاڵما دێ خانی هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونێکی وەک ئەمەی براونێسن بووە، وەک وشەی (کورد)ی لە سەرەتای مەم و زینەکەیدا بەکارهێناوە، وشەی (کرمانج)یشی تێدا بەکارهێناوە کە لە گەلێ شوێنی کوردستاندا بە واتای (جووتیار) بەکاردێ، تا کەسێ ڕاست نەبێتەوە بڵێ خانی تەنها بە کوردە خێڵەکییەکانی وتووە کورد و، جووتیارانی کوردی بە بەشێ لە گەلی کورد نەزانیوە.

**بەشی سێهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا**

**تێبینی:** لەبەشی یەکەمی ئەو باسەدا (ژمارە ١٩، ل ٨)، سەرچاوەی وتارەکەی «مارتین ڤان براونێسن» هەڵە بوو و، دروستەکەی (ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧)ە.

**پەراوێز:**

١٧) براونێسن لە لێکدانەوەی ئەم بەیتەدا نووسیویە: «لە ئایین و سیاسەتدا بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتن» و، لە سەر ئەم ڕستەیەش پەراوێزی ژمارە (٨)ی داناوە کە تێیدا ئەڵێ: سزاراوەی دین ودەوڵەت مەبەست ئایین و دەوڵەتێکی تایبەتی نییە، بەڵکوو موردیفی یەکترین وەکوو زاراوەی هاوشوباری دین و دنیا، کاروباری ڕوحانی ودنیایی».

بەرلەهەرچی لام وا نییە «تەکمیل دکر مە دین ودەوڵەت» بەواتای «لە ئایین و سیاسەتدا بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتن» بێ، یەکەم چونکە (سیاسەت) بە واتای (دەوڵەت) نییە. سیاسەت و دەوڵەت هەرچەند لە گەڵێ شتدا یەک ئەگرنەوە، لەگەڵێ شتیشدا جیان لەیەک و، مەبەستی خانیش لە دەوڵەت هەر ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ لەم وشەوە تێی ئەگەین. (تەکمیل)یش بە واتای (بە دەرەجەی کەماڵ گەیشتن) نییە، هەرچەند ڕیشەی هەردوو وشەکە یەکە. بە دەرەجەی کەماڵ گەیشتن گەلێ لە تەکمیل زیاتر ئەگرێتەوە. خانی ئەوەندەی ئەوێ بڵێ ئێمە ئێستا دینمان هەیە. ئەگەر لە نێو خۆماندا یەک بووینایە و ملمان بۆ گەورەیەکی لە خۆمان کەچ بکردایە، دەوڵەتیشمان بۆ ئەبوو و بەوە دنیاو قیامەتمان بۆ خۆمان دابین ئەکرد. لەم دوانەیش مەبەستتر ئەوەیە دین و دەوڵەت موڕادیفی یەک نین، موڕادیف یان موتەرادیف بە شتێک ئەڵێن یەک واتاو لە ناوێ زیاتری ببێ. دین ودەوڵەت دوو مەعنای لەیەکجیاوازیان هەیە. تێکڕا دین پێوەندی بە کاروباری نێوان خوا و بەندەوە هەیە و دنیا بە کاروباری نێوان خەڵک خۆیانەوە، هەرچەند دین گەلێ جار لە زۆر ڕووەوە دەست بۆ کاروباری نێوان خەڵک خۆیشیان درێژ ئەکا وەک لە ئایینی ئیسلامدا بە زەقی دەرئەکەوێ. وشەی (موڕادیف) لە زمانی عەرەبیدا لەوەوە هاتووە یەکێ لە پاشکۆی یەکێکەوە سواری وڵاخێ ببێ، واتە دوو وشەیا زیاتر سواری کۆڵی یەک مەعنا بوون.

١٨) بڕوانەرە:ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

١٩) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

٢٠) بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو.

٢١) لە هەموو چاپەکانی بەردەستماندا(کەمال و ئیزعان) نووسراوە. من لام وایە ڕاستەکەی (کەمالی ئیزعان)بێ. لە شێوە نووسینی کۆندا هەر ئەوەندە نووسراوە (کمال ئیزعان).

٢٢) بڕوانەرە: ئەحمەدی خانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٦.

٢٣) بڕوانەرە: مصلح الدین سعدی شیرازی، کلیات سعدی، بوستان، بمبی (هندستان)، مطبعە محمدی. ١٩٦١، ص ٨٠.

٢٤) لێرەدا، بۆنموونە، ئەتوانم وەزعی جووتیاری کورد لە کوردستانی فیوودالی خێڵەکیدا بە وەزعی بەندەکان بشوبهێنم لە یۆنانی کۆندا، چۆن لەوێ تەنها بە ئازادەکان ئەوترا (گەل)، لەوانەیە لیرەیش هەر بە خێڵەکان و ئاریسۆکراتەکانی شار وترابێ (کورد)و، چۆن ئەو بەندانە بە بەگەل دانەنانیان لەڕاستیدا لەوە نەکەوتوون کە بەشێکی سەرەکیی گەل بوون و لایەکی گەورەی ژیان لە سەر ئەوان وەستاوە، جووتیارە کوردە بە کورد ناونەهێراوەکانی لای خۆیشمان هەروا. ■

لێکۆڵینەوە دەربارەی ژێندری کوردی

# ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا

مەهاباد قەرەداغی

**سەرەتایەک دەربارەی کێشەکە**

ئەگەر پرسیار لە بارەی کێشەی ژنی کوردەوە بکرێت، ئەوەی بە خێرایی بە خەیاڵدا بێت داماڵینیەتی لە مافەکانی و برینداركردنی مرۆڤایەتیی ئەو و سنورداركردنی جوڵە و تەسککردنەوەی بواری بیر و خەیاڵ و زۆری تریش، کە ئەمانە تێکڕا کارەساتئامێزن و کەسایەتی ژنیان شێواندووە.

نەبوونی وێنەیەکی چوست و چالاکی ژن لەناو مێژووی نەتەوەی ئێمەدا جێی نیگەرانی و تا رادەیەکیش شەرمە. ڕەنگە مێژووی جیهانیش بە گشتی لەو بارەیەوە هێندە جێی شانازی نەبێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت وەک دیرۆکی ئێمە هێند تاریک و بێ ژن بەڕێوە نەچووە. نە شۆڕشی فەرەنسا ی ١٨٧٩بە بێ ژن دەبووە ئەو دیاردە و ناوە نەمرە، نە شۆڕشی جەزائیر و ڤێتنام و .. هتد، بە بێ بەشداری و خەباتی ژن بەختی سەرکەوتنەیان بەو شێوە باڵایە بەدەست دەهێنا.

داماڵینی مرۆڤێ لە مافەکانی بە هەر بۆنە و لە هەر کات و شوێنێکدا بێت لێسەندنەوەی سیفەتە مرۆڤانەکەیەتی، زەوتکردنی توانای بیرکردنەوەیەتی، توانای فەنتازیا و بەکارهێنانی هەست و عەقڵ و هەموو ئەو شتانەی کە نەریت تێدەپەڕێنن و دۆزینەوە و داهێنان و نوێکردنەوە و گۆڕان دەهێننە بەرهەم.

هیچ ئەفسوس و مەخابنێک بە قەد ئەوە دادمان نادات کە بتوانین لە مێژوو و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵینەوە و هۆکاری ئەو پاشاگەردانی و بۆشاییە ناشارستانییەی دیرۆکمان بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە پێناوی داهاتوودا، ئەو داهاتووەی کە هێشتا لەدەست نەچووە و نەبووەتە مێژوو، کە دەتوانین ئەگەر هەموومان بمانەوێ شارستانییانە تۆماری کەین و کە دەشبێ بە مێژوو بتوانین شانازی بە خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکەیەوە بکەین. لە پێناوی ئەو داهاتووەدا، ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردوومان دەدەینەوە و دەپرسین بۆچی ژن لەم ڕابردووە هەزاران ساڵەیەدا هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی نەبووە؟

بۆچی هەمیشە لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا بووە و لە ناوەندا ئامادە نەبووە؟ کەی ژنی کورد خاوەنی خۆی بووە و کەی ئەو مافی خاوەنی خۆبوونەی لە دەست داوە؟ لەم باسەدا لەسەر ئەو خاڵانە رادەوەستین و هێندەی بکرێ لە رابردوو و لە ئێستا دەکۆڵینەوە.

**ژنی کورد (دایک) لە ناوەندی کۆمەڵگەدا**

هەموو ئاکار و کرداری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، کە مەڵبەندەکەی ئێمەش دەگرێتەوە، کولتوورەکەی ئێمە و ئەوانەی دەوروبەریشمان ئەوە دەخەنە بەرچاو کە ستروکتوری کۆمەڵگەی ئێمەو ئەوانیش لەسەر بناغەیەکی پتەوی باوکسالاری دامەزراوە و مێژووی هەزاران ساڵەی ناوچەکە گەواهی ئەو بۆچوونەن. بەڵام بە پێی هەندێ شیکاری و بۆچوونی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوە، پێش ئەوەش سیستیمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبووە لە کوردستاندا کە تیایا ژن خاوەنی بایەخ و ڕێزێکی بێ پایان بووە و لە ناوەندی بڕیارەکانی خێزان و کۆمەڵگەدا بووە بەهۆی بەهرەی منداڵبوون و بەرهەمهێنان و دەستکەوتی ئابووری بۆ خێزان و کۆمەڵگە.

باسکردنی مێژوو و لێکۆڵینەوە لە رابردوو هەموو کاتێک ئەوە ناگەیەنێ کە رەشبینین و زیاتر بە رابردووەوە گرێدراوین و سۆزمان بۆ رابردوو هەیە و بۆ داهاتوو نیمانە، ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوەیەمان لە پێناوی بناغەدانانێکی زانستییانە و شارستانییانە بێ بۆ داهاتووی ←

کولتوورییمان.

ئایا کولتووری کۆنی کوردستان وەک هەموو کولتوورەکانی تری مرۆڤ رابردوویەکی وای هەبووە کە ژن(دایک) ناوەندی کۆمەڵگە و خێزان بووبێ، وەک لێکۆڵەرەوەکان گومان دەکەن؟ ئەگەر ئا، ئەو گومانانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن و تا چەند لەگەڵ واقیعدا بەرجەستەو کۆکن؟

کولتووری ئێمە کارتێکەر و کارتێکراوی کولتووره هەرەدێرینەکانی ئادەمیزادە کە لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤدا بەهۆی لەباری و بە پیتی زەویوزارەکەیەوە ئاوەدان بووە و لانکەی یەکەمین شارستانییەت بووە. کوردستان جێگەی گروپە هەرەدێرینەکانی مرۆڤە، کە سەرووی میسۆپۆتامیا بووە و مێژوویش ئەوەی بۆ تۆمارکردووە.

لێکۆڵەرەوە و ئەرکیۆلۆژەکان لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کۆدانەی کە لە شارستانیی کۆنی مرۆڤ بەجێماون لە میسیۆپۆتامیادا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە لە قۆناغێکدا کە لە سەرووی کوردستاندا کولتووری هیتییەکان سەروەر بووە و گەشەسەندوو بووە، ژن خاوەنی فەرمان و بڕیاری خۆی بووە. ئەو گومانەشیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەو کولتوورەدا کە تا ۱۳۰۰ ساڵ پێش زایین درێژەی هەبووە ژنان گوێڕایەڵی مێرد و برا و باوک نەبوون و خۆیان لەبارەی کاروبارەکانیانەوە بڕیاریان داوە.

ئەمەشیان لەو هێڵکارییانەوە وەرگرتووە کەوا دەردەخات (پوردهیپا)ی ژنی (هاتوسلی سێیەم) کە فەرمانڕەوای دەوڵەتی هیتی بووە خاوەنی مۆری خۆی بووە و بە ناوی خۆیەوە نامەی گۆڕیوەتەوە و واش گومان دەکرێ کە دوای مێردەکەی ماوەیەکیش فەرمانڕەوایی دەوڵەتی هیتی کردبێ. هەروەها واشی بۆ دەچن نەک هەر ژنی پاشا بەڵکە لەناو چینەکانی تری کۆمەڵگەی هیتیدا ژنان خاوەنی سەربەخۆیی بوون. ئەم بڕوایانە دەبنە جێی پرسیار کاتێ بڕواترێتە ژیانی خێزانی و ستاتووی ژن لە خێزاندا و بەتایبەتی لە کاتی زەماوەند کردندا کە دیسان لێکۆڵەرەوەو ئەرکیۆلۆژی تر نیشانی دەدەن، گومانێکمان لا دروست دەکات دەربارەی ئەوەی ئایا ژن بە کردەوە لە ناوەندی کۆمەڵگە و خێزاندا جێگەی هەبووە یان بۆچوونەکانی لێکۆڵەرەوە و ئەرکیۆلۆژەکان لە دژایەتیدایە. زەماوەند و پێوەندی ژنو مێردایەتی لە دەوڵەتی هیتیدا لەسەر بناغەی باوکسالاری بنیات نراوە، مارەیی ژن دوای جیابوونەوەی بۆ پیاو گەڕاوەتەوە، واتە تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ پیاودا ژیاوە مارەیی(کە زیاتر کەلوپەلی ناوماڵی گرتۆتەوە) بۆ ژن بووە. دوای مردنی مێرد، دەبوایە شوو بە برای مێرد بکات و ئەگەریش شووبرای نەبوایە خەزوور لە نۆرەدا بوو، دوای ئەویش نزیکترین پیاوی خزمی مێردە مردووەکەی. بە پێی ئەم وێنەیە بێت ژن لەو کولتوورەدا بوونی هی خۆی نەبووە و پێشوەخت بڕیار لەسەر چارەنووسی دراوە لە لایەن کەسانێکی دیکەوە کە پیاوانن.

هەندێ تێکستی یاسایی کە لە (ئۆگاریت) کە شارێکی فینیقی بووە و دەکەوێتە باکووری سووریاوە(ڕۆژئاوای کوردستان) دۆزراوەتەوە کە مێژوویان دەگەڕێندرێتەوە بۆ ۱۳۰۰ ساڵ پێش زایین، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ژیانی خێزانی بریتی بووە لە وەسیلەیەک بۆ دروستکردنی(کوڕی یاسایی)، یان بە گوزارە ئایینییەکەی(کوڕی شەرعی). مارەیی ژن ئەو کاتە دەبووە گەرەنتییەک بۆی لە کاتی جیابوونەوەدا، کە لەو ژیانە خێزانییە منداڵ(کوڕ)ی بەرهەم هێنابایە، ئەگەر لەو ژیانی پێکەوەییە کوڕی نەبووایە، کەیبانوو دەبوو خۆی ژنێکی کۆیلە بۆ پیاوەکەی بانگ بکات، و ئەو منداڵەشی کە لە کۆیلەکە دەبوو بۆ ژن و مێردەکە یاساییەکە دەبوو. لێرەدا هەردوو ژن، کۆیلەکەش و ئازادەکەش لەبەرانبەر ویستی پیاودا دەبنە قوربانی، دیارە ژنە کۆیلەکە زیاتر لە رووی دەروونییەوە پێشێلدەکرێ و جەستەی ئەو تەنها وەکو پاترۆنێک بۆ دروستکردنی ئەو منداڵە بەکاردەبرێ بێ ئەوەی مافی دایکایەتی پێ ڕەوا ببینرێت. ستاتووی ژن لە کۆمەڵگەی فینیقیدا بەند بوو بە ستاتووی کۆمەڵایەتی خێزانەوە. ژنانی سەر بە خێزانی هەژار خۆیان بە هەموو کاروبارێکی ناوماڵ هەڵدەستان، وەکو چێشتلێنان و جلشوشتن و ئاوهێنان و .. هتد بە پێچەوانەی چینی دەسترۆیشتوو کە کۆیلە کارەکانی بۆ دەکردن، پیاوان بۆیان هەبوو چەند ژنێکی کۆیلەیان هەبێ و کاروباریان بۆ بە ئەنجام بگەیەنێ. لە کاتی داوەتکردندا، پیاوان داوەتکار بوون و ژنان خزمەتی میوانەکانیان دەکرد و تا سەرخوان ڕێنوێنێ میوانەکانیان دەکرد.[1] ئەمەش وێنەیەکی ترە لە مێژووی دێرینی ناوچەکە، کە هیچ سیمایەکی ناوەندێتی ژن دەرناخا، نە لە خێزان و نە لە کۆمەڵگەشدا.

لە شاری چەتاڵ هیوک، لە ئەنادۆڵ ڕووبەرێکی (۱۳۰.۰۰۰کم۲) دۆزراوەتەوە کە شوێنەواری کولتووری چەند هەزار ساڵێک بووە. شوێنەواری ئەو شارە لە لایەن جیمس میلارت (James Mellaart)ەوە هەڵکەندراوە، وا نیشان دەدات کە خاوەنی کولتوورێکی بەرز بوون، ژوورەکان بۆیەکراون، یان وێنەی هەڵکۆڵدراوی مرۆڤ و ئاژەڵی لەسەر داتاشراوە. وادەردەکەوێ کارگەی مس و قورقوشمیان هەبووە، هەروەها کارگەی چنین، خشڵ و ئاوێنە و خەنجەریان دروست کردووە.

ئەم کولتووره لە نێوان ۹۰۰۰ تا ۶۰۰۰ ساڵی پێش زایین لە گەشەدا بووە. میلارت و کەسانی تریش پێیان وایە ژنان فەرمانڕەوای ئەو کولتووره بوون و لە سێنترالدا پێگەیان هەبووە. ژنان لەگەڵ منداڵەکانیان و خشڵ و ئاوێنەکانیان لە ناوەڕاستی ژێرخانی ماڵەکانیاندا نێژراون، بەڵام پیاوان لە پەنایەکی بچوکیدا نێژراون و تەنها چەک و تفاقی راوی سەردەمی بەردینیان لەگەڵدا نێژراوە. پەیکەرە ژنەکان هەرچەندە بچووکن کەچی لە پەیکەرە پیاوەکان گەورەتر و بەرجەستەترن و بە روونی ئەو بۆچوونە دەردەبڕن کە ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسیدا ــ وڵات بەڕێوەبردن ــ کاریگەرییان هەبووە.

هەڵکۆڵینەکانی میلارت لە کۆتای ساڵی ۱۹۶۱وە دەستی پێکردووە و بەردەوامە، بە پێی ڕاپۆرتەکانی میلارت مێژووی کۆنترین دۆزراوە دەگەڕێتەوە بۆ ۷۰۰۰ ساڵ پێش زایین، واتە ۹۰۰۰ ساڵ پێش ئەمڕۆ. ڕاپۆرتەکانی میلارت کە لە ساڵی ۱۹۶۶ نووسراون و پێش تەواوکردنی هەڵکەندنەکانن نیشانی دەدا کە چەتاڵ هیوک لە دەهەزار ساڵ پێش ئێستاوە ناوی شارەکە بووە. میلارت پێی وایە سیستیمی کۆمەڵایەتی ئەوکولتووره نەک تەنها ماتریارکی بووە بەڵکو کۆمەڵگەیەکی یۆتۆبیاییش بووە. لەو جێگایەدا نزیکەی ۱۰۰۰ساڵ هیچ جۆرە شەڕ و ئاژاوەیەک هەڵنەگیرساوە و بە شێوەیەکی ژیرانە بەڕێوە چووە، لەوێ نە مرۆڤ و نە ئاژەڵ لە ئەنجامی زەبروزەنگدا نەبوونەتە قوربانی. هیچ شوێنەوارێکی ئەوتۆ دیار نییە کە مردنێک لە ئەنجامی زەبروزەنگەوە رووی دابێ. ئاژەڵ تەنها بۆ خۆشی و هاوەڵێتی راگیراوە و، خۆراکی مرۆڤیش رووەکی بووە. سوود لە شیر و خوریەکەی ئاژەڵ وەرگیراوە، بەهیچ شێوەیەک بۆ گۆشتەکەی بەخێو نەکراوە. میلارت جەخت لەسەر ←

ئەوە دەکات  کە ئەو کولتوورە یۆتۆپیاییە لە لایەن ژنەوە بەڕێوە براوە  و، "بەرزترین و پایەبڵندترین خواوەند لە پەرستگاکاندا ژن بووە". [2]

لە دێی حاجیلەر(Hacilar) کە دێیەکی بچووکە لە نزیک چەتاڵ هیوک و شوێنەواری کولتووری ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایینە، بە هیچ شێوەیەک پەیکەری پیاوی لێ نییە. [3]

واگومان دەکرێ ئەم کولتوورە  خزمایەتی هەبێ لەگەڵ  کولتووری مینویی  کە لە کرێتا[4] لە دووهەزار ساڵ پێش زایین پەرەی سەندبوو. هەروەها  نزیکایەتی هەبووە لەگەڵ کولتوورەکۆنەکانی تری ئەورووپا، چونکە سیمبولەکان و جلوبەرگی پەیکەرەکان هەمان شێوەن. ئەو هونەرانەی کە لە کولتووری مینویی بەجێماون وا نیشان دەدەن کە ژنان بە کاری هەمەجۆری وەکو بازرگانی، کاپتنی کەشتی، شۆفێری گالیسکە، راوچی، جوتیاری و کەشیشی پەرستگاوە خەریک بون. تەنانەت ئەوانەشی  کە لەگەڵ ئەو رایەدا نین کە لە کولتووری مینوییدا لە کرێتا ژنان وڵاتیان بەڕێوە بردبێ، یان یەکسان بووبێتن لەگەڵ پیاواندا، پێیان وایە کە ژیانی ئایینی هەر لە سەردەمی برۆنزییەوە تا سەردەمی کلاسیکی لە لایەن ژن (زەوی دایک) ەوە بەڕێوەچووە. باوەڕی وا هەیە کە پەرستنی خواژنەکان تا سەردەمی کلاسیکی درێژەی بووبێ. [5]

ئەم کولتوورانەی کە لە نزیک یەکەوە ژیاون کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر هەبووە و وەک لەو نموونانەدا دەردەکەوێ کە ژنانی سەر بە هەردوو کولتوورەکە خاوەنی دەسەڵات و توانای ئابووری بوون. بەڕێوەبردنی کولتووریش  تا  رادەیەکی  زۆر  پەیوەستە  بە  توانای  ئابووری بەڕێوەبەرەکانییەوە. هەربۆیەشە سیمای دایکسالاری لەو کولتوورە دێرینانەدا ئاشکرایە. گرووپە دێرینەکانی  میسۆپۆتامیاش کە هاوچەرخی ئەو گرووپ و کولتوورانە بوون کە ناویان برا شێوەیەکی نزیکیان هەبووە لە یەکتر و ژنان تیایدا پێشڕەو بوون.

هەندێک وای بۆ دەچن کە باڵادەستیی ژن لە بەخێوکردنی ئاژەڵدا رۆڵێکی گرینگی بینیوە لەوەی کە ژنان  پێشڕەو بن لە کۆمەڵگەدا. کەواتە لە ژیانی کۆچەریدا ژنان پایەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان چەسپاوتر بووە وەک لە قۆناغی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ کردن. ئەمەش ڕێی تێ دەچێ و  لە زۆربەی کولتوورە دێرینەکانیشدا بەروبوومی ئاژەڵ تایبەت بە ژنان بووە و ئەوان سەرپشک بوون لە چۆنێتی بەکارهێنان و فرۆشتنی.

لە کوردستانیشدا شوێنەواری کولتووری " کشتوکاڵی زۆر بە روونی لە دۆزراوەکانی قەڵای یارمۆ(جەرمۆ)دا بەدی دەکرێت کە مێژووی بۆ هەزارەی پێنجەمی پ.ز (نزیکەی ٤٧٥٠ ساڵ) دەگەڕێتەوە." [6] هەیە و ئەوەش سنووری ژیانی کۆچەرایەتیمان لە ژیانی نیشتەجێبوون تارادەیەک بۆ ئاشکرا دەکات. ئەوە روون دەبێتەوە کە لە کام قۆناغدا ژن لە کوردستاندا "کولتوورەکانی نیشتەجێی کوردستان"  دەسەڵاتی ئابووری لەدەست داوە و دەست گیراوە بەسەر توانا و کەسایەتیدا.

"کشتوکاڵی سیمایەکی تری بۆ نیشتەجێیەکان زیادکرد، ئەمان چیتر وەکو راوکەرانی کەژی لە ئۆردوگاکاندا نەمانەوە، بەڵکو گوندی تەواو رێکوپێکیان دامەزراند و هەر گوندە و مەشاعەتی بنەماڵەیەک تیایدا دەژیا. دانیشتوانی یارمۆ خانووی گۆشەڕاستیان دروست دەکردن، دیوارەکان لە قوڕی پەستراو یان رەنگبێ خشتی قوڕ و هەندێ جار لەسەر بناغەی بەرد دەکران. لە ناوەوەی ماڵەکاندا، لە هەرە ناوەراستیاندا تەندوورێکی خڕ دەکرا. ماڵەکان هەموویان وەکو پەراسووی لەشێکی گەورە لە یەکەوە نزیک بوون. ئەو لەشە گەورەش مەشاعەتی بنەماڵە بوو کە لەسەر بنچینەی کاری هاوبەش و یاسای ماتریارخی(دایکسالاری) دامەزرابوو.

گۆڕانکاری لە ژیانی واقیعیدا، رەنگی لە بیروباوەڕی ئایینی دانیشتوانی قەڵای یارمۆدا دایەوە. گرینگترینی ئەم بیروباوەڕانەش پەرستنی بە پیتی و ئافرەت بوو کە یەکەم بەرهەمهێنەرە. خواوەندی دایک شێوەی پەیکەری ئافرەتێکی دانیشتووی هەبوو. پەرستنی خواوەندی رووەک کە پیاو بوو، پێوەندیی بەهێزی بە خواوەندی دایکەوە هەبوو و لە دواتردا هەمیشە پێکەوە بوون. لە ناو ئەم پەرستن و بیروباوەڕانەدا، بێگومان گەلێ توخمی بەمیرات ماوەی چەرخەکانی پێشووتر مابوونەوە. پەرستنی خواوەندی ژن(دایک) بە رەچەڵەک بۆ پەرستنی دایک(داپیرەگەورە)ی چەرخی پالێولیتی[کۆنترین قۆناغی چەرخی بەردین ـ چەرخی بەردینی کۆن] دەگەڕێتەوە. داب و دەستووری کشتوکاڵی، هی پەرستنی پیت و بەرەکەتی رووەکەکان  لە شەعایری زاوزێی دڕندەکان و راوچییانەوە هاتووە، بەڵام بە گشتی ئەمانە ئێستاکە بیروباوەڕی ئایینی تازەی جوتیارە کۆنەکان بوون." [7]

کەواتە دەتوانین بڵێین سەردەمێکیش لە قۆناغی کشتوکاڵی سیستیمی دایکسالاری لە کوردستاندا برەوی هەبووە و کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە چووە، جوتیارەکان لێکچوونێکی سروشتییان لە نێوان ژن و بەرهەمی زەوی دا بینیوە و،  هەردوکیانیان بە پیرۆز زانیوە، هەمیشە بە بیستنی وشەی زەوی، ژن بە بیردا هاتووە و بەرهەمەکانیان، کە ئەمیان مرۆڤ و ئەویان بەرهەمی خۆراکی بۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ بووە، وەک زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو هاتووەتە پێش چاوان. تەنانەت ئەمڕۆش لە ئەدەبیاتی فەنتازیدا دایک سیمبولی خاکە، بە تایبەتی لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕووناکتر ئەوە دەردەکەوێ و رادەی پێوەندی کورد بە خاکەوە دەردەخات کە لە زۆربەی کاتدا بە گوزارەی دایک دەربڕیووە.

**کەی سیستیمی دایکسالاری رووی لە لێژیی کرد و کزبووەوە؟**

ئاخۆ بەهۆی دروستبوونی دەوڵەت و مەملەکەت و گۆڕانی سنووری دەسەڵاتی گرووپەکان بووە؟ یاخود بەهۆی گۆڕانکارییەئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوەبووە؟ یان ئەمانەو هۆکاری تریش هەبوون کە سیستیمی دایکسالاری لەق کەن و بە سیستیمێکی تر جێگەی بگرنەوە کە پیاوان تیایدا ببنە سێنترالی کۆمەڵگە.

ئەو شەڕانەی کە لە دیرۆکی هەرەزووی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە پێناوی دەسەڵات و گۆڕانی حوکمی کۆمەڵگە لە گرۆپێکەوە بۆ گرووپێکی تر رووی داوە، لەو قۆناغە ترسانەکەی شەڕدا گۆڕانکاری زۆر دروست بووە کە یەکێک لەو گۆڕانکاریانەش جێگۆڕکێی سیستیمی دایکسالاری بووە بە باوکسالاری.

لە میسۆپۆتامیا، لە ئەنجامی جەنگی گەورەدا ئیمپراتۆریەتە هەرە دێرینەکان جێگەیان بە یەک لەق دەکرد، سۆمەرییەکان جێگەی خۆیان بۆ بابلییەکان بەجێهێشت و ئاشوورییەکانیش هاتن و ئەوانیان لەدەسەڵات خست، ئەم دەسەڵاتانە یەک لەویتر دڕندەتر هەڵسوکەوتی بەرانبەر بە کۆمەڵگەکەی کردووە. وا دەردەکەوێ کە ژن لە کولتووری سۆمەرییەکاندا لە سەرەتادا پایە و دەسەڵاتی خۆی هەبووە، "وشەی سۆمەری لە قۆناغی یەکەمی سێیەم هەزارەی پ.ز (amargi) بوو کە رێک بە مانای ـ گەڕانەوە بۆ دایک ی دەگرتەوە". [8] ئەمەش پایەی ژنی سۆمەری ڕوو

دەکاتەوە کە وەک سەرچاوە تەماشا کراوە و ناوەندێتی دایک تا ئەو کاتەش هەر لە گەشەسەندندا بووە. بەڵام لەگەڵ داگیرکردنەکاندا کە لە ئەنجامیدا جەنگ بەرپاکراوە، کۆمەڵگە دابەش بووەوەتە سەر چینی جیاواز و بەکۆیلەکردنیش یەکێکە لە دیاردەکانی ئەو جەنگانە. کە واپێدەچێ یەکەمین کۆیلەکانی دنیاش ژن بووبێتن، رەنگە هۆی ئەوەش بووبێ پیاوان لە جەنگدا کوژراون و تەمەنیان هێند درێژ نەبووە کە وەک کۆیلەیەک نرخی زیاتر بکەن و پشتیان پێ ببەسترێ، بەڵام ژنان بۆ کۆیلەیەتی گونجاوتر بوون، بەهۆی ئەوەی مەترسی کوژرانیان کەمتر بووە.

جەنگ و زەبروزەنگ و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەدا لای پیاوان کە هەڵگیرسێنەری شەڕەکان بوون، بوو بە شانازی و یەکێک لەو سیفەتانەی کە لە مێژوودا پیاوان شانازییان پێوە کردووە. دیارە بەهۆی ئەو دەسکەوتە ئابوورییە زۆرەوە بووە کە لە ئەنجامی تاڵان و داگیرکردنەکاندا بە دەستیان هێناوە. هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە ئەو دەستکەوتانە پێگەی "ناوەند"ی بۆ دابینکردوون و ئیدی لە پەراوێزێتی رزگاریان بووە. لەوەتی هێز و داگیرکاریی، ئەو جێگە بڵندەی لە ناوەنددا بۆ پیاو پاراستووە، شانازیکردن بە هێز و کردنی بە خاڵی ئیمتیاز بەسەر ژنەوە دەستی پێ کردووە. ژنان کە ناوەندی کۆمەڵگە بوون و ئەرکەکانی کۆمەڵیان بەرێوەدەبرد نەبووبووە هۆی ئەوەی ئەو دەسەڵاتەیان خۆش بوێ، چونکە لە سیمای سیستیمی دایکسالاریدا پێوەندییەکان زیاتر لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا بوون و پیاوان هەرگیز نەیاندەتوانی لە ژن باڵادەستانەتر پێوەندییان لەگەڵ سروشتدا هەبێ و لەو بوارەدا کێبەرکێ لەگەڵ ژندا بکەن، بەڵکە سروشتی زاوزێ و منداڵبوون لە ژندا هێشتاش جێی سەرسامی بوو بۆ پیاوان.

جەنگەکان هاوکێشەی دەسەڵاتیان گۆڕی، لە جیاتی پەرستنی خواوەندی ژن و دیاردە سروشتییەکان، پاشاکان بوونە سێبەری خوا و حوکمی ژیان و مردنیان بەسەر خەڵکدا دەدا. لە "ئور" گڵکۆی پاشاکان ئەو قوربانیانەشیان تیابووە کە بە فەرمانی پاشاکان بۆ ژێرخانەکان راپێچ کراون و سەربڕدراون.

ئەو گڵکۆیانە پڕن لە لەشی ژن و پیاوی قوربانی. یەکەمین نووسراوەکانی سەردەمی دێرینی مرۆڤ هی سۆمەرییەکان بووە، کە بە خەتی بزماری قۆناغی پڕ زەبروزەنگی باوکسالاری و ململانێکانی کۆمەڵگە روونده‌کەنەوە.

بابلییەکانیش هەمان شێوە، لە قۆناغی فەرمانڕەوایی حەمورابیدا، کە لە نێوان ١٦٨٦-١٧٢٨ی پ.ز دا بووە، قۆناغێکی پڕ لە کێشە و زەبروزەنگیان بۆ مرۆڤی میسۆپۆتامیا تۆمار کردووە. بە پێی یاساکانی حەمورابی لە بابلدا "پیاو دەیتوانی منداڵەکانی و هەروەها ژنەکەشی بفرۆشێت. خێزان یەکەیەک بوو، باوک بڕیاردەری بوو، هەر ئەویش کەشیش(مەلا)ی ماڵەکە بوو. خزم لە سەرووی خێزانەوە بوو، لە کاتێکدا موڵکێک دەفرۆشرا ئەو بڕیاری دەدا. مارەیی ژن، هەروەکو کۆیلەکان، مەڕوماڵات و قاپ و قاچاغی ماڵەوە بوو، ئەوانە موڵکی ژن بوون، پیاو دەیتوانی بەکاریان بهێنێ بەڵام بۆی نەبوو بیانفرۆشێ. لە کاتی جیابوونەوەدا دەبوایە مارەییەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ پیاو."[9]

ئەم یاسایانەی حەمورابی کە لەسەر بناغەی باوکسالاری و توندوتیژیی هەڵچنرابوو، بوو بە لێژاییەک بۆ خزاندنی ژنان و دیلکردن و کردنی بە موڵکی پیاو، کە کولتووری میسۆپۆتامیا تێکڕا لەژێر کاریگەری ئەو یاساو رێسایانەدا بوون و پەیڕەوییان دەکرد.

فاکتەری تریش جگە لە کاریگەری کولتوورەکانی دەوروبەر لە هێنانەخوارەوەی پایەی ژنی کوردستاندا رۆڵیان هەبووە. بۆ نمونە پێوەندی پێچەوانەیی نێوان ئەسپداری و بایەخی ژن لای چیاییەکان و، لای کۆمیونەکانی نیشتەجێی دەشتاییەکان.

"گەشەسەندنی شێوەکانی ئاژەڵ بەخێوکردن لە هەلومەرجی تایبەتی سەر چیابەرزەکاندا زەمینەیەکی وای بۆ کەمکردنەوەی دەوری ئافرەت و چەسپاندنی دەسەڵاتی پیاو لە خێزان و کۆمەڵگە نەرەخساند. دەوری ئافرەت و کارکردنی لە بەخێوکردنی مەڕوماڵاتدا، هەروەکوو لە بەخێوکردنی وڵاخی بەرزە و بە تایبەتیش ئەسپ، گەلێ زێتر بوو. جگە لەوەش، خێڵە شوانکارە چیاییەکان، بە پێچەوانەی کۆچەرەکانی دەشتایی، دەبوایە زیاتر بەرگری لە خۆیان بکەن و سامانی خۆیان بپارێزن لە ترسی هێرشە وێرانکارییە لەبن نەهاتووەکانی بێگانە نەک شاڵاو بۆ سەر خەڵکی تر ببەن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شان بە شانی سیستیمی هێزی چەکداری خێڵەکان هەروەها سیستیمی خێڵە نیوەچەکدارەکان پەیدا ببێت، ئەوەی تاکوو ئێستە و بە تایبەتیش لە نێو کورداندا هەر ماوە".[10] ژنانیش بەشداری ئەو هێزە چەکدارییەیان کردووە و شان بە شانی پیاو پارێزگارییان لە سامانی بنەماڵەکەیان کردووە، چونکە ژنان بەهۆی ئەرکی سەختی ژیان لەسەرچیابەرزەکاندا بۆ دابینکردنی ژیان، هەروەک پیاوەکانیان بەهێزبوون و بنیادی جەستەیان پتەو و توندوتۆڵ بووە، وەک ئێستاش بە بەراورد لەگەڵ ژنانی نیشتەجێی دەشتایی، ژنانی چیایی و شوێنەسەختەکان بەهێز و گورج و گۆڵ ترن. هەر ئەم سیفەتانەشن کە رۆژهەڵاتناس و کوردناس و گەریدەکانیان تووشی ئەو دردۆنگییە کردووە کە لە ڕابردوویەکی نزیکی کۆمەڵگەی ئێمەیان کۆڵیوەتەوە پێیان وابێ ژنانی کورد ئازادن و جیاوازن لە ژنانی کولتوورەکانی دەوروبەریان. لە کاتێکدا کە لەو ماوەیەدا و تا ئێستاش سیستیمی کۆمەڵایەتی بنەماڵەیی و خێڵەکی بە سەر کولتووری ئێمەدا زاڵە و لەو جۆرە سیستیمەشدا ماوەی ژنان تا ئەو کاتە و تا ئەو رادەیە دەدرێ کە بۆ پیاو پێویستە و لە ژێرکۆنترۆڵی پیاودایە.

"ئەو کۆچەرانەی کە لە دەشتاییە دوورەکانەوە هاتبوون لە ماوەیەکی کورتدا ئەسپەکانیان، کە لە چیاکاندا سوودیان کەم بوو، بە مەڕ و بزن گۆڕییەوە، بەڵام دەوری پێشڕەوی ئافرەتەکانیان لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا هێشتەوە. لە کاتێکدا هەر هەمان ئەم خێڵانە، یان خزمەکانیان کە لە دەشتاییەکان دا مانەوە ئەسپەکانی خۆیان پاراست و زیاتریشیان کردن و بایەخیشیان گەلێ پتر بوو، بەڵام ئافرەتەکانیان بە تەواوی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پیاوان.[11]

ئەمە دەمانگەیەنێتە سەرەنجامێک کە ژنانی نیشتەجێی دەشتاییەکان پایەی کۆمەڵایەتییان لەبەر چەند هۆیەک دابەزی، کە سەرەکیترینیان ئەمانە بوون:

١ـ لە قۆناغی نیشتەجێبووندا کشتوکاڵ بووە کاری سەرەکی و بایەخی ئاژەڵ کە ژنان سەرپەرشتییان دەکرد کەم بووەوە.

٢ـ بە کەم بوونەوەی ئاژەڵداری و بەرهەمی ئاژەڵ، بەرهەمی ئابووری ژنان کەم بووەوە، بە پێچەوانەشەوە پیاوان بەرهەمی ئابوورییان زۆرتر بووەوە لە ژیانی کشتوکاڵ و کاری زەویوزاردا.

٣ـ ژنان بنیادی جەستەییان و ئەو هێزەی کە لە چیاکاندا هەیانبوو، لە دەشتاییەکاندا کەم بووە وە.

٤ـ فراوانخوازی بوو بە کولتووری پیاوان و، سەپاندنی دەسەڵاتیش لە لایەن پیاوانەوە یەکەمجار لە خێزانەوە بووە و بەسەر ژناندا ساخ بووەتەوە.

دەگوترێ شوێنەواری دایکسالاری لە کوردستاندا تا ئێستاش هەیە. بانگکردنی کوڕانی ئازا بە ناوی دایکیانەوە لە زۆربەی شار و گوندەکاندا یەکێکە لەو سیمایانەی کە میراتی ئەو سیستیمەیە کە دایک ناوەندی کۆمەڵگە بووە.[١٢]

لە کۆمەڵگەی کوردەواری کۆندا بە هیچ شێوەیەک عەبا و پەچە و حیجاب بۆ ژنی کورد نەکراوەتە فەرز و ژنان لە رووی جلوبەرگەوە ئازادییان تەنانەت لە ژنانی کولتوورەکانی دراوسێیان زیاتر بووە. ئەمەیان وایە، ئەگەرچی بە بۆچوونی کولتوورەکانی تر و ئایینەکان ئەمە لادانێکی ئاشکرایە لەو داب و نەریتە باوەی دانی پێدانراوە نەک هەر لە روانگەی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسەوە. کە ئافرەتی کردە کۆیلە ــ بەڵکە لە گۆشەنیگای یاساکانی ئاشووریشەوە، کە پرۆسیسی ژێردەستکردنی دەستپێکرد؛ بە پێی ئەم داب و نەریتانە، تەنها جیاوازییەک لە نێوان ئافرەتی سەربەست و ئافرەتی کۆیلە، یان ئافرەتی بێئابڕوو، ئەوە بوو کە ئەمانەی دوایی نەدەبوایە رووی خۆیان ببەستن. رووبەستن نیشانەیەکی "ئافرەتی سەربەست"بوو لە رۆژهەڵاتی کۆندا.[١٣] ئەم ئازادییەی ئافرەتی کورد تەنها لە رووی پۆشینی جلوبەرگەوە بووە، لە روویەکی ترەوە ژنی کورد وەک ژنانی کولتوورەکانی دەوروبەری لە لایەن خێڵ و کەس و کار و بنەماڵەوە پارێزگاری لە شەرەفی کراوە و بەڵکە شەرەفی ژن هی خێڵەکەی بووە. ژنی کورد لە دوولاوە پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی و دەروونی کراوەتە سەر، لە لایەکەوە لە لایەن پیاوانی خێڵ و بنەماڵەکەی خۆیەوە، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو دانەپۆشراوی و بێ حیجابییەوە کە سروشتی چیاکان سەپاندبووی "لە روانگەی دانیشتوانی نیشتەجێی ئاسیای بچووکەوە ئافرەتی کورد بە بێ ئابڕوو سەیر دەکرا و لە لایەن تێڕوانینی چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگەی کۆیلەداریشەوە رەنگبایە هەر وەکو کۆیلەیەک تەماشاکرابایە".[١٤]

پێوەندی شەرەف بە سێکسی ژنەوە لە ئەنجامی کاریگەری ئایینەکان بووە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. ژمارەیەکی زۆر ئایینی تایبەت بە کورد لە کوردستاندا هەبوون و هەن، جگە لە کارتێکردنی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکە، کە ئایینی ئیسلام لە ئاکامدا هەموو باوەڕ و ئایینەکانی تری داپۆشی و خۆی کرد بە ئایینی زۆربە. ئایینی ئیسلام کاریگەری خۆی بە شێوەیەکی فراوان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا داناوە و لە کوردستانیشدا پەیڕەویکردنی ئایینەکە بە شێوەیەکی رەمەکی ئەنجام دەدرێت.

**ئەمڕۆی ژنی کورد، لە پەراوێزی مێژوودا**

مێژووی کوردی هاوچەرخ، ئەو رووداوانەی کە لەم سێسەدساڵەی دواییدا و تەنانەت تا ئەمڕۆش رووی داوە، بە هیچ شێوەیەک وێنەیەکی چالاکی ژنی تیا بەدی ناکرێ.

شەرەفنامەی بدلیسی کە بە ماتریالێکی مێژوویی بێهاوتا دەژمێردرێ کە دەربارەی کورد نوسرابێ لە چوارسەد ساڵی پێش ئەمڕۆ، مێژوویەکی پیاوانەیە و تەنها دەسەڵاتی پیاوانی کۆمەڵگەی کورد و ئیمارەتە کوردیەکان باس دەکا، کتێبە مێژووییەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگیش هەمان شێوە مێژووی پیاوانە و رووناکییەکی نەخستۆتە سەر مێژووی ژنانی کورد، بە پێی ئەوە تاریکاییەکی کوشندە لە کولتووری ئێمەدا هەبووە لە مێژووی ئەو چەند سەد ساڵەدا، هەڵبەتە بەهۆی ئەوەوە بووە کە بە پراکتیک ژن نزیکی رووداوە مێژوویەکان نەبووە و رۆڵێکی پاسیڤی دراوەتێ و، جێی سەرنجیشە کە لەوساوە تا ئێستا گۆڕانێکی کەم نەبێ، هەمان رۆڵی پاسیڤ دراوە بە ژنی کورد، ئەمڕۆ ئەوەی شایانی گوتن بێ رۆڵی ژنانی باکوری کورستانە لە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، کە دەبێتە تۆمارێکی مێژوویی گرینگ بۆ ژنانی کورد، ئەگەر بێتو هاوتەریبی رۆڵی سەربازی رۆڵی سیاسی و دیپلۆماتیش لە سیاسەتی کوردیدا بلەیزن. بایەخی ئەو بەشدارییانەی ژنان لە رووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەوەدایە کە بناغەیەک دادەنێن بۆ ئاساییکردنەوەی پایەی ژنانی کورد، کە وەک بینیمان لە مێژوودا بە چ شێوەیەک لێژکراوە، هەڵبەتە بەشداریکردنی ژن لە جەنگدا بە تەنها گۆڕانکارییەکی بچووک دروست دەکات، ئەگەر بێتوو هۆشیاری ژن لە ئاستەکانی تری ژیانیشدا نەچنە نێو ئەزموونەوە.

تێڕوانینی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ بۆ ژن، ئەمڕۆ، تێڕوانینی خاوەندارێکە بۆ کۆیلەکەی. کەسایەتی ژنی هاوچەرخی کورد لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەی کە ژن شەرەفی کۆمەڵەکەیە و دەبێ بیپارێزێ ، بەو پاراستنە نێگێتیڤە ژن لە تێکۆشان خراوە و وەکو دەستی شکاو بە ملی کۆمەڵەکەیەوە هەڵواسراوە.

**بەشی دووهەم و کۆتایی (پرسیارەکان) لە ژمارەی داهاتوو**

**سەرچاوەکان:**


1- **Marilyn French**, *Bortom Makten: om kvinnor, män och moral- legenda*, Stockholm, 1986 , sid 47.

٢ـ ئۆ. ل. **ڤیلچێڤسکی**، *رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد* ـ وەرگێڕانی: **رەشاد میران** ـ ستۆکهۆلم ـ ١٩٩٣.

3- **Axel Hagnell**, **Gunnar Olander** och **Helge Granfelt**, *Berättelser och bilden ur Världens historien*, del 1- Skolförlaget- Gävle- 1980.

4- **Lena Thalin**, *Bergman - Forna tiders kvinnor*, LTs förlag 1975- AB boktryck, Helsingborg.

5- **Elizabeth Gould Davis**, *I begynnelsen var kvinnan*, Almqvist & Wiksell förlag AB- Stockholm - 1971."Originalets titel, The first sex."


**ژێدەرەکان**

١ـ سەرچاوەی ژمارە ٤، لاپەڕە ٥٠.
٢ـ سەرچاوەی ژمارە ٥ ، لاپەڕە ٧٥.
٣ـ سەرچاوەی ژمارە ١ ، لاپەرە ٤٧.
٤ـ کرێتا ـ شارێکە لە یۆنان.
٥ـ سەرچاوەی ژمارە ١، لاپەرە ٣٨.
٦ـ سەرچاوەی ژمارە ٢، لاپەرە ٤٠.
٧ـ هـ . س . پ لاپەرە ٤١، ٤٢.
٨ـ سەرچاوەی ژمارە ١ ، لاپەرە ٤٩.
٩ـ سەرچاوەی ژمارە ٣، لاپەرە ٣٨.
١٠ـ سەرچاوەی ژمارە ٢، لاپەرە ١١٩.
١١. هـ . س . پ، لاپەڕە ١١٣.
١٢ـ بۆ نموونە لە سلێمانی: خولەپیزە، لە کفری: عەبەئامە.
١٣ـ سەرچاوەی ژمارە ٢، لاپەرە ١٢٠.
١٤ـ هـ . س . پ، لاپەڕە ١٢٠.

باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن

# مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا

بەشی ١٢

لێکۆڵینەوە و نووسینی: ،ژیلا. ف، و ،تەیفور،

## ئێران ( ١٥٠٢- ١٩١٨ز)

لە بەشی پێشوودا چاوێکمان خشاند بە چۆنیەتی ژیانی ژنی کورد لە ناوچەکوردنشینەکانی ژێردەسەلاتی دەرەبەگایەتی ئیمپراتوری عوسمانیدا. لەم بەشەدا سەیری ئەو دیوی سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی عوسمانی دەکەین کە پاش بێ هێزبوونی مەغولان دەورانێکی هەرکەبۆخۆی پێک دێ و لە هەر ناوچەیەک بەگ و میرێک خێوەتی دەسەلات هەڵدەدا. هەتا دەگەیینە سەرەتای سەدەی دەیەمی کۆچی کە هەموو ئێران دەکەوێتە ژێر ڕکێفی سەفەوییەکان (١٥٠٢- ١٧٣٦) و ئەوان شەریعەتی شیعە بۆ یەکەم جار لە دنیای ئیسلامدا دەکەن بە ئایینی ڕەسمی وڵاتێک. ئەو زنجیرەیە بە دەست مەحموودی ئەفغان دوایی دێ و دیسان دەورەبەگایەتییەکی بێ سەرەوبەرە دێتە گۆڕێ. ماوەیەک نادرشا ـ (کاتی پادشایی ١١٤٨- ١١٦٠کۆچی) وڵاتی بەدەستەوە گرت و ماوەیەک کەریم خانی زەند (پادشایی ١١٦٣-١١٩٣کۆچی) ڕۆژئاوای ئێرانی بەدەستەوە بوو. لە ساڵی ١١٩٣ کۆچی قاجارەکان دەسەلاتێکی بە هێزی ناوەندییان پێکهێنا کە هەتا شەڕی یەکەم درێژەی هەبوو. ئێمە لە پێشدا سەرنجی سیاسەت و ڕوانگەی گشتی چینی خاوەن دەسەلات سەبارەت بە ژن لەم سەرەمانەدا دەدەین، دوایە هەوڵ دەدەین ئەرک و چۆنیەتی ژیانی ژن لە بەشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵدا نیشان بدەین.

وەکوو پێشتر باسمان کرد لە ڕاستیدا ژیان لەم دوو بەشەدا جیاوازییەکی بنچینەیی نەبووە و دەکرێ بگوترێ لە خەڵوەتی خەڵیفەکانی عوسمانیدا هەر ئەو یاسایانە کاری کردووە کە لە خەڵوەتی شاکانی سەفەوی دا. لە لادێ و لە نێو هۆزەکانی دەوربەری دیاربەکر و گۆلی وان، ژنان هەر ئەو بەشەیان هەبووە کە لە لادێ و هۆزەکانی دەوروبەری سەڵماس و سنەدا. سەرەڕای ئەو بنیاتە هاوبەشانە، هێندێک دیمەنی جیاواز دەبیندرێ کە شایانی باسە.

کولتووری ئەم دەورانە تێکەڵاوێکە لە شەریعەتەکانی ئیسلام و داب و نەریتەکانی ناوچەیی. تێکەڵاوێکە لە کولتووری داگیرکەران و داگیرکراوان، ئەم تێکەڵاوییە ڕێگە بە هەموو جۆرە کردەوەیەکی چاک و خراپ دەدا. شا و چینی خاوەن دەسەلات هەرچی پێیان خۆش بووبێ کردوویانە. لە ڕابواردن و ڕاگرتنی جاریە و خۆلام و سازکردنی خەڵوەتیدا لاسایی خەڵیفەکانی ئومەوی و عەبباسییان کردۆتەوە و لە لایەکی ترەوە ڕێگایان داوە بە شێخ و مەلا کە بە قەمچی دین و ئایین خەڵک بکوتن و باری لە کۆڵ نێن. یانێ بە گشتی یاسای زاڵ بەسەر کۆمەڵدا هەر یاسای ئیسلام بووە.

### کردەوەی سەفەوییەکان بەرانبەر بە ژنان

دەڵێن کردەوەی کۆمەڵایەتی هەر کەس لە نێو ماڵی خۆیەوە دەست پێدەکا! با بزانین شاکانی سەفەوی لە نێو ماڵی خۆیاندا چییان کردووە. دیارە ئەوەش دەزانین کە وتە و کردەوەی شا لەو سەردەمانەدا یاسا بووە و هەموو کەس دەبوا لاسایی ئەو بکاتەوە. وێنە بۆ نیشاندانی ئەم مەبەستە زۆرە، ئێمە یەکێک دەست نیشان دەکەین. «حەکیمان شرابیان لە شا سلێمان کە تازە لە نەخۆشی هەستابوو قەدەغە کردبوو، ئەمە ببوو بە هۆی ئەوە کە لە سەرانسەری ئێران دا کەس بۆی نەبێ شەراب بخواتەوە.[١]

ـ شا عەباس چوارسەد تا پێنسەد ژنی لە خەڵوەتیدا هەبووە. لەمانە هەمووکاتێک چوار ژن مارەبڕاو بوون و باقی سیغە و جاریە بوون. بەشێک لەم ژنانە لە لایەن خان و بەگی وڵاتان و لە لایەن وەزیرانی بارەگاوە پێشکەش کرابوون، بۆ ئەوەی پایە و پایەگای خۆیان قایم بکەنەوە.

ـ «ئەم خەڵوەتییانە کاتێک زیاد لە ئەندازە پڕ دەبوون، شا دەهات هێندێک لە ژنەکانی بەسەر سەردار و دەست و پێوەندەکانی دەوروبەری خۆیدا دابەش دەکرد و پێیانی دەبەخشی. بەم شێوە خەڵوەتییەکەی بۆ تازە هاتووان سووک دەکرد. ئەوەی ژنی پێ بەخشرابوو زۆر لوتفی لەگەڵ کرابوو و ئەگەر تەڵاقی دابا پێشکەشی شای دەست پێوە نابوو و دەبوا چاوەڕوانی سزادان بێ.» دیارە ئەمەش لەبەر خۆشەویستی یا چارەنووسی ژنەکان نەبووە ـ چون لەئەوان نەدەپرسرایەوە و وەکوو دیاری دەست بە دەست دەکران ـ بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی پلە و پایەی شا بووە.

ـ «نێوزەد کردنی کوڕ و کچ لە کاتی لەدایک بووندا (ناوک بڕین) لە سەردەمی سەفەویدا باو بووە. شا عەباس ناوک بڕاوی کوڕەکەی خۆی مارە کردووە بۆ خۆی».[٢]

ـ سانسون دەڵێ: «لە خەڵوەتی شا سلێمان دا هیچ شازادەخاتوونێک ناتوانێ ئەگەر ئەولادی کوڕی بە دنیا هێنا ئەوی بۆ خۆی ڕاگرێ و ئەگەر ژنان لەکاتی زایین دا، خواجەی خەڵوەتی بۆ خنکاندنی کۆرپەکە بانگ نەکەن، خۆیان لە سزای مەرگ ڕزگار نابن. کەس ناتوانێ لەم فەرمانە سەرپێچی بکا و هیچکام لە ژنان یا خزمانی شا بەرانبەر بەم یاسایە جیاواز نەکراون.» هەروەها سانسون دەڵێ: "صدر خاصە" [گەورەترین پلەی وڵات پاش سەرۆک وەزیران کە بەرپرسی خەڵوەتی کۆشک بووە] لە ئێراندا تا ئەو ڕادەیە جێگای ڕێزە کە پادشاکان کچیان لێ دەخوازن و کچیان دەدەنێ. سەرەڕای ئەوەش کوڕەکانی خۆشکی صدرخاصە کە ژنی شا بوو بە پێی یاسای باسکراو دەکوژران».[٣] ڕەنگە ئەمە یەکەم جێگایەک بووبێ کە ژنان ئارەزوویان کردبێ کچیان ببێ. ئەم یاسایە بۆ ئەوەی دانرابوو کە دواتر لە وەلیعەهد زیاتر هیچ کوڕێک نەبێ داواکاری جێنشینی شا بکا.

### ژن سووتاندن

بە وتەی «تاورنیە» شاعەباسی دووەم ژن سووتاندنی لە سزاکانی دیکە زیاتر پێ خۆش بووە. هەر ژنێک کەمترین نافەرمانی کردبایە سزا

دەدرا، یەک لەوان سووتاندن بە ئاگر بووە.[٤] تاورنیە دەنووسێ : خواجە باشییەکان سێ ژن لە ژنانی خەڵوەتییان هێنا کە لە قسەی شا دەرچووبوون. زستان بوو و ئاورێکی زۆر لە پێش شا دایسابوو. حوکمی کرد ئەو بێچارانەیان هەر لەوێ خستە نێو ئاورگەکە و سووتاندیانن. دوایە شا ڕۆیشت ڕەحەت نووست.[٥]

وادیارە کورەی مرۆڤ سووتاندنی ئەم شایە باش کاری کردووە چونکە شاردن دەنووسێ: «شەوێک شاعەباسی دووەم پەیغام دەنێرێ بۆ یەکێک لە ژنەکانی خەڵوەتی کە بێتە جێگەخەوی شا. ژنەکە بیانوو دێنێتەوە کە لە پۆن دایە. بە فەرمانی شا ژنەکە چاو لێدەکەن و دەردەکەوێ درۆ دەکا. شا کە ئەم سەرەڕۆییە(!) دەبینێ فەرمان دەدا لەکورەیەکی دانێن و هێزم لە دەوری کەڵەکە بکەن و بە زیندوویی بی سووتێنن.

ژن کوشتن دابێکی زۆر کۆنە و ئێمە جار و بار ئاماژەمان پێ کردووە. لەم دەورەدا نەتەنیا شا بۆ خۆی ئەوەی بە ڕەوا زانیوە بەڵکوو خەڵکیشی بۆ ئەم کردەوە هان داوە.

ـ «کەمانداری شا بیستی کە بڵاوبۆتەوە ژنەکەی خەیانەتی پێدەکا، شا ناردبوویە سەری کە خۆی چارەیەک بدۆزێتەوە دەنا لە خزمەت ئێمەدا نامێنێ. کابرا تووڕە بوو و چووە ماڵەوە، ژن و چوار کچەکەی بە شمشێر کوشت. دوایە دوو کوڕ و هەموو نۆکەر و کلفەتەکانی کە دوازدە کەس بوون کوشت و بە خوێنی ئەوان ماڵەکەی خاوێن کردەوە. تا بتوانێ وەکوو کەوانداری شا بمێنێتەوە... ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لەگەڵ پیاوی غەریبەدا لە ناو جێگادا ببینێ بۆی هەیە دەست بە جێ هەر دووکیان بکوژێ».[٦] ئەم یاسایە هەتا ئێستاش هەر ماوە.

ئەمە لەگەڵ ماڵی خۆیان بەم شێوە بوون دابزانین لەگەڵ خەڵک چۆن بوون.

ـ بە وتەی "ئنگبرت کمپفر" «کاتێک شا ئیسماعیل تەبرێزی گرت سێسەد ژنیان هێنا کە تاوانبار کرابوون خۆ فرۆشی دەکەن. شا فەرمانی دا ڕێزیان کردن و یەک یەک شەقەیان کردن (کردنیان بە دوو لەتەوە)». ئەم نووسەرە لێی زیاد دەکا کە «شا ئیسماعیل دایکی خۆشی کوشت. دایکی مێرد دەکا بە یەکێک کە دواتر دەبێتە دوژمنی شا ئیسماعیل. کاتێک دوژمنەکە شکست دەدا فەرمان دەدا سەری دایکی لەبەرچاویەوە بپەڕێنن».[٧]

ـ دارودەستەی حاکم دەستیان لەسەر هەرکەس دانابا، دەبوا پێیان بدەن. زۆر جار خەڵک لەبەر ئەوەی منداڵەکانیان لە خەڵوەتییەکانی گەورە پیاواندا ڕۆژ ڕەش نەبن زۆر بە منداڵی بە مێردیان دەدان[٨] کاتی واش هەبووە خەڵک بۆ پەیداکردنی پارە یان خۆنزیک کردنەوە بە کۆشک و بارەگا کچی خۆی بە هەزار فڕوفێڵ ناردۆتە خەڵوەتی شا.[٩]

ـ لەکاتی شا تەهماسب دا یاسایێک لە ٧٠ بڕگەدا دەرچوو کە بە پێی بڕگەی ٦٣ ژنان مافی سوار بوونی ئەسپیان نەبوو (هەرچەند پیر و لاکەفتەش بن) هەروەها مافی ئەوەیان نەبووە لە کۆڵان تەواشای مەعرەکەو نەقڵی دەروێشان بکەن.[١٠] دەکرێ بڵێین ئەم دابە لەو سەردەمەوە بۆ کوردان ماوەتەوە کە پیاو سوار دەبێ و ژنەکەی بە دووی وڵاخەکەدا هەڵ دێ؟!

**شیعە و سیغە**

پێش ئیسلام سیغەکردن لەنێو عەرەبدا باو بووە و پێغەمبەریش مەنعی نەکردووە، دواتر عومەر ئەم دابەی بە فاحشەگی زانیوە و قەدەغەی کردووە. شیعە کە ڕقیان لە عومەرە ناچنە ژێر باری ئەم فەرمانە و کردوویانەتەوە بە داب.

لە نێو شیعەدا جگە لە چوار ژن سیغە کردنیش هەیە کە سنووری بۆ نییە و دەکرێ ژن بۆ ماوەیەکی کورت یا خۆ بۆ ٩٩ ساڵ سیغە بکرێ. بەم شێوەیە پیاو دەتوانێ سەدها ژنی هەبێ. پیاوان لەسەفەردا ژنیان بۆ ماوەی سەفەرەکەیان سیغە کردووە و دوایە بە جێیان هێشتووە. خەڵکی هەژار کچەکەیان داوە بە سیغە بۆ ئەوەی پارەیەکیان وەچنگ کەوێ.

شاردن دەڵێ: هاتنە سەرکاری شیعە بوو بە هۆی ئەوە کە سیغە کردن ببێ بە داب و خەڵوەتییەکان پڕ بوون لە سیغە. سەرەڕای ئەوەش خۆفرۆشان بە نرخێکی گرانتر لە خەرجی سیغەیەک خۆیان بە پیاوان دەفرۆشن. هەر لەو کاتەدا کە ژنان لە قەدەغەییێکی تەواودا دەژیان. لە نزیک مەدرەسەی سەفەوی ئەسفەهاندا گەڕەکێکی تایبەتی بۆ خۆفرۆشان هەبوو . لەوێ دوازدە هەزار ژنی هەرزە لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتدا دەژیان و جگە لەمانەش لە گەڕەکەکانی دیکە زۆر ژن هەبوون بە شاراوەیی خۆ فرۆشییان دەکرد. مەشعەڵدار باشی ماڵیاتی لە هەمووان دەستاند.»[١١] شاردن لێی زیاد دەکا کە: لە تەورێز چایخانەی گەورە هەبوون کە دیتم پڕ بوون لە کوڕ و ئەوان وەکوو ژنانی هەرزە خۆفرۆشییان دەکرد.[١٢]

خۆ فرۆشی لە هیچ شەریعەتێکی ئیسلامیدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدراوە، کە چی لەم دەورەدا دەسەڵاتداران سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان لە موسوڵمانەتیدا ئەوپەڕگر نیشان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە چاوپۆشی لە باجی خەراباتە (فاحشەخانە)کان بکەن.

بە وتەی شاردن لە سەردەمی شاعەباس دا زۆربەی شارەکان خەراباتی تێدا بووە و تەنیا شارێک کە قەدەغە کرابوو ئەردەوێڵ بوو کە قەبری باپیرەگەورەی سەفەوییەکان (شێخ سەفیەدین)ی تێدا بوو.

ـ کەنیز کڕین و فرۆشتن و بەخشین لە دەورانی سەفەویدا وەک دەورەکانی پێشووتر باو بووە.

**حیجاب**

«مەغول و تورکەکانی ئاسیای بچووک گەرچی ببوون بە موسوڵمان بەڵام وەکوو عەرەبان لە بەڕێوەبردنی شەریعەت و ڕاگرتنی حیجابدا توند و تیژ نەبوون. ئەم ڕەوتە بە هاتنە سەرکاری "ئاقویونلو"ەکان لە ڕۆژئاوای ئێراندا کۆتایی پێ هات». "کاترینو زنو" باڵوێزی ونیزی کە لە سەردەمی ئوزون حەسەن دا هاتۆتە ئێران لە سەفەرنامەکەیدا دەنووسێ: «لە نێو ئەوان دا داب و نەریت وایە کە ژنانیان کەس نایبینێ و ئەگەر ببیندرێن وەکوو ئەوەیە کە لە نێو ئێمەدا[ئوڕووپا] کەسێک زینای کردبێ. بۆیە ژنانی ئێرانی کاتێک دێنە دەرێ ڕووپێچێک بە دەم و چاویان دا دەدەن کە ئەوان دەتوانن ببینن بەڵام کەس ڕووی ئەوان نابینێ»[١٣] دیارە وەک باسمان کردووە ئەمە زیاتر بۆ ژنانی دەرەبەگ و شاری بووە. سەرەڕای ئەمەش نیشانەی توند و تیژیی یاسای ڕووگرتنە لەو دەورەدا.

هەر شایەک سیاسەتێکی هەبووە "اولئاریوس" سەبارەت بە ژنانی دەورەی شا سەفی دەڵێ: « ژنان لە چارشێوێکی سپی دا داپۆشراون کە هەتا ئەژنۆ دەگا و تەنیا درزێک بۆ دیتن لەبەر چاویان هەیە».[١٤]

لە دەورەی شا عەباسدا بڕێک لەم سەخت گرتنانە کەم دەکرێتەوە و ژنان (جگە لە ژنانی کۆشک) توانیویانە بێنە دەرێ و لە جێژن و سەیراندا بەشدار بن.[١٥]

نادرشا کە گوایە لە کوردەکانی خوراسان بووە ٣٣ ژنی هەبووە و لە شەڕ و لشکرکێشان دا لەگەڵ خۆی گێڕاونی.

**قاجار**

ئاغا موحەمەدخان (پایەدانەری زنجیرەی قاجار) کاتێک کرمانی داگیر کرد «ئیزنی دا بە سەربازەکانی بە ئاشکرا دەستدرێژی بە ژنانی شار بکەن. وای لێ هات لە چوار ڕێیان و لە بازاڕ بە ئاشکرا دەستدرێژییان بە ژنان دەکرد و دوایە دەیان کوشتن. زۆر باب و دایک، کچەکانیان لە

سۆبەی دیواری و کەندودا شاردەوە و سواخیان بەڕوودا کێشا کە دواتر دەریان بێنن، بەڵام چونکە باب و دایکەکان کوژران، کەس نەبوو دەریان بێنێ. ڕۆژێک کە سەربازەکانی ئەم کابرا شێتە خەساوە لە دەروازەی شار دەچوونەدەری هەزاران کچی زگ پڕیان بەجێ هێشت کە دەبوا منداڵ لەبەر بچوێنن».[16]

ـ فەتح عەلی شای قاجار دوو هەزار ژنی هێناوە کە زیاتر لە ١٦٨ کەسیان لە کتێباندا نێو براون و ٢٦٢ منداڵی لەم ژنانە هەبووە. ژنەکانی لەم ڕەگەزانە بوون ـ تورکمان، گورجی، کورد، تورک، چەرکەس و فارس. ئەم شا چل ساڵ لەسەر دەور بووە و هەموو کاتێک چوارسەد ژن پێکەوە لە خەڵوەتی ئەودا بوون. شەو بووە لەگەڵ ١٨ ژن نووستووە.[17] تەرتیبات و بارەگای ئەم ژنانە ئەگەر زانیمان هەر ژنە و چەند کەنیزی خزمەتکاری هەبووە، ئەوە تەرتیبات و بارەگای ئەم ژنانە تێدەگەین. بێ گومان بەشێکی هەرە زۆر لە زەکاتی خەڵکی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

ـ ناسرەدین شا کاتێک کوژرا ٨٥ ژنی هەبوو، کە چەند جووت لەمانە خۆشکی یەکتر بوون و بە پێچەوانەی دەستووری ئیسلام پێکەوە خوازرابوون.[18]

ـ دوای مردنی شاکان هێندێ لە ژنەکان لە کۆشک نەدەچوونەدەرێ، ئەمانە ڕێزیان زۆر دەبوو. بڕێک دەچوون لە دەرەوەی کۆشک ماڵیان دەگرت، یا لەگەڵ منداڵەکانیان دەژیان. ئەمانە ئەو حورمەتەی ڕابردوویان نەدەما، بەڵام جیرە و مواجبیان بۆ دەبڕدرایەوە و پێیان دەدرا. هێندێکیش مێردیان دەکرد کە ئیتر ڕێزیان بە پێی جێگا و پلە و پایەی مێردەکەیان دەبوو.

ـ ژن بەشا بەخشین و گەڕانی دەلاڵ بۆ ژن، دابی هەرە ئاسایی بارەگای ئەو سەردەمە بووە.

ـ کۆیلە فرۆشیش هەبووە و بە وتەیەک لە ئافریقاوە هێنراون و بە وتەیەک خەڵکی باشووری ئێران بوون. بڕێک لە عەشیرەتە کوردەکانیش کچیان فرۆشتووە.[19]

ـ ئاغا موحەمەدخانی قاجار پاش شەڕی ١٢١٠کۆچی لە قەفقاز پازدەهەزار کچی بە دیل گرت و لە بازاڕەکاندا فرۆشتنی.[20]

ـ لە دەورەی ناسرەدین شادا هێشتا کۆیلە کڕین و فرۆشتن بەرگری نەدەکرا بەڵام ڕەونەقی جارانی نەبووە.

ـ لە بەشی باشووری شاری "شەماخی" بازاڕێکی گەورە و سەرداپۆشراو هەیە... لەوێ تاجری تاتار و چەرکەس خەریکی فرۆشتنی شتومەکی خۆیانن، شتومەکی ئەوان بریتییە لە ئەسپ و ژن و کچانی پێ گەییشتوو و باکێرە و کوڕی زەریف کە جار وایە لە خەڵکی دیکەیان کڕیوە، یان خەڵکی ڕووسن و لە سنووری ڕوسیەدا ڕفاندویانن و لەگەڵ خۆیانیان هێناوە و وەکوو کۆیلە بە ئێرانییەکانی دەفرۆشن.[21]

ـ بازاڕی کڕین و فرۆشی کەنیز تا ئەم ئاخرانە هەر مابووەوە گەرچی تەنیا کاری ئێوماڵیان پێ کردوون. دیارە هەروا کە لە یاسای ئیسلام دا هاتووە ئەگەر خاوەنەکەی ئیشتیای لێ با ئاغا لەگەڵیشی دەنووست. یەکێک لەو هۆیانە کە خاتوونەکان کەنیزی ڕەش پێست (قەرەواش)یان ڕاگرتووە ئەوە بووە کە مێردەکەیان تەماعی تێنەکا.

ـ دەست درێژی ئاغا و خاوەن هێز بۆ کچانی خەڵک ئەوەندە زۆر بووە کە خەڵک لە ترسان کچەکانیان بە دەرمان و سووتاندن و شتی وا ناحەز کردوون بۆ ئەوەی تەمایان تێ نەکەن. یاخۆ هەر بە منداڵی بە مێردیان داون. گاسپار درووێل دەڵێ: «من خۆم شاهێد بووم سەروچاوی کچێکیان سووتاندبوو بۆ ئەوەی ئاغا دەستدرێژی پێ نەکا. دارودەستەی شا لە هەر کوێ کچێکی جوانیان دیتبا دەیان ڕفاند».[22]

ـ فرۆشتنی منداڵی کچ: بە وتەی ناظم السلامی کرمانی، سی کچ دراوە لە باتی باج و پیتاک و پیاوەکانی دەوڵەتیش فرۆشتوویانە بە تورکمانان.

چەند ساڵ لەمەوبەر (١٩٩٢) شتێکی وا لە بەلوچستان ڕووی دا و بە گوێرەی ڕاپۆرتێک جارێکیان نۆزدە کچ فرۆشراون بە قاچاخچییە پاکسانییەکان. دیارە ئێستا بۆ خەڵوەتییان ناوێ بەڵکوو دەیانکوژن و خوێن و پارچەکانی لەشیان دەفرۆشن بە نەخۆشخانەکان بۆ دەرمانی گەورە سەرمایەدارەکان.

**ژن کوشتن:**

ـ لە ئێراندا ژنی زینا کردوو بە کێرد و ئامرازی دیکە ناکوژن بەڵکوو دەیخەنە نێو کیسەیەک و لەبان قەڵاییێکەوە فڕێی دەدەنە خوارەوە هەتا ورد و خاش بێ.[23]

لە دەورەی قاجارەکاندا ژنان بەرە بەرە دەیانەویست بەرەو ئاسۆیەک بچن کە ئازادی تاک و بە کۆمەڵی خۆیان بناسن، چونکە سەخت گرتن و دەمارگری بە ئەندازەی دەورەی سەفەوی نەبوو. سەفەر کردنی ئێرانییەکان بۆ ئورووپا بوو بە هۆی ئەوە کە تا ڕادەیەک فکری ئازادی بچێتە مێشکی خەڵکی پێشکەوتووی ئێرانەوە. حاجی پیرازاد لە سەفەرنامەکەیدا دەڵێ: «ماوەیەکی پێناچێ کە لە ژێر ئەم دار نارەنانە (ی باغان)دا پیاو و ژن پێکەوە دادەنیشن و چای دەخۆنەوە و ئیتر حیجاب و پەردەیەک لە نێواندا نامێنێ»[24] بەڵام حاجی پیرازاد نەیدەزانی ئەم دابە زۆر لە بیرە تەسکەکەی ئەو گیان سەخت ترە و هەتا نیزامی کۆمەڵ نەگۆڕدرێ کولتوورەکەی ڕێگای گۆڕینی بۆ ناکرێتەوە. تازە دوای گۆڕانی نیزامەکەش کۆسپی وەها لە ڕێ دایە کە ئەگەر جووڵانەوەیێکی کولتووری بەهێز نەبێ، کولتوورە کۆنەکە وەکوو برینی کۆن هەر زووخاوی لێ دێ.

ـ بە وتەی کۆنت گۆبینۆ: لە سەرەمی ناسرەدین شادا حیجاب ی ژنان زۆر توند نەبوو و لە سەیران و نێو باغان و مەجلیسی ڕەوزە و تازیەدا ژن و پیاو دەیانتوانی یەکتر ببینن.[25]

**پێوەندی کورد و قاجار لە ڕێگای خەڵوەتییەکانەوە:**

یەکێک لە ژنەکانی فەتح عەلی شا خێرالنساء نێوێک بووە لە تایفەی بڵباس و یەکی دیکە هوما خانم لە جەهان بێگلوەکان بووە. چەندین ژن لە ئەفشار و زەند و باقی تایفەکانی لوڕ لە خەڵوەتی ئەودا بوون.

یەکێک لە ژنەکانی ناسرەدین شا هوما خانم کوردستانی (والی زادە) کچی خەسرەوخان والی سنە بووە. ئەمینە ئەقدەس یەکێک لە ژنە هەرە خۆشەویست و جێگای باوەڕەکانی ناسرەدین شا کورد بووە.

**ژیانی ژن لە کۆمەڵی ئەو کاتەدا**

سەرچاوەکان زۆر کەم لە ژیانی خەڵکی ئاسایی دەدوێن. گەرچی نووسین و تۆمار کردن زۆر بووە، بەڵام کەمتر باسی خەڵک کراوە و هەر لە چوارچێوەی باس و کردەوەی دەسەڵاتدا ماوەتەوە و باڵوێز و نوێنەری وڵاتانی دیکەش کە هاتوون و بیرەوەرییان نووسیوە، پێوەندییەکی زۆریان لەگەڵ خەڵک نەبووە و تەنیا ڕواڵەتەکەیان دیتووە. ئەوان پاشان میوانی میر و بەگ و پاشا بوون و هەر باسی ئەوانیان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەوانە بۆ خۆیان لە چینی دەوڵەمەندی وڵاتی خۆیان بوون و ژیانی بارەگا سەرنجیانی ڕاکێشاوە و هەژاری و پەڕپووتی خەڵکیان بە شتێکی ئاسایی زانیوە، چونکە لە وڵاتی خۆیان زۆر لەوە زیاتر هەبووە. کەوابوو تەنیا ڕێگا بۆ تێگەییشتنی چۆنیەتییەکان شێوەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئازادی چیرۆک و فاکتەکانە.

**ژن و دەسەڵات**

ڕێزی دایک لە نێو خێڵ و هۆزدا جار وایە ڕێگا دەدات کە دایکێک ←

ببێ بە خاوەن دەسەڵات (دیارە لە سنوورێکی تەسک دا) بۆ نموونە لە لۆڕی بچووک دا "دەوڵەت خاتوون" ژنی عیزالدین موحەمەد چوارده ساڵ (٧٠٦ - ٧٢٠ کۆچی) سەرۆک بووە. [٢٦] والیە خانم کچی فەتحعەلی شا لە کوردستان حاکم بووە. بە وتەی سێرجان ملکم لە ١٨٠١ ژنێکیش لە مایدەشتی کرماشان دەسەڵاتدار بووە.[27]

ژن بوونی ئەمانە خۆی لە خۆیدا نەبۆتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک و ئەوانیش نەیانتوانیوە لە سنووری نیزامەکە تێپەڕن و هەر وەکوو ئاغایەکی سمێڵ بادراو ئەرکی ئاغایەتییان بەڕێوە بردووە. بۆ نموونە لە "گرگر"ی لای جولفا [سنووری ئێران و ئەرمەنستان] ژنێک بە ناوی حاجیە گرگری وڵاتی بەڕێوە بردووە کە بە وتەی عەلی قوڵی هیدایەت. خەڵک لێی ڕازین و لە دامەزرانی ئەزم لە ناوچەدا دارفلاقەی بەناوبانگە.»[28]

لە هەموو سەرچاوەکاندا کاتێ باسی ئەم ژنانە دەکەن، باسی هەڵکەوتی پیاوانەیان دەکەن و هەموو کاتێکیش میراتی مێردەکەیان بووە کە بۆیان بەجێ ماوە. لە دەسەڵاتدا ژن و پیاو هەر یەک ئەرک بەجێ دێنن. کاتێک دارفلاقە هەیە ژن و پیاو هەر یەک فەرمان دەدەن.

**ژیانی گشتی:**

هەر وەک لە بەشی پێشوودا دەست نیشانمان کرد، گەرچی یاسا بۆ شار و لادێ یەکسانە بەڵام هێندێ گۆڕانکاری لەشارەکانەوە دەست پێدەکا کە پاش ماوەیەک دەبێتە هۆی جیاوازییەکی بەرچاو. وەکوو خوێندنگە و پەرەئەستاندنی کاری پێشەیی و... لێرەدا یەکەم، باسی چەند خاڵی گشتی دەکەین کە پێوەندییان بە جێی ژیانەوە نییە، پاشان دەچینە سەر باسی جیاوازییەکان.

لە کۆمەڵی ئەو دەورەدا ماوەیەکی زۆر لە نێوان هاتنە دنیا و مێرد کردنی کچاندا نەبووە. کچان لە تەمەنی نێوان حەوت هەتا سێزدەساڵاندا بە شوو دراون و پاشان وەکوو کۆڵەکەیەکی ژیانی بنەماڵە چاو لێکراون. هۆی ئەم زوو بە مێرددانە جگە لە سوننەتی پێغەمبەر، چەند شتە. یەکەم هۆی ئابووری بنەماڵەی هەژار، ئەوەش کە هەژار ئەبوو هۆی خزمایەتی کردن و سیاسەت کردن و... ئەم دابە وەها توند بووە کە ئەگەر کەسێک کچەکەی درەنگ مێردی کردبا هەستی بە شەرم دەکرد. دەگوترا ــ ئێستاش دەگوترێ ــ کچ دەبێ لەماڵی شوو پێ بگا (باڵغ ببێ) هەتا لەدووی هەوای ئەفسانی نەکەوێ. دیارە ئەوەی کە لەبەرچاو نەگیرابێ خواستی کچەکەیە. دووهەم، کورت بوونی نێوەنجی تەمەن بە هۆی نەبوونی پاک و خاوێنی و زانستی دەوا و دەرمان و زۆر بوونی نەخۆشی.

زوو پیر بوونی ژنانیش بۆتە هۆی چەند ژنی و ژن لەسەر ژن هێنان. هۆی زوو پیر بوونیش دیارە لەبەر بە منداڵی شوو کردن و سک و زا کردن و ئەرکی منداڵداری... بووە. لە نێو دەوڵەمەنداندا فرە ژنی مایەی شانازی بووە. بەتایبەت لەبەر فرەمنداڵی.

نەبوونی ئاگاداری لە پێشگیری، بۆ خۆی بووەتە هۆی ئەوە هەر ژنێک چەندین منداڵ (نێوەنجی ٧ منداڵ) بزێ، بەڵام بەگشتی لە شەش دووی بۆ ماوەتەوە و باقیەکەی نەخۆشی کوشتوونی. لە ١٨٥٩ تەنیا لە شاری ئەسفەهان ٨٠٠ منداڵ بە نەخۆشی هەولە مردوون.

ـ تەڵاق هەموو کاتێک بە تەواوی لەدەست پیاودا بووە و هیچ حاکم شەرعێک ڕێگای بە ژن نەداوە تەڵاق وەرگرێ (مەگەر هۆی شەرعی بووبێ) بەڵام هەر چۆنێک بووبێ ژیانی ناخۆشی بێوەژن، ئەگەر گەڕاباوە ماڵی بابی و نەبوونی کار بۆ پەیدا کردنی بژیو، و بە کزی و شەرمە چاولێکردنی بێوەژن لە کۆمەڵدا دەبوە هۆی ئەوە کە ژن بە هەموو زیللەت و سەرشۆڕییەک لە ماڵی شوو ڕازی بێ و جوێ نەبێتەوە.

لە نێو عەشیرەتدا تەڵاق کەمتر ڕووی داوە. هەژارانیش چونکە نەیانتوانیوە مارەیی بدەن و ژنێکی دیکە بێنن زۆر کەم توخنی تەڵاق دان کەوتوون.

**لادێ و عەشیرەت**

لە دێهات و لە نێو خێڵ و عەشایردا هەلومەرجی ژیان لە چاو خەڵوەتییەکاندا باشتر بووە. لەبەر ئەو ڕەنج و ماندووبوونەی کە ژن لە بەشداریی کاردا کێشابوویەتی ڕێز و قوربی لای پیاوان زیاتر بووە. قەدەغە بۆ هاتنەدەرەوەی ژنان نەبووە و بە هۆی کارەوە نەشی توانیوە ببێ.

لەنێو عەشیرەتدا ئەوەی دەست ڕۆیشتوو بووبێ و مەڕ و ماڵاتی زۆرتر بووبێ ژنی زۆرتری هێناوە هەتا هێزی کارکەر زۆرتر بێ، بەڵام بە گشتی خەڵکی هەژار و نێوەنجی هەر یەک ژنیان هەبووە. باقی چۆنیەتییەکان هەر ئەوانەن کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد. نموونەیەک بە دەستەوەیە کە دەکرێ بە پێی ئەوە بزانین ژنان چەندە دەورێکی کەمیان لە بڕیارداندا هەبووە، و سنووری کردەوەیان چەند بووە. دەزانین ئەو هەموو شەڕ و هەرایە کراوە، یەک جاریش پیاو لە هاوبەشی ژیانی خۆی نەپرسیوە کە ئەتۆ ڕازیت من ئەو شەڕەی بکەم؟ یاخۆ کوڕەکەت بە کوشت بدەم؟ یان خۆت ماڵ وێران بکەم؟ یا دوژمن بهێنمە سەرت کە بە دیلی بتبەن؟! و... بەڵام هەموو جارێک یەکەم قوربانی ژنان بوون، ئەم نموونەیە " لە بەیتی "قەڵای دمدم"ە کە چەند بەیت گوتەی ژنانی تێدایە، هێمن ئەم بەیتانەی بە سۆزی شاعیری بەیت بێژ زانیوە و پێی وا نییە ئەو گوتانە گوترابێ. هەر چۆنێک بێ، دەبێ شتێکی کەم و زۆر لەو چەشنە هەبووبێ، کە مێشکی دانەری بەیتەکەی خوراندبێ. ئەو بەیتانە بە ئێمە دەڵێن کە بۆ ژن جگە لە کڵووزانەوە و چاو لەدەستی پیاو بوون زیاتر، لە کارەساتێکی وەکوو دمدم دا، ژنان هیچ ئەرکێکی دیکەیان بۆ دانەنرابووە ــ نەک نەیانبووبێ ــ لە ئاخریشەوە بەشیان خۆ حەوا دان لە چل کەوانەوە بووە. (یاخۆ ئەوەیان لێی چاوەڕوان کراوە.)

**بەیتی دمدم**

.........

چەند گریان ئەو خاتوونانە!
لێیان تێک چوو جێ و مەکانە
خوڵایان بێت پشتیوانە!

خاتوونێک دێتە مەیدانێ،
لە دڵی خانی دەدا تانێ:
«لێت حەرام بێ جێی کابانێ؛
ئاو نیە پێی بکەین شێلانێ».

خاتوونێک دێ و دەبەزی:
«ڕەبی، خانە، مارت گەزی؛
لێم ڕەش بوون سەر و کەزی».

خاتوونێک دێ بە فەقیری،
چۆکێ دادەدا لە پێش میری،
خان، سەڵا، لە منی فەقیری!
خان ئاو نیە پێی بکەین هەویری؛
خان حەیفە، تۆ بێ مودەبیری
خان بە خەزایە مەشغوولە.[29]

دەکرێ سەدان دێڕ لەسەر ئەم چەند بەیتە بگوترێ، بەتایبەت لەسەر جیاوازی گوتەی ژنەکان، هیواداریین لە دەرفەتێکی دیکەدا لێکدانەوەیەکی تایبەتی لەسەر بکەین.

نموونەییێکی دیکە لە خوارەوە دێنینەوە کە ئاکامی ئەو کارەساتە نیشان دەدا با لە جێگایەکی دیکە ڕووی دابێ. دیارە ڕاستەوخۆ ئەمەک و باوەڕی ژنەکەش دەردەخا.

«دوای گرتنی قەلای عەلی خان لە لای مەراغە. ژنێکی ئاوس [زگ پڕ] لە گەڵ کچوڵەیەکی ٦ ساڵەدا، پیاوێ بە توندی قسەی ناشیرینی لەگەڵ کردبوو. پیاوەکە بۆ خۆ شوشتن چوبوە حەمام، بەڵام کە هاتە دەرێ بینی ژنەکە سەری کچکۆلەکەی خۆی بڕیوە و کێردێکی کردوە بە زگی خۆی دا و ئەو منالەشی کوشت بوو کە لە زگی دابوو، ئەیویست خۆیشی بکوژێ، ئەوانیش دەستیان نەگرت و وتی "دوای مێردەکەم منیش ژیانم ناوێ" سەری خۆی بڕی». [٣٠]

## شـــار

### حیجاب و لەماڵ وەدەرکەوتن:

چەند شت تایبەتی بە ژیانی شارنشینییەوە هەیە کە دیمەنی شار دیاری دەکا و لەهەر کۆمەڵێکدا دەتوانێ جیاواز بێ. بۆ وێنە بازاڕ و دوکان کە پێوەندی بە ناوەندی بازرگانییەوە هەیە. پێشەسازی کە پێوەندی بە پێشکەوتوویی و هەروەها کەم و زیادی دانیشتووانی ناوچەوە هەیە و لە کۆتاییدا بنکەی فێرکردن و بارهێنان، کە ڕادەی پەرەسەندنی ژیانی نوێ دیاری دەکا.

ئەو شارانە کە زیاتر ئایینی بوون ژن زیاتر لەژێر زەخت دا بووە و چارشێو توندتر بووە و لە ماڵ هاتنەدەرەوە دژوارتر. چەندژنیی زیاتر و تەلاق هاسانتر. بەڵگە بۆ ئەم وتە زۆرە، هەر ئێستاش شاری قوم و مەشهەد لەگەڵ سنە و کرماشان جیاوازی هەیە. نموونەیەک لەم ساڵانەی ئاخر دێنینەوە: لە سنەدا هەتا ساڵەکانی ١٩٧٠ ڕستوران نەبوو و ئارەق تەنیا لە دوو سێ دووکانی جوو و ئەرمەنی دا دەفرۆشرا و ئەمانە پیالە فرۆشییان نەدەکرد. ساڵانی پێشووتر هەر لەم شارە ئیمام جومعە شەوانی شەمۆ لەبەر مزگەوت ڕادەوەستا و ئەوەی سەرخۆش با، دەیخستە حەوز. لەکاتێکدا هەر لەو ساڵانەدا لە سەقز و مهاباد و تەنانەت بانە و مەریوان ڕستوران هەبوو و خەڵک بە ڕاشکاوی دەیانتوانی دانیشن بخۆنەوە. بە پێچەوانە لە سنە هەر لە کۆنەوە خەرابات هەبووە کەچی لە شارەکانی دیکە نەبووە.

"تاورنیە" سەبارەت بە ژنانی چینی نێوەنجی و بەرەوخوارتر (هەژار) دەڵێ: « ژنانی ئێران تەنیا مێردەکانیان دەیان بینن. ئەوان تەنیا بۆ حەمام چوون لەماڵ دێنە دەرێ و چارشێوێک بە خۆدا دەدەن کە تەنیا دوو کون لەبەر دوو چاویان هەیە بۆ دیتن. ئەگەر کەسێک ببێ بە میوانی ماڵێک ئیتر ژنان نایەنە سەر سفرە. ژنان بە تەواوی کوێلە و خولامی پیاوەکانیانن». [٣١]

لە سەردەمی قاجاردا ژنان زۆر چوونەتە دەرێ بۆ نێو بازاڕ و دوکان ـ بە پێچەوانەی شارەکانی کوردستان لە عوسمانی ـ و بازاڕ بە بۆنەی ئەوانەوە قەرەباڵغ دەبوو. ژنانی دەوڵەمەند نەدەچوونە بازاڕ و خۆیان بە شتی دیکەوە دەخلافاند.

لە بەشی شیعەنشین دا چوونە دەرەوە بۆ بەشداری کردن لە تازیەی مانگی موحەڕەم ڕێگا درابوو. بە تایبەت ژنانی هەژاری شارەکان بۆ وەرگرتنی خواردەمەنی و نەزری ڕۆیشتوون.

ڕۆیشتنە سەر چاک و زیارەت هۆیەکی دیکە لە هاتنەدەرەوەکانی ژنان بووە. بەڵام لە هەموو ئەم شوێنانە جێی ژن و پیاو جوێ بووە تەنانەت لەکاتی دانیشتن لە سەیران، هەموو کاتێک ژن و پیاو بەجوێ دانیشتوون. ژن و پیاو هەرچەند مەحرەمیش بووایەن پێکەوە سواری یەک داشقە (درۆشکە، گالیسکە) نەدەبوون. [٣٢]

هەرچۆنێک بێ چوونەدەرەوە لەماڵ و سەفەرکردن بە بێ ئیزنی شوو نەبووە و نەکراوە. ـ ئێستاش وا دانراوە کە کاتێک پیاو قەبوڵ دەکا کە ژنەکەی کار بکا ئەوە ئیزنیشی داوە لەماڵ بچێتە دەرێ. سەفەر کردن ئێستاش ناکرێ.

هاتوچوو لە سنوورەکانی ئێران بۆ هەموو ئێرانییەک کە خولام یا مەئموور دەوڵەت نەبێ ئازادە و تەسکەرەی پێویست نییە جگە لە ژنانی ئەرمەنی کە بە بێ تەسکەرە ناتوانن لە وڵات بچنە دەرێ و ئەمە بۆ ئەو ئەرمەنییانە کە دەیانەوێ بە ژن و منداڵەوە سەفەر بکەن ئەرک و خەرجێکی زۆری هەیە. [٣٣] دیارە جزیە وەرگرتن لە غەیرە موسوڵمان هەبووە و ژنی ئەرمەنیش هەموو کاتێک جێگای تەماعی بارەگادارانی ئێران بووە.

### کـــار:

دەزانین کە لە سەردەمی شاعەباسدا پێشەسازی و بازرگانی زۆر پەرەی ئەستاندبۆوە و هێزی ژنان وەکوو هێزی کار لە بەشی مافوورە کردن و هەورێشم ڕستن و پارچە و شتی وا بەکار هێنراوە.

ئەگەر زانیمان بەشێکی زۆری بازاڕی ئەو کاتە شتی دەستکرد وەکوو مافوورە، قوماش، بەڕە، تاوڵ، جاجم و... بووە کە هەموویان بەرهەمی دەستی ژنانن ئەوە نیشاندەدا کە ژن چ دەورێکی گەورەی لە ژیانی ئابووری کۆمەڵی ئەو سەردەمدا هەبووە. کەچی پارەکەی نەچۆتە گیرفانی خۆی و ئەم بەشدارییە مافێکی تایبەتی بۆ دیاری نەکردووە. تەنیا ئەوەندە بووە کە ئەوەی بەرهەمی ڕەنجی زۆرتر بووبێ، (وەکوو کرێکارێکی باش) ڕەنگە قەدری زۆرتر گیرابێ. واش هەیە کە بە پێی ئەوەی هەرکەس چەند لە ژیانی ئابووریدا بەشداربێ لە بڕیاردانیشدا بەشداری هەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەمە لە سنووری نێوماڵ تێناپەڕێ و ئاگاتە سنووری بڕیاری کۆمەڵایەتی. ئەوەش بڵێین کە عەقڵی تیجارەت لە کوردەواریدا ئەوەندە نەبووە کە کارگەی گەورە بۆ ئەم بەرهەمانە دابندرێ و هەر لەنێو چوارچێوەی ماڵاندا مابوونەتەوە.

"هینریش بروگش" کە لە سەرەمی ناسرەدین شادا سەفەری ئێرانی کردووە، باسی فرۆشتنی مافوورە لە گوندێکی نزیک هەمەداندا دەکا دەڵێ: «لێرە قاڵی و قالیچە بە کێشان دەفرۆشن. مەنێک بە پێنج قەرانە. دەڵاڵ و کڕیار لە تاران و هەمەدانەوە دێن و دەیکڕن. مافوورەیەکی گەورە سێ مەن دەکێشێ و دەکاتە ١٥قەران کە بە پێی ئەو کار و خورییەی کە تێی چووە نرخێکی زۆر کەمە». [٣٤]

زۆر جار ژنان کاری خۆیان بە ساڵ پێش فرۆش کردووە بە ئاغا یان گەورە تاجرێک. ساڵێکی تەواو بە پارەیەکی نانە زگ کاریان بۆ خاوەن کار کردووە.

سواڵی و دەست فرۆشی یەکێک لە کارەکانی ژنانی هەژاری شارەکان بووە.

خۆفرۆشی لە هیچ تیئۆرییێکی ئابووریدا بە کار دانەنراوە، بەڵام ئێمە دەزانین کە یەکێک لە داهاتە هەرە گەورەکانی مافیاکانی ئەوڕۆ لەم شوێنەوە دابین دەبێ و لە زۆر وڵات زەکاتی ئەم تیجارەتە زۆرتر لە هێندێ تیجارەتی دیکەیە. لە کۆنیشدا نموونە بەدەستەوەیە کە هەر وا چاوی لێکراوە. وەک ئەوەی سەبارەت بە ئەسفەهان گوترا، لە سەردەمی قاجاریشدا هاتووە کە لە سەردەمی ناسرەدین شادا تەنیا لە تاران ساڵێک چواردەهەزار تمەن باج لە ژنانی خۆفرۆش دەستێندرا. [٣٥]

بە پێ ڕاپۆرتێک: بۆ تالیم دانی ژنانی خۆ فرۆش و ژنە دەڵاڵەکانیان، ←

خانوویەکی تایبەتی دیاری کرابوو بە نێوی (توقیف خانە) لەوێ ژنانی گەنج [کە زیاتر هەژارانی لادێ بوونە و هەڵاتوون] جلی فەقێ و سەربازان دەشۆن و ژنانی پیریش مردووشۆری دەکەن.[٣٦]

کارەکانی دیکەی ژنان لەشاردا بریتین لە جامەداری لە حەمامی ژنانە، کیسەکێشی و ڕوومەت گرتن، مامانی کردن و دایانی کردن بۆ ماڵی دەوڵەمەندان.

لە سەردەمی ئەحمەدشادا ژنان لە ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنی دا دامەزرابوون و بۆ هەواڵ کۆ کردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگرتن.

**خوێندەواری**

خوێندن و زانیاری لە ژێر دەستی مەلا و لە حوجرەی مزگەوتاندا بووە و شتێکی گشتی نەبووە و خەڵک مەگەر ویستبێتی کوڕەکەی ببێ بە مەلا دەنا نەیناردۆتە خوێندن. دەکرێ بڵێین سیستمی ژیانەکە وا بووە کە پێویستییان پێی نەبووە. لەو لاشەوە هەتا نەخوێندەوارییەکە بمێنێ کۆمەڵ بەرەوپێش ناچێ و پێویستییەکە پێک نایێ. بیری فێرگەی نوێ و خوێندنی غەیرە ئایینی بۆ منداڵی دەوڵەمەندان لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە باسی فەرەنگ (ئورووپا) و ڕۆیشتن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاتی ناسرەدین شا دا (پادشایی١٢٦٤-١٣١٣کۆچی) دێتە گۆڕێ.

"دانش" یەکەم ڕۆژنامەی ژنان بووە کەلە ١٩١٠زایینی، ژنێک بە نێوی دوکتور کحاڵ لە سی ژمارەدا دەری کردووە[٣٧] لەو کاتە بەولاوە چەند ڕۆژنامە و کۆمەڵی ژنان پێکهاتووە و جووڵانەوەی ژنان هەست پێ کراوە، گەرچی هەر لە توێژی سەرەوەی کۆمەڵ بووە. هەمووشیان پاش ماوەیەکی کورت بە هۆی دەمارگری مەلاکانەوە داخراون. لە ساڵی ١٣٢١ی کۆچیدا ژنێک بە نێوی "تویا ڕشدیە" لە ماڵی خۆی لە تاران مەدرەسەیەکی کچانە دادەنێ کە ڕۆژی چوارەم فەڕاشەکانی حکومەت دێن و بە جنێودان دایدەخەن[٣٨]. دەوڵەتی دواکەوتوو، ئایین دارانی دواکەوتووتر.

«ژنانی چینی دەستڕۆیشتوو بە گشتی خوێندەوارییان هەیە و لەگەڵ شێعر و ئەدەبی وڵاتی خۆیان ئاشنان و زۆربەیان قەرائەت قورئان ـ نەک ماناکەی ـ دەزانن »[٣٩] ئەمانە مامۆستای تایبەتییان هەبووە کە هاتوونەتە ماڵێ دەرسیان پێ گوتوون و هەمووش مەلا بوون. دەزانین لە شارە گەورەکان قوتابخانە هەبووە کە مەلا دەرسی قورئانی داوە. جاری واش بووە مەلاژنیش لە ماڵێ دەرسی بە کچان داوە. کچان بە گشتی هەتا ٧ ساڵەیی چوونەتە قوتابخانە، بەڵام هیچ زانیارییەک بەدەستەوە نییە کە چەند کەس بوون و لە چ چین و توێژێک بوون.

مەدرەسە بە شێوەی نوێ دانان، لە لایەن مسیۆنێرە خارجییەکان دەست پێ کراوە. قەشەی ئینگلیسی و ئامریکایی کە لەوێ بوون بۆ کچانیش فێرگەیان داناوە. موسوڵمانەکانیش توانیویانە لەوێ بخوێنن بەڵام بە دەگمەن کەسێک ئەو ئامادەییەی هەبووە کە کچەکەی بنێرێتە بەردەست مەسیحی دەرس بخوێنێ. لە یەکێک لەو مەدرەسانە کە ٧٧ قوتابی هەبووە تەنیا یەک موسوڵمانی تێدا بووە.[٤٠]

لە کوردستان یەکەم فێرگە بە شێوەی نوێ لە سنە بە هۆی جوولەکەوە دانراوە.[٤١]

لە ١٣٢٤ی کۆچی شۆڕشی مەشرووتە سەر دەکەوێ و لە ١٣٢٨ پارلەمان بڕیار دەدا کە ٤٦ مەدرەسە بە خەرجی دەوڵەت دابندرێ و لە بڕیارەکەدا دیاری دەکەن کە دە مەدرەسەیان کچانە بن و هەتا پێنج ساڵ بخوێنن. هەر لەم ساڵەدا فێرگەیەکی شەوانەڕۆژی بۆ کچانی هەژار و بێ کەس دادەندرێ لە لایەن کۆمەڵەی "وطن" [نیشتمان] دوە کە ١٠٠ کچ لەوێ تالیم دەدران[٤٢] ئەم جۆرە مەدرەسانە تەنیا لە پاتەخت و یەک دوو شاری گەورەدا بوون و بەو مانا نییە کە فێرکردن و بارهێنان بە شێوەی ڕێک و پێک دەستی پێ کردبووبێ. بەشێکی هەرە زۆری کوردواری بگرە نەوەد لە سەدی لە ژێر چەپۆکی نیزامی عەشیرەتیدا بووە کە تەنانەت بەشی هەرە زۆری سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ خۆیان نەخوێندەوار بوون. ئەگەر بلیمەتێکی وەکوو ماهشەرەف خانم (مەستوورەی ئەردەڵان)(١٢٢٩- ١٢٦٤ کۆچی) هەڵکەوتووە، بەو مانایە نییە کە ئەو ئیمکانە بۆ خەڵکی دیکەش هەبووە. ئەو ژنی خوسرەوخانی ئەردەڵان والی سنە بووە و لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا ئەو شانسەی بۆ ڕەخساوە کە فێری خوێندن بێ. بەشێکی زۆری تاوانی نەخوێندەواری ژنان دەکەوێتە سەرشانی مەلاکان کە گوتوویانە مەدرەسە (بە شێوەی نوێ) منداڵ بێ دین باردێنێ و خەڵکیش باوڕیان پێیان کردووە. لەو سەردەمەدا هەرکەس مەدرەسەی دانابا دەیانگوت بێ دینە و فتوای بابی گەرییان لەسەری دەردەکرد. بۆ وێنە "سەید عەلی شوشتەری فتوا دەدا کە "دانانی مەدرەسەی کچان دژی شەرعی ئیسلامە" و تەکفیر نامەیەک بە دژی مەدرەسەی کچان دەردەکا و بۆ خۆشی هەتا بەستنی مەدرەسەکە لە شاولەزیم (شاەعبدالظیم)مان دەگرێ. ئاخۆ ئەگەر ڕێگایان بە خوێندنی کچان دابا ئێستا چەند "مەستورە"مان دەبوو؟

**درێژەی هەیە**

**سەرچاوەکان**


١- سفرنامەی کمپفر، نگاهی دیگر بە دیاری کهن، سعید رهبر، ل ٧٠.
٢- پشت پردەهای حرمسرا، حسن ازاد، ٢٥٢
٣- پێشوو، ٢٨٨
٥ و ٤- پێشوو، ٢٧١
٦-سەرچاوەی ١، ٥١
٧-سەرچاوەی٢، ٢٣٠
٨- بڕوانە، پێشوو، ٢٤٥
٩- *رستم التواریخ*، ل ٨٢
١٠- سەرچاوەی٢، ٢٣١
١١- پێشوو، ٢٣٣
١٢- پێشوو، ٢٣٥
١٣- پێشوو، ٢٢٤
١٤- پێشوو، ٢٣٢
١٥- *زندگانی شاه عباس اول*، **نصرالله فلسفی**، ج٢، ٢٥٦
١٦- *آسیای هفت سنگ*، **باستانی پاریزی**، ٢١٨
١٧- سەرچاوەی ٢، ٣٤٢
١٨- پێشوو، ٣٦٩و٣٧٩
١٩- زن در دوره *قاجار*، **بشری دلریش**،(گێڕانەوە لە تەقی زادە)، ٢٧
٢٠- پێشوو، ٢٦
٢١- آدام اورلئاریوس، سەرچاوەی ١، ٤٠
٢٢- سەرچاوەی ٢٠، ٩٨
٢٣- سفرنامەی ایلچی پرس، سەرچاوەی ١، ٢٤٦
٢٤- سەرچاوەی ٢، ٣٢٠
٢٥- پێشوو، ٣٢١
٢٦- پێشوو، ٢١٢
٢٧-سەرچاوەی٢٠، ٨٣
٢٨- *خاطرات و خطرات*، **مهدی قلی خان هدایت**، ٣٠
٢٩- *تحفه مظفریه*، **ئوسکارمان، هێمن**، ٢١٠
٣٠- *کورد و عەجەم*، **صالح محمد امین**، ٣٢
٣١-سەرچاوەی٢، ٢٣٢
٣٢- سەرچاوەی ٢٠، ١١٠
٣٣- *تاریخ ایران*، **سیر جان ملکم**، ١٠٠، سەرچاوەی١، ٩٣
٣٤-سەرچاوەی ٢٠، ٤٨
٣٥- پێشوو، ٥٤
٣٦- پێشوو، ٥٤
٣٧- پێشوو، ١١٢
٣٨- پێشوو، ١٣٠
٣٩-خاطرات لیدی شل، ٨٩
٤٠- سەرچاوەی٢٠، ١٢٥
٤١- *سفرنامه* جکسن، **منوچهر امیری**، ١٧١
٤٢- سەرچاوەی ٢٠، ١٣٣

# ژنانی ئومێدبەخش

لوسینا جافەرۆڤا

وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە: هاوڕێ ئەحمەد

**❑ لوسینا جافەرۆڤا: لە ١٩٧١/١/٢٩ لە شاری ئێریڤان لە دایک بووە و کوردی ئەم ناوچەیە. هاووڵاتیی کۆماری گورجستانە. ئێستاش خوێندکاری دوکتورایە لە سۆربۆنی پاریس و تێزێک دەربارەی ئەدەب ئامادە دەکات. پێشتریش دیپلۆمی (D.E.A)ی لە هەمان زانستگە لە سەر (گەشەسەندنی ئەدەبی کوردیی سۆڤیەتی: ساڵانی ١٩٣٠-١٩٩٠) وەرگرتووە.**

کاتی گەڕانەوەم بۆ ئێریڤان[1]، مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٧، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، بە سەردان چوومە ماڵی خوالێخۆشبوو «حاجی جوندی» کە بە ئەدیب و پسپۆڕێکی زانستیی لە بوارەکانی ئێتنۆلۆژی، فۆلکلۆری لە نێو کورد و بێگانەدا ناسراوە و ناوبانگی هەیە. لەم سەردانەم زیاتر مەبەستی ئەوەم هەبوو زانیارییەکی زۆرتر لە سەر ئەم نووسەرە کۆبکەمەوە لەوەی تائێستا لە بەر دەستە و، لەو خاڵاش بگەم کە تا ئەوسا بۆ من تاریک بوو. مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵێک بواری گرینگی زانستی شوێن پێی جێهێڵێ؟ بەم چەشنە، زۆر بە گەرمی لەلایەن ژنەکەی حاجی جوندی، «زەهنابێ ئیڤۆ (زەینەبێ ئیڤۆ) کە تەمەنی نەوەد ساڵە پێشوازی کرام و قەول و پەیمانی ئەوەی دامێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەمبارەیەوە گفتوگۆ بکەین.

وێڕای بیرکردنەوە لەوەی دەبێ چۆن خۆم پێشکەش بکەم چۆن ئەو باسەی لەگەڵ بکەمەوە کە منی تائێرە هێناوە، چۆن لەلایەن ژنەکەی پێشوازی دەکرێم، لە دەرگام دا. دەرگا کرایەوە، ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵە لەگەڵ سلاوکردن بە جووڵەیەکی دلگیر داوای لێکردم بچمە ژوورەوە. ئەم ژنەش «فریدا» بوو کە یەکێکە لە پێنج کچەکانی حاجی جوندی، بێگومان، هەر زوو هەستت بە وێکچوونیان دەکرا. کە لە یەکێ لە ژوورەکان دانیشتین، دوای ماوەیەک ژنێکی بچکۆڵەی چاوزیت و بەئاگا بە ڕوخسارێکی پڕ لە ڕۆشنایی و جوانی، لە هەمانکات سەخت لە دەروازەی هەمان ژوور کە بە هەنگاوی ورد دەڕۆیشت پەیدابوو. هەستم کرد پێچەوانەی ئەو تەمەنەیە کە هەیەتی.

سەرەتا بە دیمەنی ئەم ژنە بچکۆڵە کەمێک شڵەژام، بەڵام هەر زوو ئەم هەستەم نەما، بەتایبەتی کە بە وزە و چالاکییەکی لە ڕادەبەدەر داوای لێکردم لە نزیکەوە دانیشم. لە سەعاتەکانی یەکەمی گفتوگۆم لەگەڵ زەهنابێ ئیڤۆ، تێگەیشتم حاجی جوندی ژنێکی مەزنی هەبووە. بەڕاستی ژنێکی ئەقڵ و یادداشت زیندوو بوو. توانایییەکی لەڕادەبەدەری بۆ کارکردن هەبووە و کەسایەتییەکی خاوەن قەرار و نموونەیی بووە.

بە درێژایی ژیانی هاوسەریی لەگەڵ حاجی جوندی بە هۆشیارییەوە گرینگی بەوکارانە داوە کە لەلایەن مێردەکەی جێبەجێکراون. لە هەمانکاتدا زۆر چالاکانە بە شداری لە پرۆسەی لە دایکبوونی ئینتلجێنسیای کوردی کردووە لە ئەرمینیا (ئەرمەنستان)ی سۆڤیەتی. وێڕای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەلبۆمە مێژووییەکەی خێزانی حاجی جوندی لەگەڵ ڕووداوە سۆسیۆکولتوورییەکانی ژیانی کورد، هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە تا ئەمڕۆ تێکەڵاوی یەکتر بوونە، دەیگوت: «... هەموو کەسێکم ناسیوە، هەموو ئەوانەی پێوەندی و گرینگیان بە کولتووری کورد داوە، هاتوونەتە ماڵەوەم و ناسیومن، بەلای کەمی جارێک و دووجار...»

زەهنابێ ئیڤۆ، هەر وەکوو هەزاران خێزانی دیکەی کوردەکانی تورکیا، هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیە، ئازار و مەینەتی و دەربەدەری بینیوە، لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان (کوردستانی باکوور) دەرکراون و تاسەر سنوورەکانی ئەرمینیا (ئەرمەنستان) ئاوارە کران. ئەم خەڵکە لە زێد و نیشتمان دابڕاوانە، لەم ئاوارییە دەبوایە لە هیچەوە دەست پێبکەنەوە. بەم چەشنە، زەهنابێ ئیڤۆ، بێ خزم و کەس لە غەریبی خۆی لە هەتیوخانە دەدۆزێتەوە. لێرەش وەک گشت مناڵ و گەنجە کوردەکانی هاوتەمەنی خۆی لە قوتابخانەی ئەرمەنی فێری خوێندن دەبێ و پەروەردە دەکرێ.

زەهنابێ ئیڤۆ، ساڵی ١٩٣٠ حاجی جوندی دەناسێ، ساڵێک دواتر شووی پێدەکات. لەگەڵ بەبیرهاتنەوەی یەکەم بەیەکگەیشتنیان دەیگوت؛ «ئیتر لەوساوە...» مەبەستی ئەوەبوو بڵێ لێک جیانەبوونەتەوە. ئەمەش دوو چارەنووسی هاوتا و دوو ژیانی وێکچوو بوو: «ئاوارایی و هەتیوخانە...» لە هەمان کاتیش دوو کەسایەتیی بەهێز و توندوتۆڵیان هەبووە، ئیتر لەوساوە ژیانێکی درێژ و هاوکارییەکی درێژ پێکەوەی گریداون.

ژیانی ئەم نەوەیە (نەوەی سەرەتای ئەم سەدەیە) لە سەرەتاوە وەک گردەلوولێک بووە: هەموو شتێک بە خێرایی و تیژییەکی گەردوونی گەشەی کردووە و چۆتە پێشەوە. لاو و خورتەکوردەکانیش لە کاریگەریی ئەم پێوەندییە دوورنەبوونەوە. بێجگە لەوەش ورووژان و حەماسەتێکی ولاتپارێزیی شاز لە هەناویاندا گەڕاوە و هەندێ جار دەریان بڕیوە. ئامانجی هەموویان بریتی بووە لە دامەزراندنی ئینتلجێنسیای کوردی (دەستەی ڕووناکبیری کوردی) و دەوڵەمەندکردنی کولتووری نەتەوایەتی و بەرگریکردن لە ناسنامەی کوردی، هەڵبەت هەموو ئەمانەش بە خۆ پروەردەکردن. لە هەموو شتی سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو، ژنی کورد لەم گۆڕانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بنچینەیەدا دوورنەخراوەتەوە. بێگومان ئەم دیاردەیەش بۆ ژن کەمێک تایبەتە، ئەگەر ئەو خاڵە لە بەرچاونەگرین کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ژیانی ژنی کورد تەواو لادێیی بووە. زەهنابێ ئیڤۆ ش یەکێک بووە لەم ژنانە کە لەم ناوەندە دەرچووبوو. ئیلهامی سەردەمەکەی خۆی تەواو لەدڵ هەڵگرتبوو. بەتەواوی گیانی

خۆی خستبوە ناو کاری هاوسەرەکەی، وەک یاریدەرێکی دڵسۆز و وردکار لە نووسینەکانی یارمەتی دەدا و بۆی ڕاست دەکردەوە. بەم چەشنە زەهناب دەستێکی زۆر گەورەی هەبوو لە ئامادەکردنی یەکەم ئەنتۆلۆژی (هەڵبژاردە)ی موزیکی فۆلکلۆریی کوردی، کە لە ساڵی ١٩٣٦ وەک کتێب دەرچوو و لەلایەن ئاوازدانەری ئەرمەنی «کارۆ زەکەریان »[٢]ئامادە کرابوو. تێکستە فۆلکلۆرییەکانی ئەم کتێبە لەلایەن حاجی جوندی کۆکرابوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەرکرابوو. زەهنابێ ئیڤۆ ش بێگومان وەک یاریدەرێک لە پاڵ ئەم کتێبە بوو. ساڵی ١٩٣٦ ڕووداوێکی مێژوویی خۆی لە ژیانی ئەو تۆمار دەکات: ئەو بوو بۆ یەکەمین جار لە ژیانی دیاسپۆرای کوردیی سۆڤیەت وەک یەکەم پێشکەشکەری رادیۆ کوردیی ئێریڤان کوردەکان گوێیان لە دەنگی بوو: ڕاستەوخۆ سڵاوی لە هاونیشتمانیان کرد و ئەم خەبەرە مەزنەی کردنەوەی رادیۆی کوردیی ئێریڤانی بە وشەی کوردی پێڕاگەیاندن.

هەمان ساڵ (١٩٣٦) زەهناب بینەر و بەشداریکەری چالاکیی دەرچوونی یەکەم کتێبی فۆلکلۆری کوردیی بوو. ئەم کتێبەش لە سێ بەرگ پێکهاتبوو.[٣] بە سووکە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم: «لە ئامادەکردنی کتێبەکان یارمەتی هاوسەرەکەم دەدا بۆ ناردنیان بۆ چاپ. زۆرجار، بە درێژایی شەوان دەمامەوە و تێکستەکانی حاجی جوندیم دووبارە و سێبارە دەنووسییەوە. چونکە ئەو، دوای ئیشکردنێکی زۆر لە بەیانییەوە تا ئێوارە ماندوو دەبوو. بەڕاستی کارێکی ئاسان نەبوو، لە هەمانکات دەبوایە خەریکی منداڵەکانیش بم، بەڵام ئێمە قەت وەختمان بە فیڕۆ نەدەدا، چونکە هەندێ جار دەبوایە بە هەر چەشنێک بێت ئەم تێکستە و ئەو تێکستە بۆ بەیانییەکەی ڕاست بکرێتەوە».

لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ قەت ماندوو نەبووبێت و کاری مێردەکەی ڕەفزنەکردبێتەوە؟ پاشان بە دەنگی بڵیند لێم پرسی: ئایا هیچ جارێک بە ڕووی هاوسەرەکەت تەقیتەوە؟ «نەخێر، بۆچی گلەییم هەبێت و بتەقێمەوە؟ چونکە حەزم دەکرد بە سوودبم بۆ کارێکی گرینگی لەم جۆرە، دوایەش بۆ کولتووری گەلەکەی خۆمان ئەم کارەم دەکرد. بێجگە لەوەش توانای داهێنانی بەردەوامی هاوسەرەکەم شاگەشکەیان کردبووم، ئەم توونێتییەش بۆ کارکردن و داهێنان تا ڕۆژانی دوایی ژیانی هەبوو». باسی هاوسەرەکەی دەکرد، باسی پیشە و کاری حاجی جوندی دەکرد کە بێوەستان لە بواری نووسین و داهێنان کاری دەکرد. بەمجۆرە، دەتوانم بڵێم ژنێکم دۆزیەوە کە شایانی ئەوەیە گوێی لێبگیرێ، چونکە ئامادەبوونی هەمیشەیی لە پاڵ حاجی جوندی شتێک نەبوو پشت گوێ بخرێ. بۆنموونە زەهناب یەکەم خوێنەری ڕۆمانی (هێڤارێ)ی حاجی جوندی بوو.[٤] هەر خۆی بە تەنیا، جگە لە کچەکانی ڕۆمانەکانی حاجی جوندییان خوێندووەتەوە. دەستنووسی ئەم ڕۆمانە کە بۆ یەکەم جار زەهناب ناسیویەتی، لە چاپە کوردییەکەی کە بە پیتی (سیریلیک/ چیریلیک) دەرچوو بەشێکی تەواوی لێ قرتێندرابوو و بژارکرابوو: (ئیتر پێویست ناکات باسی چاپە ڕووسییەکە و دواییش وەرگێڕانی بۆ ئەرمەنی بکرێ). بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە کە لە ڕوخساریرا دەمبینی، دەیگوت: «ڕۆمانەکەی حاجی جوندی سەقەت کرا، پارچەپارچەکرا، لەبەر ئەم هۆیانە، چاپکردنەکەی هیچ خۆشییەکی بۆ حاجی جوندی نەهێنا، بەپێچەوانە هەمیشە تووڕە و دڵشکاو دەهاتە بەرچاو».

مەسەلەکە ئەوە نەبوو بەفیڕۆدانی ئەمکارە زەهنابی خەمبارکردبێ، بەڵکوو بە پلەی یەکەم لایەنی هونەری ڕۆمانەکە وەک شاردنەوەی حەقیقەتێکی مێژوویی لەناوچووبوو. «بۆچی زۆر دڵم بەم کارە ئەدەبییەوە بوو؟ لە بەرئەوەی کارێکی تابڵێی نایاب و گرینگ بوو. تەواوی ژیانمان، ژیانی کورد، هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تا ئیمڕۆی تێدا شەوق دەدرایەوە. لایەنی ریالیزمی ڕۆمانەکە بە لامەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. چونکە منیش هەمان چارەنووسی پاڵەوانی ڕۆمانەکەم هەبوو. لەبەرئەوە دەتوانم شایەدی بۆ بزربوونی حەقیقەتێکی مێژوویی لە ناوبراو بدەم».

پاشان دیسان سەرم لەوە سوڕمابوو کە زانیم هەر زەهناب، نەک حاجی جوندی خۆی، وەک کەسی یەکەمی بەرگریکەر لەم ڕۆمانە دەهاتە بەرچاو و ئەمکارەی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو. بۆ ئەم کارەش لە گەلێک دەرگای تایبەتمەند بەم کارەی دابوو، تا ڕۆمانەکە وەکوو ئەسڵەکەی خۆی پێشکەش بکرێ بە دەزگاکانی چاپکردن و سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە: «لەدەرگای گەلێک بیرۆی خەڵکی دەسەڵاتدارم داوە، هەمیشەش یەک پرسیار لە مێشکمدا بووە: بۆچی ڕۆمانەکەی حاجی جوندی نابێ وەک خۆی چۆنە ئاوا چاپ بکرێ؟ ئەو وەڵامەی بیستم زۆر ترسناک بوو، نەیاندەویست حاجی وەک ڕۆماننووس بناسرێ چونکە پێشتر بە قسەی ئەوان بواری کوردۆلۆژی تەواو داگیرکرابوو». لەگەڵ ئەم قسانەدا، خەم و پەژارەیەکی زۆرم لە ڕوخساری زەهناب دەخوێندەوە، دەیگوت هاوسەرەکەی دەیتوانی هێشتا لەمەش زیاتر کاری ئەدەبی بنووسێ، چونکە ئەم لایەنە زۆر سەرنجی ڕادەکێشا، بەڵام لەبەر ئەوەی بە بواری دیکەوە خەریک بوو وەختی زۆر نەبوو. لەم ڕۆژەشەوە حاجی جوندی زۆر گلەیی لە خۆی دەکرد.

ئەم پشتگیرییەی زەهنابێ ئیڤۆ بۆ هاوسەرەکەی بناغەی لە سەر ڕێزگرتن و چەشە و خولیا و کاری زانستی حاجی جوندی دروست ببوو، لەم بوارەوە تەواوی زانین و وزەی خۆی بۆ خەرج دەکرد. دەیزانی ئەو یارمەتیدانە فیزیکی و دەروونییە چەندە گرینگە بۆ حاجی جوندی کە لە بەرانبەر گیروگرفت بە هێزی دەکا: «دڵنیام ژن ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە ژیانی هاوسەرەکەی دەگێڕێ و چارەنووسی هاوسەرەکەی لە ناو دەستە، دەسەڵات لە دەست ژنە، هەڵبەت وەک پشتگیرییەکی پێویست لە پێشخستنی کار یا ئیش بەپێچەوانەوە بۆ نشووستی هێنان بە کار و ساردکردنەوەی هاوسەرەکەی. خەڵکی بەهرەمەند و لێوەشاوەم زۆر ناسیوە کە دەهاتنە لای مێردەکەم، بەڵام نەیانتوانیوە تەواوی زیرەکی و توانایی خۆیان بۆ کارەکەیان بەکاربهێنن، هەڵبەت لەبەر ئەو ئاووهەوا و پێوەندییە خراپەی لە ناو ماڵەکانیان هەبووە، نەک هەر ژنەکانیان یارمەتییان نەدەدان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، فریشتەی ڕۆخێنەریان بوون. ئەگەر ئەم دیاردە نەبوایە، دڵنیام ئێستا کۆمەڵێک ناوی گەش و نایابمان لە ناو ئەدەب و کولتووری کوردیی هەبوو».

سەرەڕای ئەوەی خوێنەرانی کارەکانی حاجی جوندی، زەهنابێ ئیڤۆیان نەدەناسی، کەچی ئەو هەمیشە لە سێبەری هاوسەرەکەی دەبینرا، ئازایەتی و ئیرادەی جوانی ئەم ژنە بچکۆلە بەتەواوی شاگەشکەی کردبووم، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەمەش جێگای خۆی لە تەنیشت حاجی جوندی دروست کردبوو و لەم ڕووەوە دەیتوانی هەست بە دڵبڵیندی بکات، چونکە بەشداریی تەواوی لە ژیانی ئەدەبی و زانستیی هاوسەرەکەی و ژیانی کولتووری کوردیی بە گشتی کردبوو. هەر لەسەرەتای سییەکانەوە چالاکیی خۆی لە دامەزراندن و گەشەپێدانی زانست وئەدەبی کوردی ←

نواندەوە، بەچاوی خۆی لە دایکبوونی دەستەی ڕووناکبیریی کوردی و گەشەسەندنەکانی ببینێوە.

بێجگە لەم لایەنانە ئەو کاتە زیاتر هەست بە گرینگی و لێهاتوویی ئەم ژنە دەکەین کە دەبینین دایکی پێنج کچانە: فریجا، فریدا، زینێ، نورێ و نازێ. هەر پێنجیشیان بە باشترین شێوە پەروەردەکراون و لە ژیانی پیشەیی خۆیان سەرکەوتوون. فریجا پزیشکی نەخۆشیی منداڵان بوو لە ئەرمینیا زۆر بە ناوبانگ بووە، لە تەمەنی پەنجا ساڵی لەناکاو کۆچی دوایی کرد. فریدا لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی ئێریڤان مامۆستای ماتماتیکە. هەمیشە لە تەنیشت دایکی ئامادەیە و بە تەواوی خۆی داوەتە ئەرشیڤی باوکی و ناوەناوەش بە یادی ئەو وتار و لێکۆڵینەوە دەنووسێ. لە هەمانکات فریدا ژنی «فێریک نوسیف» بووە کە یەکێکە لە شاعیرە کوردە هەرە ناسراوەکانی ئەدەبی کوردی لە سۆڤیەت و لە گولانی ساڵی ۱۹۷۷ لە ئێریڤان کۆچی دوایی کردووە. زینێ مامۆستای سەرەتایی یە، نورێ وەک پسپۆڕێک لە بواری مێژووی هونەر ناسراوە و تایبەتمەندیشە لە بواری لێکۆڵینەوە لە موزیکی کوردی. نازێ کە کچی هەرە بچووکیانە (داتاناس)ە و لە بواری کۆمپیوتەر کاردەکات. سێ لەم پێنج خوشکە لیسانسی زانستییان هەیە. ئەمەش بۆ خێزانێکی کورد جێگای سەربڵەندی و بێگومان دایکیان زۆر پێیانەوە دڵخۆشە.

کچەکانیش بە هەمان شێوەی دایکیان هەرکەسەیان بەشی خۆیان هەبووە لە یارمەتیدانی باوکیان. زەهناب دەیگوت؛ «هەر یەکەیان بەشداریی خۆی هەبووە، بۆ نموونە کچەکان حەزیان دەکرد لە سەر ماشێنی تایپکردن دەستنووسەکانی باوکیان چاپ بکەنەوە. چونکە حاجی جوندی لەبەرئەوەی یەک دەستی هەبوو زووزوو ماندوو دەبوو (حاجی جوندی تەنیا دەستی ڕاستی هەبوو)».

زەهناب کە دەربارەی کچەکانی و سەرکەوتنیان لە پیشەکانیان قسەی دەکرد، بە ڕوانینێکی وردو تیژ دەیگوت: «بێگومان بۆ ژنێکی کورد ئاسان نییە خوێندنی درێژخایەن بگرێتەئەستۆ و دابونەریت و نەگۆڕان لەم ڕووەوە مرۆڤ سارد دەکەنەوە، پاشان قسەوقسەڵۆکی بە دوادا دێت و ئەمرۆش ئەو شتانە هەر بەردەوامە. بەڵام مرۆڤ دەبێ قەرار بدات، بە هەر نرخێک بێت خۆی بگەیەنێتە ئەو دیوی گرفت و کۆسپەکان، لە سەرەوەی بەربەستەکان بێت و ئیرادەی خۆی زاڵ بکات. دەبێ بخوێنن، ئەمە بۆ ژنی کورد شتێکی زۆر گرینگە، ژنی کورددەبێ بە سەر کلێشە کۆنەکاندا زاڵ بێت».

وێڕای گوێگرتن لە زەهناب خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو، ژیانی ئەم ژنانە چەند هاوتای ژنە پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکەکانی «سیما سەمەند»ن.[5] ئەو خەیاڵ و پێویستییانەم بەبیرهاتنەوە کە سیما سەمەند چەند گرینگی بە پەروەردە و پێشکەوتنی ژنان داوە. چەند گرینگی بە بەردەوامبوون و کارکردن لەم بوارەدا داوە، کە بێگومان هەر ئەم شتانە ژنی کورد دەبەنە ئاستێکی دیکە. کارکردن و کۆڵنەدان تێمی سەرەکی چیرۆکەکانی سیما سەمەند ن. هەڵبەت نەک وەک پروپاگەندەیەکی ئیدیۆلۆژی بەڵکوو وەک حەقیقەت و واقیعێک کە ئەم ئەوە نوێیە تێیدا ژیاوە و پێویستییان پێی هەبووە. لێرەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە هەر ئەم حەوت ژنەی لەم وتارە باسیان دەکرێ، نابێ وەک ژنی نموونەیی وەربگیرێن، بەڵکوو ئەمانە نوێنەرانەتی مۆدێلێک دەکەن، هەڵبەت وێڕای گۆڕان و ڕووداو و ئیلهامی سەردەمەکەیان. بە کورتی ژنی سەردەمەکەیانن. ئەمانەش ئەگەر پاڵەوانی ژیانی ڕاستەقینە بن یان ژیانی ناو ئەدەب و خەیاڵ، شەپۆلێک بای فێنکن و ژیانی ژنی چالاکی کوردی دەوڵەمەند دەکەنەوە. بێگومان لەم ڕووەوە دەبێ لە دەرەوەی جیهانی خۆیان پشتگیرییان لێ بکرێ و جۆرێک لە هاوکاری لە گشت لایەکەوە بنوێنرێت. ژنی کورد لەم سەردەمە، لە قەفقاس دەستی بە خۆئازادکردن کرد. ئەمەش بە پیشاندانی توانا و بەهرە و ئارەزووەکانیان. هەر لە سەرەتای ساڵانی ۱۹۶۰، دەستەی ڕووناکبیریی کورد، ژنی کوردی خەباتگێڕی لە بواری ئازادیی ژنانەوە بە خۆیەوە بینی، بەتایبەتیش لە بواری سۆسیۆکولتوورییەوە. گەلێکیان سنووری گوندەکەیان، شار و تەنانەت کۆماریشیان بڕیوە. بەمجۆرە ژنی کوردی دیاسپۆرای کوردیی قەفقاس هەر لە زووەوە بە ڕێز و ستاییشەوە دەستی بە گفتوگۆکردن کرد لە بواری ژنی ئازاد و چالاک.[6] لە ئەرمینیا (ئەرمەنستان) باسی ژنانی خێزانی(جەواری) واتە خێزانی حاجی جوندی و خێزانی «جەمیلە جەلیل»یان دەکرد کە پسپۆڕیی لە بواری مێژووی هونەر بە گشتی و موزیکی کوردی بەتایبەتی هەبووە. باسی سیما سەمەندیان دەکرد. لە جۆرجیا (گورجستان) باسی «لامارا پاشاییڤا»یان دەکرد کە یەکەم کنی کورد بوو لیسانسی مێژووی وەرگرت. باسی «لویزا عەلۆییڤا»یان دەکرد کە دوکتورە لە بواری کیمیا و بایۆلۆژی، هەر لەوساوە، نزیکەی سێ ساڵە پرۆفیسۆرە لە زانستگای دەوڵەت و لە زانستگای پێداگۆژیی تیبلیس. باسی «بەسێ جافەرۆڤا»یان دەکرد کە نیگارکێش و دیکۆریستە. باسی تیپی ژنانی رادیۆی کوردیی تیبلیس[7] یان دەرکرد، باسی ئەکتەرە ژنەکانی شانۆی ئەتەوایەتیی کوردیان دەکرد لە پایتەختی گورجستان.. هتد. ئەم ژنانە سەرنجی پۆزێتیڤی خەڵکی ڕادەکێشا، سەرکەوتنیان شاگەشکەی دەکردن. بەڵام ئاڵۆزییەکانی ژیان، ژنانیشی دەگرتەوە، با ئەو ژنانەش لە قەفقاس ناسراو بن و ناووناوبانگیان هەبێت. هەڵبەت ئەم ئاڵۆزییەش بریتی بوو لە ڕوانینێکی سارد بۆ پیشە و چالاکی ئەم ژنانە. تەواوی ئەم ژنانە لە ژیانی خۆیان بۆ جارێکیش بێت، تووشی حوکمدان و ڕوانینی تەنگ بوونەتەوە. هەڵبەت بە هۆی ئەو هەڵوێست و شتانەی پێی دەڵێن (دابونەریتی کۆمەڵی کورد!)، بۆنموونە شانۆی کورد لە تیبلیس لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ۱۹۷۹، تیپەکەیان ژنی زۆرتر بووە لە پیاو. ئەم شانۆ دامەزراندنەش لە خۆیدا گۆڕانێکی سیاسیی مژدەبەخش بوو بۆ کەمایەتییە نەتەوەکان ـ ئەمەش فرسەتێک بوو بۆ کوردەکان بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، کولتووری نەتەوەکەیان دەوڵەمەند بکەن، چونکە ئەم خەڵکە کوردەش وەک ئەوانی دیکە خاوەن بەهرە و بیروباوەڕی ڕەسەن بوون و دەیانەویست بەتایبەتی ژنەکانیان، بە هونەری هاوچەرخ تەعبیر لە خۆیان بکەن و نیشانی بدەن کە کولتووری کوردی بە سەربڵەندییەوە دەتوانێ جێگایەکی هەبێت. لە کەرنەڤاڵی وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک سۆڤیەتستان.

لەگەڵ ئەمەش ماوەیەکی زۆری ویست، سەبر و کارێکی زۆر و ئازایەتیەکی لە ڕادەبەدەریان خەرج کرد بۆ گۆڕان خستنە ناو ڕای بینەر و دانیشتووانەکوردەکان کە زۆرجار شانۆیان لەگەڵ جەژنی میللی لێ تێکەڵ دەبوو. ئەم تاقیکردنەوەی ئەو ژنانە، نیشانیاندا کە گشتیان تەمەنیان لە نێوان هەژدە و سی ساڵی بوو. زۆرجار بە هۆی فشاری دەوروبەر، دواتر لە کۆتایی ساڵانی ۱۹۸۰-۱۹۹۰ بە هۆی (هەڵبژاردەی ژیان) ئاووهەوای پۆزێتیڤ و نێگەتیڤی سەردەمەکە و بەتایبەتیش خێزان[8] سارد دەبوونەوە. لەگەڵ ئەمەش، ئەم هەوڵە نایابە، کۆمەڵێک ئەکتەری پلە یەکی بۆ بەجێهێشتن کە دواتر وەک ئەکتەری ڕەسمی ناسران.

ئەگەرچی هیچ یەکێک لەمانە شانۆیان ڕاستەوخۆ نەخوێندبوو. من خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە لە نێوان سالآنی ١٩٧٩ تا ١٩٩١ (سالّی لەناوچوونی شانۆی نەتەوایەتیی کورد، بە هۆی نەبوونی باربووی دارایی) نزیکەی تەواوی شانۆگەری و پرۆڤ (مەشق)ەکانم بینیوە. لێرەوە ئەو ژنانەتان پێ دەناسێنم کە لە دلّەوە پشتگیری و کاریان لەم شانۆیە کردووە: گولّچارا ئوسیف، کولیلک جلدورگوسی، نازا خەستی، بازا عەجەمۆڤا، نازا خەتۆ.. هتد. شانۆ بەم ژنانە، خولیا و سۆز و تارادەیەک کار بوو، بۆ دەلّێم تارادەیەک چونکە پێش ئەوەی دەست بە شانۆ بکەن هەر یەکەیان کاری خۆیان هەبوو. سالّی پار کە چوومەوە قەفقاس. چاوم بە هەندێکیان کەوتەوە. دوچاری هەستێکی ناخۆش بووم کە بینیم ئەم ژنانە نۆستالژیایەکی قوولّیان بۆ ئەو سالآنە هەیە کە تێیدا دەچوونە سەر شانۆ. کە لێم پرسین ئایا ئامادەن دەست پێبکەنەوە، هەموویان بە یەکدەنگ گوتیان: بەلّێ، هەتا بەرانبەر بە مووچەیەکی ڕەمزیش بێت. ئەمەش دوای ڕووخانی سۆڤیەت و گرفتی گەورەی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری، دوای ئەو هەموو جەنگەی لە ناوچەکەدا ڕوویدا کە کوردیشی گرتەوە، دوای ئەو پشتگوێ خستنەی کۆمەلّی کورد لەلایەن دەولّەتانی ناوچەکە، بێگومان لە سەردەمێکی وەکوو ئەمڕۆ لە قەفقاس کە بە سەردەمی بنیاتنانەوە ناسراوە، کەمە نەتەوایەتییەکان پشتگوێ دەخرێن. کوردیش بەم چەشنە پشتگوێ خراوە و کەوتۆتە ئاستی دووەمی گرینگی پێدانەکانی دەولّەت.

ئەم بارەش وای کردووە، کە ئەم ژن و پیاوە کوردانەی خەریکی کاری کولتووری و ڕووحی و کۆمەلآیەتی بوون و لەم ڕووە هەنگاوی باشیان نابوو، بە ماوەیەکی پڕ لە پەژارە و خەم بڕۆن، تووشی هەستکردن بە نەبوونی ناسنامە بکەن. بە درێژایی ئەم حەوت سالّەی دوایی کە بە سالآنی ئاژاوە ناسراوە، تەواو هەستیان بەوە دەکرد ئەو شتەی خەباتیان بۆ دەکرد بزریان کردووە. بەلآم ئەوەی زۆر کاری لێکردم ئەوەبوو، سەرەڕای ئەم هەموو ناخۆشییەش، ئەوەبوو، ئەم ژنانە هێشتا دلگەش و چالاک بوون و سەریان بۆ گیروگرفتەکان دانەنواندبوو. لە ئێریڤان چاوم بە هەندێ ژن کەوت کە بە چالاکی خەریکی ئامادەکردنی مێهرەجانی یادی سەدسالّەی «عەرەب شامیلۆف» بوون. ڕۆژبەڕۆژ پێوەندییان بە دەسەلآتدارانی ئەرمینیادەکرد تا هەندێ داراییان بکەوێتەدەست بتوانن کوردە پەرش و بلآوەکانی ڕووسیا و ناو قەفقاس و ئاسیای بچووک و شوێنی تر دەعوەت بکەن، تا بەشداری لە میهرەجانەکە بکەن، دواتر زۆریش باش سەرکەوتن. دیسان چاوم بە هەندێ ژن و کچی تیپی رادیۆی کوردی ئێریڤان کەوت کە بەردەوام لەوێ کاردەکەن و گیانیان پڕ لە حەماسەت و بزووتنەوەیە، ئەگەرچی ئەو پارەیەی وەریدەگرن تەنیا بەشی ڕێگای نێوان ئیستگە و مالّەوە دەکات. لەوێ چاوم بە کچێکی جاحێلّ کەوت کە ناوی «زینا کەردم» بوو و لە رادیۆ کاری سکرتێری و پێشکەشکەری و ڕاستکەرەوەی هەموو لە ئەستۆی خۆی گرتبوو. جەمیلە جەلیلیش لایەنی موزیکی ودەنگی گرتبوە سەر ئەستۆی خۆی.

سیما سەمەند یش کە نەمتوانی چاوم پێی بکەوێ، سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی نووسەران لە ئەرمینیای ئەمڕۆ تووشی دەبن، بەردەوام دەنووسێ.

لە گورجستان یش ژنان بەردەوام چالاکن. بزووتنەوەی ژنان لەوێ وەک ئەرمینیا فراوانتر و بەگوڕترە. ژنانی کوردی گورجستان، بەتایبەتی لە شاری تیبلیس بەردەوام سەرۆکایەتی بزووتنەوە دەکەن. بەمجۆرە، لە کاتی ئامادەکردنی جەژنی نەتەوایەتی لە تیبلیس ئامادەبووم. لەم جەژنەش تەواوی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان وەک کورد و هی دیکەش کە لە پایتەخت دەژین بە سەرپەرستی دەسەلآتی دەولّەت خۆی، بینیم ژنانی کورد سەرپەرستی لایەنی ئێتنیکی جەژنەکە دەکەن، هەلّبەت بە ئامادەکردنی جلوبەرگ و ئەکسێسوارە نەتەوایەتییە کوردییەکان، هەروەها ئامادەکردنی خواردەمەنی کوردی و شایی و هەلّپەڕکێی کوردی. بەمجۆرە، جارێکی دیکە گوێم لێبوو ناوی لویزا عەلۆیێڤا و لامارا پاشاییێڤا و بازێ جافەرۆڤا لەگەلّ هەندێکی دیکە دەهێنن.

دوای یادکردنەوەی سەدسالّەی «عەرەب شەمۆ» لە ئێریڤان، لە تیبلیس یش ژنان و پیاوان ئێوارەیەکیان بۆ هەمان مەبەست ئامادەکردووە.

بەمجۆرە ولآتم بەجێهێشت بە هیوایەکی پڕەوە بیرم لەم ژنانەی ئەم وتارەم دەکردەوە کە لە سەر ڕێگایەکی نوێبوونەوەی مێژوویی هەنگاو دەنێن و ئەمە یارمەتییان دەدات هەمان خەبات و شێلگیری بنوێنن کە حەفتا سالّ لەمەوبەر دایکیان دەستی پێکرد. بەردەوام بیرم لە زەهنابێ ئیڤۆ دەکردەوە کە سەرەڕای تەمەنی نەوەد سالّەی کەچی هێشتا وزەی کچێکی جاحێلّی تێدایە و تەواو دلّنیابوو کە کولتووری کوردیی لە ناو گەردەلوولی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ناوچەی قەفقاس بزر نابێ. زەهناب تەواو ڕابردووی خۆی بە بیردەهاتەوە و ئاگاشی لە ئێستا و ئاینده بوو. داوای دەنگوباسی ژنانی کوردی بەگشتی لێدەکردم و زۆر گرینگی بەوە دەدا کە کچ وژنانی کورد دەست لە خوێندن هەلّنەگرن و خۆیان نەکەنە دیلی پارەی بە ئاسانهاتوو بۆ ناو دەست.

هەروەها زۆری گرینگی بەوە دەدا کە ژنانی کورد دەبێ دستپێشخەر و پڕ چالاک بن. چونکە هەر ئەوانن ئەگەر بتوانن کاروباری مالّ و نیشتمان بەیەکەوە بکەن و کۆنترۆلّی شتەکان بکەن. زۆر باوەڕی هەبوو کە ژنێکی پەروەردەکراو وخوێندەوار دەتوانێ نەوەیەک پەروەردەبکات کە لە دوای خۆی تەواوی کاروبار بگرێتە دەست.

**پەراوێز**

١) ئێریڤان: پایتەختی ئەرمینیا (ئەرمەنستان)ی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەت، لە سالّی ١٩٩١ ولآتێکی سەربە خۆیە.

٢) کارۆ زەکەریان، گۆرانییە میللییەکانی کورد (کۆکردنەوە و نووسینی نۆتەکان: کارۆ زەکەریان)، هەلّبژاردنی تێکستەکان و لێکدانەوە و لێکۆلّینەوە: جاجی جوندی. ئامادەکردنی: جاسمێ جەلیل، ئێریڤان، ١٩٣٦، ١٦٤ لاپەڕە (ئارامکۆزیرات)، ٥٠٠ نوسخەی لێ چاپ کراوە.

٣) حاجی جوندی، ئەمینێ عەڤدالّ، فۆلکلۆرێ کوردی، کتێبی یەکەم، ئیریڤان (ئارامکۆزیرات)، ١٩٣٦، ٦٦٤ لاپەڕە، ١٠٠٠ نوسخەی لێ چاپ کراوە.

٤) بەداخەوە زۆر بە ئاعادیلآنەوە حاجی جوندی وەک ڕۆماننووس نەناسراوە.

٥) سیما سەمەند، تاقە نووسەری ژنە لە ناو ئەدەبی نوێی کوردی سۆڤیەتی ئەوسا. خاوەنی سێ کۆمەلّە چیرۆکە، لە هەموویان بە ناوبانگتر «خەزالّ»ە. بۆ یەکەمجار بە کوردی و بەپیتی سیریلیک/چیریلیک لە سالّی ١٩٦١ لە ئێریڤان چاپ کراوە. ئەم کۆمەلّە چیرۆکە لەم دواییەدا وەرگێڕدراوەتە سەر ئەلفوبێی لاتینی لە سوێد چاپ کراوەتەوە.

٦) لێرە تەنیا ناوی هەندێ ژنمان هێناوە کە چالاکن لە بواری سۆسیۆکولتووری لە ناو قەفقاسدا، بێگومان ئەو ژنە کوردانەش لە بیرناکرێن کە پزیشک و ڕۆژنامەنووس و مامۆستا و لێکۆلّەرەوە و زانا وهونەرمەندن، ئەوانەش کە لە بواری بزووتنەوەی ژنان کاردەکەن.. هتد؛ تەنیا ناوهێنانیان دەیان لاپەڕە دەگرێتەوە.

٧) رادیۆی بەشی کوردیی گورجستان لە سالّی ١٩٧٩ لە تیبلیس کرایەوە.

٨) زۆرجار خێزان فشاری دەخستەسەر ئەم کچ و ژنانە، بەتایبەتی ئەوانەی شوویان نەکردبوو ولە شانۆش کاریان دەکرد، گوایە لەوە دەترسان لە ئاینده بە خراپی و لە دەستدەرچوویی باسیان بکەن. ■

## به سەرهاتی ژیانم:


سەید رەسووڵی بابی گەورە (دێهقان)

شەهید سەید رەسووڵ ناسراو بە ،سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، لە ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٣٢ (١٩٨٣) دەستی کردووە بە خەباتی سیاسی لە پێناو ڕزگاریی کوردستاندا و، بۆ ئەو مەبەستە بۆتە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ لەو حیزبەدا تێکۆشاوە. پاشان لە ڕێکەوتی ١٣٦٤/٧/٦(١٩٨٥) لە بەر ناڕازیبوون لە سیاسەتی گشتیی حیزب دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

شەهید سەید رەسووڵ، دوای وازهێنان لە حیبزی دێمۆکرات لە هەوارە بەرزەی شاری سلێمانی خانوویەکی بە کرێ گرتبوو و لەگەڵ چەند کەس لەوێ دەژیا، کە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٣٦٦/١٠/٢١ (١٩٨٨)، چەند چەکداری نەناسراو لە دەرگایماڵەکەی دەدەن و ئەویش دەچێت دەرگایان لێ بکاتەوە، بەڵام لە گەڵ کردنەوەی دەرگا، ئەوان دەسترێژی لێدەکەن و دوو گوللەی وێدەکەوێ. پێش ئەوەی گیانی لە دەست بدا داوای کاغەز و قەڵەم دەکات، بەڵام بەداخەوە کە قەڵەمەکەی لە سەر کاغەز دادەنێ، گیانی دەردەچێ و، بەم جۆرە تاوانکارانی ئەو جینایەتە ناناسرێنەوە.

دیارە ئەو بیرەوەرییەی کە لێرەدا بە نێوی بەسەرهاتی ژیانم، چاپ دەکرێ ، بۆ کەسێکی کە ٥٠ ساڵ ژیابێ و ٣٢ ساڵ تەمەنی سیاسی هەبێ، زۆر کەمە، بەڵام بە داخەوە نەیتوانی لەوە زیاتر بنووسێ... بۆیە لە تەواوی دۆستان و هەڤاڵانی بابم داوا دەکەم هەرچەشنە بیرەوەری و زانیارییەکیان لە سەر ژیانی ناوبراو هەیە، بە ڕێگەی گۆڤاری ،گزینگ،ەوە ئاگادارم بکەنەوە؛ بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بتوانین زیاتر و باشتر لە سەر ژیانی ئەو تێکۆشەرە بنووسین و، بەتایبەت چۆنیەتی ئەو کارەساتەش ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ لانیکەم، خوێنی بە ناهەق ڕژاوی سەید رەسووڵی دێهقان لە بارەگای مێژوودا ون نەبێت.

بلێسەی دێهقان، ٩٨/٣/١٢



ساڵی لە دایکبوونم دەگەڕێتەوە بەهاری ١٣١٧(١٩٣٨)، دە خاکەلێوەی ئەوساڵەدا ماڵمان لە ئاوایی (ئمنجە)ی پیرانان دەرکراوە، بۆ جارێکی دیکەش ناچار بووین گەڕاوینەوە (کانی زەرد)ی سەرشاخان و دە قوڕاو و چڵپاوی بەهارێدا کە ماڵ وکۆچ دە ڕێیەدا بووە لە ئەشکەوتی (چین چینۆکان) بە ڕووکاری کانی زەردێ دا کە کێوێکی هەڵەموت و پڕ گیا و گوڵە لە دایک بووم و ڕەنگە مامانم پیرێژنێکی پیر بووبێ؛ جا لەوانەشە هەر ئەوە هۆی سەرەکی بێ کە ڕێگای ئۆقرە گرتنم نەبووە و هەر ساتە لە جێیەک و لە شوێنێک ژیاوم.

دایکم ناوی «زبێد»ە و لە بنەماڵەی «سەید لاجانی» یە و باوکی دایکم ناوی «سەید قادر» و دایکم ژنێکی کورتیلە و هێدی و لەسەرەخۆ و زۆر بە ڕوحم بوو. دە دابەشکردنی چێشت و ناندا زۆر عادڵ بوو و هەمیشە دەیگوت «بۆ خواردنێ هەموو وەک یەکن».

دایکم بێجگە لە من کچێکیشی هەبووکە تەمەنی لە من کەمتر و ناوی «فاتم» بوو. زۆر بە منداڵیی، بە نەخۆشیی ئاوڵە(خروێکە)مردووە. قەبرەکەی لە ئاوایی (بابەکراوێ)ی سەرشاخانە. دایکم کە لە ساڵی ١٣٤٩(١٩٧٠) هاتبوە سەردانی من بۆ کوردستانی گەرمێن، لە بناری قەندیل لە گوندی سەرگەی نێڵی بەشی هۆزی شاروشیان نێژراوە و چۆتەوە باوەشی خاک.

باوکم ناوی حەسەن و باوکی باوکم ناوی خدرە(بابی گەورە). تا نووسینی ئەو ژیاننامەیەش بابم هەر ماوە، دیارە بە هۆی بەشداری من لە کاروباری سیاسی و حیزبایەتیدا زۆر تووشی چەرمەسەری و زیندان ⬅

ونەشکەنجەی زەمانی شا هاتووە و لە زەمانی خومەینیشدا دەربەدەری و ماڵ سووتان و ژیانی ناخۆش و زیانی زۆری تووش هاتەوە و هەر ئێستاش دەربەدەر و ماڵ سووتاوە.

هەر لە زۆر منداڵییەوە کرامە شوانی حەیوانە شەلان و زستانانیش خوێندوومە تا وای لێهات بەهار و هاوین و پاییز تا مەڕ داکراوە شوان بووم. دیارە ماوەی ٧ساڵی ڕەبەق لە بەر کاوڕ و مەڕی بووم. بابم زۆر مەڕداری چاک و پسپۆڕ بوو و زۆر مەڕی خۆشدەویست. بۆخۆی ١٧ ساڵی تەواو شوان بووە و چۆتە بەر مەڕی خۆیان. بەڵام من ئەگەر لە ترسی بابم وێرابام بۆ یەک دەقیقەش شوانیم نەدەکرد و زۆرم پێناخۆش بوو. زۆر ئاشقی زەمین و باغداری بووم، حەزم لە خۆشکردنی ڕێگا وبان و پرد سازکردن و کانی وحەوز و خانووسازکردن بوو، ئەوکارانەشم تاڕادەیەکی کەم لە کوردستانێ کردووە بەڵام دوژمن ڕێگای نەدا ئەو کارانە بکرێن. لە یادمە کاتێک لە بەر مەڕ وکاوڕان دەبووم لە جیاتی پێ چارانی وان زۆرتر خەریک دەبووم کانییەکم پاک دەکردەوە یان پردەبازێکم سازدەکرد. هەمیشە پێمەڕەیەکی دەسک کورتم دە ناو تێرەکەی خواردنێ دا پێبوو. کەرێکی شینکەڵەم هەبوو کە ناوی کەرە خرمیل بوو و زۆر توند وتۆڵ بوو. زۆرجار ئاواڵ شوانەکانم ڕێگایان دەدام دەچووم بۆ شاری بە سواری کەرە خرمیلی. چەند هاوتەمەن و هاوڕێیەکم هەبوون، هاوڕێی زەمانی منداڵی. دیارە ئەوان شارستانی ومن کرمانج. لە نێو هەموویاندا قەیومی کوڕی شێخ مارف (شێخی سپی)کوڕێکی لەبەردڵان و زەحمەتکێش و چالاک و قەرتاڵە بەکۆڵ بوو. واتە ئەوکاتی لە مەهاباد منداڵان بە قەرتاڵەی حەمباڵیان دەکرد و شتیان بۆ خەڵک دەبردەوە. جا یادی ئەو کاتی بەخێر، هەرکە دەگەیشتمە مەهابادێ ئەو کوڕانە دەورەیان دەدام و لە سەر کەرە خرمیلی دەبوو بە کێشە، دەتگوت مڵکی بابیان بەش دەکەن، ئەو دەیگوت بۆ من و ئەوی دی دەیگوت بۆ من. منیش خۆم دەکردە کوێخا وسەعات بە سەعات نۆرەم دادەمەزراند. دیارە وێنجە وتفاق بە پێی فیلان بوو. کەرەکەیان دەبرد بۆ چۆمی، بە سابوون دەیان شوت و سەد جاری بە قوربان دەبوون. کە نۆرەی قەیومی دەهات دەیگوت: ئاغا سەید ڕەسووڵ نایدەمەوە بە کوڕەکانی ماڵە وەلی دەیکووژن، بێ ڕەحمن، هەر بۆخۆم ئاگام لێی دەبێ. دەیفڕاند بە خەیابانی شاپووردا. دیارە ئەو لە وانی دیکەی باشتر لێ دەزانی چونکە باوکی کەری هەبوون و چەرچیایەتی دەکرد. یادی ئەوکاتانە بەخێر...

**ئێش و ئۆفی دوراسنی منداڵی:** زۆر باشم لە بیرە کە بە منداڵی چەندەیان دەمکوت کردووم. زۆرجاران وایان شکاندووم ئێستاش جێگەی خۆم نەگرتۆتەوە. خۆ کە دەیانگوت منداڵ یاچن، یان کە دەیانگوت منداڵان دەرکەن، یان بەڕەڵایەک کە دەیگوت دەک منداڵ قڕانتان تێکەوێ، دڵم سڕ دەبوو و خۆم دەخواردەوە. دەمگوت ئای خودایە بۆ منداڵ بووم؟ بۆ سمێڵ و ڕدێنت لێ نەنام تا منداڵ نەبام و وام پێ نەکرابا. پێت وابوو بۆ دەیانگوت منداڵ لاچن؟ چ قەومابوو؟ ڕێگای کێیان گرتبوو؟ «بووک هاتووە و ئێمەش چاو لێ دەکەین. یان قوربانی دەکرێ و گای کەوڵ دەکەن. ئێمەش کۆزیلکەمان بەستووە یان هەڵتروشکاوین و چاو لێ دەکەین. یان تامەزرۆی گۆشتین». لە لادێ گوشت بە مانگ و ساڵ نەدەبینرا، لە خۆشیان قسەمان لێ دەکرد «بڵێی گوشتی برژاومان بەربکەوێ؟» دەنا نە ڕێگای کەسمان گرتبوو و نە کاریشمان بە کەس بوو. کەچی بەو حاڵەش دەیانگوت منداڵ لاچن ڕێگاتان گرتووە. پیرێژنێکی خوێنتاڵ کە گایەکەی کەوڵ دەکرد، لێکدا لێکداش قسەی دەکرد و دەیگوت منداڵان دەرکەن وڵاتیان گرتووە، سەرمان لێ دەشێوێ. ئێستاش هەر دە دڵم دایە کە دەیگوت منداڵ بێدەنگ بن و نەشی دەپساندەوە. نازانم بۆ دوژمنی منداڵان بوو ئەو بەدبەختە؟

لە بیرمە پوورزایەکم کە ناوی مەلا عەزیز بوو و ئێستاش ماوە، تا بڵێی زەحمەتکێش و بۆ کاری خێر زۆر لە پێش بوو، کەچی قاتڵی منداڵان بوو. زۆرتر هاتوچۆی شاری بە ملی ئەوەوە بوو. ئاواییەکە کچکە بوو، کە دەچوو بۆ شاری هەموو دەمانزانی یان مێوژ وسنجووی دێنێ یان نوقڵی سوور. چاومان دە زینۆی شەهیدان دەبڕی و کە وەدەردەکەوت تێکڕا بە کوڕوکچەوە بە غار دەمان کوتا، هەرکە دەگەیشتینێ دەمانگوت خاڵە ماندوو نەبی ( هەمووش پێمان دەگوت خاڵە). ئەویش لە جیاتی ڕووی خۆش و قسەی خۆش دەیگوت لە خاڵوکەون.

دیارە لە گیانی خۆشی وەڕەز بوو و ئارەقەی ڕەش وشینی دەردەکرد. کە دەیگوت بە خودای بۆ نوقڵی ئێوە ئەوشۆ بارەکەی ناکەمەوە، پردی دنیا وقیامەتمان لێ دەپسا و چاوی ڕەشمان کاڵ دەبۆوە وبە دڵێکی ناخۆش دەگەڕاینەوە.

زۆر چاکم لە یادە کاک میرزا عەولایەک هەبوو ــ بە ڕەحمەت بێ ــ کوێرە سەوادێکی هەبوو. دوو کەری بار دەکرد، چەرچی بوو و وردەواڵەی دەفرۆشت کە دەهاتە دێهات و هۆبەکان، شایی منداڵان بوو. هەر لە ڕێوە بە خۆشیی و قریوەبۆ لای ئاوبراو ادەبارین بە کوڕوکچەوە. دەتگوت وەرن ڕۆڵەکانم نوقڵی جوانم بە دیاری بۆ هێناون. لەو نوقڵە سوور و چڵکنانە سەرو دەنکێکی وێ دەداین و بە پێکەنینەوە دەیگوت زۆرن بە خودای هەمووم پێ ماچ ناکرێن، کوڕەکان لە جیاتی من کچەکان ماچ بکەن، کچەکان تێکڕا دەیانگوت ئننا!

جا چونکە وا ڕۆخۆش و بە ڕوحم بوو، ئەومان لە بابمان خۆشتر دەویست. ئێستاش کە دەگەڵ ئاواڵەکانی ئەو سەردەمم باس دەکەم، پاش مردنی و تێپەڕبوونی دەیان ساڵ هەر جێگای ڕێزە وقەت لە بیرمان ناچێ. ئەگەر باری نادروست و شێوەی ناڵەباری ژیانی منداڵانی کوردستان بنووسم، ڕەنگە زۆر دەفتەری دیکەش پڕکاتەوە. پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بەسەر منداڵیی خۆم بەداخەوە گۆڕانێکی وا نابینم کە شیاوی بارهێنانی منداڵانی کورد بێ. ئێستاش لە هەموو پارچەکانی کوردستان منداڵ بێ بەشە، منداڵ بێ نازە، منداڵ بێ مرادە، منداڵ دوارۆژی تاریکە. ئەوەی زۆر بە کەمی ڕەچاو کراوە ڕێزی منداڵانە بەتایبەتی ئەگەر کچ بن. ناچارم لادەم، قەت لە بیرم ناچێ و قەتیش ئەو سۆز و دەنگە نا بڕێتەوە کە حاجی ژن خێزانی حاجی موحەمەد، کاتی شەهید بوونی ٤ کچە جوانەمەرگەکەی و مێردەکەی کە بە بۆمبای خومەینی لە شارۆچکەی کارێزە شەهید بوون، دەیگوت: ڕۆڵەگیان چاک بوو شەهید بوون بۆیە قوڕتان بۆ وەسەر ناکەم، ئەگەر مابان بابتان بە زۆری بە مێردی دەدان. تەماشاکە ئەوەش ناوی کچەکان و تەمەنیان و ڕۆژی شەهید بوونیان:

١- فاتم ١٩ ساڵە

٢- مرێم ١٧ ساڵە

٣- خەجیج ١٣ ساڵە

٤- شوکری ١٠ ساڵە

من ناڵێم ڕەوانناسی منداڵ دەزانم یان کۆمەڵناسم، بەڵام چونکە هەم منداڵ بووم و هەم دەرسێکی زۆرم لە کۆمەڵی کوردەواری دەست کەوتووە و دەبەدەریم زۆر دیوە، زۆرم قەدر و ڕێز لە لای خەڵک بووە و بێ قەدری و بێ نازیشم زۆر بەسەر هاتووە؛ بە ڕاشکاوی دەڵێم کە دەردی زۆری کۆمەڵی ئێمە، بناغە و بنچینەکەی هەر لە منداڵییەوە چاک دانامەزرێ. ناکۆکی دوو برایان لە ناو ماڵدا دێتە ناو کۆمەڵیش. زوڵم لە کچی بێچارە سەرەتای زوڵمی دایک و بابە. زوڵمی برا لە خوشک بۆ «ژن بە

ژنه» بۆ نابەرابەری بۆ گەشت وگەڕان و زۆر شتی دیکەش. کچ ڕەدوو کەوێ، باب و دایک وبرا بە لەعنەتی دەکەن و تازە نایدوێنن. لە میرات بێ بەشە و تا مردن سەری لە ناو کۆمەڵ هەڵنایە، چییە؟ بە دڵی خۆی کوڕێکی کردووە. بەڵام زۆر جار بووە کوڕ ژن و منداڵی هەیە کەچی ژنێکی بە مێردی دیکەش هەڵدەگرێ، کەس دەنگی لێ ناگۆڕێ و مەسلەتی بۆ دەکرێ. جاری وایە دوو خوشکیشی بۆ لە خوێن دەدرێ. جا برۆ ئەو زوڵمەی، ئەو بێ عەدالەتییەی، دەک ماڵتان کاول باب و برای زاڵم قەت ئەوە کارە؟

ئەگەر زەمان ڕێگام بدا، لەو بارەوە کە شتی تایبەتی و ڕووداوی زۆر تاڵم دیون دەیان نووسمەوە.

**تێکچوونی دەوڵەتی دوکتور موسەدیق:** کاتێک دەوڵەتی میللی دوکتور موحەمەدی موسەدیق تێکچوو، ماڵی ئێمە بووبوو بە پەناگای ئاوارەکانی سابڵاغی. باپیرم لەشەڕی مەلا خەلیلی مەنگوڕدا ئالاچی بووە و زۆری دەوڵەتی شای ناخۆشدەویست. زۆری دیلی و ژێردەستی پێ ناخۆش بوو. دیفاع لە نیشتمان و کوردستانی پێ واجب و بەشێک لە دین بوو.

هەر ئەویش بوو بە هۆی پەنادان و ڕێز لێ گرتنی ئەو ئاوارانە. منیش دم لە پێش بووم و پیاوەتی و نێو نێوبانگم پێ خۆش بوو. دیارە ماڵمان لە گوندی «کەڵەکۆکەی سەرێ»بوو و نیوەی بە ملک ئی خۆمان بوو. ساڵی ١٣٣٢(١٩٥٣)ی پاش ٢٨ گەلاوێژی ئەوساڵە زۆرتر ئەو ئاوانەی خوارەوە لە ماڵی ئێمە ڕێزیان لێ دەگیرا و ببوون بە کوڕی ماڵێ:

١- عەزیزی یوسفی
٢- عەولای ئیسحاقی
٣- سەدیقی خاتەمی
٤- عەلی ڕۆستەمپوور
٥- قادری رەحمەتوللایی
٦- خەلیلی سەدیقی
٧- حاجی هاشمی نانەوا
٨- سمایلی نەمەشیری
٩- حەمەدەمینی راتبی
١٠- ئەسعەدی خودایاری
١١- هاشمی ئەقەلوتوللاب[هەق تەڵەب]

ئەوانە بە دایم لەوێ بوون و هاتوچۆی دیکەش زۆر بوو. جاروبار ڕاپۆرت دەدرا و ژاندارم دەهاتن و بە پوڵێک ڕازی دەکران و دەڕۆیشتن. جارێک عەزیزی یوسفی و سەدیقی خاتەمیان گرت. سەدیقە سوور گوتی نوێژێ دەکەم، ڕێگایان دا و نوێژەکەی دابەست و گوتی: «بابی گەورە! کوڕە بە پۆڵێک ڕازیان کە دەنا دەردی سەگمان دەدەنێ». هەرواش بوو بە پوڵێک ڕازی کردن و نەیان بردن.

هەر وەک گوتم ڕەشکەوپێشکەیەکم خوێندبوو و ساڵێک یان چەند مانگ لە نێو فەقێیان بووم. دەمنووسی و دەمخوێندەوە بەڵام ئاشقی خوێندنی تازەبووم. دەمویست لە مەدرەسەی دەرسێ بخوێنم. بەڵام بابم ڕێگای نەدەدام و دەیگوت ڕۆڵە قورئانت خەتم کردووە، بەشی نوشتوو و قاقەزنووسین دەزانی بۆ چیتە؟ خوێندنی کافران هەر باش نییە، ئەتۆ کوڕی کێت پێ دەڵێن دەچی سەر ڕووت دەکەی، ماوەیەکە هەر ئاقیدەشت گۆڕاوە!

ڕاست بوو، لێم حاڵی ببوو جاران کە خەلیفە دەهات پیاوەکان هەموو دەگریان و سلاواتیان لێ دەدا. منیش وەک وان دەگریام بێ ئەوەی بزانم بۆ دەگریم. دەوساڵی دا دووجار خەلیفە هات. بەخێرهاتنم دەکرد، بەڵام دەستم ماچ نەدەکرد. کاتێک دەست دەکرا بە خەتم و زیکری دەروێشان، نەک بەشداریم نەدەکرد لەو جێگایەش دەڕۆیشتم. تاڕادەیەکیش بە ڕەفیقەکانم دەگوت مەچوون عەیبە! ئەوە کار نییە. ئەگەر بابەخەلیفە پیاوە، بۆ پولی لە بیوەژن و شوان وگاوان و هەژارەکان وەردەگرێ؟ ئەوە پیاوی خودای نییە، دزێکی بێ غیرەتیشە. بابم ئەوەی زانیبۆوە و زۆرم لێ توورە و دڵپڕ بوو. ئەو ساڵی ئاوا ڕابرد و لە داخی ئەوەی بابم ڕێگای نەدام بخوێنم و زۆریش دڵتەنگ وبێ دەرەتان بووم، دوومانگی تەواو زۆر بە توندی نەخۆش کەوتم کە بەڕاستی لە مردن گەڕامەوە، چاریش نەبوو. دوکتور ودەرمان بۆ لادێ پشتی شێران بوو. ڕێگا و بانیش لەبەر بەفری زۆر گیرابوو. دایکی بێچارە و دڵسۆزم شەو تا ڕۆژ لە بن سەرم دەگریا. بۆ بەهار گواستمانەوە بۆ سەیدئاوایە و لەوێ دێیەکی چکۆڵەمان تا پایزدروست کرد و ناومان نا ئاوایی سەید ئاوا و ماڵ باری کرد بۆ ئەوێ. دیارە لەو ماوەیەدا کاک عەزیزی یوسفی زۆرجار و زۆر کۆبوونەوەی دەگەڵ کردم و تاڕادەیەکی زۆر ڕوونی کردمەوە ژیان چییە و کورد بۆ ژێر دەستەیە؟ زوڵم و چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان چییە؟ دیارە کاک عەزیز لە ماوەی ئەو ساڵەدا، بە باشی بۆی دەرکەوتبوو کە وەزعی فکریم زۆر دوورە لە شێوەی ژیان و بۆچوونی بنەماڵەکەم. بەڵام کاک عەزیز باش دەیزانی بە ڕێگای خۆیدا بۆ کارەکە بچێ و ڕێگای لەبار کامەیە. تکای لە من کرد کە دەگەڵ بابم بە شێوەیەکی دیکە بدوێم و ئەگەر بابم توورە بوو نەگریم و نەڕۆم و بڵێم بۆ خۆت گەورەی و نابێ زوڵمم لێ بکەی، دەمەوێ بخوێنم و نامەوێ کافر بم، دەمەوێ لادێیەکی خوێندەوار و قانوون زان بم، تا کەنگێ ئاغا و پاسگا و شارستانی ئێمە بە کرمانج بزانن. کاک عەزیز ـ ڕوحی شاد بێ ـ وای تەعلیم دام کە نەبەزم و قسەی خۆم بکەم. هەرچندە ئەوساڵی هەر وا ڕۆیی، بەڵام پایزی داهاتوو سەرکەوتم و چووم بۆ خوێندن کە پاشان دێمەوە سەر باسی خوێندن و چوونە شار و مەدرەسەی شەوانە.

**یەکەم کاری سیاسی چۆنی دەست پێکرد:** کاک عەزیزی یوسفی پاش چەند جار دانیشتن و قسەکردن پێشنیاری کرد کە دەبێ بچم بۆ مهابادێ، نامەیەکی حیزبی بەرم بۆ ماڵی شەهید پێشەوا و بیدەم بە کچە گەرورەکەی کە ناوی عیسمەت بوو کە بەداخەوە جوانەمەرگ بوو، خۆی کوشت بەڵام نازانم بۆ وای کرد.

نامەم هەڵگرت و ڕۆیشتم. ساڵی ١٣٣٢ی پاش ٢٨ گەلاوێژ نامەکەم زۆر بە جوانی دە پزووی دەرپێدا شاردەوە. منداڵ بووم و تازەم بلوغ دەبوو. دێهاتی بووم و شوان بووم، ڕانک و چۆغەی بووزووم دەبەردابوو، بە دەست دایکم بۆی دروربووم، سیخمەیەکی مەخمەری سوورم دەبەردابوو، شاڵێکی سەیدانەی جوانم بەستبوو، تاڕادەیەکی سەرەسۆدرە بووم.

بە سواری کەرە خەرمیلی چوومە شاری وکەرەکەم بەستەوە و چوومە ماڵی پێشەوا. نێوونیشانەم پێبوو و فێڵم لێ نەدەکرا. حەسارێکی گەورە، ماڵێکی سەرئاوەڵە، پڕ بوو لە کچ وژنی شارستانی. هاتووچۆیان زۆر بە سەرەوە بوو. لێیان پرسیم کێت دەوێ؟ گوتم کەسم ناوێ میوانی ماڵە پێشەوام... ـ ئاخر کارت بە کێیە و کێت دەوێ؟ دیسان گوتم کەسم ناوێ. بردیانم بۆ دیوێکی، هێندەی پێنەچوو مەلایەک هات کە ناوی مەلا ڕەحمانی پیرەباب بوو دەگەڵم دانیشت و گوتی کاکە بە خێر هاتی خەڵکی کوێی؟ گوتم خەڵکی کەڵەکۆکەم، گوتی باشە کوڕی ماڵە بابی گەورەی، گوتم بەڵێ.

گوتی نێوت چییە؟ گوتم بۆ چیتە؟ گوتی کارت بە «عیسمەتی ←

قازی»یە؟ گوتم بەڵێ. گوتی دە بابم زووترت گوتبا. ئیدی مەلا ڕۆیی و پاش چەند دەقیقە هاتەوە و گوتی فەرموو، وەپێشم کەوت و چووینە دیوێکی دیکە. عیسمەت (ڕوحی شاد بێ) هەستا و بە پیرمەوە هات و زۆر بەگەرمی بەخێر هاتنی کردم و نێو و نیشانەکەی هەڵدا و منیش جوابم داوە و گوتی نامەکەم دەیە. بەڵام لەوێ نەدەکرا و چوومە دیوێکی دیکە و نامەکەم هێنادەر و دامەدەستی و گوتی: هەزاری وەک منت بە قوربان بێ کوڕە دێهاتی. دیتنی عیسمەتی قازی ئەوەندەی دیکەی هان دام کە دەبێ بخوێنم و دە دڵی خۆمدا دەمگوت چاو ئەو کچە چەندە باسەوادە، چەندە زانایە، دەبێ ئەو حیزبە چەند کچی وای هەبێ. ئەو شەوەی لەوێ بووم بەڕاستی قەدریان گرتم، وایان نیشان نەدا من دێهاتیم و ئەوان شارستانی و مۆدی ڕۆژن. چیتان لێ وەشێرم مانگێکیش هەر دە زەینمدا دەهات و دەچوو،ماڵی وام کەم دیبوو، بە تەواوەتی هانی دام فکر لە دنیایەکی دیکە بکەمەوە. ئیتر بە تەواوی فکرم بەرەو شار و خوێندن و مەدرەسەی هات. لەو لاشەوە ئاخری پاییزی ١٣٣٢بوو. ڕۆژێکی لە ماڵی سەید مستەفای ئامۆزام لە کەڵەکۆکەی سەرێ دەکۆبوونەوەیەکی ٥ کەسیدا کە سەرۆکی کۆبوونەوەکە کاک عەزیز بۆخۆی بوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەندامی حیزبی دێمۆکرات و ئەندامی کۆمیتەی لاجانم کە بەرپرسی ئەوکاتی کۆمیتەی لاجان کاک حەمەدی قادری(حەمەدی ڕێویان) بوو. ئەوانەش ئەندامەکانی ئەوکاتی بوون:

١- کاک حەمەد بەرپرسی کۆمیتە
٢- مەلا ڕەحمانی لاهیجانی ئەندام
٣- سەید حاجی کەڵەویە
٤- حوسێن لاسوور
٥- سەید ڕەسووڵی دێهقان

لەو ڕۆژەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی لاجان دەست بەکاربووم. ئیتر لە ساڵەکانی ١٣٣٤ڕا بەرەبەرە گۆڕانێکی زۆرم بە سەرداهات. باوکم ڕێگای دام زستانەکەی بخوێنم و وەختەکانی دیکەش سەرافەتی ماڵێ و کاروباری دیکە بکەم. لەولاشەوە دژایەتیم لەگەڵ ئاغایەتی و بێگار و سووروساتی بێجێ وەک پووشانە و خەڵک دەرکردن و زوڵم و زۆر گەیشتە ڕادەیەکی توند. ئەوانیش خواهەڵناگرێ تەقسیریان نەدەکرد، ڕاپۆرتیان لێ دەدام و لە شوان وکارداریان دەداین و هەڕەشەیان لێ دەکردم. منیش تا خوا حەز بکا لەگەڵ وانم دەکرد و بێ منەت بووم. لە یادمە ویلیام داگلاس کە قازی و سەناتۆرێکی ئەمریکایی بوو و هاتبوە مهابادێ و پاشان هاتە پەسوێ، دیلمانجەکەی گوتی پەسوێ خۆشە؟ گوتم نەخێر، چونکە تەنیا عەلیاغا خانووی خۆشی هەیە.

ئەوە سەید ئاواش ئاوەدان بۆتەوە، بە یەکجاری بۆتە بنکەی حیزب و دوکتور قاسملوو و عەولای ئیسحاقی زۆرتر بۆ سەردانی کارەکانی حیزب لە ناوچەدا دەهاتن و زۆر بە جوانی کاری تەشکیلاتی بەرەو پەرەئەستاندن دەڕۆیشت و لە ڕاستیدا سەیدئاوا ببوو بە پەناگا.

باش وایە یادی خوشکی بەڕێزم ئایشێی مام عەلی و ئەحمەدی مام عەلی(ئەحمەدی داغەی) بکەم کە بە ڕاستی قەڵا و پشتیوان بوون بۆ کاری حیزبی. لە دوکتور قاسملووی ڕا تا کاک عەزیزی یوسفی و کاک عەولای ئیسحاقی و مەلا عەلی(ئەسعەدی خودایاری) و زۆربەی زۆری کادر و قاچاغە سیاسییەکان دەباوەشی ئەو ماڵەدا و لە هەلومەرجی ناسکی ئەوکاتەدا دەحەسانەوە و پەنادەدران کە ڕووی بێوەفایی و هەقنەناسی ڕەش بێ کە بە ڕاستی بە ساڵ و مانگ گوو و میزیان بەوان گرتووە. ئەوەش بڵێم کە لە ژیانی تایبەتی خۆشمدا لە دایک و باب زیاتر هەقیان بە سەر منەوە هەیە، لە باغ و دارچەقاندن ڕا تا دەگاتە مولاقاتی کاتی زیندانم و دەورانی قاچاغی و دەربەدەریم.

**بابم ڕازی بوو داوتەڵەب بخوێنم:** ئاخر مانگی پاییزی ساڵی ١٣٣٥چوومە مهابادێ و لە کلاسێک کە مامۆستاکەی زانا و دڵسۆز و بەهەق هەقی بە سەر زۆربەیان هەیە وکاک تەهای فەیزی زادە سەرپەرستی دەکرد، ناونووسیم کرد. مامۆستای بەڕێز سادقی شەڕەفی و عەولای قازی زادە بە دڵسۆزی وەک ڕەفیق دەرسیان پێ گوتین و کلاسی شەشم تێپەڕ کرد. هەر لەو کاتەشدا لە باری سیاسی زۆر بە دڵگەرمی و زۆر بە ئیمانەوە کارم دەکرد. ناهەق نابێ ئەگەر بڵێم چ لە باری هەڵسووڕان و چ لە باری ماڵی و ئازاتییەوە گاڵتەم بە زۆر کەس دەکرد. دیارە بە چوونە شار و خەڵک دیتنیش ئاڵوگۆڕێکی زۆرم لە باری فکرییەوە بەرسەرداهات و هەڵبەت کەمێکیش زیانم لێ کرد. چونکە بۆ ئەو کاتی من زوو بوو و دەگەڵ زۆر شتی وا ڕووبەڕوو بووم کە جارێ تەمەنم ساوا بوو. دەستەڵاتی ماڵی واگەورە، بەربەرەکانی دەگەڵ چەند عەشیرەتی دەوروبەر، دروستکردنی ئاوایی سەیدئاوا و دەرس خوێندنیش کە برا گەورەبووم، چارنەبوو ملم دەبەرنا وتاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتم. هەرچەندە جێگای خۆی نییە بەڵام با تێپەڕ نەبم.

ساڵی ١٣٣٦ خانوویەکم لە مهاباد دروست کرد، پاش تەواوبوونی ساڵێک زیادتر تێپەڕنەبوو کە وەبەر خەیابانێ کەوت کە ئێستا ناوی خەیابانەکەی (وەفایی)یە. سپەهبود «وەرەهرام» کە فەرماندەی سوپا بوو، باشی مل دەبەر ئاوەدانکردنەوەی مهابادێ نابوو، بانگی کردم بۆ ستادی ئەرتەش. کە نامەکەی شەهرداری مهابادم بۆ هات لە سەر فەعلەی گیادروونێ بووم. کارەکەم بە جێهێشت و هاتم بۆ مهابادێ، بە ستادیان ناساندم و تیمسار کە دیتی زۆر دم ڕووتم گوتی: بابت ئەتۆی ناردووە خانوودکەت نەڕۆخێنم. گوتم نەخێر تیمسار خانوودکە ئی منە، تەماشای قەباڵەکەی بکە. گوتی: نیگەران مەبە بۆت دەبژێرم. گوتم تیمسار بژاردنی ناوێ پێشکێشی ئاوەدانیی مهابادێ بێ. من ئاوەدانیی مهابادێم پێ لە خانوویەکی باشترە. دیسان گوتی: ئەوە بابت فێری کردووی؟ منیش گوتم نەخێر تیمسار بابم ئاگاشی لێ نییە و ئێستا وا لە کوێستانی سەرانە وخەریکی مەڕداریی خۆیەتی. هەستا و ماچی کردم و ئافەرینی پێ گوتم. وەقسە هاتم و گوتم تیمسار ئەتۆ ڕەفتەنی، من خەڵکی سابڵاغم، تۆ ئەو کارانە بۆ مە دەکەی و سپاست دەکەین. زۆر خۆشحاڵ بوو کە دیسانیش دۆستایەتی ئەوکاتی وەرەهرام زۆری ناحەز بۆ دروست کردم چونکە بەڕاستی ئاوی لە بەردی دەهێنا.

بەڵام زەمانیش سەیرە، ئەوکاتی کە لە مهابادێ لاچوو و بە سەفەر گەڕابۆوە ماشێنەکەیان لە خۆشیان خستە سەرشانان، کەچی لە کاتی تەزاهوڕاتەکانیش کە گەڕاوە بۆ مهابادێ و قەراربوو ببێ بە ئوستانداری ورمێ، بەردەبارانیان کرد و ناویان نا کەریم شیرەیی و هەڵات.

بە کورتی ٩٠٠میترم زەمین وەرگرت لە باتی خەسارەتەکەی کە ڕاستی بە مەزندە و نرخی ئەوکاتی کەمتر لە ٦٠ هەزار تمەن نەبوو پێشکێشی شارەکەی مهابادم کرد و زۆریشم پێ شانازی یە. بەڵام با ئەوەش بڵێم کە دەستم کرد بە خانووسازی و خانووی دووبارەم ساز کرد، دیوارەکانی زیادتر لە میترونیوێک بەرزبوونەوە بە خشتی سوور و بەردی تراس، کە بەسەردا گیرام بە هۆی خەیانەتی سمایلی قاسملوو. پاش ساڵ و نیوێک کە ئازاد بووم، بەردی بناغەشی دەرهاتبوو، خەڵک بۆ خۆیان بردبوو. دیارە بەشی زۆری جیرانەکانم کە کاربەدەست و مامۆستاش بوون لەو هەرەوەزی خۆیان دەرنەهاویشتبوو، گەردنیان ئازاد بێ. پاش ٢٥ ساڵ تەهای برام خانوویەکی زۆر باشی لێ ساز کردکە ئەویشیان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی داگیری کردووە.

ناچارم بگەڕێمەوە بەهاری ١٣٣٤. کۆمیتەی لاجان دەڕاستیدا ببوو بە پردێکی بەهێز لە لایەک لە نێوان ورمێ و شنۆ و نەغەدە، لەلایەکی دیکەشەوە سەردەشت و بانە و سەقز و تاڕادەیەک بۆکان و هەوشار ومهابادیشیدەگرتەوە. زۆربەی سەرە بەنەکان دەهاتنەوە لاجان و سەید ئاواش ببوو بە قەلەمندارەیەکی بەکەڵک. هەر دەساڵی ١٣٣٤دا کۆبوونەوەیەکی ڕابەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە چیای قەلاتەڕەشی پشتی ماڵی سەیدئاوایە گیرا کە هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەموو جوورە پێوەندییەک دەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران بپسێنێ. بەڕاستی دوکتور قاسملووش لەو بارەوە نەخشی بەرچاوی هەبوو کە ناوی (حەسەن)بوو. ئەوکاتی کادری ڕابەری بەشدار لە کۆبوونەوەدا، ئەو ناوانەی خوارەوە بوون:

١- عەزیزی یوسفی

٢- عەولای ئیسحاقی

٣- دوکتور قاسملوو

٤- ئەسعەدی خودایاری

٥- هاشمی ئەقلوتوللاب

دیارە کادری تەشکیلاتی ئەوکاتی لاجان و شنۆ و نەغەدە و ورمێ، ئەسعەدی خودایاری بوو کە ناوی موستەعاری (مەلا عەلی)بوو.

هەڵبەت ئەوکاتی عەولای ئیسحاقی ـ خوا لێی خۆش بێ ـ دەگەڵ دوکتور قاسملوو بەسەردان دەهاتن بۆ کاری تەشکیلاتی و جاری واش بوو بۆ ماوەی چەند مانگ دەمانەوە و زۆر جار لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریان دەکرد. وەک باس دەکرا ئەوکاتی پاش بانە باشترین تەشکیلات لاجان بوو.

لە ١١ی گەلاوێژی ١٣٣٨ بە هۆی خەیانەتی سمایلی قاسملوو، زیادتر لە ١٢٠کەس ئەندامان و بەرپرسانی حیزب گیران و زیادتر لە سەدان کەس دەربەدەر و ئاوارەی حێراق بوون. دیارە لە عێراق زۆر بە گەرمی چ دەوڵەتی کەریم قاسم و چ پارتی و شیوعی و چ خەڵکی کوردستانی عێراق پێشوازیان لێ کرا و ڕێزیان لێ گیرا.

بەلام بەداخەوە پاش ماوەیەکی زۆر کەم دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان دوکتور قاسملوو و سەید عەولای ئیسحاقی زۆر بە توندی دەست پێکرا و هەر ئەو ناکۆکییەش کەوتە ناو باقی برادەران و هەلێکی زۆر باش بۆ حیزبی دێمۆکرات بە فیڕۆ چوو، هیچ کەڵکی لێ وەرنەگیرا.دوکتور قاسملوو بەلای حیزبی شیوعی وحیزبی تودەدا کەوت و سەید عەولای ئیسحاقیش کەوتە لای پارتی و بارزانی.

ئێمە گیراین، زۆر بە توندی بە شەو دەست بەندی وایان لە دەست کردین تازە بۆ ئێمەیان لە قوتوی دەرهێنابوو لە ساواکی مهاباد. بە شێوەیەک دروست کرابوون تا بزووتبای توندتر دەبوو. چونکە من لە دێ بووم لام وابوو هەر من گیراوم. بەلام، نەخێر! کە هێنایانم بۆ ساواکی مهاباد تەماشام کرد بابە چ قەوماوە، ئەو هەموو خەڵکەی دێرەیان پەستاوتووە!

کۆمیتەی لاجان:١- بەرپرسەکەی کاک حەمەدی قادری، ٢- مەلا ڕەحمانی لاهیجانی، ٣- سەید ڕەسووڵ گیراون و سەید حاجی و حوسێن لاسووریش ڕایان کردووە.

هەر ئەو شەوەی دەستیان دە کەلەپچە کردین و دەماشێنیان هاویشتین بۆ ساواکی تەورێزێ. دیارە ماشێنەکان سەرداپۆشراو بوون و کەس چاوی بە دەرێ نەدەکەوت. گەیشتینە ساواکی تەورێزێ هەر تاریک بوو، بەلام تا خوا حەز بکا سارد بوو، تەورێز هەر ساردە و بەختی ئێمە ئەوەندەی دیکەش ساردی کرد.

شکەنجە و ئازاری ڕوحی دەست پێکرا. ئەوەندە بە لێدان ناڕەحەت کراین، ئەوەندەش بە سووکایەتی پێکردن و نەبردنە ئاودەست و برسیەتی بە ڕادەیەک کە زۆر کەس لە برسان کەوتن. جا لێدان و دەستبەندی قەپانی و شەلاق کاری دەست پێکرا.

دەبا پاش ئیقرار بە ئەندامەتی حیزب ئەو سێ مەبەستەش نووسرابا:

١- ئەندامی حیزبێکم کە دارای مەرام و ڕەویەی ئیشتراکی یە.

٢- ئەندامی حیزبێکم کە ئامانجمان تێکدانی ڕێژیمی سەلتەنەتی یە.

٣- ئەندامی حیزبێکم کە کوردستانی گەورەمان پێکدێنا و (بارزانی)یمان بە سەرکۆمار هەڵدەبژارد.

دیارە هەر کام لەم مادانە بە تەنیا مادەی ٣١٧ی قانوونی ئەوکاتی ئێرانی دەگرتەوە کە ئیعدامە. کاک حەمەدی قادری ـ ڕوحی شاد بێ ـ لە پەروەندەکەیدا نووسیبووی دانانی سەرکۆماری کوردستان گۆترە نییە بە هەڵبژاردن دەبێ، خوا دەزانێ کێ دەکرێ بە سەرکۆمار. پاش شەش مانگ بازجوویی و ئەشکەنجە کە ناگێڕدرێتەوە چمان بە سەرهات و چۆن لە کاتی ئەشکەنجەدا سمایلی قاسملوو قامکی دە چاوی دەناین و بە دڵسۆزی یەک بە یەک شتەکانی بۆ ساواکی ڕوون دەکردەوە؟

کادری ڕابەرایەتی ئەو کاتی حیزب کە گیرابوون ئەوانە بوون:

١- عەزیزی یوسفی

٢- ڕەحمەتوڵلای شەریعەتی

٣- دوکتور عەلی مەولەوی (مشاویر)

٤- غەنی بلوریان (مشاویر)

پاش ئەوەی تاڕادەیەک بازجوویی هات تەوا بێ بە تەیارەی بەڕێ کراین بۆ تارانێ و لە فرودگای (قەلعە مورغی) ڕا بەرێ کراین بۆ زیندانی (قزل قەلعە). لە تاران، دیارە ژیانێکی ئەوەندە ناخۆش بۆ ئەو ١٢٠کەسە لە زیندانی قزل قەلعەدا تێپەڕبوو، خودا بۆخۆی دەزانێ چەند ناخۆش بوو، باسی ناکرێ بە ڕاستی ناخۆش بوو. ئەو خەڵکە هەمووی لە دیوێکی ئاخنرابوو و دەتگوت بزنیان داکردۆتە هۆڵێ. بۆ تەواوی ئەو خەڵکە تەنیا یەک دیو هەبوو، ئەویش هەر ١٢٠ کەسەکە بە دانیشتن جێگایان نەدەبوو، دەبا نیوەیان تا سەعات ١٢ی شەو لە حەوشی قزل قەلعە قەدەم لێدەن بەو زستانەی و خەڵکەکەش بنوون. سەعات ١٢ ئەو نیوەی دیکە بچن بە شەڕ وهەڵلا ئەوانی دیکە لە خەو ڕاست کەنەوە و هەرکەس لە جێگای ئەوی دیکە بخەوێ. زۆر لە بەر ناڕەحەتی و پەرێشانی خۆیان تووشی کێشە و هەڵلا دەبوون. چونکە بەو حاڵەش بە ڕاستی زۆر زەحمەت جێاگایان دەبۆوە. پاش شەش مانگ ئەشکەنجە و ئازار ئەو ١٢٠ کەسە بە سێ دەستە دابەش کراین و لە دادسەرای نیزامی دادگا دەست پێکرا، کە من وەبەر دەستەی ئاخر کەوتم. دیارە حەوت کەس بە ئیعدام مەحکووم کران و ٥٤ کەس بە ئەبەد و باقی بە ١٥ ساڵ و ١٠ ساڵ، چەند کەسێکیش بە ٥ساڵ و ٣ساڵ کە خۆم یەکێک لە ٥ ساڵەکان بووم. دیارە ماوەی سێ ساڵ ونیو زیندانم کێشا و وەبەر عەفوی شای کەوتم. هەڵبەت نە ئیعدامەکان ئیعدام کران و نە ئەبەدەکانیش تەواو مانەوە. زۆربەی ئەبەد و ١٥ساڵەکان بە دوو ساڵ نەجاتیان بوو. شای ئێران ئەودەمی کاری بە کوردان بوو لە کوردستانی عێراق و دەبایە دە بەرانبەر قاسمی دا ئاورێک ساز کا و ڕووی خۆش نیشانی کوردەکان بدا و کارێکی وا بکا بۆی وەگەڕ بکەون. جا کوردەکانی ئێرانی ئیعدام نەکرد و ئەبەدەکانی ئەبەد پێ نەکێشان. لە ئیعدامەکان، عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان دە زینداندا مانەوە و پاش هەوڵێکی زۆر کۆمیتەی دیفاع لە مافی مرۆڤ عەزیزیی یوسفی پاش ٢٥ ساڵ ئازاد کرا و غەنی بلوریانیش پاش ٢٤ ساڵ لە سەروبەندی ڕووخانی شا لە زیندان ئازاد

بوو. ئەوە درێژترین ماوەی زیندان بوو کە کوردەکان لەو ماوەیەدا کێشاویانە.

من پاش سێ ساڵ و شەش مانگ ئازاد کرام و هاتمەوە گوندە ژیکەڵانەکەی سەیدئاوایە کە بە گیان ودڵ ئاشقی بووم و ئاوەدانم کردبۆوە و باغم لێ ساز کردبوو و جۆگە و بەردم بۆ هێنابوو، مێشە و ڕێگا و بانم لێ سازکردبوو. بۆ بەختی من هەر کە ئازاد بووم دابەشکردنی زەوی و ئینقلابی سپی شای دەستی پێکرد. کێشە و هەڵلای ئاغا و ڕەعیەت تا دەهات توندتر دەبوو، وای لێهاتبوو کەس نانی ئاسوودەیی بۆ نەدەخورا. جووتێرەکان سەرمەستی زەمین دەستخستن و وەتاغ دروستکردن بوون، ئاغاکانیش هاربیوون نەیاندەزانی چ بکەن، پەلاماری هەمووکەسیان دەدا، تیری دۆستیان وێکەتبوو، زۆریان ڕاپۆرت لە من دەدا و بە ناهەق ئەو شتانەیان دەخستە ئەستۆی من. هەرچەندە من لە ژیانم دا قەت فرسەت تەڵەب نەبووم، تێهەڵپێچانی زەعیفانم بە لاوە عەیب بووە. جووتێرەکان دەردێکی وایان دا بە ئاغایان تۆڵەی حەوت پشتیان لێ کردنەوە، بەڕاستی تالاویان بە گەرووی داکردن. جا ساواک لێکدا لێکدا بانگی دەکردم و ئاژاوەی ئاغا و ڕعیەتی دەخستە ئەستۆی من و لە لاجانێ هەڕەشەیان لێدەکردم. لە یادمە جارێکی لە ساواکی مهابادێ سەروان کەنزی کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ساواک لە کوردستان بوو گوتی: ئەتۆ فریوی جووڵانەوەی کوردی عێراق مەخۆ، ئەتۆ گەنجی چیت بە حیزبایەتی داوە، بارزانی دە دەست ئێمەدا وەک بەفری تەمووزێ وایە هەر کاتێک بمانەوێ دەی توێنینەوە. من لەو ساڵەیدا چاوم بە مەرحومی بارزانی کەوت لە (بەردی تەشی ڕێسان) وئەوەم بۆ گێڕاوە. دیارە بەداخەوە کەنزی ڕاستی کرد وەک بەفری تەمووزێ تواندیانەوە. ئەو شۆڕشە پان و بەرینە خۆی نەگرت، خوا بکا هەر ئەوەش لە کوردستانی ئێرانێ دووپات نەبێتەوە و کورد تووشی ڕەنج بەخەساری نەبێ.

بە کورتی ساواک وازی لێ نەدەهێنام و خێرخواش هەر بۆیان تێدەچاندم تا جێم پێ لێژ بوو. ئەفسەرێکی دۆستم هەبوو و گوتی ڕانەکەی دەتگرن. ئەوەندەشم تاڵیی شکەنجە دیتبوو ترسابووم. بەڕاستی توانای خۆڕاگرتنم نەبوو و بە ناچاری هاتم بۆ پیرە گەرمێنێ و دەگەڵ وەی هیچ هیوام بە وەزعی حیزبی دێمۆکرات نەبوو، بەڵام هەوای ئازادی کوردستانی گەرمێنی ئەوکاتی بۆ ئازادیخوازانی کوردی تارادەیەک پیاوی پێ دەژیا. بەڵام من لە چ کاتێک هاتم بۆ کوردستانی گەرمێنێ و وەزعی نێو خۆی حیزب چ بوو و چۆن بوو؟ کۆنگرەی ٢ی حیزب گیرابوو. دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێردرابوون. کۆمیتەی چاوەدێری بەرزیش هەڵبژارتەی کۆنگرە بوو کە لەوێدا بێ ئەوەی من بۆخۆم بەشداری کۆنگرە بم بۆ چاوەدێری بەرز هەڵبژێردرابووم. بە خەیاڵ کۆمیتەیەک هەیە و دەفتەری سیاسییەک هەیە و ڕێگا و شوێنێک هەیە کە بەداخەوە بێجگە لە ناکۆکی و دووبەرەکی و هەرکەس هەرکەس شتێک بە ناوی حیزب نەبوو. هەر برادەرەش وەک بەرپرس دەگەڵ دەستەیەک ڕێک کەوتبوو. جاروبار بە چەکەوە هاتووچۆی ئێرانێ دەکرا و لەوێ دەستەیەک لە دژی دەستەیەک ئەوی دیکەی تاوانبار دەکرد و ناوی نرابوو کاری حیزبی. ماوەی دوو ساڵان دەگەڵ ئەو وەزعە پەرێشانەی هەرچۆنێک بوو ڕامان بوارد بەڵام تاڵ بوو.

ناخۆش بوو، کەس کەسی قەبوڵ نەبوو، هەرکامەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا. ئەحمەد تۆفیق کە سکرتێری حیزب بوو، زۆرتر بە هومێدی بارزانی کە بەڕاستی کاریشی بۆ کردبوو، تێکەوتبوو کە بە داخەوە وەزعێک هاتبوەپێش کە بارزانی دەگەڵ ئێران دۆست بوو. هەر لەو کاتەشدا ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ سەدیقی هەنجیری و سولەیمانی موعینی نارێک بوو. هەرچەند دەستەیەک دەیان ویست سەدیقی هەنجیری دە بەرانبەر ئەحمەد تۆفیق دا پشت بگرن و وەک هێزی موخالیف ڕاستی بکەنەوە و کەڵکی لێ وەرگرن، بەڵام زۆر بەداخەوە کاک سەدیقی هەنجیری دەگەڵ ئەوەشدا زۆر باسەواد بوو، کوڕی ئەو مەیدانە نەبوو و دە دنیای خەیاڵاتدا دەژیا. لەو ماوەی دووبەرەکی و هەرکەسهەرکەسییەدا زۆر کەس دانیشت و زۆر کەسیش بەیەکجاری وازی لە سیاسەت هێنا و ئەوی ماشەوە بۆ بەدبەختی و ماڵوێرانی تووشی دەردی سەری و شەهیدبوون و ئاوارەیی هات. تا بڵێی وەزعی حیزب دە پەشێوی و شپرێوی دا بوو. من لە زیندانی قەسری قاجار لە لای دوکتور عەلی مەولەوی و تەقی کەیمەنیش کە یەکێک بوو لە ئەفسەرە تودەییەکان دەورەی برین پێچی و برین دروونەوەم دیت. زۆرم خۆ ماندوو کرد و زۆرم کار لە سەر کرد تا بە باشی یارمەتی سەرەتایی پزیشکی فێر بووم کە بەڕاستی لە ماوەی دەربەدەری و ژیانم دا زۆر بە قازانج بوو بۆخۆم و بۆ خەڵکی. ماوەی ٩ ساڵان لە کوردستانی عێراق زۆرم بە کەڵک هات، دەوماوەیەدا زۆرم برین دەرمان کرد و بە نەخۆشان ڕاگەیشتم. بەڕاستی بن بەرد و شاخی کوردستانی عێراق کەم ماوە کە من برینم لێ دەرمان نەکردبێ. لەبەر بێ دوکتوری و بێ دەرمانی ئەوەندە خەڵک ڕووی تێدەکردم وەخت وکاتم نەمابوو. لەلایەکیش ئەوە ببوە مایەی ژیانی خۆم و زۆر لە برادەران. تا دوو ساڵان وەخت هەرچۆنێک بوو گوزەرا لە بنکەی (سونێ) و (شێخان). بەرەبەرە ناکۆکی دەهات زیاد دەبوو و تا وای لێهات دەستەیەک ساغ بوونەوە کە لە ئێران جووڵانەوەی چەکداری دەست پێبکەن و وەخت دەگوزەرێ. دەستەیەکیش کەوتنە ئەقەلیەت لایان وابوو ناکرێ و خودکوشی یە. ئەوە بە نهێنی کۆمیتەی ئیقلابی حیزبی دێمۆکراتیش پێکهاتووە بۆ ڕابەری کردنی ئەو جووڵانەوەیە بە بەشداری ئەوانەی خوارەوە:

١- سمایلی شەریفزادەی شەهید
٢- حەمەدەمینی سیراجی
٣- مەلا عەولای سەرباز
٤- سەننار مامەدی
٥- مەلا ئاوارەی شەهید.

ئەو کۆمیتەیە بە داخەوە ویستوویە لە خۆشەویستی سولەیمانی موعینی کەڵک وەرگرێ و پاشان بۆخۆی بەڕێوەبەر بێ. پاشانیش کاک سولەیمانی موعینی ئەوەی هەست پێکردبوو.

دیارە جووڵانەوەکە هەر دەبوو تێکبشکێ بۆ؟

١- ئاغاکان بە هۆی ئینقلابی سپی زۆریان ڕوو دە کوردایەتی و حیزبایەتی کردبوو و زۆر بە زەقی پشتیوانیان لە حیزب دەکرد، بۆیە خەڵک دەپرینگاوە.

٢- جووتێرەکانی کوردستان تاڕادەیەک بە ژیان و زەمین و وەتاغ دروست کردن و ناسینی ئوستاندار و چوونە تاران و شتی واوە مەشغوڵ بوون. دوودڵ بوون چ بکەن.

٣- تەشکیلات هەر نەبوو، یان زۆر کەم بوو.

٤- پشتیوانی خاریجی هەر نەبوو، رادیۆی (پەیکی ئێران)یان لە سەرەتاوە لێ ببوو بە هومێد باسیان بکا، ئەوە نابێتە پشتیوان.

٥- کوت و پڕ دەست پێکرا و هیچ نەخشەی نەبوو، بگرە پێشمەرگەکان لە بەر ناوچەگەرایی نواندن و هێندێک کاری ناحەزکردن، خەڵک تاڕادەیەک دوودڵ بوو، کاک سولەیمانیش توانای ڕابەری کەم بوو.

٦- دۆستایەتی مستەفا بارزانی دەگەڵ [حەمەرەزا] شا و ڕاونان و گرتنی پێشمەرگەکانی حیزب بە هۆی چەکدارەکانی بارزانی لە کوردستانی عێراق و شەهیدکردنی «برایم دەلاوی» لە گوندی ئالانێ لە

بناری هەڵگوردی بە بەشداری جاش و ژەندرمی ئێران و بارزانییەکان، هەموو شاهیدی ئەوە بوون کە ئەو جووڵانەوەیە سەرکەوتوو نابێ. من و ئەمیری قازی لەو کەسانە بووین کە هەر لە ڕۆژی هەوەڵدا موخالیف وەستاین و لە کاری وان بێ لایەن ماینەوە. لامان وابوو دەبێ جارێ ناکۆکی ڕێبەرایەتی بە لایەکدا بکەوێ، خەتێکی ڕوون هەبێ و کاری تەشکیلاتی بکرێ، جا پاشان جووڵانەوەی چەکدارانە دەست پێ بکرێ. لە یادمە کە من موخالیف وێستام، پێشمەرگەیەکی ساکار کە پاشان باشیش دەرنەچوو گوتی: کاک سولەیمان دەستوورم پێ بدا بە فیشەکێکی تا میاندوواوێ بە ئەستۆی من. دیارە من کە لە ئێران ڕا تازە هاتبووم ئاگام لە زۆر شت هەبوو. زۆر لە ڕووناکبیرەکان و لادێیی یەکان و زۆربەی خەڵک، ئەو سەردەمی بارزانیان زۆر لا گەورەتر بوو لە ڕابەرایەتی ئەودەمی حیزب. بەڵام پاش تەحویل دانەوە و کوشتنی کوردە ئێرانییەکان، بارزانی ڕێز و قەدری هاتە خوارێ.

دیارە ئەو کات ئەوانیش چیان بە بەرەوە نەمابوو زۆربەی کادرە باشەکان شەهید بوون. زۆریان وەفایان بە قەولی خۆیان نەکرد، زۆریان بە ناچاری خۆیان بە کوشت دا. ئەوەی مابۆوەش پەنای بۆ بارزانی هێناوە کە بەداخەوە بێ شەرتی کرد و هێندێکی وەک ساڵح لاجانی و سولەیمان کەرقەشان و عەولای بایزەقنجەی تەسلیمی ڕێژیم کردەوە و لە جەڵدیانێ ئیعدام کران. هێندێکیش بە زیندانی دوورودرێژ حوکم دران. بەداخەوە جووڵانەوەکە تێکشکا. زۆر زیان کەوت. زۆر کوردی بەکەڵک فیدابوون. بەڵام بوو بە بەشێکی زێڕین لە جووڵانەوەی کورد. یادیان نەمر و ڕوحیان هەمیشە شاد بێ. ئەوانە پەراوێزن و چونکە دەگەڵ ژیانی مندا ڕوویان داوە بەکورتی باسم کردن، دەنا نامەوێ تاریخ بنووسم.

پاش ئەوەی دوو ساڵ لە سونێ و شێخان لە بنکەکانی حیزب ژیام، دەتوانم بڵێم لە باری خزمەت و پاک و خاوێنی بۆ ڕەفیقەکانم بێ کەڵک نەبووم. دەگەڵ شەهید شەریف زادە و مەلا ئاوارە و کاک ئەمیری قازی و کاک مینەی سیراجی و سالار حەیدەری ماوەی ٥ مانگێک لە گەلوەرەزی سونێ پێکەوە زۆر بە خۆشی ژیاین. من و سالاربە سەفەر چووین بۆ کوێستانی قەندیل بۆ چادری ئێمە و ماوەی چەند مانگێک ماینەوە. لەو ماوەیەدا چارەنووس دەگەڵ کچە کوردێکی ساکار و بێری کوێستانانی کردمە ئاشنا و پاش مەشوەرەت و لێکدانەوە هەردووکمان بە دڵێکی پاک و خۆشەویستییەکی بێگەرد بەڵێنیمان پێک دا شەریکی ژیانی داهاتوو بین.

کچەکە ناوی (ئامان) و ناوی دایکی فاتم و ناوی بابی مینە بوو، خەڵکی گوندی (قوبادبەگیان) لە بەری مێرگان بوو. لە باری فکر و ئاقڵەوە بە شانازییەوە دەڵێم زۆر شتی لێ فێر بووم. تا خوا حەز بکا ئازا و بەڕێز و دە تەنگانە و نەداری و دەربەدەریدا هەمیشە هاوڕێ و یاوەرێکی باش بووە. لە یادمە کاتێک بە ٥ هێلیکۆپتەران لێیان دەداین، من بریندار بووم، ئەویش بریبدار بوو، بەڵام منی لە کۆڵ کرد کە لاقم لە کار کەوتبوو. کاتێک گوتم دایکی شنە ئەو خوێنە چییە؟ گوتی نی تۆیە، لە بەر دڵی من نەیگوت بریندارم، تا کۆپتەرەکان ڕۆیشتن، ئەوکاتە گوتی منیش زۆر بریندارم لەبەر تۆ نەم دەگوت تا ناڕەحەت نەبی.

دیارە دە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مندا یەکجار زۆر نەخشی بەرچاوی بووە و شانازیی ژیانی من بەشێکی ئەو ژنە نازدار و خۆڕاگر و بەڕێزەیە. هەم دایکێکی زۆر باش بووە بۆ ڕۆڵەکانمان و هەم هاوڕێیەکی بە کەڵک بووە بۆ من. ■

# مەرگ بەربینگی پێ گرتین

ئەحمەدی شەریفی

**ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کۆچی دوایی و پرسە و سەرەخۆشی:**

- **حاجی مینا خانمی قازی، خێزانی پێشەوای شەهید**
- **مارفی ئاغایی، شاعیر و نووسەر و هاوکاری ‹سروە›**
- **جەعفەری قازی، هونەرمەند و نەقاش و هاوکاری ‹سروە›**
- **سەرتیپ مەنسووری، نووسەر و بەڕێوەبەری بەشی کرمانجی ‹سروە›**

دوای بە خاک سپاردنی مامۆستا محەممەدی قازی و تەواوبوونی ڕێ و ڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی، شەوێ دەستە جەمعی گەڕاینەوە و چووینە ماڵە کاک مستەفای قازی. پاش بەربانگان، بەربینگمان بە «ئەحمەدی بەحری» گرت کە: بابت ڕاوچی یە و هەوەڵی ڕێبەندانێ یە وکەروێشک زۆرە، کەنگێ سەنگەسیرێکمان دەدەیەی؟ کاک ئەحمەدی قازی فەرمووی ئەمن هێندە ماندووم هەر سبەی و دووی دەگەڕێمەوە ورمێ، سەنگەسیر بۆخۆتان. ئەحمەدی بەحری قەولی شێو و سەنگەسیری دا و قەرار و مەداری سەنگەسیر داندرا. پاشان وە شوێن ئەو زەمینە کەوتین کە بەڕێز «حەسەنزادە» پێشکەشی کردبووین بۆ (گلکۆی شاعیران و هونەرمەندان). ئەو کارەش چەند ڕۆژێکی خایاند و «سەلاحی عەرەبی» چەقەناسا بە «جوادی مەنسوورپوور» جێنشینی شارەدارییەوە نووسابوو کە: «نەخشە و پلانی زەویمان بدەنێ، کرۆکی بکێشن، بولدزێر بێنن و دەوری بدەنەوە...»

سەلاح بە تەمای سەنگەسیر هەموو ئەو کارانەی ڕاپەڕاندن و شەوی سەنگەسیر خواردن هات. جێگای ئێوە خاڵی سەنگەسیر هێندە زۆر و چەور بوو، دەکرا ڕمبازی پێبکەی. بەڵام هێشتا لە سەنگەسیر خواردن نەببووینەوە، دۆستێک بە لارە ملی وەژوور کەوت و خەبەری پێداین کە حاجی «مینا خانمی قازی» خێزانی پێشەوای شەهید، کۆچیی دوایی کردووە. بە پەلە خۆمان گەیاندە ماڵە قازییان بزانین چۆیە یان ڕاستە؟ بەداخەوە قسەکە ڕاست بوو و حاجی مینا خانم ماڵاوایی لە هەمووان ←

کردبوو. کۆڕگەل سەر لەنوێ ئامادە بوون و خۆیان گەیاندە مزگەوتی سوور.

ڕۆژگەلی ۲۹و۷٦/۱۱/۳۰ و هەینیی ۷٦/۱۲/۱ پرسە و سەرەخۆشی بۆ حاجی مینا خانم داندرا و سەر لە بەیانی ڕۆژی ۲۹ تەرمی ئەو شێرەژنە لە سەر شانی لاوان و گەنجان گەیاندرایە بوداق سوڵتان و تەسلیم بە خاک کرا. سەر لەنوێ میوان لە شارانی دوور و نزیکەوە دارژانە مهاباد و دە کۆڕ و پرسە و ماتەمیندا شەریکی خەڵکی مهاباد و بنەماڵەی قازییان بوون. لە هەر سێ ڕۆژی پرسەدا، زۆر شاعیر و نووسەری کارامە، »حاجی مینا»یان لاواندەوە و ڕێزیان لێگرت. شێعرە جوانەکەی مامۆستا مەلا مەحموودی سالک و کاک ڕەسووڵی کەریمی ئێستاش دە گوێمدا دەنگدەداتەوە. کاک ئەحمەدی قازی سەرنووسەری گۆڤاری سروە، لە گەڵ دەستەیەک لە دۆستان لە ورمێ ڕا هات و میوانداری پرسە بوون.

«ئاخرین غەمتان بێ خەڵکی مەهاباد و ماڵە قازییان... » بەڵام داخۆ وا بوو؟

بڕیاروابوو، شەوێ هەموومان لە ماڵە کاک ڕەحمانی قازی کۆببینەوە، مارف گوتی: زۆرم کار پێتە حەتمەن دەبێ یەکدوو سەعات پێکەوە دانیشین و قسان بکەین، وتارێکی بەرێز دوکتور «ئیرەجی وامیقی»یم دە دەست دایە کە وەریگێڕمە سەر کوردی و دەبێ یارمەتیم بدەی.

ئێوارەی پێنجشەمە (۷٦/۱۱/۲۹)بوو، چوومەوە ئەنجومەنی ئەدەبی و لەوێ هەتا درەنگانێکی ماینەوە. ئەحمەدی بەحری گوتی: ئێمە پاش نانخواردن دەچینە ماڵە کاک ڕەحمان، میوانێکی زۆری هەیە و خودا بەردار نییە ئێمەش ببینە سەرباری!

لە ماڵێ دانیشتبووم چاوەڕوانی ئەحمەد و کوڕەکان بووم. سەلاحی عەرەبی تەلەفونی کرد:

ـ چ دەکەی؟

ـ چاوەڕوانی ئەحمەد و وانم...

ـ نەتزانیوە...(لە پڕمەی گریانێی دا)...

ـ ئەی خودای بانی سەر ئەوجار چ بووە؟ چییە سەلاح، چ خەبەرە؟

.. بە کوڵی گریانەوە گوتی:

ـ وەرە ماڵە کاک ڕەحمان، مارف و وان تەسادووفیان کردووە...

تاسام و کاس بووم، تەسادوفی چی؟ خۆ بڕیار نەبوو بچنەوە!

بەڵێ دیسان دێوەزمەی مەرگ بەربینگی پێگرتین و «مارفی ئاغایی» شاعیر و نووسەر و «جەعفەری قازی» نەقاش و تەندیس چێکەر، لەو تەسادوفەدا دەستبەجێ دەمرن و، سەرتیپ مەنسووری، سوارەی فتووحی و ڕەسووڵی وەیسی بە برینداری دەگەیێنە بیمارستانی ورمێ.

ئەم خەبەرە زۆر زوو سەرانسەری کوردستانی داگرت. دیسان مزگەوتی سوور تازیەدار بۆوە. ئەوێ شەوێ خەو دەچاوی کەس نەگەڕا. بەتایبەتی کاک ئەحمەدی قازی لە هێنانەوەی تەرمی محەممەدی قازی و ناشتنی میناخانم ئۆقرەی نەگرتبوو، بە پەلە گەڕاوە ورمێ. شەو نەدەبڕاوە، دەنگی شین و گریان لە هەموو لایەک دەهات: وای وای لەو هەموو غەم و دەرد و کەسەرە...

بنەماڵەی قازی تازیەداری دووکەس بوون، بوون بە سێ، «یەک کەمە، دوو غەمە، سێ خاترجەمە». ئەدی مارف چی؟ بنەماڵەی هێژای ئاغایی هێشتا جلک و لیباسی ڕەشی «مەحەممەد ئاغایی»یان دەبەردابوو، مارفیشی هاتەسەر...

سەرلەنوێ ئیعلامییە چاپ بکە، سەرلەنوێ مزگەوتی سوور لێمان بۆوە بە مەکۆ. خۆمان گەیاندە شنۆیە. شنۆ یەکپارچە ڕەشپۆش بوو. دایک و خێزان و بنەماڵەی مارف شیوەن و ڕۆڕۆیان دەگەیشتە ئەوپەڕی ئاسمانێ...

ـ «ئیجازەمان بدەن تەرمی مارفیش لە لای مام هەژار و هێمن و محەممەدی قازی و مینا خانم و جەعفەر تەسلیم بە خاک کەین؟»

دایکی جەرگ سووتاوی مارف بە کوڵی گریانەوە کە وەک هەورێ بەهارێ دەیباراند، گوتی:

ـ مارف بۆ ئێوە.. هەر لە نێو ئێوەدا بوو، کوڕی خۆتان بوو، لە هەر کوێ دەینێژن بینێژن...

تەرمی ئەو عەزیزانەش(مارف و جەعفەر) لە سەر شانی هەزاران کەس لە خەڵکی مهاباد لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان لە لای هەژار و هێمن... تەسلیم بە خاک کران و لە مهاباد و شنۆ و ورمێ و بۆکان کۆڕی ماتەم و پرسەیان بۆ گیرا. عالەمێکی زۆر بۆ جاری سێهەم دیسان دارژانەوە مهاباد. کاک «بارامی وەلەدبەگی» و دۆستانی لە سنەوە، «حەمەی حەمەباقی» و «نەجیبەخان»ی خێزانی و «عومەری فارووقی» و چەند کەسی تر لە سەقزەوە، «فەتاح خانی ئەمیری» و «ناسری وەحیدی» و دۆستانی تری بۆکان لەم چەند ڕۆژەدا ببوونە ڕێبواری ئەم ڕێیە و هەر لە هاتوچۆدابوون. کاک سەکان فەمانداری سەقز شەو و ڕۆژی لێتێکچووبوو، لاقێکی لە سەقز و لاقێکی لە مهاباد بوو. کاک موهەندیس مورتەزا، مدیری ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کورد لە تارانەوە خۆی گەیاندە مهاباد و بەشداری پرسەی کرد و بە چاوی پڕ لە گریانەوە یادی ئەو دوو جوانەمەرگەی ڕێز گرت.

سەعات حەوتی ڕۆژی شەمە کۆڕی ماتەمین دوایی هات و لەگەڵ ئەحمەدی قازی و دەستەیەکی زۆر لە دۆستان چووینە دیدەنی و سەردانی «سوارەی فتووحی» و شەوێ گەڕاینەوە ماڵە کاک ڕەحمانی قازی بۆ شینگێڕان، «ئیشاڵڵا دوایی غەمانمانە...».

چەند ڕۆژ پاشتر، لەگەڵ کاک ئەحمەد و ئەوانی دیکە بڕیارمان دا ڕۆژێکی بچینە ورمێ و سەردانێکی ڕەسووڵی وەیسی و سەرتیپ مەنسووری بکەین. بەڵام بە قەولی عەبدولعەزیزی داسنی «تەقدیری خودای تەگبیری عەبدان باتڵ دەکا»، لە پڕ ڕۆژی دووشەمە ۷٦/۱۲/ ۱۸ هەواڵمان پێ گەیی «سەرتیپ»یش سەری نایەوە و کۆڵەکەیەکی تری «سروە» لەق بوو. ئەی هاوار و داد و بێداد، مەرگ چ بەربینگێکی پێگرتووین؟

سێشەمە ۱۹ی ڕێبەندان لەگەڵ ئەحمەدی بەحری و یوسفی فازلی و ڕەزا باگردانی و چەند کەسی تر چووینە ورمێ بۆ سەرەخۆشییەکی تر. مزگەوتی تەرزلووی ورمێ عالەمێکی زۆری تێدا بوو. کوڕەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گۆڤاری سروە بە لارەملی ڕاوەستابوون.کاک ئەحمەدی قازی تەواو چەمابۆوە، کۆسپ دوای کۆسپ بە سەرهەمووماندا هاتبوو. سەرتیپ مەنسووری کوردی زانێکی کارامە بوو کە بەشی کرمانجیی «سروە»ی لەگەڵ کاک «کافی عەلەوی»ئیدارە دەکرد.

لە گۆشەیەکی مزگەوتێ دانیشتین و فاتیحایەکمان خوێند و لە یەزدان پاڕاینەوە دۆستانمان وەبەر بەزەیی خۆی بخا، لە دڵی خۆمدا وەبیر ئەم شێعرە کەوتمەوە:

گر ز حکمت ببندد دری   زرحمت گشاید در دیگری

بەڵام کۆستی فەرهەنگی و ئەدەبیی ئێمە دەرکە نەبوون، کۆڵەکە و ئەستووندەگ بوون، بڵێی حیکمەت و ڕەحمەتی خوداوەند یەک بگرن و جێگەیان پڕ بێتەوە؟

لای ئێوارە سەردانێکی «ڕەسووڵی وەیسی»مان کرد و گەڕاینەوە مهاباد. خودا بکا ئاخرین کۆستمان بێ. ■

٤

**وەرگێرانی: ئەنوەری سولتانی**

# ڕۆژژمێری تەورێز

**بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا**

Fo. 341/45478

**ڕاپۆرتی ژمارە ٨**

**١٩ای مانگی ئاپریل تا ١٦ای مەی ١٩٤٥**

**٩٧) ورمێ:** لەم پاراگرافەدا باسێکی ئەوتۆ لە مەسەلەی کورد نەکراوە، جگە لەوەی دەنووسێت: «بە گوێرەی هەواڵی هەواڵدەرێکمان لە بۆکانەوە، نزیکەی ١٠٠٠کەس لە کوردی [هۆزی] دێبۆکری، حەیدەری و شێخ ئاغایی و هەروەها مەلایەکی خاوەن نفووز بە ناوی «سیف القضاه»[میرزا ئەبولحەسەنی سەیفی قازی]، چوونەتە ناو حیزبی توودەوە».

**٩٨) کاروباری کورد:** لە سێ حەوتووی ڕابوردوودا، لافاوێکی چاوورِاو لە مهابادەوە هەستاوە و باسی پێکهاتنی «سوپای سەربەخۆیی» لە نێو شار دەکەن. هێندێک راپۆرت گەیشتوونەتە ئەم کۆنسوولخانەگەشتییە و جێگەی متمانەشن، چ ئەوانەی وا لە لایەن کوردەکانەوە هاتوون و هی ئەو سەرەک هۆزانەن وا دوژمنایەتییان لەگەڵ قازی محەممەددا هەیە، چ ئەوانەی وا لە لایەن سەرچاوە ڕەسمییە ئێرانییەکانەوە گەیشتوون. هیچکام لەوانیش، تەواو ڕوون نین بەڵام وشیارکەرەوەن.

هەرچۆنێک بێت، هەموو راپۆرتەکان لەوەدا هاودەنگن کە «ئەنجومەنی ژ.ک» یا بەو شێوەیەی وا کورد خۆیان ناوی دەبەن «کۆمەڵە»، توانایییەکی لەڕادەبەدەری هەیە. هەواڵدەرێکمان، بنەمای ئەو توانایە دەگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی کرانەوەی «ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران وسۆڤیەت لە نۆهەمی ئاپریل [ی ١٩٤٥، لە مەهاباد]. نامەیەکی بانگ هێشتن (بە فارسی و کوردی) چاپ کراوە و بۆ سەرەک هۆزە دوورونزیکەکان نێردراوە. جێگری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ میوانی فەخریی بانگهێشتنەکە بووە.

ئەمیر ئەسعەد [عەلی ئاغای ئێلخانی، پاشان«عەلیار»]یش، نامەی ئەو بانگهێشتنەی پێگەیشتووە، بەڵام بە ڕواڵەت بەشداریی نەکردووە.

یەک لە هەواڵدەرەکان دەڵێ جێگری کۆنسوولی ڕووس بە هۆی «گارد»ێکەوە پێشوازی لێکراوە، کە بەشێک بووە لە «سوپای سەربەخۆیی» تازەپێکهاتوو. بە ماوەیەکی کەم پێش ئەو ڕووداوە، (لە ڕۆژێکدا، کە ڕوون نییە کەی بووە)، کۆمەڵەی ژ.ک، خۆپیشاندانێکی بەڕێوەبردووە، کە ڕوخساری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانە بریتی بووە لە شانۆیەک. شانۆکە، کوردستان لە بیچمی ژنێکدا نیشانداوە [«دایکی نیشتمان» ــ وەرگێر]، کە دەستی لە کەلەپچەدایە و بە نیشانەی ملهوڕیی [دەوڵەتانی] ئێران، عێراق و تورکیا، دوو منداڵی گرتۆتە باوەش، ئینجا دەستێک کە چەکوش و داسی پێیە، لە کۆت وزنجیر ئازادی دەکات. کاتێکیش کە ڕزگار بوو، چارشێوەکەی لە سەر لادەچێت و ئاڵایەکی سوور لە سەر سینگی دەردەکەوێت کە لێی نووسراوە:

«بژی ستالین، ڕزگارکەری گەلانی بچووک»

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دەسەڵاتدارێتی سۆڤیەت، لایەنی کۆمەڵەی ژ.ک دەگرن. بەڕێز «هاشمۆف» ـ جێگری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ، مانگی ڕابوردوو، جارێک زیاتر سەردانی مەهابادی کردووە و میوانی قازی محەممەد بووە. ئەستەمە ژمارەی بێکەم و زۆری ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک، یاوخد قەوارەی «سوپا»کەی بزانرێ، سەرچاوەی داراییەکشی هەر ڕوون نییە لە کوێوەیە.

قوماندانی سوپای ئێرانی لە تەورێز لای وایە هێزی سوپاکە لە ٢٠٠ کەس تێپەڕ ناکات، بەڵام هەواڵدەرێکی کورد ئەم ژمارەیە دەگەیێنێتە هەزار کەس. ڕاپۆرتەکانی پێشوو ڕایاندەگەیاند کە ئەندامانی هێزەکە، جلوبەرگی هاوچەشن(یونیفۆرم)یان لەبەردایە، بەڵام هەواڵدەرێکی کورد، کە لەم دواییەدا لە بۆکانەوە هاتووە، دەڵێ ئەو یونیفۆرمە ئێستا ئیتر نەماوە. هۆیەکەشی، بە بەشێک لەو نهێنیکاریی(خۆ قایمکردن)ە لێکدەدرێتەوە کە پێوەندی بە داخوازیی «سەرهەنگ وەرەهرام»ـ فەرماندەی تیپی تەورێز [ی سوپای ئێرانی]لە کاتی سەردانی بۆ مەهاباد هەیە: ئەندامانی «سوپا»، بێ یونیفۆرمەکەیان، لە خەڵکی ئاشتیخوازی شاری مەهاباد جیاناکرێنەوە، کە شێوەیان ئەوەیە بە چەک و فیشەکدان بە نێو شاردا بگەڕێن بەچەشنێک کە هیچ ڕیسواییەک بۆ دەستوپێوەندی هێنری مۆرگان یا کاپیتان کید نەخوڵقێ.

ڕادەی پشتیوانیکران و هاندرانی کوردی مەهاباد لەلایەن عێراقەوە ڕوون نییە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێک، گەنم و توونتنی زۆر لە ناوچەی مەهابادەوە بۆ فرۆشتن ناردراوەتە عێراق، کە دەگوترێ نرخ لەوێ لە ئێران بەرزترە. هەروەها دەگوترێ کە ئەو پارە زیادییەی نێوان نرخی ئێران و عێراق، پێشکەش بە کۆمەڵەی ژ.ک دەکرێت. ئاشکرایە پێوەندییەکی زۆر لە سەر سنوور هەیە و چاپەمەنیی کوردیی چاپی عێراق لە مەهاباد بینراون، ئەوەی لەم دواییەدا بینرابێت، ناوی «یەکێتی تێکۆشان»ە کە لە لایەن حیزبی شیوعی عێراق(کورد)ەوە بڵاوبۆتەوە.

قسە لە حیکایەتێک دەکرێ کە گوایە ئەو کوردانەی وا لە تورکیا هەڵاتوون و گەیشتوونەتە ناوچەی «سۆما و برادۆست»لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، گوتوویانە بزووتنەوەیەکی هاوچەشن لە شارەکانی تورکیا: دیاربەکر و «گیاوار» (گاوار، گەڤار) لە نزیک سنووری ئێران و ڕۆژئاوای ورمێ سەری هەڵداوە و لەلایەن عەسکەری تورکەوە سەرکوت کراوە، نزیکەی ١٢٠کەس سەرەک هۆزیان گرتووە و لەداریان داون. ئەم نەقڵە، هیچ سەرچاوەیەکی دیکە تەئییدی نەکردووە.

هەواڵدەرێکی زۆر هەواڵیان داوە کە کوردی ناوچەی ورمێ بەڵێنی پشتیوانی کردنی کۆمەڵەی ژ.ک ی مەهابادیان داوە. دەگوترێ زێڕۆبەگی

هەرکی لە مەهاباد سەردانی قازی محەمەدی کردووە. سەرەک هۆزانی دیکەی باکور [ی کوردستانی ئێران] کە دەگوترێ لایەنگریی [ژ.ک]دەکەن، بریتین لە: تاهیری کوڕی سمکۆ لە شکاکان، ڕەشیدبەگی هەرکی وسەعید بەگی برای، سەبارەت بە عومەرخانی شکاک، جێگری سمکۆ، ڕاپۆرتی تێکەڵ وپێکەڵمان پێگەیشتووە. هەواڵدەرێکی کورد لە بۆکان، دەڵێ زۆربەی هۆزەکانی دێبۆکری، مەنگوڕ و مامەش بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک.

ئاشکرایە بۆ مەسەلەی ڕاکێشانی پشتگیریی کوردەکان، کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی توودە، کێبەرکێیان لە نێواندا هەیە و دەگوترێ کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ.ک لە مەهاباد نامەی بۆ لقی حیزبی توودە لە میاندواو نووسیوە و داوای لێکردوون ناوی هیچ کوردێک لە حیزبەکەیاندا نەنووسن، چونکە ئەرکی هەموو کوردێکە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک (ڕەنگە هەرزانتریش بێ، چونکە وەک زانراوە، کۆمەڵەی ژ.ک داوای باجی ئەندامەتی ناکات بەڵام حیزبی توودە، مانگانە باجێکی یەک تمەنی لە ئەندامانی وەردەگرێت).

جیا لە پشتگیریی کاتیی وبە هەڵکەوت، وەک لە پاراگرافی ژمارە ٩٧دا گوتراوە، وێناچێ حیزبی توودە لە ناو کورددا دەستکەوتێکی هەبێت. زۆربەی سەرەک هۆزەکان، دژایەتی دەکەن. دەگوترێ زێرۆبەگی هەرکی ـ سەرەک هۆزی ڕێگری خەڵکی «کووکیا»لە نزیک ورمێ، لە ناوچەکەی خۆیدا هەنگاوێکی ڕاستەوخۆی دژ بە حیزبی توودەی هەڵێناوەتەوە بەوەی کە ١٢هەزار کارتی ئەندامەتی عەشیرەت و ئێرانییەکانی کۆکردووەتەوە و داوای لە کۆمیتەی حیزبی توودە لە ورمێ کردووە هەموو ئەو پارە ئەندامەتییەی کە لە سێ مانگی ڕابوردوودا وەریانگرتووە، بیدەنەوە بە خەڵکەکە. هەرچۆنێک بێت، دیارە ئەم مەسەلەیە هەستی دژ بە حیزبی توودەی «زێرۆ» نیشاندەدات کە دەستی داوەتە کارێکی گرینگ و بە جەربەزە.

هەڵخلاندنی ڕوو لە زیاد بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کورد، بۆتە هۆی دەرکەوتنی بابەتی توند وتیژ و وشیارکەرەوە لە ڕۆژنامەی «کەیوان»ی ڕۆژی ٢٦ی ئاپریل [ی ١٩٤٥]ی چاپی ورمێدا. ڕۆژنامەکە ڕایدەگەیێنێت کە سەربەخۆیی کورد، سەربەخۆیی لوڕ و پارچەپارچەبوونی وڵاتی بە شوێندا دێت. سەرنووسەر [ی ڕۆژنامەکە] کە پێشتر وەک گوێ لەمستیی ملکەچی ڕووسەکان سەیردەکرا، بەڵێنی وتارێکی دیکەی داوە لە ژمارەی داتیی ڕۆژنامەکەدا، بەڵام پێش دەرچوونی ئەو ژمارەیە، نفووزێکی دیکە [وا هەیە نیازی لە ڕوسەکان بێت ـ وەرگێڕ]، دەوری خۆی بینیوە لەو کاتە بەدواوە، هیچ وشەیەکی سەبارەت بە مەترسیی کوردان نەنووسیوە،

**جی. و. واڵ**

***

Fo. 371/45478

**ڕاپۆرتی ژمارە ٩**

**١٦ی مەی تا ٨ ی جوونی ١٩٤٥**

**١١٠) ورمێ:** لە ماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا سەرتیپ هومایونی فەرماندەی تیپی سێهەم [ی سوپای ئێرانی]، سەردانێکی دەڕۆژەی ورمێی کردووە. ناوبراو لە گەڕانەوەدا [بۆ تەورێز]، گوتوویەتی هەموو شتێک لەوێ هێدی وهێمنە، بەڵام هەرچۆنێک بێت تەئییدی ئەوەی کردووە کە زێرۆبەگی هەرکی ـ چەتەی کورد، لایەنی کۆمەڵەی ژ.ک دەگرێت وسەرەک هۆزەکانی دیکەی هەرکیش لەناوچەی «مەرگەوەڕ»[ی ورمێ]، کۆبوونەوەیەکیان کردووە. برای مەلا مستەفای بارزانی ـ سەرەک هۆزێکی کوردی عێراق، سەری شنۆی داوە و ڕووسەکان گرتوویانە. پاشان «قەرەنی ئاغای زەرزا» کەوتۆتە نێوانەوە وئازادی کردووە، ئیجازەشیان پێداوە درێژە بدات بە مەئمووریيەتەکەی لەمەڕ پێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵەدا. فەرماندە [سەرتیپ هومایونی]، لای وابوو، براکەی [مەلا مستەفا] ناوی قادرە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەوە بیستراوە زێرۆ خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردووە ولە دەوروبەری ٢٠ی مەی دا هێرشی کردۆتەسەر وەرزێری زەوییەکانی گوندی «تازەلوو» و «جەیرانلار» و گاڕانەکانی ڕاماڵیوە. گوندنشینەکان بەیارمەتی جەندرمە، دژی وەستاون و کاتێ زێرۆ زانیویە تووشی شکان هاتووە، داوای یارمەتی لە «کەریم خانی هەرکی» دراوسێی کردووە. گەرچی کەریم خان دوژمنایەتی زێرۆ دەکات بەڵام بۆ ڕزگارکردنی کەوتۆتەڕێ. هەرچونێک بێت لە ڕێگا، لایەنێکی دیکەی مەسەلەکەی بەرگوێ کەوتووە کە زێرۆ هێرشی کردۆتەسەر ئەوان، ئینجا عەداڵەتخوایی شوێنی لە سەر داناوە و لەپڕ بڕیاری گەڕانەوەی داوە. دەگوترێ ئامۆزایەکی زێرۆ کوژرابێت و وەرزێرێکی ئاسۆرییش بریندار و پاشان مردبێت. زێرۆ ڕایگەیاندووە تۆڵەی ئامۆزاکەی دەستێنێتەوە. ئەو هێرشە، لە کاتێکدا ڕوویداوە، کە سەرتیپ دورەخشانی لە ورمێ بووە و گوندنشینەکان داوای یارمەتییان لێکردووە، بەڵام گوتوویەتی ئیجازەی ئەوەی نییە هێزی سوپا بەرێتە ناوچەکە.

**١١) کاروباری دیکەی کورد:** قازی محەمەدی مەهابادی ئێستا لە تەورێزە و دەگوترێ گازندەی لە دەست حکوومەتی ناوەندیی هەیە بە هۆی ناردنی جەنەراڵ «هوشمەندی ئەفشار»ەوە بۆ سەقز، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی لابردنیان پێدابوو. هەواڵدەرێک لە هۆزی دێبۆکری نزیک بۆکان*، دەڵێ ژمارەیەک «موهاجیر» (واتە ئەو بە ڕەگەز ئێرانییانەی وا لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە گەڕاونەتەوە [ئێران] و لایەنگری ڕوسەکان دەکەن)، ئێستا لەگەڵ «شێخ ئاغایی»یەکانن، کە لقێکی دێبۆکرین و بە کردەوە هانیان دەدەن بۆ هێرشکاریی. شێخ ئاغاییەکان، پشتیان بە فەرماندەی ڕووس لە میاندواو ئەستوورە ـ ئەو فەرماندەیە، ناوی سەروان «ئەماز عەلییێف»ە و دەگوترێ پشتگیریی ئاژاوەچییەکانی حیزبی توودە دەکات کە بە ناوی کڕینی تفاقەوە دەچن بۆ گوندەکان و چوار ڕووسیشیان لەگەڵ دەنێرێت. لە کاتێکدا ڕووسەکانی قاوقاز بە گشتی لایەنی سیاسەتی ئازەربایجانییەکان [ی ئێران] دەگرن، ئەم تاوانبارکردنانە، وا هەیە هیچ نەبن جگە لە باسوخواسی لایەنگرانەی هەنگاوێک [ی ڕووسەکان] بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە، گەرووی یەکتری هەڵنەبڕن.

هەمان هەواڵدەر گوتی لە وتووێژێکدا بە سەرۆکی جەندرمەی تەورێز سەرهەنگ دورەخشانیم گوتووە ئاگاداری ئەوە بێت جەندرمەکان، کورد ناڕەحەت نەکەن چون ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کوردێکی زیاتر بچنە ناو حیزبی توودەوە. سەرۆکی جەندرمە، لە وەڵامدا گوتوویەتی: بۆچی دەبێ نەچن؟ حیزبی توودە، حیزبێکی باشە ومنیش یەکێک لە ئەنامەکانیم.

* بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی پێشوو، ئەم هەواڵدەرە واهەیە قاسم ئاغای ئێلخانی ادە(موهتەدی) بێت ـ وەرگێڕ.

Fo. 371/45478

**ڕاپۆرتی ژمارە ١٠**
**٩ تا ١٩ی جوونی ١٩٤٥**

**١٢١) ورمێ:** ڕاپۆرتەکە باسی هێندێ ڕووداو و مەسەلەی ناوچەی کردووە:

ــ تۆفانێک کە هەزاران تۆن حاسڵی وەرزێرانی ناوچەی ـ بەتایبەت «ڕەوزەچای» لە ناوبردووە،

ــ چالاکییەکانی ئەنجومەنی ئێران وسۆڤێت لە ورمێ و پیشانگای ڕەسمی سەبارەت بە جەنەراڵە ڕووسەکان لە ئاسیای ناوەندیی،

ــ نەبوونی هەواڵ لەمەڕ هەڵسوکەوتی حیزبی توودە لە ناوچەکەدا،

ــ دەستبەسەرکرانی ١٥تا ٢٠ لایەنگری «سید ضیاالدین طباطبایی» * لەلایەن ڕووسەکانەوە،

ــ چوونی سەرەک هۆزانی ناوچەکە بەرەو کۆمەڵەی ژ.ک و پەرەسەندنی مەسەلەکە.

ڕاپۆرتەکە، هەروەها دەڵێ:

زێرۆ بەگی باراندوز[هەرکی] ڕووی کردۆتە کۆمەڵەی ژ.ک و ئەو مەسەلەیە، بەلایەنگریی ڕووسەکان لە کۆمەڵە لێکدەداتەوە،

چوونی «هاشمۆف» ـ یاریدەری کۆنسوولی ڕووس لە ورمێ وچەند قوماندانێکی سۆڤێتی بۆ تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دۆڵی قاسملوو و چاوپێکەوتنی سەرەک هۆزانی کورد. هەروەها ئەو وردە هەواڵانەش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون:

ــ ٦٠٠(یا ٦٠) کوردی شکاک لە ١٨ی مانگی جووندا چوونەتە ناوشاری سەلماسەوە،

ــ کوردەکان هێرشیان کردۆتەسەر گوندی «قاضی جاە» لە تەسووج،

ــ لە ناوەڕاستی مانگی جووندا، شەڕێک لە نێوان تیرەی «شێخ کانلوو» و «دیلمی» لە نزیک «قەرەزیائەددین»ی نێوان خۆی و ماکۆ ڕوویداوە،

ــ شێخ عەبدولقادری ماکۆیی لەگەڵ سەرەک «عەلی میهوگی»دا کەوتۆتە شەڕەوە و گوتراوە لە گوندی «چغرلووکەندی»، ٥٠٠ سەر مەڕو گاڕانی بردووە و شەش گوندنشینیشی کوشتووە.

* سەرەک وەزیری پێشووی ئێران و ناسراو بە لایەنگریی لە سیاسەتی ئینگلیز ــ وەرگێڕ.

***

**١٢٢)* کوردی مەهاباد:** قازی محەمەد، وەک حاکمی ڕاستەقینەی مەهاباد سەر هەڵدەدات. چاودێرێکی شارەزا کە لەم دواییەدا چاوی پێی کەوتووە، دەڵێ زمانە ڕووسییەکەی زۆر باشە.

سەیارەی سینەمای «پێوەندییە گشتییەکانی بریتانیا» لە ٢٥ی مانگی جووندا سەردانی مەهابادی کردووە ولە گۆڕەپانی شارەکەدا، فیلمی هەواڵ و دۆکیۆمنت و گاڵتەجاڕی نیشانی خەڵک داوە. فیلم نیشاندانەکە، بە پشتگیریی قازی محەمەد بەڕێوەچووە وخەڵکێکی زۆر بەشداریی نومایشەکەیان کردووە، بەڵام کەسانی ناحەز لەوکاتەدا خۆپیشاندانێکیان بەڕێوەبردووە و سەروخوار، بە نزیک سینەماکەدا تێپەڕبوون و تەپڵیان کوتاوە و وێنەی مارشاڵ ستالینیان بەرز کردۆتەوە. لە ماوەی فیلمەکەدا، دووجار وایەری پرۆژێکتۆرەکە هەڵبڕاوە و کەسێکیش خشتێکی بە ئامپلی فایرەکەدا داوە.

سەرەڕای ئەم دەمارگیری نواندنە، نیشاندانی فیلم بەوپەڕی ڕەزامەندیی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکەوە کۆتایی پێهاتووە. قازی محەمەد، کە بەڵێنی پاراستن و پشتگیری دابوو و هێندێک لە پاسەوانەکانی خۆشی ناردبوە شوێنەکە، بەو سابۆتاژە دڵگیر بووە و ناڕەزایی خۆی دربڕیوە. پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتی دژ بە بریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجومەنی سەربەخۆیی کورد ــ کۆمەڵە، بە گەرم و گوڕی لایەنی سۆڤێت دەگرێت و ئەم ڕووداوە، واهەیە لە زیهنی چوارچێوەداری کەسانی توندڕەو لە مەهابادا، بە دژایەتیکردنی بریتانیا واتابکرێتەوە.

لە ڕۆژی V.E **، ئالایەکی سوور لە شەقامی سەرەکی مەهاباد دا، دەشەکایەوە و بۆ ماوەی سێ حەوتوو لە شوێنەکەدا مایەوە، هەتا ئەوەی بە شێوەیەک کە دەگوترێ کاربەدەستێکی ڕەسمی کۆنسوولیەتی ڕووس لە تەورێز، سەردانی شارەکەی کردووە و پێیگتوون لەوێی لابەرن.

لقی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران ــ سۆڤێت کە لە مانگی ئاپریلدا لە مەهاباد کرایەوە (بڕانە ڕاپۆرتی ژمارە ٨، پاراگرافی ٩٨)، وادیارە ڕووی لە کزیی نابێت. ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێکی ڕووسیی ڕێکخراوەکە، لە شاردا نەماون.

هاتوچۆیەکی زۆر لە نێوان کوردی مەهاباد وبراکانیان لەو پەڕی سنووردا هەیە. کڕین و فرۆشتنی ئەسپ و گەنمەشامی لە سەر سنوور، پەرەی سەندووە. لەم وەرزەدا، هاتوچۆی نێوان مەهاباد و عێراق بە ئەسپ هاسانە، کوردێکی عێراقی کە لە پێوەندییەکی زۆری کوردی مەهاباد دایە، سەید حوسێنی ڕەواندزی[حوزنی موکریانی]یە. دەگوترێ لە بەغدا ڕۆژنامەیەکی کوردی دەردەچێت، کە ناوی «دەنگی گیتی» [تازە]یە و لە مەهاباد لایەنگری زۆرە.

چاودێری ئیدارەی «تەداروکات»ی حکوومەتی ئێران، ماوەیەک لەمەوپێش چوون بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی چاوەدێریی دابەشکردنی قەند بکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە و گەڕاونەتەوە دواوە. گازندەی ئەو کەسانە ئەوە بووە کە سەرەک هۆزەکان داوای بەشێکی زۆر بۆ هۆزی خۆیان دەکەن، کە گەلێک لە ڕادەی گونجاو زیاترە و بێگومان ڕووداوەکانی مانگی فەبریوەری ڕابوردوو (ڕۆژژمێری ژمارە ٤، پاراگرافی ٥٠)یان گرتۆتە بەرچاو و ڕێگای سلامەت واتە گەڕانەوە بۆ تەورێزیان هەڵبژاردووە ولەوێوە تێلگرافێکیان بۆ وەزارەتی دارایی ناردووە. کەسێک، کە خۆی بە «کوڕی کوردان» ناساندووە، وەڵامی وتارێکی داوەتەوە کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی ئاپریل [ی ١٩٤٥]ی ڕۆژنامەی «کەیوان» چاپی ورمێدا بڵاوبووەوە و هێرشی کردبوە سەر بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد (ڕۆژژمێری ژمارە ٨، پاراگرافی ٩٨). نووسەری وەڵامنامەکە، بە توندی لایەنگری لە مەسەلەی سەربەخۆیی کورد دەکات بەڵام دەست دەنێتە سەر ئەو خاڵەی کە خۆی ئێرانی یە «چونکە لە ئێراندا دەژی». کورد، دەیانەوێ لەگەڵ ئێرانییەکاندا وەک برا و دراوسێ، بە هێمنی بژین بەڵام دەستتێوەردانی ئێرانییەکان لە ئیشوکاری ناوخۆیاندا قەبوڵ ناکەن. لە عەینی کاتدا، باسی ئەو سووکایەتییە دەکات کە ڕۆژنامەی «کەیوان» بە گەلی کوردی کردووە.

ئەم وەڵامنامەیە، لە بیچمی هەواڵنامە و بە ژمارەیەکی کەم لە تەورێز چاپ کراوە و نوسخەیەکی بۆ کونسوولیەتی تورکیا ناردراوە، بەڵام نوسخەی نەگەیشتۆتە دەست کۆنسوولەکانی دیکە.

**جی. و. واڵ**

* لە دەقی ئەسڵیدا ئەم ژمارەیە بە هەڵە ١٢١ نووسراوە ــ وەرگێڕ.
** ڕۆژی سەرکەوتنی ئورووپا بە سەر ئاڵمان و کۆتایی هاتن بە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ١٩٤٥/٥/٨دا ــ وەرگێڕ.

ڕیبوار سیوەیلی

# هەندێ پێداچوونەوەی شیعری بە ساڵی ١٩٩٧دا

دانمارک

١٤

بە حیکمەتی ئەم مۆمە چاو دەڕێژین
تاکە بە دارستاندا ڕەت بووین،
خۆرمان بیرنەچێتەوە.
پەری زەرنەقووتەیەک لەبەر دەکەین
تا لە ناو گەرداوی ئاژاوەدا
ئاوازی نەغمەمان بیر نەچێتەوە
پێکەوەبوون دەکەینە فارگۆنی ئەم هیجرەتە
تا لە قیتاری ئەم غوربەتەدا
بە تەنیا نەمێنینەوە!

١٥

زۆرجار بۆ ئەوەی
ساتی دۆزەخیی
تۆرانەکان کورت بینەوە
ملی تووڕەییم دەدەمە
بەر مقەستی ئاشتبوونەوە..

١٦

زۆر میتۆد هەیە بۆ نزیکبوونەوە لە تۆ
من ناوی سێیانیان دەهێنم:
ـ بەرپاکردنی شەڕێکی قورس،
ـ خێرا پەشیمان بوونەوە،
ـ دانیشتن لە سەر مێزی گفتوگۆ!

١٧

بە پیریش هەر یەکتر جێناهێڵین
بارانی عەشق ئەکەین بە لێفە و
هەتاوی بیرەوەری بە سەرین..

ئەوانیتر

١٨

هەتاوی زەردی پاییزان
دڵی دایکمم دێنێتەوە یاد
کاتێ باوک و براکان پشتیان تێدەکردم
ئەو بۆم گەرم دەبوو.

١٩

خوشکی بچووک هاودەمێکی سەیرە
زۆرجار هێندە هارە دەبێ لێیدەی
زۆرجاریش تەنیا کەسێکە
نهێنییەکانتی بۆ باسکەی.
خوشکی بچووک:
گا فریشتەیەکە و
گا شەیتان!

٢٠

جارێک لەگەڵ باوکم شەڕمان بوو
دایکم پشتی منی گرت
باوکیشم،
وەک تەنیاترین ئینسان،
ماڵەکەی بەجێهێشت.
من لەوساوە هەم پەشیمانم
هەم شەرم بە نەفرەتکرد..

٢١

خۆشترین ماڵ ئەو ماڵەیە
کە لەپڕ حەمام گەرمدەکرێت و
کوڕی قۆشمەی ماڵ بە تەوسەوە
ڕوو ئەکاتە دایک و باوک و پێیان ئەڵێ:
دیسانەوە بەزمەکەیە!

٢٢

کە من منداڵ بووم
خوشکەکانم بە دێنی دەهاتنەوەی لامان
بە چاوی دایکما نەمزانی،
ئەوان چەندە خۆشحاڵن بە ماڵەمێرد
بە دەنگی باوکیشما: چەندە نائومێد..

٢٣

خەبەری مەرگی خوشکە گەورەکەم،
جودایی قووڵتر کردمەوە.
مەگەر گریان پێناسەی تەنیاییم بکات
تەماشاکە، چ بێشەرمە غوربەت!

هاوڕێکان

٢٤

بیرتان دێتەوە کۆڵانەکانی منالی؟
دروست لەو شوێنەی
چەندین جار بەدەمەوە دەکەوتین و
لووتمان دەپژا،
ئێستە گژوگیای پیربوون ڕوواوە..
گەر ئەم چاوشارکێیە دڵمان خۆش نەکا،
گۆڕەکان پڕدەکەین لە نائومێدی..

٢٥

کە هاوڕێکەت لە نامەیەکیا
لەبری یادێک و سووکە جوێنێ
وشەی (کاک) ئەخاتە بەردەمی ناوەکەت،
بەفری بێخەوی دائەکا و
تەمەنیش،
وەرزی نائومێدییەکی تر ئەهێنێ..

٢٦

دۆینێم دەرگای ڕووەو دۆزەخ لێکردمەوە و
ئەمڕۆشم دەروازەی خەمێ.
ئەم نهێنییە بە تۆ ئەڵێم:
من هەمیشە شایەتی دووڵەت بوونی خۆمم
جارێ خەنجەری هاوڕێیەک
لە ڕۆحما سەرخەو ئەشکێنێ و
جارێ دڵم بە نارنجۆکی جەللادێ هەڵئەتەکێ
هەندێ جار نائومێد دەبم و
کونجی تەنیایی ئەگرم
زۆربەی جاریش دێمە هاوار،
بە خۆم ئەڵێم:
چەندە نیشتمانێکی خۆراگرم..

٢٧

من لە نێوان جەللاد و هاوڕێکانمدا
لێکچوونێکی سەیر ئەبینم:
یەکەمیان لە دوورەوە،

←

خەونەکانم دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە
دووەمیشیان لە ناخمدا
لوغمی مەرگ دەنێتەوە.

٢٨
ئەو کەسەی لە شەو ماندەگرێ
لە گیرفانیا چەقۆیەک و
بە شانیەوە تفەنگێک و
لە سەریشیا
پلانی کوشتنێک هەڵدەگرێ.

٢٩
لە کەستان خاوێنتر نیم،
هاوڕێکان لە هیچتان گوناهبارتر نیم.
گریانی بەر ئەم میحرابەم
ترس نییە لە خوا...،
گۆرانییەکی غەمگین بەری دڵمی گرتووە
وشەکانی پڕن لە تێکشکان
ئاوازەکەشی پڕ لە پەشیمانی..
بێگومان هاوڕێکان، بێگومان
گەر ئەوساش حیکمەتی ترسێ
سەمای پێکردبام
ئاوا بە ئاسانی لە بێ پەروابیدا،
مەلەم نەدەکرد
ئێستاش لە تەنیاییدا، نەفرەت نەیدە...م.

٣٠
ئەزیفی حەرفەکان
قەڵای میهرەبانی ڕادەماڵێ
لە دەست لەشکری نامە جەهەندەمییەکان
دەبێ سوار ڕاکێتی شیعر بم،
بەرەو ئەستێرەیەکی تر..
ئاه! چ خوێنبارانێکە ئەمشەو؟

٣١
چ خەنجەرێک بۆ بەرگری شک نابەم!
کراسی ئەو جەنگە بۆمن گەورەیە،
پۆستاڵی ئەم سەفەرە، قورس..
بۆ شکانی لەشکری ئەم قەهرە،
بە سەر لوغمی مەحەبەتدا ڕێدەکەم،
خوا گەورەیە!

**نیشتمان و غوربەت**

٣٢
من خەڵکی گوندێکم لەوپەڕی جیهان
ئێستاش لە شارێکم لەم پەڕی جیهان.
لەو پەڕی جیهان دەمویست تەنیا بم و
"میهرەبانی" نەیدەهێشت
لەم سەری جیهان تەنیایی داڵێکە،
بە سەر لاشەمەوە کڕ کەوتووە
میهرەبانیش هێلانەیەکە پڕە لە سەرما..

٣٣
ئاشتی ڕەنگێکە
گەر لە چاوا هەڵینەگرین
تاریکایی فێرمان دەکا،
کڕنووش بۆ برووسکە بەرین،
خۆشەویستی کتێبێکە
گەر بە وردی خوێنجەی نەکەین،
ڕەنگە تا ئەبەد
لەناو سەنگەرەکانی جەنگدا
سەرگەردان بین..

٣٤
دەشێت لە قەبرستانی خەڵکانی تر،
لە نێوان گۆڕێک و یەکێکی تردا
گوڵ و گیا بڕوێن..
بەڵام لە گۆڕستانەکانی ئێمەدا
تەنیا: قەبری تر..

٣٥
ڕەنگە نیشتمانی ئێمە تاقە ولاتێک بێت،
کانە بەردەکانی
بۆ کێڵی گۆڕەکان خۆڕایی بن و
سنوورەکانیشی بۆ کفنی قاچاخ
ئاوەڵا..

**داهاتوو**

٢٦
دەستم دەخەمە سەر بەرد و
ئایخەمە سەر قوڕئان!
قوڕئان بە بەردبوونێکی بێ ئایندەیە
بەردیش: بێدەنگییەکی جوان!

٣٧
لە یادگارەکانی کیسەڵدا
بۆ منداڵییەکانم ئەگەڕێم،
تا ئەم جارە
ئەخشەیەکی هێمنتر بۆ ڕۆژەکانم دابڕێژم
تا بیرم بێ،
بە خێرایی بە سەر دڵۆپی شەونم و
مێروولەی نیمچە سەرخۆش و
گەڵای وەریوی پاییزدا تێنەپەڕم.

٣٨
بێ دەمە تەقێ،
لە ئێستاوە تا بێ نیهایەت،
لە دروستکردنی دنیادا
هەموو هەڵەکانی خوا دەبەخشم،
کاتێ چاوم دەکەوێتە سەر ئافرەتێ!

٣٩
تەمەن هەڵگەڕانە بە دارێکدا
نیوەی خۆشی و
نیوەی نائومێدی.
بەڵام کەس نازانێت
کامیان دەبنە سەرەتا..

٤٠
ئەم فارگۆنی شیعرە پڕە لە نائومێدی
ڕۆحی منیش بە وەهمی ئایندەوە پڕ..
ئاه.. سەفەری تێکشکان،
با لە ناو بەفری ئەم گومانەدا ڕەسمێ بگرین!

٤١
کتێبەکانیشمان، ڕۆژگاری دەبنە پەناپەر
بڵێسەیەک برەو کەمپەکانی ئاسمانیان دەبات.
ئاخۆ دووکەڵی حەرفەکان هەست بە چی بکا،
کاتێ هەور دیپۆرتیان دەکاتەوە،
دەبێ چ بارانێ داکا؟!

***

## «لە سەحرادا»

دڵسۆز حەمە

سێهەمین ماڵ
ماڵی من و زستان و پەیژە بوو
ماڵی ساردترین تەنیایی و
درێژترین فەرشی ژێرپێی پیاسەکردنی بێدەنگی
کەسێک بوو چاوەڕێم دەکرد
تا چاوەڕوانی تەواو بوو، بەفر داهات.

ماڵی من و زستان و نەهاتن
تەلەفونێک بەردەوام وەستانی پەردە و
سکونی جێ پێی جێماوی سەر قاڵدرمە و
ناوی وەستاوی ناو بۆری بالوعەکان دەوروژێنێ
تەلەفونێک،
تەرەفی قسەکەر دارستانێکی تەنیا بوو لە تەزین دا
وەلێ تەرەفی وەڵامدەرەوەش هەمان دارستان خۆیەتی
نەدەکرا بە دەستی گەرمی ئەفسانەییت بڵێم وەرە
هەنوکەش پێم وایە کە «بوون» مەلەی ڕووبارێکی شینە،
ڕووت و قووت،
بەم گۆرەوی و پاڵتۆ و کاسکێت و چەکەوە
مەحاڵە بگەیتە مەرزی پێکەوەبوون و تێکەڵ بوون
بەتایبەتی لەگەڵ غروری ژنێک دا
کە عەشق کاولی دەکات.. بە نهێنی
ناو و ناوبانگی دەزڕێنێ.. بە ئاشکرا،
تەنای جارێک، جارێکی تر بانگم کە و بڵێ: خۆشم دەوێی
تا دڵنیا بم کە مردن حەوشەکەمی جێهێشتووە
غەڵەتەکانم هەر هەمووی لێ دەبووری،
بێ سنورە تێرینی بەحری دڵتەنگیم، بڵێ: خۆشم دەوێی
دەبوو وابم لە دنیایەک تۆی تیا نەبێ
لە دنیایەک حەیاچوون.. ئازایەتی یە
ئازایەتیشی.. حەیاچوون!!

ماڵی من و زستان بوو سێهەمین ماڵ،
کەسێک دێت و لە پشتی پەنجەرەوە دەچرپێنێ:
«گوڵ بەسەرچوو
تەرم و تابووتێ بەس نییە تا مردنێکت نیشان دەم!»
کەسێک، لە ژێر پردی شەوێک دا، پێش کاولبوون
شەوێک، ساردتر لە دڵی حەسودی
دوو سێوی ئاڵتوونی برد و
زەوی دامێ بە هەموو شەڕەکانەوەکەسێک کە من خۆشم دەوێ
هەمیشە پاڵتۆکەی لێرە جێدەمێنێ
چەرخ و چەترەکەی لە «تاران»،
تەلەفونێک لە بۆشایی بێ پایانی تەنیاییدا
زەنگ لێدەدات،

بڵێ: خۆشم دەوێی
جلی هەڵواسراوی ناو دۆڵاب و
چای تێکراوی ئەو میوانەی هەرگیز نایەت
بێ سرپەیی ناو داڵانی چاوەڕوانی
بلوری تەنیاییم دەشکێ،
تەرەفی وەڵامدەرەوە هەمان دارستان خۆیەتی
بڵێ: ڕۆژە خۆشەکان بە سەرچوو
زۆرم دەوێ ئەو جۆگانە پاک کەمەوە کە داوێنە پیسەکانی تێکەوتووە
سی وسەراوی کلۆرۆفیلی گەڵاشی گرتۆتەوە
شەوانی ساردی دارستان بێ ڕەحمە.. زۆر
بۆ بەدبەختی، فانۆسەکەم گەشترە لە چاوی هەتاو
تا ڕەشایی ڕەشتر دەکات ڕووی ئەبەنووس
ڕوونترە تەماشاکردن،
ڕووتترم، ڕووت
تەنیاترم،
دەبوو وابم لە دنیایەک تۆی تیا نەبێت.

تاران ــ ١٩٩٦

***

## ڕۆچوون

هەندرێن

خەونی تۆ، روناکترە لەو مانگە تاریکەی کە لە بوولێلێکدا
بێدارت دەکاتەوە.
ماوەکان دوورنین بۆ ئەو هەنگاوە پێخواسانەی
پێڵاوەکانی ڕووباریان پۆشیوە.
دەریاچەی لەپت دڵۆپە بێدەنگەکان گلدەداتەوە.
شەپۆلەکان لە ژێر پێستتدا بە زەناکانیان
دەستەکانت بۆ خۆیان ڕادەکێشن.
ـ با ـ ش بە کیژەکانی ژێیەکان دەژەنێ.
هەنگاوەکان خێراتر، بە ناختدا ڕادەبوورن،
زەمەنیش لە فەرامۆشیدا دەتوێتەوە.

موچڕکێک دوگمەکانی پاڵتۆکەت دادەخا و
هەروەک کات لە سەفەر ڕاپسکابێ
قەیتانی پێڵاوەکانت گرێدەدەیتەوە.
دوور لێرە، لە نێوان ماوەکاندا
ئەو شارەش لە بوولێلێکدا نقووم دەبێ
وەک تۆ بە ناو یادوەرییدا دەنگدەداتەوە.

ستۆکهۆڵم، ١٩٩٨/٣/٣٠

دوو پارچە شێعر:

## تیشکە محەمەدپوور

### لێکترازان

گەرەکمە
تێکەڵاوی تاوێرە بەردەکانی جەستەت بم و،
تارماییەکانی
سەردەمی ترسی منالّیم بتوێنمەوە،

لەگەڵ گەردیلەی هەناسەی ڕوحت
ئاشنا بم،
دەمەوێ
لەم سەفەرە لە سەهەنی سیحرت بگەم
ئاخۆ تۆش!
کڕیارێکی بۆ گیانی من
یا بازرگانێکی
بۆ فرۆشتنی جەستەی نەخاراوم.
هەر وەک منالّیی کە ڕایان هێنام
داوێنی خۆم لێ بەلاّ بێ!
چەند قەترە لە «ئابڕوو»ی کۆمەڵگاش
خۆی بە خەوی بێ ئاگایی منەوە هەڵواسی
هەر بۆ ئەوەی تا مردنم
لە ترپەی دڵ
لە خشپەی پێ
لە ڕاچڵەکانی
هەوەسی ئەوسنەکانی وەک خۆم مرۆڤ
بترسم و
لە ئاڵقەبەندی حوکمەکانیاندا
نەترازێم،
گەرەکمە
لە سەحەری عیشقێکەوە
قفڵی زمانە بەستراوەکان
بکەمەوە،

دەمەوێ
لە ناو تۆدا
گوێم لە ترپەی لێدانی دڵم بێ
خۆم لە تۆدا بدۆزمەوە.
کە ئاشناشم بە «بوونی» خۆم
چ کەم ئاکات لە لەزەتی حەزەکانت
ئەگەر وەک خۆم من بناسی،
ئەوەی لەیەکترمان دەترازێنێ...
زەمەنی گەڕانەوەیە بۆ دوواوە،
کاتێ برینەکان ژان دەگرن
خۆم لە تۆ ڕەها دەکەم،
لەگەڵ ئەستێرەکان
بۆ ئاوێتەبوون
زەماوەندی عیشق دەکەم.


### بۆ نێرگزی چاوەکانت

لە نێرگزی چاوەکانتا
بەهاری عیشق بەدی دەکەم
لە تیرۆژی ڕوانینت دا
گەرمی ژیان،
توانەوەی غەم
لە جەمسەری بەستووی ڕوحما
هەست پێدەکەم.

ئازیز!
لە ئەرخەوانی باڵی پەپوولە
لە چپەی شەونمی لێوی گوڵ
لە توێی حەزێکی سرک
لە بالاّی یادگارییەکان
ئازیزتری.
تۆ جریوەی ئەستێرەیەکی گەڕۆکی
لە ئاسمانی شەوەزەنگی دڵی منا
ڕاخوشی،
ئەتەوێ بۆ کوێ بچی؟!
وەرە ئازیز
لەگەڵ قەرەجی حەزم کەوە
با لە هەوارێکی تازەدا
پرێسکەی دڵ بکەینەوە
لە گیانی یاخیبووندا
هەموو کازیوەیەک
گۆرانی...
بۆ ئازادی
ئەوین
ژیان
بلّێینەوە.

# با دۆستێکی کورد بناسین

ئامادەکردنی: عارف باوەجانی



❑ لە شەوئاهەنگێکی کوردی کە ٣٠ کیلۆمەتر لە شاری ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویج دوور بوو، بڕێك کتێب وکاسێتی کوردیم دانابوو بۆ فرۆش. پاش ڕازاندنەوەیان لە سەر مێز، کابرایەکی نۆرویجی هات بۆلام و چاوی بە تەواوی کتێب وکاسێتەکاندا گێڕا.
کاسێتێکی شێعریی شاعیر «شێرکۆ بێکەس» لە ژێرناوی (ئاوێنە بچکۆلەکان) و وێنەیەکی گەورەی مامۆستای پایەبەرز و نەمر «هێمن»ی لێکڕیم. منیش بەڕاستی زۆر لام سەیر بوو، کە چۆن کابرایەکی نۆرویجی ئەو شتە کوردییانە دەکڕێ و لێشیان حالّی نابێ؟
هەرچەند من بۆخۆم تازە هاتوومە ولاّتی نۆرویج و زمانەکەیان بەباشی نازانم، هەرچۆنێك بوو تێمگەیاند و لێم پرسی ئایا ئەو شاعیرانە دەناسێ؟ لە وەلاّمدا گوتی من گەلێ شێعری شاعیرانی کوردیم بە زمانی سوێدی، نۆرویجی و ئینگلیسی خوێندووەتەوە و زۆریان تەئسیر لە سەر داناوم. هەرکە زانیم لە سەر کوردان شتی زۆر پێیە، داوام لێکرد پێکەوە بچینە لای دوو برادەرم بە ناوی کاک «فەرامەرز ئەلماسی» و کاک «ئاسۆ محەمەدی» کە لە نزیکی ئێمەوە دانیشتبوون و زمانەکەشیان باش دەزانی. بە هاوکاری ئەو دوو برادەرە کە زۆر سپاسیان دەکەم، ئەم وتوووێژە کورتەی خوارەوەم لە گەلّ پێکهێنا.

**پرسیار: حەز دەکەین خۆت بە خوێنەراونی کورد بناسێنی؟**
ـ من ناوم «بیۆرن نیتەبەری» (Biørn Nitteberg) و تەمەنم ٤٧ ساڵە، واتە لە ساڵی ١٩٥١ لە دایک بووم. من خۆم بە دۆستی کورد دەزانم ، بۆیە زۆر حەز دەکەم لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی کورد پێوەندیم هەبێ و بۆ ئەوەی زیاتر لە سەر کورد زانیاری پەیدا بکەم، لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی ئەو وتووێژە دەخوێننەوە داوادەکەم بەم ئەدرێسەی خوارەوە پێوەندیم لەگەڵ بگرن:

Sandvikveien 125, 9300 Finnsnes, Norway

**پرسیار: کام لە شاعیران و نووسەرانی کورد دەناسی؟ بۆ نموونە جەنابتان وێنەیەکی مامۆستا هێمن و کاسێتێکی شیرکۆ بێکەس تان لە من کڕی، ئایا ئەوان دەناسی؟**

ـ من وەک پێمگوتی شێعری ئەم شاعیرانەم خوێندووەتەوە، وەک شێرکۆ بێکەس، گۆران، هێمن، پیرەمێرد، هەژار موکریانی، دلّدار... هەروەها نازم حیکمەت و یاشار کەمال....

**پرسیار: چ زانیارییەکت لە سەر مێژووی کورد هەیە؟**
ـ لە سەر کوردان زۆر بابەتم لە کتێباندا خوێندووەتەوە، زۆر شتیشم لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و بڵاوکراوەکانی جیهانی دەست کەوتووە. لە سەر گەلی کورد ئەو شتەی هانی دام کە حەز بکەم لە ئازارەکانی شارەزابم، مەسەلەی «سامییەکان»بوو. چون سامییەکانیش لە ئەسکەندیناڤیا بەش کراون و قەدیمترین خەڵکی نۆرویجن و هیچ مافێکیان نییە و بچووکترین جەمعیەتن کە بێبەشن. هەروەها کوردەکانیش گەورەترین خەڵکن کە دابەش کراون و هیچ مافێکیان نییە.
من پێموایە ئەگەر زمانی دایکی(زگماکی) لە کەسێک وەربگیرێتەوە وەک ئەوە وایە کە شیری دایک لە منداڵێک ببڕیتەوە.

**پرسیار: ئایا گەلی کورد لە بواری ئەدەب و فەرهەنگەوە دەولەمەندە یان نا؟**
ـ مێژوو و زمان و ئەدەبییات شتی بناغەیین کە میللەت بناسێنن. کوردستان لە بواری ئەدەب و فەرهەنگەوە زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانم بڵێم کورد لە زۆر ولاّتی ئوڕووپایی زیاتر ئەدەب و هونەری هەیە.
دەلیلەکەشی ئەوەیە کە کوردەکان هەمیشە لە ژێر فشاری ولاّتانی داگیرکەردا بوون و هەربۆیە هەمیشە بە شێوەی خەباتی سیاسی، ئەدەبی و هونەری ویستوویانە بەرانبەر بە نەیارانیان بەربەرەکانی بکەن و بەڵگەی مێژوویی زیاتریان بەدەستەوە بێ.
حەزدەکەم بەو کوردانە بڵێم کە لە ئوڕووپا دەژین، ئەو تاقمە کە بە ناوی «ڕاسیست» لە زۆر شوێن ئەزیەتی پەنابەر دەدەن، ئەوانە لە ئەسڵدا مێژوو و فەرهەنگی خۆیان ناناسن، بۆیە ڕێز لە مێژووی گەلانی دیکە ناگرن و ترسیان لە بێگانە هەیە.

**پرسیار: جەنابتان تا ئێستا چەند بەرهەمتان بڵاوکردووەتەوە؟**
ـ من تا ئێستا ١١ کتێبم بلاوکردووەتەوە کە ٧ کتێبم لە سەر لاوان و منداڵانە، ٤ کتێبیشم کۆمەڵە شێعرن کە ناوی یەکێکیان بریتی یە لە: Regninger کە ساڵی ١٩٩٣لە چاپ دراوە.

**پرسیار: دەکرێ لە شێعرەکانت، یەکدوو برِگەمان بۆ بخوێنیەوە؟**

ـ بەڵێ، لەو کتێبەمدا، بەم چەند نموونەیە لە شێعرەکەم رِێزم لە شاعیرانی کورد گرتووە:

I dag reiser jag til Kurdistan
Der møter jag "Goran"
Vi tenner bål veden foss
Røyken stiger og vannet faller.

من ئەمرِۆ دەرِۆم بۆ کوردستان
لەوێ چاوم بە «گۆران» دەکەوێ
ئێمە ئاگرێک دەکەینەوە لە پاڵ تاڤگەیەکدا
دوکەڵی ئاگرەکە بەرزدەبێتەوە و
ئاوەکە دەرِژێتەخوار.

یا لە پارچە شێعرێکی ترم دا باسی زاڵم دەکەم، وەکوو:

Fire vegger og et vindu
Jag knytter henda i lomma.
Veit at diupt i jorda har trea rissa tyrannenes
Navn i sine røtter .

چوار دیوار و پەنجەرەیەک
منیش مشتم لە گیرفانم گرێ دەکەم
دەزانم کە زەوی داوی هەیە و
ناوی زاڵمەکان لە رِیشەی دارەکان هەڵکەنراون.

هەروەها کتێبێکی دیکەم لە ژێر ناوی «رِێزی خۆت بگرە» بۆ چاپ ئامادە کردووە...

**پرسیار: ئایا بە تەمایت کتێبێک لە سەر کورد بنووسی؟**

ـ بەڵێ، ئارەزوو دەکەم کە سەفەرێک بکەم بۆ ناوچەکانی کوردستان و زانیاریی باش کۆ بکەمەوە.

**پرسیار: ئایا بەرهەمەکانت لە نێو خەڵکی نۆرویجدا چۆن هەڵدەسەنگێندرێن؟**

ـ زۆر بە باشی و زۆریشم تەشویق دەکەن. یەکێک لە کتێبەکانم بە ناوی Utboeroppgjøret لە سەر لاوان ئێستا کراوە بە فیلم و لە کاناڵی NRK1 کە کاناڵێکی سەرتاسەرییە لە نەرویج، نیشان دەدرێ.

**پرسیار: ببوورە جەنابت کچەزایەکت ناوناوە «هۆگر» کە ناوێکی کوردی یە، ئایا ئەوە چۆن بوو؟**

ـ دراوسێیەکی کوردمان هەبوو ویستی من ناو بنێ هۆگر. بەڵام لەوکاتەدا ئەو منالە لە دایک بوو، ئیتر ناومان نا هۆگر.

**پرسیار: لە کۆتاییدا زۆر سپاسی ئێوە دەکەم و ئەگەر شتێکت هەیە فەرموو ...**

ـ منیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم. من بەشاعیران و نوسەرانی کورد دەڵێم: شاعیر وەک ماسی وایە لە نێو ئاو نەبێ ناتوانێ بژی. دەبێ ئەوانیش وەک ماسی بن و لە خەڵک دانەبرِێن. ■

کێشەی ئەدەبی:

# خەللاقییەت و میللییەت

ح. ک. زمناکۆ

وەرگێرِانی رِۆمانەکانی «یاشار کەماڵ» و نووسەرانی دیکەی کوردرِەگەز بۆ سەر کوردی کارێکی زۆر پرِ بایەخە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەمان. بەڵام ئەوەی سەرنج رِادەکێشێت، زۆر جار لە رِۆشنبیرانی خۆمان دەبیسم، کە ئەو ئەدەبە وەرگێرِدراوانە بۆ سەر کوردی، بە مەعنای گەرِانەوەیانە بۆ ئەسڵ و رِەگی کوردانەیان.

ئەو بانگەشەیە گەلێک هۆی هەیە: یەکێک لەوانە هەستکردنە بە نزمی و هەژاریی فەرهەنگەکەمان و، هیوا و ئاواتی رِۆشنبیرەکانمانە کە رِۆژێک کوردیش نووسەری گەورەگەورەی جیهانی هەبێ. هێندێک دەڵێن کورد قەت بە زمانێک قسەیان نەکردووە و نەیان نووسیوە، زمانی نەتەوەکانی دیکە لەلایان بە بەرەوتر و خۆشتر بووە، چ ئێستە و چ جاران بەو زمانانەیان نووسیوە و دەنووسن و، زمانی کوردیش پانە و بە دەردی خەلاقییەت و داهێنان نایە... ئەو بۆچوونە ئەگەر بە رِواڵەت دروست و مەنتیقیش بێ، خۆی هەڵاتنێکە لە مەنتیق و لێکۆڵینەوە، کە ئەوە بابەتێکی ترە و پێویستی بە باسێکی سەربەخۆ هەیە.

نووسینی نووسەرە کوردەکان بە زمانی بێگانە و هوییەتی نووسینەکانیان کێشەیەک دەخولقێنێت کە من لەو باوەرِە دام زۆر زەحمەتە یەکلابکرێتەوە و کێشە و لێدوانەکە هەروا درێژەی دەبێت: کە ئایا ئەو جۆرە نووسراوانە دەکرێ بە کوردی دابنرێن و بچنە نێو خانەی ئەدەبیی کوردییەوە؟

هەڵبەت لێرەدا مەبەستی من لە خەللاقییەت و داهێنان شێعر و رِۆمان و ژانرە ئەدەبییەکانی ترە ... دیارە زۆر وەڵام بۆ ئەو کێشەیە هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەدەب هوییەتی نییە، هەر وەکوو با فەزا دەتەنێتەوە (ئەمن خۆم ئەم قسەیە بە رِاست دەزانم تەنیا لەمەرِ باس و لێکۆڵینەوەکان واتە نووسینە غەیرە ئەدەبییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسراوەی لەم چەشنە دەبێ بە هەر شێوەیەک تەئسیری خۆی لە سەر کۆمەڵی دیاریکراودا هەبێ تا بە هی خۆی بزانێت). وەرگێرِانی ←

ڕۆمانێکی ڕووسی بۆ سەر کوردی: ڕوحێکی تازەی تێدا دەدەمێنێ لە بەستێنی زمان و فەرهەنگیی کوردیدا و، بە تێپەڕبوونی زەمانە ئەو ڕۆمانە بە شێوەیەک دەبێتە کوردی، بەتایبەتی ئەگەر کاتێک لە گەڵ نووسینی کوردیی جۆراوجۆر ئاوێتە دەبێت.

ئەو وەڵامە بە ڕای من ورد نییە و عەمەلیش نییە. چونکە باسی شوێنی ڕۆمانێکی ڕووسی یان غەیرە ڕووسی لە سەر ئەدەبی کوردی شتێکە و گەڕان بە دوای هوییەتی ڕۆمانەکە شتێکی تر. ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی ڕووسی یە، لەبەر ئەوەی خاوەنەکی لە ئەسڵ بە زمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی کە ڕووسی یە نووسیویەتی. ڕۆمانێکی ڕووسی یە، هەرچەندیش مەیل و مەبەستی ئینسانی هەبی و هەرچەندیش کاری لە ئەدەبی دیکەش کردبێ.

دیارە زۆر نووسەری کورد وەڵامی تایبەتی خۆیان بۆ ئەم کێشەیە هەیە، بەڵام وەڵامەکانیان لە ئیدیۆلۆجیا و سیاسەت بە دوور نییە.

وەڵامگەلی دیکەش هەن کە یەکێک لە وان ئەوەیە کە میللییەتی بەرهەمی ئەدەبی پێوەندی بە میللییەتی نووسەرەکەوە هەیە. ئەگەر نووسەرەکە میسری بێت، میللییەتی نووسینەکەشی میسری یە. تەنانەت ئەگەر بە زمانی بیانیش نووسرابێت.

ئەمما ئەگەر ڕۆژێک ئەو نووسینە وەرگێڕدرایە سەر زمانە نەتەوەیییەکەی نووسەرەکەی، ئەودەمە (هەڵبەت نەک بە ڕای من) بە تەواوی و بێ کەموکوڕی میللییەتی خۆی وەردەگرێتەوە. ئەو هەڵوێستە لە ڕاست یاشار کەمال و ئەدەبەکەی و هەروەها نووسەرانی کوردڕەگەزی دیکە هەبووە و هەیە. خۆ ئەگەر لە نووسینەکانیاندا بۆن و ئەفەسێکی کوردەواری هەبێت، ئەوە ئیتر بە کوردی دادەنرێن بێ ئەوەی قسەیەکی تریان لە سەر بکرێت.

من خۆم ئەو وەڵامە بە ڕاست و دروست دەزانم کە میللییەتی بەرهەمی ئەدەبی پێوەندی بە زمانی ئەدەبە نووسراوەکەوە هەیە. ئەدەبێکی نووسراو بە عەرەبی بەتایبەت شیعر هەر لە دەمی لەدایکبوونییەوە تەنیا میللییەتێکی هەیە ئەویش عەرەبی یە.

کتێبێکی نووسراو بە ئاڵمانی تەنانەت ئەگەر نووسەرەکەی کورد بێت یان عەرەب، میللییەتەکەی هەر ئاڵمانی یە و بەرهەمەکە دەڕژێتە نێو ڕووباری تافی ئەدەبی ئاڵمانییەوە. ئەو بەرهەمە ئەگەر تەرجەمەکرایە سەر کوردی و کەسێک بیری لە پێوەندیی نێوان هەر دوو ئەدەبی ئاڵمانی و کوردی (کە بە هیچ کلوجێک بواری بەراوردکردنیان بۆ نییە) تەنیا دەتوانێ و بۆی هەیە بیر لە تەئسیری ئەدەب و فەرهەنگی ئاڵمانی لە سەر کورد بکات. وەرگێڕانەکەی بۆ سەر کوردی یا زمانێکی دیکە قەت لە نرخی ئاڵمانیەتی وی کەم ناکاتەوە؛ بۆ ئێمەی کورد و هەموو غەیرە ئاڵمانییەکان هەر ئەدەبی بیانی یە، چ لە بۆن و بیچم و، چ لە شێوە تەنانەت ئەگەر لە کەلەپووری کوردەواریشی زۆر بە قەرز وەرگرتبێت. هەر لەبەر ئەوەی کە نووسەرەکەی (گریمان بە ڕەگەز کوردە) لە کاتی داهێنانی بەرهەمەکەی لە ژێر تەئسیری مەکتەبەکانی ئەدەبیی ئاڵمانی و بۆچوونەکان و ڕێوشوێنی هونەری ئەو ئەەبەدا بووە، ئەوە ئیتر بە هیچ کلوجێک لە ئەدەبی ئاڵمانی و شێوەکانی ئاوارتە ناکرێت.

قسەی واش لە سەر کوردی بوونی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە هەر لەبەر ئەوەی نووسەرەکەی بە ڕەگەز کوردە، یان هەندێ لایەنی لە کەلەپوور و ڕەگوڕیشەی کوردەواری هەڵگرتووە، تەنیا قسەیەکە خاوەنەکەی خۆی پێ فریو دەدات و کاتی لێ وردبوونەوە بە ئاسانی پووچ دەردەچێت.

بۆ ئەوەی قسەکەم بسەلمێنم کە ڕۆمان و چیرۆکەکانی یاشار کەمال بە «تورکی»، سەلیم بەرەکات و عەبدولمەجید لوتفی و محێدین زەنگەنە و دەیانی تر بە «عەرەبی»، عەلی دەرویشیان بە «فارسی» و، یان شاعیرگەلێکی کوردڕەگەز وەک بلند حەیدەری و... کوردی نین و جێیەکیان لە بەستێنی ئەدەبی کوردی بوونیان نییە؛ چونکە ئەوان لە نێو لافاوی پرۆسەی کار و کاردانەوە لە گەڵ بزووتنەوە ئەدەبییەکانی ئەو نەتەوەیانە بە زمانی ئەوانیان نووسیوە و، لەگەڵ هەموو ئەو ڕەوش و مەکتەب و شێوە و بیچمی داڕشتن و گوزارشتەی ئەدەبی هەریەک لەم نەتەوەیانە، ئەدەبەکەیان خولقاندووە؛ نەک لە نێو پرۆسەی کاروکاردانەوە لەگەڵ بزووتنەوەی باوی ئەدەبی یا «شیعر»ی کوردی... ئەدەبەکەیان ئەگەر لە فەزا و ئاووهەوای ئەو نەتەوانە جیابکرێتەوە، وەک ئەوە وایە ڕوحی لێ بستێنرێتەوە و بمرێ.

ڕەحمەتی عەبدولمەجید لوتفی زۆری هەوڵ دا لە بەستێنی ئەدەبی کوردیدا جێیەک بۆ چیرۆکە جگەرگۆشەکانی پەیدا بکات و میللییەتی کوردانەیان بە باڵا ببڕێ، لە بەر ئەوەی هەندێک لە کەسەکانی ئەو چیرۆکانە کوردن و لە ئاووهەوای کوردەواریدا دەژین؛ کەچی هەر ئەودەمە (بە داخیشەوە) وەڵامی مەنفی وەرگرت و لە چاپەمەنییەکانی ئەودەمەی عێراقدا( کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان) بە ڕاشکاوی بە وتارگەلێک ڕەتدرایەوە.

ئەم کێشەیە هەر لەم سەردەمەدا، سەردەمی جیهانی بوونی سەرمایە و بەزینی سنوورە تەسکەکانی ناسیۆنالیستی و قەومی و تێکەڵبوونی گەلان و ئاوێتەبوونی فەرهەنگەکان ئاڵۆزتر دەبێت و، بەتایبەت ئەگەر بێنین و بە پێی پەرەسەندنی تاریخی فەرهەنگی گەلانی موسوڵمان (بە کوردیشەوە) و ڕۆژهەڵاتی، لە کێشەکە بڕوانین، ئەوە پەلوپۆی زۆر ئاڵۆزتری لێ پەیدا دەبێ کە پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە.

دەوجا بە کوردی و بە کورتی لە ڕاست ئەو کێشەیە دەڵێم، پێوانەی ورد و ڕێکوپێک بۆ هوییەت و میللییەتی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، پێوانەی زمانە نەک میللییەتی نووسەرەکە. بەزاندنی ئەم پێوەرەش بە ئاماژەکردن بە (ڕەگ)یان جەختکردن لە سەر (ڕەچەڵەک) گەڕانەوەیە بۆ خورافات و پەنابردنە بۆ عەقڵییەتی خورافاتیمان.


لە دواییشدا لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ هەموو ئەو نووسەرە پایە بەرزانەی کە بە زمانی غەیرە زگماکی خۆیان، ئەدەبی کەم وێنەی فانتازی دەخولقێنن ، لەم ڕایەی خۆم بە هیچ کلوجێک مەبەستم نییە لە ئاست نووسەری کوردڕەگەز کە بە زمانی غەیرە کوردی دەنووسێت، نارەزایی دەربڕم؛ بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە زۆرم حەز لە بەرهەمەکانیانە و بۆنموونە (ئەفسانەی چیای ئاگری)ی «یاشار کەمال» م ڕەنگە دەجار خوێندبێتەوە، هەروەهاش گەلێک ڕۆمانی تر چ وەرگێڕدراو بۆ سەر کوردی و چ بە زمانەکانی دیکە. چیرۆکەکانی «عەبدولمەجید لوتفی» و «محێدین زەنگەنە»شم دەخوێندنەوە و زۆریشم پێ خۆش بوون. ■

# گفتوگۆی میلان کوندێرا:

## سەبارەت بە کتێبی: (پێکەنین و فەرامۆشی)

ئامادەکردنی: فیلیپ رۆس

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: هەندرێن


Fotograf Aaron Manheimer

❑ دوای خوێندنەوەی کتێبە دەستنووسەکەی (پێکەنین و فەرامۆشی) ئەم گفتوگۆیەبە دوو جار دیدار لەگەڵ «میلان کۆندێرا» سازکراوە. جاری یەکەم لەو یەکەمین سەردانەی ئەو بوو بۆ لەندەن. دووهەمیشیان هەر لەو یەکەمین سەردانەی ئەو بوو کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد. کوندێرا لە هەردوو سەفەرەکەیدا لە فەرانسەوەهاتبوو، کە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە وەک ئاوارەیەک لەوێ نیشتەجێ یە. ئەو، وەک مامۆستا لە زانستگای «رین» و پاشان لە زانستگای پاریس کاری کردووە. کوندێرا لە کاتی گتوگۆکەدا کەمێک بە فەرانسەیی و بەشی زۆریشی بە چێکی دەپەیڤی. «ڤیرا»ی هاوسەریشی بۆ هەردووکمان ئەرکی وەرگێڕانی لە ئەستۆ دەگرت. «پیتر کۆسی»یش دەستنووسی کۆتایی ئەم دەقەی لە زمانی چێکییەوە کردووە بە ئینگلیسی.

**پ: ئایا لەو بڕوایە دای کە دنیا خەریکە کۆتایی بێت؟**

ــ ئەمە لەسەر ئەوە وەستاوە کە وشەی (خەریکە) چ دەگەیەنێ.

**پ: بەیانی، یان دووسبەی.**

ــ مشتومڕی بیرۆکەی کۆتایی هاتنی دنیا بیرۆکەیەکی کۆنە.

**پ: کەواتە، وا باوی نەماوە کە نیگەرانمان بکات.**

ــ بەپێچەوانەوە. ئەگەر ترسەکە هەر لە کۆنەوە هۆشی مرۆڤی نەتەنیبایەوە ئەوە دەبوو هۆیەکی سەرنجڕاکێش هەبوایە.

**پ: بە هەرحاڵ، من وایدەبینم ئەم خەمە لە کتێبەکەتدا (پێکەنین و فەرامۆشی) پێشینەی هەموو حیکایەتەکانت کە تێیدا هاتوون پێکدێنێ، هەتا ئەوانەی سیمای سروشتیی خۆشیشیان وەرگرتووە.**

ــ ئەگەر لە کاتی منداڵێتیمدا پێت بگوتبام: ڕۆژێ دادێ دەبینی لەو دنیایەدا نەتەوەکەت ون دەبێ، ئەم قسەیە بۆ من هیچ مانایەکی نەدەبوو، ناکرێ ئەوە بهێنیتە بەرچاوت، هەموو مرۆڤێک دەزانێ مردن چارەی بۆ نییە، بەڵام بڕوای بەوە هەیە کە نەتەوەکەی جۆرە ژیانێکی ئەبەدییانەی هەیە. کەچی، پاش هێرشە دەستدرێژییەکەی ڕووس لە ساڵی ١٩٦٨دا، هەموو هاووڵاتییەکی چێکی لە ئوڕووپادا، بەرەوڕووی بیرۆکەی مەحفبوونەوەی بێدەنگییانەی نەتەوەکەی بووەوە. هەمان شێوە لە ماوەی پێنج گرێ دەییدا بەکپی ــ چل میلیۆن لە ئۆکرانییەکان لە نێوچوون، بێ ئەوەی جیهان گوێی دابێتە باروودۆخیشیان. یان لیتوانیا هەر هەمان شێوە، ئایا دەزانی کاتی خۆی لە سەدەی ١٧دا، لیتوانیا نەتەوەیەکی بەهێزی ئوڕووپایی بووە؟ بەڵام ئەمڕۆ تایفەکن و خەریکەدێ سیلاک دەبن، دەرفەت نادەن میوان وگەڕیدەکان چاویان پێیان بکەوێ، ئەخۆ زانیاری لەمەڕ هەبوونیان بۆ دەرەوە بڕوات. نازانم نەتەوەکەی من چارەنووسی چی بەسەردێ. بە دڵنیاییەوە ڕووسەکان هەرچیان لەتوانادا بێ دەیکەن بۆ ئەوەی لە شارستانییەتی خۆیان بیتوێننەوە. کەسیش نازانێ لەم کارەیاندا سەردەکەون یان نا، بەڵام ئەم شییانە لەبارە.

بۆ گۆڕینی هەموو مانایەکی ژیان، بۆ مرۆڤ ئەوەندە بەسە، کە لە بوونی ئەم شیانە ئاگاداربێ. لەم ڕۆژانەدا، دەبینم هەتا ئوڕووپاش روخۆکە، مردن چاوی لێ زەق دەکاتەوە.

**پ: سەرەڕای ئەوەش، ئایا چارەنووسی ئوڕووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕەگوڕیشەدا دوو مەسەلەی جیاواز نین؟**

ــ بەوپێیەی مێژووی شارستانی چەمکێکە ــئەوە ڕووسیا ئوڕووپای ڕوژهەڵاتەکەی ــلە سەر جیهانی بێزەنتیدا مێژووە جوداکەی چەقبەستە، بەڵام وەک: بوهیمیا، پۆڵەندا، هەنگاریا، هەمان نموونەی ئەمسا، هەرگیز بەشێک نەبووینە لە ئوڕووپای ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی ئەم خاڵە بێشکەی ئەم بزاڤانە بووە. لێرە، لە ئوڕووپای ناوەڕاستدا، کولتووری هاوچەرخانە سەریهەڵدا، پاڵنەرەکەشی: دەروونناسی، بنەماگەریی، مۆسیقای پارتۆک، جوانکاریی ڕۆمانەکانی (کافکا) و (مۆسیل) بوون.

پاش جەنگ ئوڕووپای ناوەڕاست (یاخود بەلای کەمەوە بەشە زۆرینەکەی) بە شارستانییەتی ڕووسیاوە تێکەڵاو کرا، ئەوەی کە زیانی پێگەیشت کولتووری ڕۆژئاوا بوو کە چەقی قورسایی جمۆجۆڵییەکانی لە دەست دا. لەم سەردەمەدا، ئەو ڕووداوە کاریگەرترین ڕووداو بوو لە مێژووی ڕۆژئاوادا. ئێمە نابێ ئەو شییانەی کە گوایە کۆتاییهاتنی ئوڕووپای ناوەڕاست، کە خۆی دەلالەتی سەرەتای کۆتاییهاتنی هەموو ئوڕووپایە، پشتگوێ بخەین.

**پ: لە ماوەی بەهاری پراگ دا، ڕۆمانەکەت (نوکتە) و کۆمەڵە چیرۆکەکەت (بارەکانی خۆشەویستیی پێکەنیناوی) بە چاپ گەیاندن و بلاوتکردنەوە، کە ١٥٠ هەزار دانەیان لێ چاپ کرا. دوای هاتنی هێزە**

←

**دەستدرێژکارییەکەی ڕووسیا لە کاری دەرسگوتنەوەی ئەکادیمیای فیلم دەرکرای، کتێبەکانت لە سەر ڕەفەی کتێبخانە گشتییەکاندا هەڵگیران. پاش حەوت ساڵ خۆت و هاوسەرەکەت هەستان چەند کتێبێک و هەندێک جلوبەرگتان کۆکردەوە و خستتانە ناو ئۆتۆمبیل و بەرەو فەرانسە سەرتان هەڵگرت و بوویت بە ناوبانگترین نووسەری بیانی. وەک ئاوارەکراوێک هەست بەچی دەکەی؟**

ـ وەک نووسەرێک، ژیان لە چەند وڵاتێکدا ئەزموونێکی قەبە پێکدێنێ. ژیان دەرک ناکرێ تەنیا ئەگەر لە چەند لایەنێکەوە نەیبینی. دواکتێبم، کە لە فەرانسەدا بەرهەم هێناوە، بوارێکی جۆگرافیایانەی تایبەت ئاوەڵا دەکات: بەو ڕووداوانەی کە لە پراگ دا، لەبەر چاوی ئورووپای ڕۆژئاوادا دەقەومێ، هاوکات ئەوانەی کە لە فەرانسەدا دەقەومێن، تێڕامانەکە تەواو دەبێ، کە هەر یەکە لەو ڕووداوانە بە چاوی یەکترەوە تەماشا دەکرێن. ئەوەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لە نێوان دوو جیهاندا. نەتەوە ڕەسەنەکەم لە ڕوویەکەوە: لە ماوەی زێتر لە نیو سەدە بە تاقیکردنەوە دیمۆکراتییەکان، فاشیزم، شۆڕش، تیرۆر، ستالینیزم ـ سەرەڕای کۆتاییهاتنی ستالینیزمیش، بە داگیرکردنی ئاڵمانییەکان و ئینجا ڕووس، ڕەوەکۆچیی، بەتایبەتی مردنی ڕۆژئاوا لە خاکەکەیدا، تێپەڕی. نەتەوەکەم لە ژێر کەڵەکە بوونی مێژوودا دەنێژرێ، ئەویش سەرنجی گومانێکی مەزنی لە بیچمی جیهاندا بریوە. ڕووی دووەمی نەتەوەکەم کە فەرانسەیە لە چەندان سەدەدا چەقی جیهان بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە ئاونەبوونی ڕووداوە مێژوویییە مەزنەکانیدا دەتلێتەوە. بۆیە لە هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییە ڕیشاژۆییەکانیدا تام وبۆکانی هەستپێدەکرێ. ئەمەش بۆ کارێکی مەزنی خۆماڵییانە هەڵوێستێکی ڕەچاوکراوی هێمایی دەمارگیری (neurotic) یانەیە، نە ڕوویداوە و نە ڕووشدەدات.

**پ: ئایا وەک بیانییەک لە فەرانسەدا ژیان دەگوزەرێنی یاخود هەست دەکەی وەک ئەوی لە مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکەی خۆت دەژیت؟**

ـ من بێڕادە بە کولتووری فەرانسە دڵگیرم، لە بەرانبەر ئەو کولتوورەدا هەست بە دڵنیاییەکی قووڵ دەکەم. بەتایبەتی بە زێدییەوە ئەم هەستەم بەرانبەر بە ئەدەبەکەی هەیە. بە لای منەوە «رابلە» باشترین ئەدیبە، هەروا «دیدرۆ»ش. نووسینەکانی «ژاک کەدری»م خۆشدەوێن و، بارتەقای ئەویش «لۆرەنس ستێرن». ئەوانە لە شێوە ڕۆماندا ئەزموونکاری مەزنن، تاقیکردنەوەکانیان پڕن لە چەشە و شادی و خۆشیی، لە ئەدەبی فەرانسەییدا ئەم لایەنە لەنێوچووە، هونەر بەبێ ئەم لایەنە دەلالەتەکەی ون دەکات. لە سەر شێوەی ئەم لایەنە (ستێرن و دیدرۆ) «گەمەکەرێکی مەزنن»، ئەمانە گاڵتەبازییان بۆ شێوەی ڕۆمان دۆزییەوە ـ کاتێ کە گوێم لە گفتوگۆیە ئەدەبییەکان دەبێ کە دەڵێن ڕۆمان توانستەکەی لە دەست داوە هەستێکی دژانەم لەلا دروست دەبێ ـ بە درێژایی مێژوو گەلێ لە توانستەکانی ڕۆمان بەفیڕۆ دراون. بۆنموونە، ئەو هاندەرانەی کە بۆ گەشەپێدانی ڕۆمان لە لای (ستێرن و دیدرۆ) ئاخنرابوون، ئەمانەی بە دوای ئەواندا هاتوون بەردەوامییان پێنەداوە.

**پ: دوا کتێبەکەت، لە ڕیزی ڕۆماندا ئاژمێردرێ، هەرچەندە لە دەقەکەشدارادەگەیەنی: ئەم کتێبە لە شێوەی هەمە جۆرییەکەی خۆی ڕۆمانە، کەواتە ئایا ڕۆمانە یان نا؟**

ـ لە بۆچوونی جوانناسییەوە، بە ڕۆمانی دادەنێم، بەڵام ناخوازم ئەم ڕایەش بە سەر کەسدا بسەپێنم. لە شێوەی ڕۆمانییەکەیدا ئازادییەکی قەبەی لە ناوخۆیدا ئاخنیوە. هەڵەکردنە ئەگەر بنەچەی چەشنە ڕسکانێکی دیاریکراو بسەپێنرێ کە گوایە لە ڕۆماندا ناوەڕۆک دەستی لێنادرێ.

**پ: سەرباری ئەوەش، بە دڵنیاییەوە دەبێ هۆکارێک هەبێ وا لە ڕۆمان بکات کە ببێ بە ڕۆمان، ئەم ئازادییەش مەشتوماڵ بکات.**

ـ ڕۆمان خۆی پەخشانێکی پێکهاتەیە و لە سەر ئەو کەسە دەوەستێ کە دەیخولقێنێ. ئەوە تەنیا سنوورەکەیەتی. مەبەستم لە وشەی پێکهاتەیی ئەوەیە کە ڕۆماننووس نیازی خۆیەتی کە چۆن بە سەر بابەتەکەیدا لە هەموو ڕووەکانی و بە تەواوی ئەو قووڵاییەی کە پێیدەکرێ زاڵ ببێ. توانستی پێکهاتەیی لە ڕۆماندا ئەوەیە دەتوانێ چەندان شێوە لە یەکە یەکی گشتیدا کۆبکاتەوە، لە چەندان شێوە مەبەستم: وتار، حیکایەتی ڕۆمان، بەشەکانی گەشتیی ژیان، ڕووداوە مێژووییەکان، خەیاڵاوییەکان دەگرێتەخۆوە. بەمە ڕۆمان لە مۆسیقایەکی هەمەدەنگ دەچێ. مەرج نییە هەر تەنیا یەکێتی کتێب بە هۆێنینەوەی بابەتەکەوە دروست بێ، بەڵکوو دەکرێ هەر بە خودی بابەتەکە دروست بکرێ. دوو بابەت لە کتێبەکەدا هەیە: پێکەنین و فەرامۆشی.

**پ: پێکەنین هەمیشە لە تۆوە نزیکە، لە کتێبەکەتدا جا چ لە ئاستی گاڵتەجاڕی یان خۆشییەوە بێ، ئەو پێکەنینە چ واتایەک دەگەیەنێ ـ کە کەسانی ناو ڕۆمانەکانیشت بەرەو ڕووی پەژارە دەبنەوە. هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دنیایەی کە هەستی خۆشییەتی لە دەست داوە؟**

ـ بەهای ئەو گاڵتە و خۆشییە لە کاتی تیرۆری ستالینیزمدا فێربووم. ئەو کات بیست ساڵم بوو. ستالینیزمم لەوانی دیکە هاوێر دەکرد ـ یاخود ئەوانەی کە پێویست نەبوو لێیان بترسێم ـ ئەوەش بۆ شێوە زەردەخەناوییەکەی ستالین دەگەڕێتەوە. بۆ ناسینی یەکتر، ڕۆخۆشیی دەلالەتێکی بەڵگەدارە. هەر لەوکاتەشدا، من لەوە دەترسێم کە ئەگەر دنیایەک هەیە ئەویش هێدی هێدی هەستە شادیهێنەرەکەی بزربکات.

**پ: لە دوا کتێبەکەتدا، مەسەلەیەکی تر هەیە، لە پەڕەگرانێکی بچووکدا، نێوان پێکەنینی فریشتانە و پێکەنینی شەیتانانە بەراورد دەکەی، کە شەیتان پێدەکەنێ وا وێدەچێ خوا بۆ ئەو هیچ مانایەک نابەخشێ، کەچی فریشتە بە شادییەوە پێدەکەنێ چونکە بۆ ئەو هەموو شتێک لە جیهانی خوادا مانای هەیە.**

ـ بەڵێ، مرۆ شێوە جەستەییەکانی خۆی ـ واتە پێکەنینەکەی ـ بۆ دەربڕین بە دوو ڕەوشتی تەواو جیاواز لە یەکتر بەکاردێنێ. لە ناو کۆڕێکی تازەدا شەبقەکەی یەکێکیان بە سەر تابووتەکە دەکەوێ، مەیتەکە واتاکەی بزردەکا و پێکەنین لە دایک دەبێ. دوو عاشق دەست لە ناو دەست لە ناو مێرگەکە، ڕادەکەن، پێدەکەنن. پێکەنینەکەیان هیچ پێوەندییەکی بە نوکتەکان یان بە گاڵتەوە نییە، بەڵکوو پێکەنینێکی هی دڵییە ـ ئەمە پێکەنینێکی فریشتەئاسایە دڵشادییەکە دەردەبڕێ. هەر دوو جۆرە پێکەنینەکە بۆ چەشەی ژیان کێل دەبنەوە، بەڵام، لە هەمان کاتدا گەر پێکەنین لە ڕادە دەرچوو ڕەنگە بە سەرەنجامی دوو توێی بگات: پێکەنینە لە دڵهەڵقوڵاوەکەی هەر دوو فریشتە ڕەگەزپەرستەکە ـ کە بە تەواوی بە دەلالەتی جیهانەکەیان بڕوادارن. ئەوانە ئامادەن گەر هەرکەسێک بەشداریی شادمانییەکەیان نەکا بیخنکێنن. پێکەنینەکەی تریان کە لە بەرانبەرەکەیان دەردەچێ، واتە ئەوەی کە بانگەشەی ئەوە

دەکا کە هیچ شتێک مانای نەماوە، هەتا مەیتە پێکەنیناوییەکانیش، ڕەفتاری بە کۆمەڵی سێکس تەنیا تواندنێکی بێدەنگ و گەپجاڕییانە نییە. ژیانی مرۆڤایەتی بە دوو بۆشایی دیاری کراوە: لە لایەک ڕەگەزپەرستی، لاکەی تریشی گومانێکی ڕەها.

**پ: ئەوەی ئێستاکە بە (پێکەنینی فریشتانە)ت ناو برد ئەمە بۆ ڕەوشتی گۆرانیی ئامێز لە ژیاندا دارشتنێکی تازەیە، لە ڕۆمانەکانی پێشتریش ئەم دارشتنە دەبینرێ. لە یەکێک لە کتێبەکانتدا قۆناغی تیرۆریستانەی ستالینیزم بە (فەرمانڕەوایی جەلاد و شاعیر) وەسف دەکەی.**

ـ کلیانیزم*، هەر تەنێ دۆزەخێک نییە، بەڵام هەروا خەونی بەهەشتیشە، ئەوە خەونێکی هەرە کۆنی بەر لە ڕۆژگارە کەوا دەکا هەموو پێکەوە بە تەبایی بژین، یەک ویست و یەک بڕوا کۆیان بکاتەوە، هیچ نهێنییەکیش نییە نێوانیان لێکجیاواز بکاتەوە.

«ئەندرێ برێتۆن» خەونی بەو بەهەشتەوە بینی کاتێ لەمەڕ ماڵە شووشەیەکەوە ئاخفی بەو هیوایەش بوو لە ناویدا بژی. ئەو چەشنە هەڵکشانە لە ناخی هەمووماندا دەبزوێ، هەروا لە ناو هەموو ئایینەکانیشدا ڕەگی داکوتاوە، ئەگەر نا نەیدەتوانی سەرنجی ئەو ژمارە فرەیەی خەڵک بۆلای خۆی ڕابکێشێ، بەتایبەتی لە قۆناغی بوونە هەرەتی لاوەتییاندا. کە خەونی بەهەشت، وەرچەرخانەکەی بۆ واقیع دەستپێدەکا، تا لێرەولەوێ بەدیارکەوێ بزانێ کێ بەرهەڵستی دەکات، بۆیە فەرمانڕەواکانی بەهەشت ناچار دەبن خانووی زیندانێکی بچووک بۆ جیرانی بەهەشت درەست بکەن. ئەو زیندانەش وێڕای زەمان هێدی هێدی گەورە دەبێ و گەشەدەکا، کەچی هاوکات، بەهەشتەکەی جیرانی هێدی هێدی بچووک و زیاتر هەژار دەبێتەوە.

**پ: لە کتێبەکەتدا، شاعیری مەزنی فەرانسەیی «ئیلوار» ئەوتۆ وەسف دەکەی کە ئەو لە سەر بەهەشت و زیندان وێکڕا هەڵدەفڕێ و گۆرانی دەڵێ. ئایا ئەو بەشە نووسینەت واقیعێکی مێژوویی هەیە؟**

ـ دوای جەنگ، پۆل ئیلوار لە بزووتنەوەی سوورڕیالیزم لایدا و بوو بە گەورەترین لایەنگرانی «شیعرییەتی کلیانیزم»، کە دەتوانم ئەم ناوەی لێبنێم. ئیلوار گۆرانی بۆ برایەتی، ئاشتی، یەکسانی وعەدالەت، ئاییندەیەکی چاکتر چڕی، بۆ ئاشنایەتیکردن دژی گۆشەگیریی، بۆ شادمانی دژی خەمگینی، بۆ پاکانە دژی گەپجاڕی و ڕووهەڵماڵین گۆرانی چڕی.

لە ساڵی ١٩٥٠ فەرمانڕەواکانی بەهەشت بۆ هاوڕێکەی ئیلوار، «زاڤیز کالاندرا» سوورڕیالیزمی چێکی، حوکمی لە سێدارەدانی مەرگیان دەکرد. ئیلوار لەپێناوی هزرە خەیاڵاوییەکانی بۆ سەر تاکێتی هەست وخوستە تایبەتییەکەی، دۆستایەتییەکەی خنکاند. بە ئاشکرا لایەنگیریی خۆی بۆ لەسێدارەدانی هاوڕێکەی ڕاگەیاند ـلە پاداشی گۆرانیی شاعیر، جەلاد بە کوشتنی هەڵدەستێ.

هەر تاکە شاعیرێک نەبوو، ئەم کارەی کردبێ. قۆناغی ستالین تژیە لە وڕێنەی هاوکۆیی شاعیران ـئەوکات هەموو مەسەلەیەک، بەڵکوو هەر هەموو ناوەرۆکی مەسەلەکان، دەکرا لەبیربکرێ ـخەڵک کاری گوتنی دەوێ: شۆڕش جوانە، بەڵام ئەم کۆمێدیەی کە لێی بەرهەم هاتووە ئەوە خۆی شەڕە. بەڵام ئەو گوتنە دروست نییە. ئەو شەڕەی لە گۆڕێدایە ئەوەی کە هەیەتی جوانە، دۆزەخە حەشاردراوەکە لە ناو خەونی بەهەشتەکەدایە، گەر ئارەزوومان کرد لە چەمکی ناورۆکی دۆزەخ بگەین، دەبێ ئێمە ناوەرۆکی ئەو بەهەشتەی کە تیایدا هەڵقوڵیوە بیکەین بە مانا. زۆر ساناشە ناڕازی بوون لە زیندانەکان، بەڵام ڕەتکردنەوەی شیعری کلیانیزم کە بۆ بردنی زیندانەکان جڵەومان دەکات کارێکی سەختە. لەم ڕۆژگارەدا، خەڵک لە هەموو شوێنێک ـبێ دوودڵی ـبیرۆکەی زیندان ڕەتدەکەنەوە، کەچی وێڕای ئەوەش، ڕێگە بەخۆیان دەدەن شیعری کلیانیزم بە سەریاندا زاڵ ببێ، تاکوو بە هەمان ئەو ئاوازە گۆرانییە شیعرئامێزەی کە ئیلوار وەک ئەوەی پاشای شیعر بێ، لە سەر پراگ بە فڕینەوە دەیچریکاند، بۆ زیندانەکان بڕۆن، کەچی ئەو کاتەی کە ئیلوار دەیچریکاند لە دوکەکەڵکێشی سووتەمەڕۆکەدا دوکەڵی تەرمی (کالاندرا) بەرزدەبووەوە.

**پ: پەخشانەکانت هەمیشە بەهەڵکاڵینی نێوان تایبەت و گشتدا دەناسرێنەوە، لەمەدا مەبەستم ئەوە نییە کە چیرۆکەکانت لە بەردەم پێشینەی سیاسەتەکاندا دەقەومێن. ئەقەومانی ڕووداوە سیاسییەکانیش چالاکییە تایبەتییەکانت شەکەت دەکەن، هەڵبەت مەبەستم ئەوەیە تۆ ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە بە یاساکانی خۆیانەوە فەرمانڕەوان و کە فەرمانڕەوایی چالاکییە تایبەتییەکان دەکەن، بەدیاریان دەخەی، بەوە پەخشانەکەت بۆ سیاسەت دەبێتە جۆرێک لە لێکۆڵینەوەی دەروونناسی.**

ـ مێتافیزیکی مرۆڤ یەکێکە جا چ لە بواری تایبەتی بێ یان گشتیدا. تۆ بابەتێکی تر لەکتێبەکەدا وەرگرە، مەبەستم فەرامۆشییەکەیە، کە ئەوە خۆی لە ژیانی تایبەتییانەی مرۆڤدا گرفتێکی مەزنە ـ بەڵام، خود مانای چییە؟ خود پوختەی هەموو ئەوانەیە کە وەبیرمان دێنەوە ـبۆیە، ئەو لە مردن تۆقێنەمان لە دەست دەرچوونی داهاتووەکە نییە، بەڵکوو لە دەستدانی ڕابردووەکەیە. فەرامۆشی خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی مردن، کە لە ژیاندا بە شێوەیەکی شاراوە ئامادەیی هەیە. ئەوە گرفتاریی قارەمانەکەمە لە هەوڵدانە بێئومێدییەکانیدا بۆ ئەوەی بیرەوەرییە پەرش و بڵاوەکانی مێردە مردووە خۆشەویستەکەی بپارێزێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، فەرامۆشی گیروگرفتی هەرە گەورەی سیایشە. کاتێ زلهێزەکان دەیانەوێ دەوڵەتە بچووکەکان لە هۆشمەندیی نەتەوایەتی بێبەش بن، ئەوان بۆ ئەوکارە ڕێبازێکی ڕێکخەرانەی فەرامۆشکردن بەکاردەبەن. ئەوەی کە لەمەودوا لە بوهیمیادا ڕوودەدات.

ئەدەبی هاوچەرخی چێکی ـ ئەوەی تەنیار نرخێکی هەبێ ـ ماوەی ١٢ ساڵ دەبێ چاپ نەبووە؛ ٢٠٠ نووسەری چێکی لە لیستەی قەدەغەکراوان دان؛ لە ناو ئەوانەدا ئەدیبی کۆچکردوو «فرانتز کافکا»یە، هەروا ١٤٥ مێژوونووسی چێکی لە پیشەکانیان دەرکراون، مێژووش دووبارە نووسرایەوە، هەروەسا پەیکەرەکانیش ڕووخێنران. ئەو نەتەوەی هۆشمەندییە ڕابردووەکەی ون بکات هێدی هێدی خۆشی ون دەکات. بەم جۆرە دۆخە سیاسییەکە بە دڕی و چەتوونی گرفتە مێتافیزیکییە ئاساییەکانی کە فەرامۆشییەکە نوێنەریەتی، ڕوونی کردووە، کە ئەمەش گرفتێکە بەردەوام لە هەموو ڕۆژێکدا بەرەوڕووی دەبێتەوە، بێنەوەی بشزانین. سیاسەت دەمامکەکە لە مێتافیزیکی ژیانە تایبەتییەکە دادەماڵێ، ئەمەی دواییش دەمامکەکە لە مێتافیزیکی سیاسەت دادەماڵێ.

**پ: لە شەشەمین بەشی هەمە جۆرییەکەتدا، کچە پاڵەوانەکەی یەکەم ـستامینا ـبە دوورگەیەکی تەنێ ئاوەدانکراو بە منداڵان دەگات، لە کۆتاییشدا منداڵەکان هەتا مردن ڕاوی دەنێن. ئایا ئەو خەونە،**

**حیکایەتێکی خورافی یە، یان چیرۆکێکی سیمبۆلی یە؟**

ــ تا بکرێ چیرۆکی سیمبۆلیزمی له من دووره. ئەمە چیرۆکێکە نووسەر بۆ ڕوونکردنەوەی گریمانێک دایدەهێنێ. وابزانم ڕووداوەکان ــجا چ خەیاڵی بن یا واقیعی ــدەبێ دەلالەتەکانی لە خودی خۆیاندا هەڵگرتبێ. ئەو هێزە شیعرییەی کە تێیدایە وادەکا بە ئاسانی خوێنەر بە دوای خۆیدا کێش دەکات. ئەم وێنەیە بە بەردەوامی سەرادووی ناوم. لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانمدا هەمیشە لەگەڵ خەونەکانمدا بوو. مرۆ لە جیهانی منداڵیەتیدا خۆی دەبینێتەوە، لە بەردەمیشیدا ڕاینەکردووە. لە هیکرا منداڵیەتی ــ چونکە بە شیعرئامێزیەکەی چڕاندمان و پەرستمان ــ وەک تۆقینێکی تەواو خۆی ئاشکرا دەکات، فاق ئاسا دەمانگرێ. نا، ئەم چیرۆەر هێمایی نییە. بەڵام کتێبەکەم فرەدەنگی یە. چەندان چیرۆکی تێدایە. هەریەکە و ئەویتر شرۆڤە دەکا، دەڕسکێنێ. ڕووداوە سەرەکییەکەی ناو کتێبەکە خۆی حیکایەتێکی کلیانیزمی یە کە خەڵکان لە یادوەری بێبەش دەکات، بەوە دووبارە پێکهاتووەکەیان بۆ نەتەوەیەک لە منداڵان پێکدەهێنرێتەوە. هەموو کلیانییەکان ئەوکارە دەکەن. ڕەنگە سەردەمە ئامێرییەکەش بە بیروباوەڕە داهاتووەکانی، بە چاوە فتوادەر و منداڵیەتییەکەی، بە گوێپێنەدانی ڕابردووەکەی، بە گومانەکانی بەرانبەر هزردا ئەم کارە بکات. لە ناو دەوروبەرێکی وەک ئەو تەرزە کۆمەڵگا منداڵیەتییە سەختەدا، مرۆی باڵق ــنەوانەی کە یادوەری و گاڵتەجاڕییان هەیە هەست بەوە دەکەن ــوەک چۆن (تامینا) لە دوورگەکەی منداڵان هەستی پێکرد.

**پ: ئاڕادمیەک هەموو ڕۆمانەکانت، بەتایبەتیش هەموو بەشی کتێبەکەی دوایت، بە دیمەنە ڕەفتارە سێکسییەکان چلەپۆپە دەبێکێ. هەتا ئەو بەشەی کە ناونیشانێکی بێ بەری وەک (دایک)یشی هەڵگرتووە، تەنیا دیمەنێکی درێژی سێکسی یە کە لە نێوان سێ کەسدا دەکرێ، وێڕای پێشەکی و کۆتاییەکەی، وەک ڕۆمانووسێک بە لای تۆوە سێکس چی دەگەیەنێ؟**

ــ لەم ڕۆژگارەماندا، سێکس وەک بابەتێکی حەرامکراو نەماوەتەوە، لە سەرکورتکردنەوەی وەسفە گشتییەکان، یاخود دانپێنانە سێکسییەکان لە شێوە دووپاتکردنەوەکان بێتام وچێژ بووە. «لۆرەنس»، یان تەنانەت «هێنری میللەر»، بە ڕووهەڵماڵینە گاڵتە شیعرییەکانیان چەند بە کۆن دەبینرێن! وێڕای ئەوەش هەندێ لەو کۆپلە سێکسییانەی کە «جۆرج پاتای» نووسیویەتی شوێنەوارێکی ئەوتۆیان لە سەر من جێهێشتووە کە هەرگیز ناسڕێنەوە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ کە لە دەرەوەی چوارچێوەی شیعرییانەوە نووسراون، بەڵام هەر خۆیان دەقێکی فەلسەفین. لەوەدا مافت پێدەدەم کە دەڵێی هەموو شتەکان بە دیمەنێکی قەبەی سێکسی کۆتاییان دێ. هەستێکی وام هەیە کە بە لای منەوە دیمەنی خۆشەویستییە جەستەییەکان تیشکێکی بە تین دروست دەکەن. بنەبانی ناوەڕۆکی کەسەکان ئاشکرا دەکا و باری ژیانەکەیان پوختەدەکاتەوە. کە (هۆگۆ) لەگەڵ (تامینا) سێکس دەکا، تامینا هاوکات دەکۆشێ بیر لە پشووی هەفتەییەکانی بکاتەوە کە لەگەڵ مێردە ڕەحمەتییەکەی ڕایبواردبوو. دیمەنە سێکسییەکان، بۆخۆیان کانگای بابەتەکانن کە چیرۆک دادەپۆشن و زۆرترین نهێنییە قووڵەکانیشی تێدا ڕوودەدات.

**پ: بەشی کۆتایی ــحەوتەم ــتەنیا سێکسەکان چارەسەرناکات، بۆچی کتێبەکە جیا لە بەشەکانی تر بەم بەشە کۆتایی دێت، بۆنموونە، بەشی شەشەمین، زۆر کاریگەرترە؛ لەوێدا کچە پاڵەوانەکە دەمرێ؟**

ــ تامینا ــ وەک هاورد « مەجازەن» ــ لە نێوان پێکەنینی فریشتانەدا دەمرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ــلە دوایین بەشی کتێبەکەدا ــ پێکەنین بە جۆرێکی دیکە دەگەڕێتەوە، لەم جۆرە بیستنە کە وێدەچێ شتەکان مانای خۆیان ون بکەن. پاشان بە بارتەقای ساتێک خەیاڵکردنەوە وادەردەکەوێ کە شتەکان مانای خۆیان لە دەست داوە، بوودەڵەن. جا مرۆ لە خۆی دەپرسێ: ئاخۆ ئەگەر لە سپێدەدا لە خەو ڕابم، ڤێجا بۆ کار بڕۆم، گەر لە پێناوی شتێکدا بکۆشم، گەر سەر بەو نەتەوەیەش بم کە لێی لە دایک بووم چ مانایەکیان هەیە بۆمن؟ ئەوسا مرۆ لە سەر ئەم لێوارەدا دەژی. مرۆ ئەم بەرەی کە بەڕێوەیەتی دەکرێ بە ئاسانی خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەم لێوارەی کە لە هەموو شوێنێکدا، لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی کە تەنانەت لە ناو قووڵترین قوولایی ناخیشیدا هەیە، زیاترینیشیان جەستەیی ــسێکسی یە، بە هۆی ڕوودانی ئەو بوارە لە ناو قووڵترین شوێنگەی ژیاندا، لەوێدا ئەم پرسیارەی کە لە سەر سێکس ئاراستە دەکرێ دەبێتە قووڵترین پرسیار. لەبەر ئەم سۆنگەیە کتێبی هەمەجۆرەکان ناکرێ کۆتایی پێبێت تەنیا بەم جۆربەجۆرەکردنە نەبێت.

**پ: کەواتە، ئائەمە ئەم دوورترین خاڵەیە کە ڕەشبینییەکەت پێی گەیشتووە؟**

ــ لە وشەکانی ڕەشبینی و خۆشبینی شل و بێزار بووم. ڕۆمان شتێک جەخت ناکات. ڕۆمان لێدەکۆڵێتەوە و پرسیار ئاراستە دەکات. نازانم کەنگێ نەتەوەکەم کۆتایی پێدێت. ناشزانم کێها لە کەسەکانی ڕۆمانەکەم لە سەر هەقبێژین، یان کێهاشیان لە سەر هەڵەن. من چیرۆکێک دادەهێنم و کەسەکان بەگژ یەکدا دەکەم، بەم ڕێگەیەوە پرسیارەکەم ئاراستە دەکەم. دەبەنگیی خەڵکەکان لەوەدایە بۆ هەموو شتێک بەرسڤیان هەیە. دانایی لەوەوە دێ کە سەبارەت بە هەموو شتێک لە ناو خۆیدا پرسیاران دەئاخنێ. کاتێ کە دۆنکیشۆت لە دنیادا دەرچوو، ئەو دنیایە لەبەرچاویدا بوو بە پرسیار. ئەو ڕەگ و ڕەچەڵەکە بوو کە یەکەمین ڕۆمانی ئەوروویی بۆ مێژووی هەموو ڕۆماننووسانی داهاتووی بەجێهێلا. ڤێجا، ئەو ڕێبازە دانایی و گوێڕایەڵی گەرەکە. ئەو جیهانەی کە لە سەر باوەڕدارییە پیرۆزەکان بنیاتنراوە ڕۆمان تێیدا دەمرێ. جیهانی کلیانیزم ــجا لە سەر مارکسیزم یان ئایین یان لە سەر هەر شتێکی تر پشت ببەستێ ــ ئەوە جیهانێکی بەرسڤدانەوەیە نەک پرسیاریی. ڕۆمان لە ناو ئەو جیهانەش شوێنی نابێتەوە. بە هەمەحاڵ، وابزانم خەڵکەکان لە هەموو جیهاندا لە سەر چەمکدا فەرماندەرکردنەکان بە چاک دەزانن، لە باتی ئەوەی بپرسن، بەرسڤدەدەنەوە، هەتا دەنگی بەهاداریی ڕۆمان لە نێوان هەرا زەنای بیروباوەڕە بوودەڵەکانی ئادەمیزادان لە نێوبرێ. ■

**تێبینی:** ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری *العرب و الفکر العالمی*، ژمارە ٨، وەرگیراوە کە **«ناصر السعدون»** وەریگێڕاوەتەوە سەر عەرەبی.

* **کلیانیزم:** هاوکۆیی، گشتگیری، بەگشتکردن. ئەو زاراوەیە لە عەرەبی بە «العقیدە الالفیە» ــ واتە بڕواداریی هەزارەکی ــ هاتووە، کە مەسیح ژیانی هەزارەها لە سەر زەوی بە دەست دێنێ ــ وەرگێر.



# ئاخرین ساتەکانی ژیانی «عەزیزی یوسفی»

بە بۆنەی ٢٠ مین سالّی مەرگییەوە

قاسمی چیرە

ئاخرین ساتەکانی ژیانی تێکۆشەر عەزیزی یوسفی و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە مەرگی ئەو تێکۆشەرە لە شاری مهاباد ئەو جۆرەی من لە بیرم مابێ ئاوابوو: کاک عەزیز دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە «ئینتیشاراتی روز» کە خاوەنەکەی کوردێک بوو بە ناوی قوبادی، کاری ئێدیتۆری دەکرد و سەرەڕای توند وتیژیی نەخۆشییەکەی بەردەوام بوو لە سەر کاری وەرگیرانەوە و ئێدیت کردنی کتێبی جۆراوجۆر. ئەو، لە مالّە کاک جەلیلی گادانی (لەخەیابانی دامپزیشکی، کوی فەرهەنگیان) دەژیا. ڕۆژی ١١ی جۆزەردان(خورداد) لە ئینتیشاراتی ناوبراو کە خەریکی کار دەبێ، لەپڕ وەزعی تێکدەچێ و دەلّێ کوڕینە بمبەنەوە مالّێ. حەسەنی ماوەرانی و عەلی حەیدەری کە هەردووکیان لە ئینتیشاراتی روز کاریان دەکرد دەیهێننەوە مالّی کاک جەلیل و بەویش خەبەر دەدرێ کە هەرچی زووە بێتەوەمالّ.

من کە تازە لە دانیشگا دەرکرابووم و میوانی حوسێنی ماوەرانی (یادی هەر زیندووبێ)بووم، بە خەبەرەکەم زانی و دەگەلّ ناوبراو یەکسەر چووینە مالّی کاک جەلیل. بەلاّم کاک عەزیز وەزعی ئەوەندە خراپ بوو کە نەیتوانی لە پلیکانان سەرکەوێ و ئیتر بە پەلە بردمانە ئۆرژانسی «شەهیاد» کە نزیکترین شوێنی ئەو گەڕەکە بوو کە کاک جەلیلی لێدەژیا. ڕۆژی پێشتر دوکتور «موتەللیبی خوسرەوی» لە مهابادەوە وەڕێکەوتبوو و دەبوو هەر ئەودەم بگاتە مالّی کاک جەلیل (دوکتور خوسرەوی بە نەخۆشییەکەی کاک عەزیز ڕادەگەیشت و هەر ماوەناماوەیەک لە کاتی دیاریکراودا دەبوو سەری بدا). ئەو ئۆرژانسەی «شەهیاد» لە باری ئیمکاناتەوە وەزعی باش نەبوو، جگەلەوەش پێنج شەش کەسیان تازە هێنابوو کە لە (تەسادوفی) ماشێندا بە سەختی بریندار بووبوون و لەوێ کەتبوون. کەس بە کەس ڕانەدەگەیشت. کاک جەلیل و کاک حەسەن لەلایەک چاوەڕوانی دوکتور خوسرەوی بوون و لە لایەکیش دەهاتوچۆدابوون کاک عەزیز ڕاگوێزنە بیمارستانی «پەهلەوی».

دەو ماوەیەدا کاک عەزیز ئۆکسیژێنی بە دەمەوە بوو و من و حوسێنی ماوەرانی لە سەرسەری بووین و ئارەقەی لەشیمان ویشک دەکردەوە. وەزعی کەمێک باشتر بووبوو، قسەی دەکرد و دلّخۆشی ئێمەی دەدایەوە و دەیگووت: «مەترسێن نامرم، هێشتا زۆرم کار ماوە بیانکەم». دوای ماوەیەک دوکتور خوسرەوی گەیشتێ، موعایەنەی کرد و گوتی: نا خەتەر نییە... ئامبولاّنس بۆ ڕاگوێزرانی کاک عەزیزئامادە بوو، باسی ئەوە هاتە پێش کە هەر بە ئۆکسیژێنەوە بیبەینە نێو ئامبولاّنسەکە، بەلاّم دوکتور خوسرەوی گوتی پێویست ناکا. بەداخەوە هەر دەفاسیلەیەکی زۆر کەمدا، کاک عەزیز دلّی ڕاوەستا و ئیتر بوو بە گریان و لەخۆدان. من زۆریشم جنێو بە دوکتور خوسرەوی دا.

دوای موعاینەی قانوونی، تەرمی کاک عەزیز ڕەوانەی ساردخانەیەک کرا. لەوێ خەلّکێکی زۆر لە دۆست و ئاشنا و نووسەر و ئەهلی قەلّەمی کورد و فارس و غەیرە کۆبوونەوە. پاشان ئێمەش هاتینەوە مالّێ و بە تەلەفون خەبەرەکەمان بە مهاباد ڕاگەیاند کە خۆیان سازکەن بۆ پێشوازی لە تەرمی کاک عەزیز. بۆ سبەینەکەی جەماعەتی پرسەداران لە ساردخانەکەوە هەتا تێرمینالّی «شەهیاد» تەرمەکەیان بەڕێکرد. لە وێ کۆڕێکی ماتەمینی سەرپێیی بەسترا. دوکتور «صارم الدینی صادق وەزیری» دوای باس لە ژیان و تێکۆشانی کاک عەزیز، سەرەخۆشی لە بەشداران کرد و پاشان ئەوان گەڕانەوە تاران و ئێمەش نزیکەی حەوت، هەشت ماشێن بەرەو مهاباد وەڕێکەوتین. جگە لە قوبادی خاوەنی «ئینتیشاراتی روز» چەند شاعیر و نووسەری فارسیش دەگەلّمان هاتن لەوانە: محەممەدی خەلیلی، عەبدوللاّی شەهبازی و چەند کەسی تر...

لە ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی کاک عەزیز بۆ مهاباد، خەلّکێکی زۆر بە سەدان ماشێنەوە لە مهابادەوە هاتبوونە پێشوازی و دەیانویست هەتا میاندواو بێن. بەلاّم لە گوندی (گوێکتەپە)، ئەرتەش پێشی بە خەلّک گرت و نەیهێشت لەوە زیاتر بێنەپێشەوە. بەم نیوە شەوە دەوری میاندواو تانک ڕاوەستابوو، ئێمە کە لەگەلّ تەرمەکە بووین ، نەیانهێشت بە نێو شاریدا بڕۆین. میوانە فارسەکان، لەو پێشوازییە گەورەیەی خەلّکی مهاباد سەریان سووڕمابوو. دوای ئەوەیکە گەیشتینەوە مهاباد، تەرمەکە لە مزگەوتی (هەباس ئاغا) داندرا، بۆ ئەوەی ڕۆژبێتەوە و بۆ سبەینەکەی بە خاک بسپێردرێ.

زۆربەی خەلّکی خەمباری مهاباد بۆ سبەینێ لە چوارڕێی ئازادی کۆبوونەوە. تەرمی کاک عەزیز لە سەر شانان و لە پێشەوەیان مامۆستا مەلا شێخ عەزەددینی حوسێنی، بە ڕێکوپێکی ڕەوانەی گوڕستانی بوداغ سولّتان کرا و دوای بە خاک سپاردن مامۆستا تەلّقینی دادا و گوتی: «پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین، و...».. ئەوێ ڕۆژێ ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی کاک عەزیز بە ئارامی کۆتایی پێهات.

مزگەوتی هەباس ئاغا بوو بە شوێنی پرسە و کۆبوونەوە. لە هەموو شاران ڕا دەستە دەستە خەلّک دەهاتن. وتاری سیاسی وکوردایەتی دەدرا و شێعر دەخوێندرایەوە. گروپی سیاسی جۆراوجۆر خۆیان ئامادە دەکرد بۆ خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی سیاسی لە سەر گلّکۆی کاک عەزیز بە بۆنەی سێ ڕۆژەی ناشتنی. بۆ یەکەمجار لە مێژووی مهاباددا، کچ لە مزگەوت شێعری خوێندەوە (تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم).

بۆ ئەوەی چۆنیەتی ڕێوڕەسمی سێ ڕۆژانە دیاری بکرێ، کۆمیتەیەکی بە پەلە لەو ماوەیەدا لە مالّی ماوەرانی پێکهات. هەلّسووڕێنەری ئەم کۆمیتەیە کاک جەلیل بوو (جگە لە کاک جەلیل، ئەوانەی زیاتر ئاگادارن و لە بەردەستانن «حەسەنی ماوەرانی» و«محەممەدئەمینی چیرە»ن). ئەم کۆمیتەیە لە سەر ئەوە ساغ ببووەوە کە کۆبوونەوەکە بە ئارامی بەڕێوەبچێ و کۆتایی بێت و بەهانە نەدرێتە ئەرتەش کە هێرش بکات و... هەروەها

کێ وتار بدا و ئەوانە دیاری کرابوو.

ڕۆژی ١٥ی جۆزەردان (خوردادی ١٣٥٧) جەماعەتی خۆپێشاندەران لە سەر گڵکۆی کاک عەزیز کۆبوونەوە. دوای قسەکانی مامۆستا شێخ عەزەددین و وتاری جەلیل گادانی و حەسەنی ماوەرانی، دەبوو کۆبوونەوەکە تەواوبێ. بەڵام خەڵکەکە دڵیان دانەدەمرکا ئەگەر شوعار نەدەن... بەتایبەت دوای شێعرخوێندنەوەی «حەفسەی دەباغی»، خەڵکەکە هەژا و بە شوعاردان چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان «سولەیمانی موعینی» و «مەلا مەحموودی زەنگەنە» و..

خۆپێشاندەران لە سەر گڵکۆی سولەیمانی موعینی کۆبوونەوە و بە دوای شوعاردان و قسەی کاک عومەری قازی و سەید محەممەدی نیزامی و... ئێحساساتی بوون و بە شوعاردانی کوردایەتی و دژی ڕێژیم بەرەو شار گەڕانەوە کە کەوتنە بەر پەلاماری ئەرتەش و هێندێک هەر لەوێ گیران.

کاک جەلیل و حەسەنی ماوەرانی هەر لەوێوە یەکسەر میوانە فارسەکانیان دەرباز کرد و بەرەو تاران گەڕانەوە، بەڵام هەردووکیان دوای دوو ڕۆژان لەوێ گیران و هێنرانەوە زیندانی مهاباد. من و کاک محەممەدئەمینی برام کە بە پێی بڕیاری دانیشتنەکە دەبوو زووتر خۆمان دەربازکەین، هاتینەوە ماڵێ کە بۆ شەوێ هاتن و ئێمەشیان گرت.

ئەو شەو و سبەینەکەی بگیر بگیر دەستی پێکرد، خەڵکێکی زۆریان گرت و لە ساختومانی (پۆلیسی ڕانومایی و ڕانەندەگی)ڕاگیران. زۆربەی گیراوەکان پاش یەکدوو ڕۆژ بەربوون، لەوانە دوو مەلای شیعەی سەر بە «خومەینی» کە لە مهاباد تەبعید بوون و تەنانەت لە ڕۆژی ١٥ی خورداددا بە لایەنگری لە خومەینی لە سەر قەبران قسەشیان کردبوو، ئازاد کران. لە کوردەکانیش عەزیزی ماوەرانی و عەزیزی شاهروخ و زۆر کەسی دیکە بەربوون. ئەوانەی مابووینەوە، دوای حەوتوویەک ڕەوانەی زیندانی شارەوانی کراین و ئەوانەی لەبیرم مابن بریتی بوون لە:

جەلیلی گادانی، خەلیلی گادانی (ڕەوانی شاد بێ)، محەممەدی گادانی، عەبدوڵڵا گادانی(سیمکێش)، سەید حەسەنی هاشمی، سەید محەممەدی نیزامی (ڕەوانی شاد بێ)، سەید خدری محەممەدی(خەیات)، عومەری شێخ مەحەممەدی(ئاسنبڕ)، عومەری قازی، محەممەدسادق کاوە (ڕەوانی شاد بێ)، سەعید کوێستانی(کاوە)، حەسەنی ماوەرانی، قادری ماوەرانی، قاسمی ڕیانی، محەممەدئەمینی چیرە، قاسمی چیرە، ڕەزا سیراجی، هوشیاری ئیمامی(هوشی)، پۆلا ئانەوازادە، سیامەندی موعینی، یای حەفسەی دەباغی، کەریمی ئەفسەر دلیر، کەریمی بلوری (دواتر شەهید بوو، ڕوحی شاد بێ)، قاسمی سوڵتانی، عەلی قازی، بایزیدی موسڵچی، خوسرەوی خوسرەوی، تەها کەرباسی(دواتر شەهید بوو، ڕوحی شادبێ)، حوسێنی وەستا جەلیلی(دواتر شەهید بوو، ڕوحی شاد بێ)، ئەحەدی ئەنجیری، عەزیمی موەفەقی، برایمی شێخانی، ... یوسفی و زێوە (شاگرد قاوەچی) و... کە دوای نزیکەی دوو مانگان هێندێک لەوانە ئازادکران و ئەو کەسانەی خوارەوە مانەوە و ڕەوانەی زیندانی ورمێ کران:

جەلیلی گادانی، خەلیلی گادانی، محەممەدی گادانی، عەبدوڵڵای گادانی، قاسمی ڕیانی، قادری ماوەرانی، حەسەنی ماوەرانی، محەممەدئەمینی چیرە، قاسمی چیرە، ڕەزا سیراجی، سەید خدری محەممەدی، سەید محەممەدی نیزامی، عومەری قازی، یای حەفسەی دەباغی، هۆشیاری ئیمامی، پۆلا ئانەوازادە، خوسرەوی خوسرەوی، ئەحەدی ئەنجیری، عەزیمی موەفەقی.

دوای نزیکەی پێنج مانگان(ڕۆژەکەم لە یاد نەماوە) بە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی مهاباد(کە لەو ڕاپەڕینەدا لاوێک بە نێوی «فەقێ یەعقوبی» شەهید کرا) و هەروەها دیفاعی کۆڕوکۆمەڵانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم و وەجوابهاتنی هێندێک لە شەخسییەتە سیاسییەکان وەک مەرحوم دوکتور «کەریمی سەنجابی» و... ئێمەش لە زیندان ئازاد کراین. بەمجۆرە ئاخرین ساتەکانی ژیانی تێکۆشەر کاک عەزیزی یوسفی(ڕوحی شاد بێ) تێکەڵ بوو بە یەکەم خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی مهاباد لە ١٥ی جۆزەردانی ٥٧(١٩٧٨).



عوسمانی یوسفی(١٩٣٦-١٩٧٥)و عەزیزی یوسفی (١٩٢٦-١٩٧٨) لە کاتی مولاقات لە زیندانی (بەرازجان)*

* * *

❑ عەزیزی یوسفی لە ساڵی ١٣٠٧(١٩٢٦) لە شاری مەهاباد لە دایکبووە.

❑ دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، یەکێک لەو کەسانە بووە کە بۆ زیندووکردنەوەی ئامانجی کوردایەتی هاتووەتە گۆڕەپانی تێکۆشانەوە و لە ساڵی ١٩٤٨ لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەوەڵین ژمارەی «**ڕێگا**» گیراوە و تا ساڵی ١٩٥٢ (ماوە ٤ ساڵ) لە زیندانی حەمەرەزاشادا حەبس کراوە.

❑ ساڵی ١٩٥٤ تا ١٩٥٦ بۆ جاری دووهەم ماوەی دوو ساڵ بێ موحاکەمە لە زینداندا ڕاگیراوە.

❑ ساڵی ١٩٥٨ بۆ جاری سێهەم بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەگیرێتەوە (و لەگەڵ غەنی بلوریان و ڕەحمەتی شەریعەتی) بە ئیعدام مەحکووم دەکرێ کە پاشان حوکمەکەی بۆ دەکرێتە زیندانیی ئەبەد.

❑ ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی ئەخۆشی و دیفاعی شێلگیرانەی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی جیهانی، لە زیندان ئازاد دەکرێ...

* ئەو وێنەیە لە ئاڵبۆمی بنەماڵەیی «گیرای یوسفی» (کچی مەرحووم عوسمانی یوسفی) خوازراوەتەوە.

کورتە چیرۆک:

# وەنەوشەی جادوو

ڕەسووڵ محەممەدی

«تف لە چارەت شەیتان! ئاخر چۆن نەفرەت لە کانیاو دەکرێ؟ ئاخر شیلەی مۆر چۆنچۆنی بگرمەوە؟ بریسکەی ڕێواس و پرچی خەزان لە کوێ بێنم؟

هەموو پێدەشتەکانم کێلا، بە هەموو شاخەکاندا هەڵزنام. ئاوارەی نێو هەموو دارستانەکان بووم. هەموو وەرزەکانم وەڕەز کرد. بنی هەموو دەریا لووشەکانم پشکنی. گژوگیا نەما دەسکەنەی نەکەم. مار نەما پێوەی نەدەم. تەنانەت دڵی ڕەشی هەورەکانیشم تەنگ کرد، بەڵام...

ئیتر سەرەندەر ناکەم. شەکەتم. بێزراوم، بێزارم، لە تۆ، لە هەموو خوداوەندەکان، لە خۆم، لە خاوەنەکەم، لە...»

ڕۆژێ لە بناری شاخێکی سەرکەشدا دڵداریم لە گەڵ هەتاو دەکرد. شنەی با پرچی زێڕینی هەتاوی لە بیلبیلەی چاوەکانمدا شانە دەکرد. «مرواری زیخ و چەو» لە هەناومدا سەمایان دەکرد. کووزەڵە و پوونگە لە لێوارمدا تێکچڕژابوون. بۆنی وەنەوشە دەنگی دابوە دەنگی ڕووناکییەکەم و بە بەرامەیەکی ڕوون، گۆرانی عەشق و پاکی و ڕووناکییان بۆ سروشت دەچڕی. ئەو ڕۆژە مانای وەرز و ساڵ نەدەزانرا. گوڵ وگیا نەیاندەزانی ژاکان چییە. دارودەوەن خەزانیان نەدیبوو. چیمەنی سەوز و گزینگی زێڕینی هەتاو بەرمووری شینی لاوکیان لە سەر سینگی ئاسمان نەخشاندبوو. لاوکە شینەکە تکتک دەبارییە سەر پەلکی وەنەوشە و پێڵووی من و پرشەی هێمنیی و ژیانی ئاراستەی کەزییەی چڵە ڕێواسەکە دەکرد کە وەک شۆڕەبی پەلکەی بە هەموو لایەکدا ئاوێزان کردبوو. شنەباکەش بێنەوەی واز لە پرچە زەردەکەی هەتاو بێنێ، دەستی بە کەزییەی ڕێواسەکەدا دەهێنا.

لە پڕ لاوێکی قۆز لە نێو پرژی ڕێواسەکە سەری هەڵدا. هەموو حەپەساین. یەکەم جاربوو بوونەوەری وامان دەبینی. لاوەکە بە هەموو لایەکدا چاوی گێڕا. ئەویش حەپەسابوو. پاشان پڕ بە سییەکانی هەوا شێدارەکەی هەڵمژی. ئەمجار ئاوڕی دایەوە لە ڕێواسەکە. دەستی بردەوە نێو کەزییەی ڕێواسەکە. دەستی ژنێکی شۆخی بە دەستەوە بوو. ڕایکێشا و گوتی؛ «وەرە مەشیانە*! وەرە سەیر کە، بڕوانە ئەو هەموو جوانییە!».

مەشیانە بە شەرمەوە چاوی بە هەموو لایەکدا گێڕا و بە تامەزرۆییەوە بۆن و بەرامەی تێکەڵ بە هەواکە هەڵمژی. پاشان پێکەوە کەوتنە پیاسە. لە سەر پەلکی وەنەوشەکەوە پەپوولەیەک هەڵفڕی. مەشیانە چاوی لێکرد، گوتی: «مەشیا گیان ئەوە چییە؟ سەیر کە چەند جوانە! وەرە وەرە بۆمی بگرە!» دەست لە نێو دەست کەوتنە دووی پەپوولەکە. ڕەشمارێک بە دارسێوەکەدا هەڵگەڕا. چاوی بڕیبوە مەشیا و مەشیانە. زمانی دەرکێشابوو. لوولی ئەدا. ئەوان سەرقاڵی پەپوولەکە بوون. بۆیان نەدەگیرا. لەپڕ پەپوولەکە بەرەو لای ئێمە هاتەوە. بە ئەسپایی باڵەکانی بە ڕوومدا خشاند و لە سەر پەلکی وەنەوشەکەم نیشتەوە.

مەشیا و مەشیانە بە دوویدا هاتن. تازە هەستیان بە بوونی من دەکرد. چاویان بریسکایەوە. بە ئەسپایی لێم نزیک بوونەوە. چاویان بڕییە نێو چاوم. جوانییەکەیان مەستی کردم. خۆیان لە نێو چاوەکانمدا بینی. سەریان هەڵبڕی و لێکیان ڕوانی. دیسان چاویان بڕییە نێو چاوانم. وەک ئەوەی دڵنیا نەبن وێنەی خۆیان ئەبینن، پەیتا پەیتا سەریان هەڵدەبڕی، لێکیان دەڕوانی و دیسانەوە لەمن ڕادەمان. کە دڵنیا بوون، بزەیان هاتێ و بەهێوری دەستیان تێ وەرهێنام. لەگەڵ وێنەکەیان شڵەژام.

مارەکە ئۆقرەی لێ بڕابوو. لە نێو لقوپۆپی دارەکەدا گینگڵی دەدا. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا ترسم لێ نیشت. هەستم بە پیلانێکی شەیتانی لە بیلبیلەی چاوەکانیدا کرد.

وەنەوشەکەم گوتی: «با بە مەشیا و مەشیانە بڵێین خۆیان بپارێزن». بەڵام ئەوان خەریکی دڵداری بوون. گوناه بوو لێیان تێکدەین. لێبڕاین جارێ وازیان لێبێنین و دواتر بە شێنەیی لەو مەترسییە ئاگاداریان کەین. مارەکە هەستی کردبوو من و وەنەوشەکەم لەچی دەدوێین. خێسەی لێدەکردین.

ماوەیەک تێپەڕی، لەگەڵ مەشیا و مەشیانەدا بە تەواوی هۆگری یەکتر ببووین. کە سەیری یەکمان دەکرد، هەستم دەکرد وا لە هەناوی یەکتردایین. من ئەوان بووم، ئەوانیش من. هەر ئەوەش مارەکەی شێتگیر کردبوو. تێمگەیاندن ئاگایان لە مارەکە بێ و هەڵیان نەفریوێنێ. بەڵام مەشیانە حەزی لە سێو بوو. کە ڕەنگە سوورەکەی دەبریسکایەوە دەبوە گڕی تامەزرۆیی و لە جەرگ و هەناوی مەشیانەدا دادەگیرسا. بێزووی پێدەکرد. هەوڵی من و وەنەوشەکەم بێسوود بوو. مارەکە چەند جارێک هەڕەشەی لێکردم کە وەنەوشەکەم لێ دەدزێ. شیلە مۆرەکەی هەڵدەمژێ و تووشی ئازاری هەتاهەتاییم دەکا. دەیزانی کە بێ وەنەوشەکەم ژیانم لێ تاڵ دەبێ. دەیزانی بێئەو توانای بیرکردنەوەم نامێنێ. بەڵام من و وەنەوشەکەم هاوڕێی مەشیا و مەشیانە بووین و گوێمان نەدایە هەڕەشەوگوڕەشەی مارەکە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان مەشیانە لە دارسێوەکە نزیک بووەوە. چما بریسکەی سووری سێوەکە بەو ڕۆژە ڕووناکە بە شەوارەی خستبوو. فریوی زمانی لووسی مارەکەی خوارد. سێوێکی لە دارەکە کردەوە و قەپی لێگرت. لەپڕ هەورە برووسکەیەکی تۆقێنەر دڵی داخستین. دنیا ڕەش داگیرسا. لە نێو تەم و مژ و تاریکیدا دەنگی هەورە برووسکەکە و قاقای پێکەنینی مارەکە تێکەڵ بوون. کاس بووم. بەڵام ئاگام لە دەنگی مارەکە بوو: «هەی کانیاوی قوربەسەر! ئیتر هەتاهەتایە ڕووی خۆشی نابینی.

←

ئەوا شیلەی وەنەوشەکەم کێشا. جادووم لێکردووی، ئیتر ئێستا تۆ کانیاو نیت. ئاوێنەیەکی ساردوسڕ و بێ هزریت. ئیتر مەشیا و مەشیانە نابینیت و رووناکییەکەت نابێتە جێ نزرگەی چاوەکانیان. هەی قورت بە سەر ئێستا ئیتر ئاوێنەیەکی نەفرەت لێکراوی. تەلیسم کراوی. ئیتر ماڵئاوایی بکە لە هێمنیی و بەختیاریی و وەنەوشە. بڕۆ! بڕۆ لەگەڵ گیلێ بژی وەک خۆت. ئیتر وەنەوشەکەت نابینیەوە. مەگەر بتوانی لە باتی چریکەی لاوکە شینەکەی ئاسمان و بەرامەی سووری گوڵاڵەی گۆنای مەشیانە، بریسکەی سەوزی ڕێواسی شاخی بەهاران و گزینگی زێرینی ڕۆژێکی خەزانی دارستان تێکەڵ کەی بۆ ئەوەی شیلەی مۆر بگێڕیتەوە نێو ڕەگ و پەلکی وەنەوشەکە».

ئیتر ئاگام لە هەورە تریشقە و دەنگە شەیتانییەکە نەما. بوورامەوە.

مەشیا و مەشیانە نەماون. وەنەوشەکەم ون بووە. تەنانەت مارەکەش بە دی ناکەم. بەڵام دەنگە نەگریسەکەی هێشتا لە نێو سەرەکاسەکەمدا دەنگ دەداتەوە. لەشم بەستوویەتی. لە ژوورێکدام. پەنجەرە و دەرگای ژوورەکە ئاوەڵان. مرۆڤێکی جوان و نەشمیل، شۆڕەژنێکی باڵابەرز چاوی بڕیوەتە نێو چاوانم. چی ببینم؟ لەش و لارێکی شوخ و شەنگ، دەست وپلێکی سپی وسۆڵ، سینگ وگەردنێکی نەرم ونۆڵ، دەم و لێوێکی ئاڵ، جووتێ چاوی سەوز و پرچێکی زێڕین. دیمەنێکی تابڵێی شیرین بەڵام نیگایەکی بۆش، وەک بڵێی لە پشت نیگاکەوە هزرێک نەبێ. نەرێ، بە نیگایەکی بۆشەوە دەڕوانێتە بەژن وبالام. بێ وەنەوشەکەم هەست بە بۆشاییەکی سەیر دەکەم لە دەروونمدا. لەگەڵ مرۆڤەکەی بەرانبەرم لە یەکتر دەڕوانین. لە یەک نامۆین و نامۆش نین. سەرم سووڕماوە. شتێکی سەیر لە سیمایدا دڕی بە جوانییەکەی داوە. وەک بڵێی چاوەکانی حەزیان لە ڕەنگی پرچەکەی نییە. بە بێزەوە مۆڕە لە پرچەکە دەکەن. پرچەکەش چما درووی زەردە و دەیەوێ چاوەکانی هەڵکۆڵێ. سەرم لێ شێواوە. دەستم تێوەردێنێ بەڵام سەیر ئەوەیە نە من نە وێنەکەی ئەو ناشڵەژێین. ئای تێگەیشتم. من ئیتر کانیاوە بەختەوەرەکە نیم. ئێستا ئاوێنەیەکی بەر نەفرەت کەوتووی شەیتانم. لە خۆم دەڕوانم. درزم بردووە، نا، درز نا، کەلێنێکی ڕەشی قەترانی وەک جەستەی مارە نەگریسەکە. لە قووڵایی کەلێنەکەوە قاقای ڕەشی مارەکە دێتە گوێم. پەستم دەکا. وێدەچێ مرۆڤە گێلەکەی بەرانبەرم گوێی لێ نەبێ. وردە وردە دڵم دەگیرێ و ژەنگی خەفەت لە ڕووخسارم دەنیشێ و تەنگ بە ڕووناکییە زوڵاڵەکەم هەڵدەچنێ. هیچم پێناکرێ.

دەستەوەستان گێل گێل دەڕوانمە مرۆڤەکەی بەرانبەرم. ئەمە ئەو کەسەیە کە مارەکە گوتی دەبێ لەگەڵی بژیم. ئای شەیتان تف لە چارەت.

قاقا ڕەشەکە تێکەڵ بە دەنگێکی نەگریسی تر دەبێ کە لە پەنجەرەکەوە دێتە گوێم. بڵێی دەنگی چی بێ؟ دۆعا یا خود وێردی سێحراوی؟ هەست دەکەم لە نێو کۆڵانەکەدا کابرایەک خەریکە کتێب بۆ ژنان دەگرێتەوە. نووشتە و جادوویان بۆ دەکات. خاوەنەکەم ئەم دەنگەیان دەبیسێ. خراپتر مۆڕە لە پرچەکەی دەکا. دەنگی پێیەک لە دەرگاکەوە نزیک دەبێتەوە. خاوەنەکەم ئەم دەنگەش دەبیسێ. چروچاوی پتر مۆن دەبێ و پرچەکەی ئاڵۆزتر. نازانم بۆچی دەنگی وێرد ودوشای کابرای نێو کۆڵان و دەنگی ئەو پێیەی کە لە دەرگا نزیک دەبێتەوە، پەستم دەکەن. سەرم کاس بووە. ناتوانم بیر بکەمەوە. هێندەی تر هەست بە دڵتەنگی دەکەم. دەڵێی دەنگی پێیەکە نزیکتر بووەوە؟ زەلامێکی زەبەلاحی ورگنی گۆشت تاڵ نێو دەرگاکەی تاریک کرد. سەیر لەوەدایە دەیناسم.

هەر لەم کۆڵانەدا دوکانی هەیە. قەسابە. بە بینینی دڵم تێکەڵ دێ. وردە گۆشت و خوێن و چەوری بە جلوبەرگ و دەست و پلیەوە وشک بووەتەوە. بەو چاوە زەقانەی لە دواوە سەیری بەژن و باڵا و پرچەزەردەکەی خاوەنەکەم دەکا.

هەست بە بریقەی حەزێکی شەیتانی لە چاوەکانیدا دەکەم. بێزم دێتەوە، لەپڕ دەنگی دۆعا و وێردە سیحراوی و لەخشتەبەرەکانی کابرای نووشتەنووس لە پەنجەرەکە نزیک دەبێتەوە. ئەوا ئەویش سەری هەڵدا. لە پەنجەرەکەوە مل دەکێشێ و بە سەروسەکوتێکی دزێو و چاوی کوتوکوێرەوە لێمان دەڕوانێ. کە سەیری چاوە سەوزەکانی خاوەنەکەم دەکا، بزەیەکی شەیتانی دەکەوێتە سەر لێوە درۆزنەکانی. دڵم تێکەڵ دێ. خوایە ئەو خاوەنە دەبەنگەی من دەڵێی هەست بە بوونی کابرای قەساب و نووشتەنووسەکە ناکا. نازانم بۆ لە باتی ئەوەی مۆڕە لە پرچی خۆی بکا و چاوی خۆی هەڵکۆڵێ، ئەو دوو درنجە دەرناکا و دەرگا و پەنجەرەکە داناخا. ئەها چۆن بە بێشەرمییەوە چاوە پڕ شەهوەتەکانیان بڕیوەتە لەش و لارە نەشمیلەکەی. ناو بە ناویش سەیرێکی یەکتر دەکەن بەڵام تەماشا کردنێکی سەرسووڕهێنەرە. بە چاو خێسە لە یەکتر دەکەن. بەڵام بە دەم بزەیان دێ.

سیمای دزێوی ئەم دوو کابرایە تەنگی پێ هەڵچنیوم. پەژارەیەکی خەست دڵی تەنیوم. گریانێکی پڕ لە بێدەرەتانی و شەرم و ڕق و بێزاری چنگی لە قوڕگم ناوە. بە نائومێدییەوە دەڕوانمە خاوەنە گێلەکەم. بە زمانی بێزمانی داوای یارمەتی لێ دەکەم. بەڵکوو لێم تێبگا و یارمەتیم بدا بۆ دۆزینەوەی وەنەوشەکەم. ئاخر هەرچەند سەیری ئەکەم تیشکی چاوە سەوزەکانی دەڵێی بریسکەی ڕێواسی شاخی بەهارانە و ڕەنگی پرچی زێرینی ڕۆژێکی خەزانی دارستانە. ئەو تیشکە و ئەو گزینگە ئەگەر یەکتر لە ئامێز بگرن، شیلەی مۆری لێ دروست دەبێ. دەبێتە دەریا لووشێک و نووشتەنووس و قەسابەکە و هەموو پیسی و پۆخڵیی ئەوان و ژەنگاری سەر گۆنام و گێلیی خاوەنەکەم ڕادەماڵێ و کەلێنە قەترانییەکەی جەستەم پڕ دەکاتەوە. جادوو بەتاڵ دەکا. تەلیسم دەشکێنێ و لەگەڵ وەنەوشە دەست لە ملان دەبنەوە. دەبمەوە بە کانیاوەکەی جاران و... بەڵام ئەم دەبەنگە ئەوە نییە یارمەتیم بدا. مارەکە ڕاستی دەکرد دەبێ هەتا هەتایە...

«تف لە چارەت شەیتان! ئاخر چۆن نەفرەت لە کانیاو دەکرێ؟ ئاخر شیلەی مۆر چۆنچۆنی بگرمەوە؟ بریسکەی ڕێواس و پرچی خەزان لە کوێ بێنم؟

هەموو پێدەشتەکانم کێلا، بە هەموو شاخەکاندا هەڵزنام. ئاوارەی نێو هەموو دارستانەکان بووم. هەموو وەرزەکانم وەڕەز کرد. بنی هەموو دەریا لووشەکانم پشکنی. گژوگیا ئەما دەسکەنەی نەکەم. مار ئەما پێوەی نەدەم. تەنانەت دڵی ڕەشی هەورەکانیشم تەنگ کرد، بەڵام...

ئیتر سەرەندەر ناکەم. شەکەتم. بێزراوم، بێزارم، لە تۆ، لە هەموو خوداوەندەکان، لە خۆم، لە خاوەنەکەم، لە...»

سلێمانی ٢٦/١٠/٩٦

* بە پێی ئایینەکۆنەکانی هیندوئێرانی، «مەشیا و مەشیانە» وەک یەکەم پیاو و ژن (ئادەم وحەوا) لە چڵی ڕێواسەوە دروست بوون و سەریان هەڵدا.

***

# هەناسەکان

عارف باوەجانی

**چەند** کاتژمێرێکی مابوو کە ڕۆژ بێتەوە. سەعید، دای لە دەرگای ماڵە ئازاد و هەر لەپشت دەرگاکەوە هەرای کرد خۆی کۆکاتەوە.
ئازاد کە لە سەر هەست خەوتبوو، دەرگای کردەوە وگوتی:
ـ سەعید گیان کەمێ مۆڵەتم بدە، ئێستا خۆم کۆدەکەمەوە. سەیری کۆڵەکەت کردووە چەندە گەورەیە.
هەردووکیان کۆڵەکانیان بە سەر شان دادا و لە ماڵ دەرکەوتن. کۆڵەکانیان ئەوەندە قورس بوو، وەک داری تەڕ دەچەمانەوە. لە گەڕاجدا سواری ئۆتۆمبیل بوون و لەگەڵ کابرای شۆفیر ڕێکەوتن کە بە ڕێگەی «سەیتەرە»دا نەڕوا.
دوای ئەوە کە سواری ئۆتۆمبیل بوون، ئازاد کەوتە خەیاڵی ئەوەوە کە ئەوجار بڵێی چەندە بفرۆشن؟ لە ناکاو سەعید هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەستی بە ئاخ ئاخ کرد!
ـ سەعید، ئەوە چێتە بەم بەیانییە، خۆ هێشتا نەمان وتووە بیسمیلا... ئەو ئاخ ئاخ و نائومێدییەت لە چییە؟
ـ ئازاد، بڕوات هەبێ ئەوە دوو مانگی تەواوە، منداڵەکانم تامی گۆشتیان نەکردووە. هەر داوای گۆشت و خواردەمەنی و شتی ترم لێدەکەن و هەموو جارێ بە قەول پێدانێکی درۆ، دەیان خافڵێنم! لەوە دەترسم ئەوجاریش شتێکمان دەست نەکەوێ و ڕۆژگار شەرمەزاری منداڵەکانم بکات.
ـ کاکە ئومێدت هەبێ.. واز لەو قسانە بێنە، ئەوا گەیشتینە گوندەکە. با پارەی خاوەن ئۆتۆمبیلەکە بدەین، پشت بە خوا هەر لە ئەوەڵ ماڵەوە دەست پێدەکەین. ئیشالاّ خێر دەبێ، دەی بە قوربان.. من زمانیشیان باش نازانم، بە دەنگە خۆشەکەت بە شتەکان هەڵابڵێ...
سەعید و ئازاد هەرکام بە کۆڵێک کەلوپەلەوە بە بەر ماڵەکاندا دەڕۆیشتن و شتەکانیان نیشان دەدا کە چیان هەیە و چیان نییە.. ژنێک لە دوورەوە دەستی لێهەڵتەکاندن و بانگی کردن.
ـ سەعید، ئەو ژنەت دیوە کە بانگمان دەکا، بە خوا ئەوە دەبێ مشتری چاک بێ، بابڕۆین.. هەردوکیان بە تالوکە و بە هانکەهانک گەیشتنە لای ژنەکە و کۆڵەکانیان کردەوە. ژنە کە نەختێک باڵابەرز و ڕەش ئەسمەر و گەڕاوە بوو، هەر پارچەکانی ئەودیو و ئەمدیو دەکرد و دەیگوت بە خوا ئەمە جەوانە، وابزانم ئەم پارچە جوانانەتان لە کوردستان ڕا هێناوە. دەستی لە سەر هەر پارچەیەک دادەنا، سووکە هەناسەیەکی هەڵدەکێشا..
ـ دەی باشە، ئەگەر پێت جوانە، بۆ هەڵی ناگری؟
ـ کاکەگیان، بە خوا حەزدەکەم هەموی بکرم، بەڵام بەچی.. بە خوا یەک فلسم نییە.
ـ سەعید گوێت لێیە ئەو خانمە دەڵێ چی؟ ئەو هەموو ملک و ماڵەیان هەیە، کەچی دەڵێ پارەم نییە..
ـ ئەرێ زەحمەت نەبێ، ناوت چییە؟
ـ ناوم «خلودە»یە..
ـ نێ.. باشە خلودە خانم ئەو هەموو ئۆتۆمبیل و مەڕ و ماڵات و زەویی کشتوکاڵ.. چۆن دەڵێیت پارەم نییە؟
ـ کاکە ئەو شتانە خۆ هی من نین. ئەوانە هی «حاجی»ین، هی حاجی باوکمن..
ـ جا توخوا کارت بە باوکت چییە؟ بە مێردەکەت بڵێ با بۆت بکڕێ..
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:
ـ من تا ئێستا مێردم نەکردووە و تەمەنیشم ٤٨ ساڵە..
ـ باشە خلودە خانم، بۆ تا ئێستا مێردت نەکردووە؟
ـ باوکم دەڵێ تۆ کاروباری مەڕوماڵات باش بەڕێوەدەبەی و نابێ مێرد بکەی.. سێ خوشکی لە خۆم بچووکتر مێردیان کردووە، ئەویش بەخت و چارەنووسی خۆیان کە لە ڕاستیدا باوکم بەپارە هەر سێکیانی فرۆشتووە.. منیشی بۆ بەدبەختی و ماڵات بەخێوکردن هێشتووەتەوە...
ـ سەعید گوێت لێیە.. ئەو بەزمە هەر لای خۆمان نییە، کوڕە خۆ لە زۆر شوێن هەر وایە..
ـ کاک ئازاد، من ئیتر هەست و ئارەزووی مێرکردنم تێدا مردووە، من ژیانم سووتاوە، شەو ڕۆژ لەگەڵ پشکەڵ و ڕیخی مەڕوماڵات خەریکم..
ئازاد کە دەتگوت شتێکی زۆر سەیری کەشف کردووە و لەبری ئەوە کە لە فکری فرۆشتنی شتەکانیدا بێ، بەزەیی بەو قەیرە کچە دەهاتەوە و لێکدا لێکدا پرسیاری لێدەکرد کە سەعید وەجواب هات وگوتی:
ـ ئەرێ کاک ئازاد، باشە پێم ناڵێی ئێمە کارمان بە سەر ئەم مەسەلانەوە چییە؟ ئێمە ڕێنوێنی خەڵکی خۆمان پێناکرێ، چ بگا بە خەڵکی دیکە.. کاکە با بڕۆین پارووە نانێک بۆ ژن و منداڵمان پەیدا بکەین..
سەعید و ئازاد کۆڵەکانیان کۆکردەوە و خلودە خانمیان بە دنیایەک خەم و پەژارە تەنیا هێشتەوە.
ـ نای قوماشی باش، کراسی جوان، سەرپۆش و چارۆکەی گوڵدار.. وەرن لە کیسی خۆتانی مەدەن... ئەوە دەنگی سەعیدبوو کە تاوناتاوێک بە کەلوپەلەکانی هەڵدەگوت.
ـ کاک ئازاد، ناها.. چاوت لێیە ئەو پیرێژنە بانگمان دەکات، با بچینە لای، بەڵام توخوا، شتێک کە پێوەندی بە خۆمانەوە نەبێ، درێژەی پێ مەدە.
پیرێژن دوای چاک وچۆنی پرسیاری کرد:
ـ چیتان پێیە؟
ـ فەرموو، هەرچیت دەوێ پێمانە..
ـ (لەگەڵ هەڵبژاردنی هێندێک قوماش) زۆر باشە ئەو شتانەی کە جیام کردوونەتەوە بایی چەندن؟
ـ ئەوانە بایی ٢٥٠ دینارن، ٥٠ دیناریش خاتری خۆت..
ـ باشەکوڕم .. ئەوە دەچم نیشانی کچەکانمی دەدەم.. ئەدی نانتان خواردووە؟

سەعید بەهێواشی ئازادی حاڵی کرد کە زگی لە برسان مۆسیقا لێدەدا.. ئازادیش کە لە خودای دەویست و بۆخۆشی هەروا برسی بوو، بە ژنەکەی گوت:

ـ .. ئاخر، پورێ گیان دەترسم زەحمەت بێ؟

ـ هەستن کوڕم، هەستن زەحمەتی چییە، لە خوا بە زیاد بێ بەشی ئەوەندەمان هەیە شەرمەزاری میوانان نەبین.

پیرێژن کە ژنێکی سەروڕۆخۆش و دنیادیدە بوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و درێژەی دایە:

ـ خوا تاوانبار بگرێ کە ئێوەی لە خاک و زێدی خۆتان دوور خستووەتەوە، ئێستا بە دوای دابینکردنی ژیانی ماڵ ومنداڵتان گوند بە گوند دەگەڕێن و پێتان عەیبە بڵێن برسیمانە، وەرن کوڕم وەرن.. شەرمێ مەکەن ماڵی خۆتانە.. بەوەی نییە عەرەبم بە خوا سەند هێندەی ئێوە ڕقم لەو زاڵمەی خۆمانە...

لە گوندنشینەکانی عەرەب جێی نانخواردن (میوانخانە) لە دوورەوەی ماڵ(دیوەخان) دروست دەکرێ، بۆ ئەوەی ژن وکچەکانیان نەبیندرێن.

سەعید و ئازاد چوونە نێو میوانخانەکە و دوای ماوەیەک ژنەکە بە سینییەک نان و خواردەمەنی هاتەوە و گوتی:

ـ فەرموون کوڕم، شەرم مەکەن و تێرنانی خۆتان بخۆن، ئەوەش چایی یە.. تا لە بیرم نەچووە کچەکان داوای چەند کراسی دیکەشیان کردووە. تا ئێوە نانەکەتان دەخۆن بۆیان هەڵدەبژێرم و دەچم نیشانیان دەدەم و پارەکەشتان بۆ دێنم...

سەعید کە لە فرۆشی قۆماشی ئەوجارە و بەتایبەت خۆش خولقی ئەو پیرێژنە، تەواوێک کەیفی ساز ببوو، ڕووی دە ئازاد کرد و گوتی:

ـ دەزانی چەند ژنێکی باشە، ئەو هەموو شتەی لێکڕین و نانیشی پێداین.. توخوا کاک ئازاد ماشێن حیسابەکەت دەربێنە، بزانین چەندمان قازانج کردووە..

ـ لە خودای بە زیاد بێ، پێموایە ئەوجار دەتوانی ئەو شتانەی کە قەولت بە منداڵەکان دابوو، بۆیان بکڕێ.

دوای ئەوەی ژنە پارەکەی بۆهێنان و ماڵئاواییان کرد، کۆڵەکانیان بەر شانی دادا و دووربوونەوە.

ـ سەعید، دەڵێی چی سەرێکیش لەو گوندەی نزیک دارستانەکە بدەین و نەختێکیش خۆمان فێنک کەینەوە..

ـ قەیناکە، ئەو نیو سەعات ڕێیەش با بچین، بەڵکوو لەوێش هێندێکی دیکە بفرۆشین..

سەعید و ئازاد شەکەت و ماندوو، هەرکام بە دنیایەک خەیاڵی جۆراوجۆرەوە، بە قەراخ جۆگە ئاوەکانی نزیک ئاواییدا دەڕۆیشتن، لە پڕ دەنگێکی بە سام هەردووکی لە جێی خۆی وشک کرد:

ـ لە جێی خۆتان نەبزوون، هەرکەس جووڵەی بکا مێشکی دەپژێنم.. دادەی خەلەف زوو بڕۆ بیانپشکنە، هەرچی پێیانە لێیان وەرگرە.

ـ کوڕە بیکەن بە خاتری خوا، ئێمە کاسبین و بە دوای رزقی ماڵ و منداڵماندا دەگەڕێین..

ـ ها، کوردن.. ئەوە چۆنە دەمانچەتان پێ نییە.. ؟

ـ کاکە گیان ئێمە بۆ شت فرۆشتن هاتووین، چەکی چی و دەمانچەی چی؟

ـ زۆر دەمدرێژی مەکەن، هەرچی پارەی پێتانە بیخەنە ڕوو، دەنا...

چەتە عەرەبەکان کە نە گوێیان بە پاڕانەوە و لالانەوەی سەعید دەبزووت و نە داد و هاواری ئازاد، هەرچی پارە و پارچە و کەلوپەل بوو، لەگەڵ خۆیان بردیان و بە سواری مۆتۆڕ لێیاندا و ڕۆیشتن.

سەعید کە تاوێک لەوەپێش لە خەیاڵی ئەو شتانەدابوو کە دەبوو بۆ منداڵەکانی بکڕێ، بە کوڵی گریانەوە ڕووی دە ئازاد کرد وگوتی:

ـ تەڕمان گۆشت کرێ، ئێستا چ جوابی منداڵان بدەمەوە...

ـ سەعید، وەختی ئەو قسانە نییە با زوو خۆمان بگەیێنینە ئەو ڕەشدەوارە، ڕەنگە ئەوان ئەو جەردانە بناسن؟

ئازاد کە پێی وابوو هەرچی زووتر خۆی بگەیێنێتە خێوەتەکە، پارە و کەلوپەلەکانی زووتر دەست دەکەوێتەوە، بەر لە سەعید خۆی گەیاندە ماڵەکە و بە دەنگێکی لەرزۆک زاری هەڵبڕی:

ـ پوری گیان! دەستم بە داوێنت، تاوێک لە پێش دوو عەرەبی دەم وچاوهەڵپێچراو بە ئەسلەحەوە لە نزیک ئەو دارستانە، لێمان پەیدا بوون و هەرچی پارە و شتی پێمان بوو بردیان و ڕۆیشتن. ئەگەر جەردەکان دەناسن، خێرتان دەگاتێ ناوەکانیان بە ئێمە بڵێن، بەڵکوو بیاندۆزینەوە..

ـ بە شەرتێ لە هیچ شوێنێک ناومان نەهێنن.. ژنەکە ناو و نیشانی جەردەکانی پێگوتن و ئەوانیش بەرەو ناوەندی پۆلیس(مرکز الشرطه) وەرێکەوتن. کاتێک گەیشنە ئەو شوێنە، ئازاد چۆنیەتی ڕووداوەکەی بۆ کابرای پۆلیس گێڕاوە و ناوونیشانی جەردەکانیشی پێگوت و چاوەڕێ بوو کە ئێستا کابرای پۆلیس هەق بە هەقدار دەگەیەنێ و پارە و شتومەکەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، کەچی کابرا دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:

ـ ڕووت کراوین! ڕووتکرانی چی.. بێکار و بێبار دەخولێنەوە.. لە خۆڕا خەڵکی تاوانبار دەکەن.. ئەو دووکەسەی من بیانناسم، ئینسانی وەک خۆیان کەمە.. چونکە بوختان بە خەڵکی دەکەن، دەبێ لێدانێکی باش بخۆن...

چوار زەلامی کەڵەگەتی گۆشتاڵە کە شتی وایان لە خودای دەویست هەر کامە چەند شەق و پێلاقەیەکیان وەشاند و پاشان ڕەئیسەکەیان ڕووی دە سەعید و ئازادکرد وگوتی:

ـ بێ ئاوڕدانەوە لە کوێ ڕا هاتوون بڕۆنەوە وێ، بڕۆن ون بن لە بەر چاوم.. نەکەن جارێکی دیکە بوختان بە خەڵکی بکەن..

سەعید و ئازاد بە سەروڕوومەتی شێواو و شلەژاو بەرەو شوێنەکەی خۆیان گەڕانەوە. بەڵام بە دەم ڕێگاوە هەرکام بە شێوەیەک بۆ سووک کردنی باری نەفسی خۆیان، یەکتریان دڵخۆشی دەداوە:

ـ کاک ئازاد، خۆزگەم بە خۆت.. چا نییە ژن و منداڵت نییە، ئێستا من بە چ ڕوویەک بچمەوە ماڵێ..

ـ کار لە پیاوان دەقەومێ کاک سەعید گیان.. کاری وا نەکەی منداڵەکانت نارەحەت بن..

ـ ئەگەر ڕاستت دەوێ، لە ڕووم هەڵنایە بە تەنێ بچمەوە ماڵ، وەرە خۆت ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕەوە..

لەو قسانە دابوون کە منداڵەکان بە دیتنی باوکیان لە خۆشیان دستیان کرد بە هات و هاوار، بەڵام سەعید لە تاوان خۆی پێ ڕانەگیرا و دای لە قوڵپەی گریانێ..

خێزانی سەعید کە لە بەر دەرگای ماڵێ گوێی لە دەنگی منداڵەکان و گریانی سەعید بوو هاتە پێشەوە و پرسی:

ـ کاک ئازاد ئەوە سەعید بۆ دەگری؟ چ قەوماوە؟...

ـ بە خوادادەگیان هەرچیمان پێبوو لە ڕێگایە ڕووتیان کردین و ئەوە بە دەست بەتاڵ گەڕاوینەوە..

خێزانی سەعید هەناسەیەکی هەناسەساردانەی زۆر قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

ـ دیسانیش هەر جێی شوکرە، بەس نییە بۆخۆتان بە ساغی هاتوونەتەوە،...

■

کەمال مەحموود

# چەند سەنجێک دەربارەی کێشەی دوو پرێپۆزیسیۆنی (دە) و (لە) لە زمانی ئەدەبیدا

ئەمەی کەلێرەدا دەیخەمە بەرچاوی خوێندەواران، چەند سەرنجێکن دەربارەی نووسینەکەی کاک عەبدوڵلا ئیبراهیمزادە، ئەوەی کە لەگۆڤاری گزینگی ژمارە ٢٨، زستانی ١٩٩٨ (١٣٧٦)دا، بڵاوی کردۆتەوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر باسی (دە) و (لە)، بە پێویستی دەزانم، لە رووی دەستووری زمانەوە باسی پارچەکانی رستە، زۆر بەکورتی بکەم، و ئینجا بگەڕێمەوە سەر باسەکەی پێشوو، هەروەها چاوێکیش بەسەر چەند هەڵەیەک کە دژی دەستووری ئەم شێوە زمانە کوردییەیە، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەم گۆڤارەدا پێی دەنووسین، بخشێنم.

بەشێوەیەکی گشتی رستە ئەگەر کورت بێت یان درێژ، لە دوو پارچە (بەش)ی سەرەکی یان بنچینەیی ــ وشەیەک بن یان گرێیەک یان لەوەش زیاتر بن ــ دروست دەکرێت. بە شێکیان پێی دەگوترێت باسلێکراو (فاعیل، بکەر..). ئەم بەشە بریتییە لەناو یان وشەیەک شوێنی ناو بگرێ (تەواو کەری هەبێت یان هەر بەتەنها بێت)و بەشی دووهەمیان پێی دەگوترێت باس (کار، فرمان، فیعل...) و ئیتر باقی تری وشە و گرێکانی تری ناو رستەکە یان تەواو کەری بەشی یەکەمن یان هی دووهەمن. ئەو تەواو کردنەیش بەهۆی ئامرازی تەواوکردنەوە دەبێت و پابەندی وشە تەواوکەرەکەیەتی و بە هەردوولایان دەبنە تەواوکەری ئەو بەشەی کە مەبەستە.

ئامرازی تەواوکردن لەگەڵ وشە تەواوکەرەکانیدا بەپێی مەبەست ناوێک یان ئەو وشانەی شوێنی ناو دەگرنەوە، یان فیعلێک (باسێک) تەواو دەکات و لەگەڵ تەواو کەرەکەیدا گرێیەک دروست دەکەن کەپێی دەگوترێت گرێی تەواو کردن و لە دوو شێوەدا دەر دەکەوێت... جا ئەگەر گرێکە ناوێک یان وشەیەکی تر کە شوێنی ناو بگرێتەوە تەواو بکات ئەوا دەبێتە گرێیەکی تایبەت بەناو وەکو ئاوەڵناو... بەڵام ئەگەر فرمانێک (باسێک) تەواو بکات ئەوا دەبێتە گرێیەکی ئاوەڵکاری (دەفر) کە چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە، وەکو (کات، شوێن، چۆنیەتی، هۆ... هتد).

ئەوەی لەباسەکەی کاک ئیبراهیمزادە دا سەرنجی راکێشام ئەمەیە کە چەند بابەتێکی دەستووری زمانی تێکەڵ کردووە.. من خۆم لایەنگری ئەوەبووم کە بابەتەکان بەم شێوەیە باس بکەم:

١- ئامرازی تەواوکردن و دەوریان لەناو رستەدا.

٢- جۆرەکانی ئامرازی تەواو کردن.

٣- پاشگر و پێشگرو دەوریان لەناو دەستووری زمانی کوردیدا.

٤- جیاوازیی بەینی ئامرازی تەواو کردن و پاشگر و پێشگر.

٥- چەند هەڵەیەکی زەق لەناو باسەکەی کاک ئیبراهیمزادەدا.

جا ئەگەر بەپێی بەرنامەکەی خۆم بڕۆم، مەسەلەکە زۆر دەخایەنێت، لەبەر ئەوە رێچکەی نووسینەکەی ئەو دەگرم بەم شێوەیە:

١- لەبەشی پێشەکییەکەیدا دەڵێت: «لەزمانی کوردیدا پرێپۆزیسیونەکانی (دە) و (لە)... بۆ ئاماژە کردن بە دەفر (ظرف)ی شوێن وکات بەکار دەهێندرێن...»

من ئەمە بەراست نازانم، چونکە ئامرازی تەواوکردنی (دە) و (لە) تەنها بۆ دەرخستنی ئاوەڵکاری (دەفر = ظرف) کات و شوێن بەکار ناهێنرێن (نەک ناهێندرێن!). هەروەها (لە ...دا) رۆڵی (حرف جر)ی عەرەبی نابینن..

لە کوردیدا، ئاوەڵکار تەواوکەری روویەکی روودانی فرمانی رستەکەیە و پەیوەندیی بە (حرف جر)ی عەرەبییەوە نییە.

ـ هەر لەو رستەیەدا دەڵێت: «... بەدەفر (ظرف) بەکار دەهێندرێن.»

نازانم بەپێی دەستووری کام شێوە زمان ئەم فرمانە نادییارەی دروستکردووە؟

بێگومان فرمانە کە لەچاوکەی (هێنان)ەوە وەرگیراوە. بەڵام خراوەتە شێوەی فرمانی نادییارەوە.. فرمانە نادییارەکانیش لەچاوکەی نادییارەوە وەردەگێرێن. چاوکەی نادییاریش لە رەگی فرمانی تێپەڕی چاوکەی ئاشکرا (دییار)ەوە بەم شێوەیە، کە دەستوورێکی گشتییە لەم شێوە زمانەدا کە ئێمە پێی دەنووسین، وەردەگیرێت. (لەشێوە زمانی ژووروودا بەشێوەیەکی تر دروست دەکرێت.)

لە پێشەوە رەگی چاوکە تێپەڕە ئاشکراکە وەردەگرین و پاشگری (ران)ی دەخەینە سەر و دەبێتە چاوکەی (نادییار) و لەم چاوکە نادییارەوە فرمانی رابوردوو، هەروەها رانەبوردو بەپێی دەستووری خۆیان وەر دەگرین.

<u>چاوکەی تێپەڕی ئاشکرا</u>

هێنان، نووسین، رژاندن، توانین، کردن، بردن

<u>رەگ</u>

هێن+، نووس+، رژێن+، توان+، ک+بزوێن، ب+بزوێن

<u>پاشگری دان</u>

ران، ران، ران، ران، ران، ران

<u>چاوکەی نادییار</u>

هێنران، نووسران، رژێنران، توانران، کران، بران

<u>فرمانەکان</u>

هێنرا..، نووسرا..، رژێنرا..، ...، ...، ...

سەرنج: ئەگەر رەگی فرمانەکە بەبزوێنێکی کورت دوایی بێت، ئەو بزوێنە کورتە زۆرجار گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ ئەوەی واتاکەی لەگەڵ واتای وشەی تردا تێکەڵ نەبێت و بە ئاسانی جیا بکرێتەوە.

خۆ ئەگەر چاوکەکە تێنەپەڕ بێت، ئەوا بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە کە دەخرێتە دوای رەگی فرمانەکە دەبێت بە چاوکێکی تێپەڕ و بەو ←

دەستوورەی پێشوو چاوکەی نادییاری لێ دروست دەکرێت... ئیتر بۆچی دەبێت بڵێین «بەکار دەهێندرێن» لە کاتێکدا کە زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین: «بەکار دەهێنرێن» و ئەمیان شێوەیەکی راستی دەستووری زمانیشە. بۆچی بەزۆر تیپی (د) دەگوشرێتە ئەو شوێنەوە.
کامیان ئاسانترە، بڵێین:
خواردن: دەخودرێن... یان دەخورێن؟
نووسین: دەنووسدرێن... یان دەنووسرێن؟
کردن: دەکردرێن... یان دەکرێن؟
پێش خستن: پێش دەخردرێن... یان پێش دەخرێن؟
هەڵواسین: هەڵدەواسدرێن... یان هەڵدەواسرێن؟
کڕین: دەکڕدرێن... یان دەکڕرێن؟
زانین: دەزاندرێن... یان دەزانرێن؟
چەسپاندن: دەچەسپێندرێن... یان دەچەسپێنرین؟
راکێشان: راکێشدرێن... یان رادەکێشرێن؟
کەچی هەر خۆی لە (ل-٣٦-٣٧ی) هەمان گۆڤاردا ئەمانەی بە شێوەی دەستووری بەکار هێناوە «رابکێشرێ، بەکاربهێنرێ، دەگوترێت، دەگیرێ).
٢- لەبەندی دووهەمی باسەکەیدا دەڵێت: «لایەنی سەرەکیی کێشەکە، کە رەنگە تائێستا کەمتر دەمەتەقەی لەسەرکرابێ..» ئەوەندی من بزانم لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم و جزمی دووەم)دا کە مامۆستا توفیق وەهبی لەساڵی ١٩٢٩ و ١٩٣٠ لە (چاپخانەی دار الطباعە الحدیثە) لە بەغداد چاپی کردوون، لەو باسە دوواوە. هەروەها لە فەرهەنگەکەی (وەهبی وسۆن)دا باسکراوە کە لە ١٩٦٠ دا چاپکراوە. جگە لەوەی کە لەبەشی کوردیی کولێجی ئەدەبیات لە بەغداد و سلیمانی و لەدواییدا لە هەولێر بە دەرس باسکراوە.
باسەکە شتێکی نوێ نییە کە کەس لەسەری نەدووابێت.. بەڵام ئۆباڵی بەهەڵە بەکارهێنانیان لەسەر ئەستۆی ئەو کەسانە خۆیانە کە بە هەڵە باسیان دەکەن یان بەکاریان دەهێنن.
٣- هەر وەها لە زۆر شوێنی نووسینەکەیدا چاوی لەنووسینی ئامرازی تەواوکردنی (ی)ی پۆشێوەوە بەکاری نەهێناوە. ئەو بەکار نەهێنانەی هەڵەیەکی زمانەوانی و لەدەستوورلادانە. لە ستوونی یەکەمی ل ٣٦ی گۆڤارەکەدا لەباسی «(دە) و (لە) لە بنچینەدا»
دەڵێت: «لە هیندی کۆندا... و لە پارسی نوێدا..»
تۆ بڵێیت مەبەستی (هیند)ی کۆن بێت یان (هیندی)ی کۆن؟
ئایا مەبەستی (پارس)ی نوێیە یان (پارسی)ی نوێیە؟
مەبەستەکەی بۆ خوێندەواری باسەکە روون نییە.
دیارە مەبەستی ئەو (هیندیی کۆن و پارسیی نوێ)یە بەڵام نەنووسینی (ی)ی تەواوکردن ئەو ئاڵۆزییەی دروستکردووە.
بەکار نەهێنانی ئەو (ی)یە، بە تایبەتی لەدوای ئەو وشانەوەی کە خۆیان کۆتاییان بە(ی) دێت، ئەو کێشەیە دروست دەکات.
٤- لەزۆر شوێنیشدا بەشی دووهەمی تەواوکەری راناوی لکاوی (یت، ات)ی کەسی سێهەمی تاکی نەنووسیوە، وەکو:
(دەوەستێ ـ ت، دەگێڕێ ـ ت، بکرێ ـ ت، .. هتد)
نووسینی ئەو بەشەی راناوەکە شتێکی پێویستە، چونکە ئەگەر لەدوای راناوەکەوە تەواو کەرێک هەبێت، ئەوا ئەو دەمە پێویستیی نووسینی ئەو بەشە بە تەواوی ئاشکرا دەبێت.
وەکو:
کابرا سبەینێ دەگا(ت)ە جێ.
نەخۆشەکە دەچێ (ت)ە خەستەخانە
باسەکەمان بۆ دەگێڕێ(ت)ەوە.
٥- لەرووی لێکدانەوەی جۆری بەکارهێنانی (لە)و (لە-دا)وە کەیەکەمیان بۆ رووبەروو دووهەمیان بۆ بۆشایی ناو دەفرەکەیە روونکردنەوەیەکی بە جێیە.
٦- منیش حەز دەکەم وەکو ئیبراهیمزادە (لە، دە) وەکو ئامرازی تەواو کردن هەردووکیان بەکار بهێنرێن. بەڵام ئەم تێکەڵ کردنە نابێتە هۆی پێکهێنانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی. دروست بوونی زمانی نەتەوەی کورد، یان زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پابەندە بە رۆڵی زانیاریی زمان و چۆنیەتیی دروست بوونیەوە.
٧- لەخاڵی سێهەمی باسەکەیدا هەڵەیەکی تر بەدی دەکرێت، لەوە دەچێت کە جیاوازیی (ئامرازی تەواو کردن)ی ـ کە کاک ئیبراهیمزادە پێی دەڵێت پرێپۆزسیۆن ـ لەگەڵ (پێشگری چاوکە)دا نەکردبێت.
لەزمانی کوردیدا بەشی زۆری چاوکەکان بەهۆی پێشگر بەگشتی و جاروباریش بەهۆی پاشگرەوە چاوکەی نوێیان لێ دروست دەکرێت، وەکو:
کەوتن هەڵکەوتن، دواکەوتن، پێکەوتن...
دان سەردان، بەردان، لێدان...
کردن، هەڵکردن، ڕۆکردن، دەرکردن...
چوون، رۆچوون، چوونەوە...
لێرەدا زیاتر مەبەستم لەوچاوکانەیە کە بە هۆی پێشگری (لێ، تێ، پێ...)وە دروست دەکرێن. بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامرازی تەواو کردندا تێکەڵ نەکرێن. بۆ نموونە:
چاوکەی (لێدان) لەچاوکەی سادەی (دان) و پێشگری (لێ)وە دروستکراوە و واتایەکی نوێی هەیە: سەیری ئەم رستەیە بکە.
پۆلیسەکان بە کوتەک (لە) قوتابییەکانیان (دا).
لەم رستەیەدا (لە ... دا) نە پرێپۆزیشنە و نە ئامرازی تەواو کردنە. بەڵکو فرمانێکی رابوردووی سادەیە و لە چاوکەی دروستکراوی (لێدان=لێ+دان)ەوە وەرگیراوە. هەمان هەڵەی لەدێر□ی ٣٥ هەمینی ستوونی یەکەمی (گزینگ ژمارە ١٨، ل-٣٨) دا، لە رستەی (لە دەرگایان دا)دا، دووبارە کردۆتەوەو (لە) یەکەی بە (ئامراز) ناوبردووە! نەک بە پێشگری چاوکەی (دان).
ئەگەر ئامرازی تەواوکردنی (لـ-دا) لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا لە ناوە رستەکەیدا هەڵبگرین و بەتەنها ئاوەڵکارەکە نەمێنێت، بەڵام واتای فرمانی رستەکە تێک نەچێت یان نەگۆڕرێت، ئەوا لەو شوێنەدا (لە - دا)ئامرازی تەواوکردنە، بەڵام ئەگەر واتای فرمانی رستەکە تێک بچێت یان بگۆڕرێت، ئەوا لەو شوێنەدا فرمانە و لەچاوکەی (لێدان)ەوە وەرگیراوە، وەکو:
١- ماسییەکەم (لە ناو ئاوەکەدا) گرت.
ئەگەر (لەناو ئاوەکەدا) هەڵبگرین، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەمەیە (ماسییەکەم گرت) لێرەدا تەنها ئاوەڵکارەکە نەماوە. بەڵام فرمانەکە هەر وەکوخۆیەتی.
کەچی لە رستەی:
٢- پۆلیسەکان بەکوتەک (لە) قوتابییەکانیان (دا).
ئەگەر هەر (لە) و (دا) یەکە لەناو رستەکەدا لاببەین، دەبینین هەموو واتای رستەکە دەشێوێت و لەرستە دەر دەچێت، چونکە فرمانی لەناودا نامێنێت و دەبێتە (پۆلیسەکان...)!
هەر لێرەدا دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە کە (لێ، پێ، تێ) بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان و ئەو وشانەی کە لە دوایانەوە دێن، دەبن بە (لە، بە، لە.).. لەم بارەیاندا ناوێکیان لە دواوە دێت.
- نازانم لەسەر بنەمای کام دەستوور بەراوردی (علی)ی زمانی عەرەبیی ←

لەگەڵ (لە)ی زمانی کوردیدا کردووە؟

- منیش لەگەڵ کاک ئیبراهیمزادە دەڵێم، نابێت «شوێنی ئامرازی (لە-دا) لەزمانی کوردیدا کوێربکرێتەوە.» بوونی (دە) و (لە) زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم کە (دا)ی بەشی دووەمی (لە-دا)ی ئامرازی تەواوکردن لە شوێنی تایبەتیی خۆیدا لەگەڵ ئاوەڵکار بەکار نەهێنرێت، چونکە رستەکە لارەسەنگ دەکات.

- کاک ئیبراهیمزادە هەڵەیەکی تری لەبەینی (ناو) و (ئاوەڵکاری کات)دا کردووە. وەکو ئەوەی کە لەبەندی ژمارە -٣-ی ستوونی یەکەمی ل-٤١-ی گۆڤارەکەدا هاتووە و دەڵێت:

«دەکرێ لەزۆر جێگایاندا هەر ئامرازەکە بەتەواوی وەلابندرێ، بۆ نموونە لەباتی (لەساڵی ١٩٤٥).. هتد.»

چونکە ئەگەر بڵێین: (ساڵی ١٩٤٥ دواساڵی شەڕی دووەمی جیهانی بوو.)، لێرەدا (ساڵی ١٩٤٥) وەکو ناو، باسلێکراو نەک ئاوەڵکار لەناو رستەکەدا بەکارهێنراوە و بەڵام ئەگەر بڵێین: (شەری دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥دا کۆتایی هات.)

لەم رستەیەدا (لە ساڵی ١٩٤٥دا) گرێیەکی ئاوەڵکاریی کاتە. زەمانی تەواوبوونی شەڕەکە دەردەخات.

هەرچی وشەیەک واتای (کات=دەم=زەمان)ی هەبێت بەپێی مەبەست و چۆنیەتیی بەکارهێنانی شوێنی لەناورستەدا دەگرێت و مەرج نییە هەمیشە ببێتە ئاوەڵکاری کات، دەفر.

- لە شەش دێری دوایی ستوونی یەکەمی ل-٤١-ی گۆڤارەکەدا خۆی تووشی هەڵەیەکی تر کردووە و دەڵێت: «بەپێی پێشنیاری من رستەی (ئێمە لەو رۆژەدا دەگەڕاین) دەبێتە (ئێمە لەو رۆژە دەگەڕاین)..».

لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێندەوار بۆ واتای ئەو دوو رستەیە و مەبەستی کاک ئیبراهیمزادە رابکێشم. رستەی (ئێمە لەو رۆژەدا دەگەڕاین) ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەورۆژەدا خەریکی گەران بووین. بەڵام رستەی (ئێمە لەو رۆژە دەگەڕاین) ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە بەدوای رۆژێکی وەکو ئەو رۆژەدا دەگەڕاین، وەکو بۆ چوونی ئەو نییە کە دەڵێت: «بەڵام ئەم رستەیە زۆرتر مانای (لێگەڕان/بەشوێنداگەڕان) دەبەخشێ». کەی (لێگەڕان) واتای (بەشوێنداگەڕان) دەگرێتەوە.

وشەی (لێگەڕان) لەواتادا (وازلێهێنان) دەگرێتەوە، یان هەرهیچ نەبێت لەمەوە نزیکترە و نەیتوانیوە بەرەوانی بۆ مەبەستەکەی خۆیی بەکاری بهێنێت.

- لە دێری دووەمی ستوونی دووەمی ل-٤١-ی گۆڤارەکەدا وتوویەتی: «لەم نڤیسەدا..» لەجیاتی ئەوەی چاوگەکەی بەکار بهێنێت وەکو ناو، فیعلەکەی بەهەڵە لەشوێنی چاوگەی (نڤیساندن) بەکارهێناوە. نڤیس فیعلە، بەڵام نڤیساندن کە چاوگەیە وەکو ناو لەناورستەدا بەکاردێت.

- داوا لە کاک ئیبراهیمزادە دەکەم کە بچێتەوە بەسەر دوابەندی نووسینەکەیدا، هەر لەدێری یەکەمی ستوونی دووەمی ل-٤١-ی گۆڤارەکەوە هەتا کۆتایی نووسینەکەی، چونکە من بەش بەحاڵی خۆم تێی نەگەیشتم و هەست دەکەم ناتەواوە و پێویستی بەروونکردنەوەیە. ئەگەر مەبەستی ئەو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویێت، ئەوا ئەم باسە بەوچەند دێڕەی ئەو چارەسەر ناکرێت و دەبێت لەرووی زانیاریی زمانەوە لەبابەتی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، زمانی نەتەوەوە لێکۆڵینەوەی ورد و بەجێ بکرێت و هێوادارم شارەزایانی دەستووری زمان و زانیاریی زمان لەم رووەوە کەمتەرخەمی نەکەن و بوونی خۆیان لەوکۆڕەدا بنوێنن.

لەندەن، ١٩٩٨/٢/٥

## بەرسڤێک بۆ چەند سەرنجێک دەربارەی...

عەبدوڵلا ئیبراهیمزادە

پێشەکی سوپاس بۆ بەرپرسی بەڕێزی «گزینگ» کە دەرفەتی پێدام بیروڕای خۆم لە سەر ئەو سەرەنجامە دەربڕم کە برادەرێک لە وەڵامی وتارەکەی مندا نووسیویەتی. هەروەها سوپاس بۆ ئەو برادەرەش کە ویستوویەتی هێندێک شت بۆ من و خوێنەرەوان ڕوون بکاتەوە. لە بەر ئەوەی ناوی ئەم بەڕێزە تا ئێستا بۆ من ئاشکرا نەکراوە، ناچارم لێرەدا هەر بە ناوی «برای ڕەخنەگر» ناوی بهێنم.

من لە وتارەکەمدا، دووشتم باسکردووە: لێکۆڵینەوەیەک لە بنج و بنەما و هەروەها ئەرکی دوو ئامرازی (دە) و(لە) و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم بارەوە پێکهاتوون و ئەوەی کە ئەمڕۆ لە نووسینی کوردیدا (لە) و(لە ــ دا) زۆرجار تێکەڵ دەکرێن و پێویستە لێک جیابکرێنەوە. برای ڕەخنەگر ئەم لایەنەی باسەکەی، بەشێک بە بێدەنگیی خۆی و بەشێکیش بە پشتگرتنی بۆچوونەکانی من ـ هەڵبەت لە ڕستەیەکدا (خاڵی ژمارە٥) ــ هەڵسەنگاندووە. لایەنی دووەمی باسەکەی من ئەوەیە کە پێشنیارم کردووە، ئامرازی (دە) لە شێوەی ئەدەبیی خوارووودا کوێر نەبێتەوە و بە بەکارهێنانی ئامرازەکە ئەم شێوە ئەدەبییەمان دەوڵەمەندتر بکەین. لەم بارەشەوە، برای ڕەخنەگر لەگەڵم هاودەنگە. تەنیا شتێک کە دەمێنێتەوە و دەبوو ببێتە مایەی دەمەتەقێیەی نێوان من و ئەو، ئەوەیە کە من لە درێژەی پێشنیارەکەمدا گوتوومە با تەواوکەری (دا) لەگەڵ (لە) بەکارنەهێنین و بە تەنیا لەگەڵ (دە) بەکاری بهێنین. برای ڕەخنەگر، وەلانانی (دا)، بەم شێوەیە بە باش نازانێ، چونکە بە وتەی ئەو، ڕستەکان لاسەنگ دەبن. زۆر بەجێ دەبوو کە ڕەخنە و بۆچوونەکانی ئەم بەڕێزە هەر لە چوارچێوەی ئەم خاڵەی دوابیدا، کە ئێمە لە سەری هاوڕا نین مابایەوە و توانیبامان لەم بارەوە بە قووڵترکردنەوەی باسەکە بە ئەنجامێک گەیشتباین. لەوانەبوو، ئەو بتوانێ ئەمن قانع بکا، یان پێشنیاری باشتر بهێنێتەگۆڕێ. بەڵام ئەو، بەداخەوە وای نەکردووە. بەپێچەوانە، سەدی ئەوەدی وتارەکەی خۆی بۆ زۆر شتی دی تەرخان کردووە کە هیچ پێوەندییان بە ئەسڵی باسەکەوە نییە. من، ئەمجۆرە ڕەخنەکارییە ــ کە بەداخەوە لە نێو ئێمەی کورددا باوە ــ بە دروست نازانم و پێموایە مرۆڤی ڕەخنەگر پێویستە، لانیکەم دوو لە سێی بەشی باسەکەی خۆی بۆ ئەسڵی مەسەلە تەرخان بکا و پاشماوەکەش بۆ شتی لاوەکی. لەگەڵ ئەوەشدا، من بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم برایە لە خزمەتدام و ئەمەش بەرسڤی سەرنجەکانی، هەر بە پێی ئەو ژمارانەی خۆی دایناون:

١- ئەگەر من لەو ڕستەیەدا سەرکەوتووش نەبم، ئەوا لە توێی وتارەکەدا ئەرکەکانی ئامرازی (دە) و (لە)م وەک پرێپۆزیسیۆن باسکردووە و خۆم تەنیا بە ئاوەڵکاری کات و شوێن نەبەستووەتەوە.

دیاره دروستەکەی ئەوەبوو کە ئەو برایە نووسیبای کە لە سەرجەمی وتارەکەدا کام ئەرک باس نەکراوە و نموونەی بۆ ئەو ئەرکە باس نەکراوە (یان باس نەکراوانە) هێناباوە.

٢- من نەمگوتووە باسەکەم نوێیە و کەس لە سەری نەدواوە، گوتوومە ڕەنگە تا ئێستا کەمتر دەمەتەقێیەی لە سەرکرابێ. قسەی من و لێ تێگەیشتنی برای ڕەخنەگر دوو شتی تەواو لێک جیاوازن. ئەمجار نووسەری دەرەوەی وڵات، لەم بارودۆخە کەسیی و نەتەوەییە پڕ لە گیروگرفتەدا چۆن دەتوانێ بزانێ لە سەر فلانە بابەت پێشتر چی و چۆن و چەندە نووسراوە؟

٣- دەڵێ: من لە زۆر شوێنی نووسینەکەمدا «ئامرازی تەواوکردنی (ی)»م بەکارنەهێناوە. منیش نووسینی ئەم (ی)ییە بە گرینگ دەزانم و هەوڵم داوە لە نووسینەکانمدا لە بەر چاوی بگرم. بۆ نموونە هەر لە سەرەتای وتارەکەدا نووسیومە: «شێوەی ئەدەبیی خواروو» نەک «...ئەدەبی خواروو». بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنووسینی ئەم ئامرازە هەڵەیەکی گشتی و زۆر باوە لە چاپەمەنیی کوردییدا، خۆ لێ قوتارکردنی هاسان نییە و دەشێ منیش لێرەولەوێ لەبیرم چووبێ.

٤- سەبارەت بەوە کە (بکات، بخوات، بڕوات، بچێت و...) بنووسرێ یان (بکا، بخوا، بڕوا، بچێ و...) واتە بەبێ دەنگی (ت) لە کۆتاییدا و، هەروەها سەبارەت بە دەنگی(د)لە کردارە نادیارەکاندا «دەهێندرێن» دروستە یان «دەهێنرێ»؟ من وتارێکم لەساڵی ١٩٩١ دا نووسیوە و لەوێدا بیروبۆچوونی خۆم لە سەر ئەم بابەتە و یەکدوو بابەتی دی دەربڕیوە[1]. ئەم وتارە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە و هیوادارم بتوانرێ لە ژمارەکانی داهاتووی «گزینگ»دا بخرێتە بەرچاوی خوێنەرەوان.

بەڵام لێرەدا بە کورتی دەڵێم: دەنگی (ت) لە کۆتایی کرداری کەسی سێیەمی تاکدا لەمپەر(حائل)ێکی فۆنێتیکە لە نێوان دوو ڤاوڵدا (بڕوانە نموونەکانی برای ڕەخنەگر). فۆنکسیۆنی ئەم دەنگە وەک لەمپەری فۆنێتیکیی نێوان دوو ڤاوڵ لە زمانەکانی دیکەشدا بەرچاودەکەوێ. کەوابوو، لە کۆتایی کرداری سێیەمی تاکدا، کاتێک ڤاوڵی دووەم لە گۆڕێدا نەبێ، ئیدی نووسینی (ت) زێدەیە و باشترە وەلابندرێ (بکا، بخوا، بچێ و...).

دەنگی (د) لە کرداری وەک: دەهێندرێ، دەشکێندرێ و... دا، لەمپەرێکی فۆنیتیکە لە نێوان دوو کۆنسۆنانت کە هاتنیان بە دوای یەکدا لە زار خۆش نییە. ئەم دوو کۆنسۆنانتە لە زمانی کوردیدا تایبەتی دەنگی(ن) و (ر) یە، واتە ئەگەر دەنگی (ن) بکەوێتە کۆتایی ڕەگی کردارەکان وەک: هێن، شکێن، بەزێن و...، ئەوسا دەنگی (د) دێتە کایەوە: (دەهێن+د+رێن = دەهێندرێن). دیاردەیەکی ئەوتۆ لە زمانی ئاڵمانیشدا هەیە و گەلێک لە کوردییەکە نزیکە. لە ئاڵمانیدا بەدوای یەکداهاتنی دوو دەنگی (ن) و (ل) لە زار خۆش نییە و بۆیە کۆنسۆنانتی (ت) دەکەوێتە نێوان پاشگر و وشەکەوە:

hoffen+t+lich=hoffenrlich, ordentlich, eigentlich...

ئەمانی ئەم (د)ییە لە زاراوەی سلێمانیدا بەندە بە کلۆربوونی دەنگی (د)لەم زاراوەیەدا و هەق نییە بە ناوی «ڕێزمانی کوردی» بە سەر شێوەکانی دیکەدا بسەپێندرێ. بە ڕاستی زۆر سەیرە کە پیاو خۆی لە دەستووری زمانەکە لایدابێ و خەڵکی دیکە بەم لادانە تاوانبار بکا!

خاڵی (٥) بە جێدەهێڵم و هەروەها خاڵی (٦)یش دەهێڵمەوە بۆ کۆتایی.

٧- بە هیچ جۆرێک «لەوەناچێت» کە من دەرکم بە جیاوازیی نێوان پرێپۆزیسیۆن و پێشگری چاوگە نەکردبێ. من ڕوون و ئاشکرا نووسیومە کە سەرنجی پێشگرەکانی هێندێک لە کارەکان بدەین، کە لە پرێپۆزیسیۆنەکانەوە پەیدابوون (گزینگ، ژمارە١٨، لاپەڕەی ٣٧، خاڵی ژمارە ٣). مەبەستی من، وەک دیارە، ئەوەیە کە پێشگرەکانی ناوبراو لە پرێپۆزیسیۆنەکانەوە، پەیدا بوون، کەواتە دووشتی جیاوازن، ئەمە کەی تێکەڵکردن یان لێک جیانەکردنەوەی ئەم دوو بابەتەیە؟!

٨- وردە تێبینییەکانی دی:

ـ ئامرازی (علی) لە زمانی عەرەبیدا و پرێپۆزیسیۆنی (لە)ی کوردی چ لەباری ئەرکەوە و چ لەباری فۆرمی ڕواڵەتییەوە زۆر لێکدەچن و ئەم لێکچوونەش بە ڕێکەوت نییە، بەڵکوو بە ڕیشەی هاوبەشی ئەم دوو وشەیە دەگەڕێتەوە. ڕاستە کوردی زمانێکی هیندوئەورووپی و عەرەبییش زمانێکی سامی یە، بەڵام ئایاهەموو زمانەکان لە نیهایەتدا یەک سەرچاوەیان نییە؟

ـ (ساڵی ١٩٤٥) ڕاستە ناوە، بەڵام دەتوانێ ئاوەڵکرداری کاتیش بێ، ئەگەر بڵێین (ساڵی ١٩٤٥ شەڕ کۆتایی هات) یان (شەڕ ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هات).

ـ (لێگەڕان) هەم بە واتای (وازلێهێنان)ە و هەم بە واتای (بە شوێنداگەڕان)ە، هەق وابوو برای ڕەخنەگر چاوێکی بە قامووسە کوردییەکاندا خشاندبایە؟

ـ وشەی (نڤیس)ی کرمانجی سەروو بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو (فێعل) نییە، بەڵکوو ناوێکە لە چاوگەی (نڤیساندن) وەرگیراوە و من دروستم نەکردووە. نموونەی دروستکردنی ناو لە چاوگە، لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەشدا زۆرە. لە کوردیدا: پرسین=پرس، لەرزین=لەرز، سووڕان=سوور، گەستن =گاز، و...

ـ مەبەستی من ئەوەیە کە وەک زۆر نووسەر و سەرنووسەر دەیکەن، پرێپۆزیسیۆنی (دە) لە شێوەی ئەدەبیی خوارووا، بە ناوی ناوچەیی بوون یان لە باوکەوتن، نەکرێتە شتێکی قاچاغ کە کەس نەوێرێ خۆی لێبدا. بەکارهێنانی ئەم پرێپۆزیسیۆنە لە شێوەی ئەدەبیی خواروودا هەنگاوێکی گەورەیە لە نیزیک کردنەوەی دوو شێوە ئەدەبییەکەدا و، لەمەڕ چۆنێتی ئەم بەکارهێنانەش باس و دەمەتەقێ پێویستە.

ئایا ئێمە هەرچی ئامرازی (لە ــ دا)یە، بیکەین بە (دە ــ دا) یان لە هێندێک بواردا (لە ــ دا) یان (لە) بەتەنیا بپارێزین و ئەگەر نا، چۆن ئەم بوارانە دیاری بکەین؟

ـ سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیش پێویستە ڕوونی بکەمەوە کە من بەتەما نەبووم و نیم خۆم وەک قارەمانی ئەم مەیدانە بنوێنم. بەڵام لەوباوەڕەشدا نیم کە ئەو مەیدانە تەنیا بۆ کەسانی تایبەتی قۆرخ کرابێ. هەموو کوردێکی دڵسۆز مافی ئەوەی هەیە بیر و ڕا و پێشنیاری خۆی لەم بارەوە دەربڕێ، تەنانەت بە چەند دێڕێکیش بێ. ئەم دێڕە کەمانە دەتوانن لە سەریەک کۆببنەوە و لە درێژخایەندا ببنە کۆگایەک و زەمینە خۆش بکەن بۆ بەرهەمهێنانی کاری مەزن.

دوا وتە: حەز دەکەم ئەم شتە وەبیر برای ڕەخنەگر بێنمەوە کە لە زمانی کوردیدا وشەی (کاک) تەنیا لەگەڵ ناو(ی یەکەم) دێ نەک لەگەڵ (ناوی فامیل) یان (ناوی دووەم)، هیوادارم لە نووسینەکانی داهاتوویدا ئەم شتە لەبەر چاوبگرێ و نەبێژێ (کاک ئیبراهیمزادە)! ■

١) ساڵی ١٩٩١، لە کۆبوونەوەیەکی شاری «دارمشتاد»ی ئاڵمان، ئەم وتارە باسکراوەم بۆ گۆڤاری «ڕابوون»، دا بە شاعیر و سەرنووسەری هێژا مامۆستا ڕەفیق سابیر. بەداخەوە لەبەر ئەوەی مامۆستا لەگەڵ بیروبۆچوونەکانم هاودەنگ نەبوو، هەر لەوێ وتارەکەی بە سەردادامەوە و داواکەی ڕەتکردمەوە. من لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم وێڕای دەربڕینی ڕێزم بۆ مامۆستا، ئەو گلەییەی لێبکەم کەوا چەند ساڵە لە دڵمدا ماوەتەوە و هیوادارم (*ڕابوون*) و گشت گۆڤارە بەنرخەکان سەکۆیەکی تەواو ئازاد ودێموکراتی بن، بەتایبەتی بۆ کاری لێکۆڵینەوە لە بەشە جۆربەجۆرەکاندا.

# مەلی پەڕەوازە گەڕایەوە هێلانەکەی

به بۆنەی کۆچی دوایی نزار قەبانی

نووسین و وەرگێران: حەسەنی ئەیوبزادە

□ نزار قەبانی لە ٢١ی ئازاری ١٩٣٢ لە شاری دیمشق(سووریا) چاوی بە ژیان هەڵێنا و لە ٣٠ ئافریلی ١٩٩٨ (لە شاری لەندەن)کۆچی دوایی کرد.

نزار قەببانی کە دوژمنەکانی بە شاعیری ژن، پەڕۆی شینی سەر شانی عەرەبان، تێکدەر و ئاژاوەچیی مەیدانی شێعر و شاعیری ناویان دەبرد بە تیری مەرگ ئەنگێورا و ئەستێرە ژینی خامۆش بوو.

ئەو شاعیرە کەسایەتییەکی سەمەرە و لە کات و ساتی خۆیدا هەڵسوکەوت و بۆچوونێکی تایبەتی بووە کە بە ڕبە و پێوانەی ئەمیر و حاکم و زۆرداران نەدەپێورا. یاسازان و سیاسەتزان بوو. سەرەتای ژینی وەکوو بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا: ،شێعر چییە، باسی دەکا لە بنەماڵەیەکی تێر وتەسەلی نیشتمانپەروەردا تێپەڕ دەکا. هەر لەو قوتابخانە ولە پۆلی ناوەندی ڕا دەس دەکا بە نووسینی شێعر، زانکۆی حقووق (مافەکان) تەواو دەکا و دەکەوێتە نێو بازاری سیاسەتەوە. لە باڵوێزخانەکانی وڵاتەکەی و وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئورووپیدا لەگەڵ ئەم جیهانە بێ چاوڕوویە و یاریگەرە بێ چاوڕووەکانی تێکەڵ دەبێ. ئەم جیهانە بە ئەو قوت نادرێ و ئەویش بە گەرووی دا ناچێ. لە کۆشک و تەلاری بە تێل تەنراوی پڕ لە زەرق و بەرق و خواردن و خواردنەوە و ژن و تەشریفات و ئاوودەنگ ڕوو وەردەگێڕێ و ڕوو لە بارەگای بێ پاسدار و شورتە و حەرەس و تەرەسی شێعر دەکا. لەم سارا بێ بەرەکەتەدا ڕووگەکەی ژن و ئازادی یە. جاری وایە ئەو دووە دەبنە یەک، ژن ئازادی یە و ئازادی ژنە. لەو سارا بێ ڕەحمەدا لە ئەمیر و مەلیک و پاشا و کلاوقوچان تووڕەیە و توندوتیژییەکەی بێ سنوورە.

شاعیری ژن پاش تێشکانی ئەرتەشەکانی عەرەب لە شەڕی شەش ڕۆژەدا نووکی قەڵەمەکەی کوتایە نێو گلێنەی چاوانی دوژمنانی دەرەوە و نێوخۆیی وڵاتەکەی. وەکوو مەلیک بە هاتوهاوارەوە بۆ ڕماندنی نیشتمانەکەی و نەبوونی ئازادی و سات و سەودای نیشتمانفرۆشانی ڕاست و چەپ باڵی لێکدا و هاواری کرد تا مرد.

ئەم شاعیرە دەست ڕەنگینە کەلام شیرینە، پەخشانی لە شێعرەکەی خۆشترە و شێعرەکەی لە پیتاک و جلی پەخشانەکەیدا ڕازاوەیە ڕازاوەیەکە کەم وێنە.

چەند کەسێک لە شێعرنووسانی عەرەبیی زانی فارسی پێخۆشی باشوور لە کۆگای شێعرەکەی ئەو شاعیرە ـ نەک هەر خەرمانلۆغەیان وەرگرتووە، بەڵکوو جاری وایە خەرمانەکەیان بە پانەوە ڕاداوە و لە کەندووی خۆیانیان کردووە. ماڵیان ئاوابێ. عەرەب گوتەنی : ،الناس علی دین ملوکهم، واتە: خەڵک چاو لە گەورەکانیان دەکەن.

نزار قەببانی لە نەخۆشخانەی لەندەن وەسیەتی کرد بیبەنەوە زێدەکەی و لەوێ بینێژن. ،بەبچمەوە زێدەکەم وەکوو مەلێکی پەڕەوازە بۆ هێلانەکەی و وەکوو منداڵێک کە بە سینگی دایکییەوە دەنووسێ،.

حەسەن ئەیوب زادە

## شێعر چییە؟*

**نزار قەبانی**

**شێعر چییە؟**

شێعر خاوەنی تەرح و بیچمێکی فۆتۆگرافیی ناسراو نییە. نە تەمەنی دیارە، نە بنە و بنەچەکەشی ناسراوە. کەس نازانێ لە کوێوە هاتووە و بە کامە پاسپۆرت سەفەردەکا.

پیرەکان دەڵێن: شێعر لە ئەشکەوتێکی ترۆپکی شاخی ڕا داکشا و لە شەقامەکانی شاردا نان. کتێب، گۆڤاری کڕی، پاشان خۆی شاردەوە و ون بوو.

دانیشتووانی لێواری دەریا دەڵێن: ئەو لە قووڵایی بەحرێ ڕا دەرکەوت، تەواوی ڕۆژ لەگەڵ زارۆکان، شەپۆل و ماسیی ڕەنگزێڕین یاری کرد و پاشان لە قووڵایی دەریادا گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.

منالانی شار دەڵێن: شێعر لە دارستانەوە هات، بە دەمیانەوە پێکەنی، چەپکەگوڵ، مانگ، پەپوولە، گەنمەشامی و کولێرەی پڕ لە هەنگوینی دانێ و پاشان لێڕەوار قوتی دایەوە.

ژنانی شاریش دەڵێن: ئەو وەکوو چۆلەکەی بەهاریی هاتە لایان، بە دندووک لە سەر لێوی دان، بە کەزییەکانیانەوە گەڕا، یاری بە بازنەکانیان و خۆشەویستی و هەست و دڵسۆزییان کرد، پەڕی خۆی لە سەر پۆپشمینی سەر پێخەفەکانیان بەجێهێشت، ئینجا لە شەقەی باڵی دا وفڕی.


مامۆستای فێرگە دەڵێن: ئەو سەر لەبەیانییەک خۆی خزاندە نێو ژووری دەرسگوتنەوە، لەگەڵ قوتابییەکان بە زوانێک دەدوا کە فێری ببوون. لە سەر تەتەڵەش چەند پیتێکی نووسی کە لەوە پێش نەیاندیبوون. پاشان ئەوەی پێی گوتن لێی تێگەیشتن. ئینجا ئەوانیش نایانە سەر شانیان و بۆ خۆ پیشاندان وەنێو شەقامەکان کەوتن و هاواریان دەکرد: شێعر بکرێتە وەزیری چاند و فەرهەنگ.

**شێعر چییە؟**

لەمەڕ شێعر تائێستا لە ئارشیڤ و هەڤنفیسیی پۆلیسدا کە مزڵ و شوێنی کوێ یە، دینی چییە، خاوەنی چ بیروباوەڕێکە و سەر بەکام وڵاتە، زانیارییەکی تەواو نەبووە.

تۆ بڵێی شێعر هاونیشتمانییەکی ئاسیایی بێ یان ئەفریقایی، ئورووپی یە یان ئەمریکی؟ گەلۆ ڕەنگی پێستی سپی یە و چاوەکانی شینن؟ یان پێستڕەشە وقژی گروازە و لوولە؟ یان پێستزەردە و چاوەکانی دوو ئیشارەتی پرسیارن؟

تۆ بڵێی لە دانیشتووانی هیند بێ یان سیند، ئیسکیمۆ بێ ، یان هی وێنە



دورگەی عەرەب؟ مەسیحی یە یان مووسایی، ئاورپەرستە، موسوڵمانە یان بوودائی؟

ڕاستاژۆیە یان مارکسیست، ئانارشیستە یان نیهیلیست؟

لایەنگری بۆرژوازی یە یان پرۆلێتاریا، پێشکەوتنخوازە یان کەونەپەرست، پاشاخوازە یان کۆمارخواز، بە ژنە، یان بێژنە، بێتاوانە یان کەتنی کردووە و حوکمی دراوە؟

هەموو ئەو وێنانەی که لە ئارشیڤی پۆلیس دان، بیچم و تەرحیان تارادەیەک لە یەک دەچن و بە پێنووسی ڕەش کێشراونەتەوە، هی پیاوێکی ڕووگرژی، قژئاڵۆزن کە جغارە زۆر دەکێشێ، کوندەیەک قاوە دەخواتەوە و پێنج کوندەش بیرەی خۆوڵاتی لە ڕۆژێکدا بە سەرەوە دەنێ. بە ڕۆژدا چاکەتێکی چەرمیی لە بەردەکا و بە شەویش خەمەکانی بە خۆی دادەدا.

**شێعر چییە؟**

شێعر خاوەنی تیۆری نییە.

هەر شاعیر و هەڵبەستڤانێک تیۆری خۆی هەیە.

ئەو وێژەوانانەی هەوڵیان داوە تیۆری بۆ شیعر دانێن، زیان بە شێعرەکانیان گەیشتووە و لە تیۆریش خێریان نەدیوە. خۆریان فرۆشتووە و خۆیان بە گڵۆپی کارەبای پەنجا شەمییەوە خەریک کردووە. دەریایان فرۆشتووە وخۆیان بە تەماشای تاقمێک ماسیی لە ئەکواریۆمدا ڕازی کردووە. زاری گراوییە جوانەکەیان فرۆشتووە و گرینگییان داوە بە ژمارەی ددانەکانی، بەڵام من لایەنگری دەمی گراوییەکەمم نە ددانەکانی. لایەنگەری چاوەکانیم نە چاویلکە ڕەشەکانی.

تیۆری دانان لە شێعردا کاری من نییە. ئەوەی بۆ من گرینگە شێعرەکەیە. کەوابوو شێعر منم، ئێوەن.

شێعر کولێرەیەکی گەرمی دێڕ وڕستەیە کە پێکەوە بەشی دەکەین. شێعر جلوبەرگێکی بێوێنەیە و تان و پۆکەی لە هەست وکاردانەوە و کارتێکردنە و ئێمە پێکەوە لە بەری دەکەین لەو ڕووەوە چاوەڕوانی ئەوەتان لە من نەبێ کە نوسخەیەکتان بۆ بنووسم و داخوازی ئێوە بە جێبێنم. چونکە ئەوە هاسان نییە خۆڵەمێشی خۆم لە دەفرێکدا کۆبکەمەوە و وەکوو بودایییەک بڵێم:

«لە ڕووی بیۆلۆژیکی و شیمیایی و ئاناتۆمییەوە ئەوە منم».

خۆڵەمێشی شاعیر ئاوا بە سانی کۆناکرێتەوە.

چل ساڵم لە پێش خۆمدا بەرێکردووە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ شێعر زەوجیوم و لە گەڵم جووت بەست بووە. بیست کۆمەڵە شێعرم لێکەوتوونەوە کە دڵ و مێشکمیان بە تەواوی بە خۆیانەوە خەریک کردوون.

بۆ من نالوێ ژیانی خۆم بە زۆر بخەمە نێو «کەپسوول»ێکەوە تا خوتێهەڵقوتێن و نووسەر و لاپەڕە فەرهەنگییەکان قوتم دەن.

هەروەها بۆم ناکرێ هەزار ژن تێکەڵ بکەم و بیانکەمە ژنێک و بە ئێوە بێژم:

ئەوە «خۆشەویستەکەمە» ئەوە غەدرە لە خۆشەویستەکەم، هەروەها غەدرە لە خۆم.

**شێعر چییە؟**

شێعرنووسین چەندە هاسانە و باسکردنی چەندە گران!

شێعر هەڵپەڕکێ یە.

لێدوان و باسکردنی شێعر، زانستی چاوەدێریکردنی هەنگاوەکانە.

بە ئاشکرا دەڵێم، پێمخۆشە هەڵپەڕم و نامەوێ بیر لە بزووتنی هەنگاوەکانم بکەمەوە، چونکە هەر کە بیر لەوە بکەمەوە چ دەکەم، ڕێکوپێکیی هەنگاوەکانم نامێنن.

شێعر هەڵپەڕکێی وشەیە. هەڵپەڕکێ یە بە هەموو بەشەکانی نێوخۆییەوە، بە هەموو بزووتنی دیار و نەدیارەوە، بە هەموو هەست و ئاگاداریی ژیرانە و نەژیرانەوە.

پەخشاننووس، چیرۆکنووس، شانۆنامەنووس و داستاننووس گیر وگرفتێکیان بۆ نووسین نییە. ئەوانە بە شێوەی سروشتی بەرێدا دەڕۆن. بە سەر ڕێی سەنگچن و بەردڕێژکراوی تایبەتی بۆ هاتوچۆکەراندا دێن و دەچن و پیاسە دەکەن. بەڵام هەڵپەڕکێی شاعیر ترسێنەر و زەندەقبەرە. لێرەدا سەماکەر لە لەشی خۆی دووردەکەوێتەوە، لەو ئاهەنگ و ئەوایەی داندراوە لادەدا هەتا بۆ خۆی ببێتە ئاهەنگ.


ئەز هەڵدەپەڕم، بەڵام نازانم چۆن؟

شێعر دەنووسم، وەکوو ماسی کە نازانێ چۆن مەلە دەکا. وەکوو کەروێشک کە نازانێ چۆن هەڵدێ. وەکوو مەمک کە نازانێ چۆن دژایەتی قانوونی کێشەری زەوی دەکا.

پەڕەی گوێم دەبزوێن. یەک دووانێک لە باڵەکانم لێدەدەن. پەڕم لێ قژر دەبن. ئارەق دەکەم، نوقم دەبم. لەتوکوت دەبم. شێعر هەر وەکوو تیری ئاورین لە لەشم دەدەکەون. هەروەکوو گوللە کە لە خانی دەمانچە دەردەچن. شاعیر بە شێوەیەکی نەخوازراو لە شێعرەکەی دایە. ئەو لە شێعرەکەیدا قەتیس و بەند کراوە، هەروەکوو ماسی کە قەتیسی ئاوە، نە دەتوانێ خۆی لێ دەرباوێ و نە دەتوانێ لێی ڕزگار بێ.

تائەو کاتەی شێعر وەکوو خەنجەرێکی برۆنزی سوورەوەبوو لە لەشی شاعیر ڕۆکراوە، بۆ ئەو دژوارە ئەندازەی ڕاستەقینەی برینەکە، هەروەها سنووری ڕاستەقینەی کێردەکە بزانێ، چونکە گۆشت و خەنجەرەکە بوون بە یەک. بیرکردنەوەی شاعیر لەو تشتەی کە لە دەورانیدا ڕوودەدا بۆ شاعیر کارێکی دژوارە. ئاوێنەش هەر ئەو گیر وگرفتەی دەبێ کە بیەوێ لە خۆی بڕوانێ و گوڵیش هەروەها ئەگەر هەوڵی ئەوە بدا بۆنی خۆی هەڵمژێ. ■

* ئەو چەند برگەیە لە کتێبی «شێعر چییە» کە لە لایەن وەرگێڕەوە کراوەتە کوردی و بە زوویی دەچێتە ژێر چاپ، وەرگیراوە.



# وەک شۆڕەبییەک لە بلوور، سپیدارێک لە ئاو

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئۆکتاڤیۆ پاز

**ئۆکتاڤیۆ پاز شاعیر و نووسەری ناوداری هاوچەرخ، وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ساڵی ١٩٩٠، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمۆ ١٩٩٨/٤/١٩، لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا، بە هۆی سەکتەی دڵ، لە ژیان و جیهانی شێعر و ئەدەب بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کرد.**

ئۆکتاڤیۆ پاز(Octavio Paz)، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری مەکزیکۆسیتی لە خێزانێکی ئاوێتە بە خوێنی ئازتەک (aztec)ی و ئیسپانیایی، چاوی بە ژیان هەڵێنا. باپیری پاز، حقووقدان و ڕۆژنالیست و یەکێک لە لایەنگرانی دیکتاتۆری مەکزیک «پورفیریۆ دیاز» بوو، بەڵام باوکی هەواخوازی «ئێمیلیۆ زاپاتا» ڕێبەری ئینقلابیی دێهقانان بوو. پاز هەر لە منداڵییەوە، ڕێگەی خۆنەویستی سیاسی بوونی بۆ دەکرێتەوە، واتە بنەمای بیری پێشکەوتنخوازانەی ئۆکتاڤیۆی منداڵکارە، لەو کاتەوە شکڵ دەگرێ کە زاپاتا شۆڕشگێڕی مەزنی ئەمریکایی هاتوچۆی باوکی دەکرد. هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی باوکی پاز کە خۆی یەکێک لە پێشمەرگە و لایەنگرەکانی زاپاتا بوو لە لایێک و بیر و ئاکاری ئازادیخوازانەی ئاموشۆکەران لە لایێکی دیکەوە، بە شێوەیەکی وەها بەرچاو کاردەکەنە سەر دڵ و مێشکی ئۆکتاڤیۆی لاو کە تەنانەت لە تەمەنی گەورەساڵیشدا ناتوانێ لێیان جیابێتەوە و لە شێعر و نووسراوەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. پاشماوەی کارتێکەری ئەو هەڵسوکەوتانە و کەڵەکە بوونی ئەو بیر و ئاکارانەی سەردەمی منالی، وای لە پاز کرد کە لە زۆربەی ڕاپەڕین و مانگرتنەکانی خوێندکاراندا، بەشداربێ و تەنانەت بە وەش هەستی سەرکێش و دوورەگەیی بوونی دانەمرکا و یەکراست بە یارمەتی و ڕێنوێنی «پابلۆ نێرۆدا»، خۆی هاویشتە ناو جەرگەی شەڕوشۆڕی ناوخۆیی ئیسپانیاوە. پاز لە وێ لەگەڵ زۆربەی نووسەرانی چەپ وەک ئاندرە مالرۆ و ئاندرە ژید و ... ئاسیاوی پەیدا کرد و لە کۆنگرەی نووسەرانی دژی فاشیست بەشدار بوو. دوای تەواوبوونی کۆنگرە، بە لایەنگیری لە بەرەی جەمهووریخوازەکانی چەپ کە دژی ژەنەراڵ فەرانکۆ بە شەڕ دەهاتن لە ئیسپانیا مایەوە. لەو سەردەمەدابوو کە پاز لە گەڵ ڕێبازی سووڕریالیسم ئاشنا دەبێ و لە تەک زۆربەی شاعیر و نووسەرە بەنێوبانگەکان وەک: ڕابرێت فراست، لوئیس سێرنوودا، خۆزە ئۆرتێگا، ویلیام کارلۆس ویلیامز و ئوزرا پاوند کە هەرکام بە ئۆرەی خۆیان کاریان تێکردبوو، تێکەڵاو دەبێ.

ئۆکتاڤیۆ پاز نە تەنیا وەک شاعیر و ڕەخنەگر و وتارنووس نێوی دەرکرد، بەڵکوو بە گەورەترین ڕاوێژکاری سیاسیش دەژمێردرا. پاز ماوەی چەندین ساڵ لە وڵاتەکانی فەرانسە و ئیتالیا و ژاپۆن و هیند، باڵوێزی وڵاتەکەی خۆی واتە مەکزیک بووە کە ئەوە خۆی دەرفەتێکی بە نرخی بۆ ڕەخساند کە کولتووورە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە بناسێ و بەتایبەت لە کولتوور و ئەدەب و شێعری ڕۆژهەڵات، نێزیک بێتەوە و تەئسیریان لێوەربگرێ.

پاز لە ساڵی ١٩٣٣ەوە ڕووی کردە جیهانی شێعر و لەو ساوە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی، بێ پرانەوە هەوڵی بەرەو پێشچوونی داوە. دیارە لەو بوارەدا دوو هۆ، وەک دوو دەرفەتی سەرەکی لە ژیانی ئەدەبی و شێعری پاز دا دەوریان بینیوە: یەکیان ئەوەیکە پاز بە هەوڵ و یارمەتی شاعیری شەهید پابلۆ نێرۆدا، ڕەوانەی ئیسپانیا دەکرێ و لەوێ لە گەڵ سووریالیستەکان دەکەوێ کە لە کاتی مانەوەی لە فرانسە و ئیتالیادا، زۆربەی ڕێباز و شێوازە شێعرییەکانی سەردەم تاقی دەکاتەوە. دووهەمیان ناسین و تاقی کردنەوە و نیزیک بوونەوە لەکولتوور و شێعر و ئەدەبی ڕۆژهەڵات بوو، هەر وەک خۆیشی نەیدەشاردەوە کە ئەو ماوەیەی لە ژاپۆن و هیند باڵوێزی وڵاتەکەی بووە، سەرەڕای کاری سیاسی، بە نرخ ترین ئەزموونی ئەدەبی لەو بارەوە پاشکەوت کرد. دەکرێ بڵێین پاز تێکەڵاوێک بوو لە «خوێنی ئیسپانیایی، شارەگی ئازتەکی، مێشکی مەکزیکی و دڵی ڕۆژهەڵاتی» کە ئەوانە هەمووی لە سەر یەک جەستەی زیندووی شێعری پازیان پێکهێنابوو.

پاز لە ساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٦٨ کە لە هیند باڵوێزبوو، بە بیستنی هەواڵی ڕاپەڕین و مانگرتنی خوێندکاران لە کاتی بەڕێوەچوونی ئولەمپیک (١٩٦٨) و سەرکوتکردنیان لە لایەن ڕێژیمی مەکزیکەوە، بۆ هەمیشە لە کارەکەی دەستی کێشایەوە. پاز لەو ساڵەوە گەڕایەوە وڵات و وێڕای لەقاودانی ڕێژیم ڕایگەیاند کە ئیتر ناتوانێ نوێنەری سیاسی دەوڵەتێکی گەندەڵ و خوێنڕێژ بێ. پاز، لە پاش ئەو ڕووداوە بە یەکجاری لە دنیای سیاسەت دابڕا و زیاتر خۆی بە مێژووی مەکزیک و کاری شێعر و دەرکردنی گۆڤارەوە خەریک کرد. پاز ئەگەر چی زۆر جار دەیگوت مارکسیسمی قەبوڵ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە دژی چەپ نەدەزانی و زیاتر خۆی بە سۆسیال دێمۆکرات لە قەڵەم دەدا.

پاز تا دوا پشووی ژیانی، سەرنوسەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری(Vuelta) بوو. ئەو گۆڤارە کە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە لە لایەن خۆیەوە دامەزرابوو، یەکێک لە گرینگترین و بەنرخترین گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەمریکای لاتین دەژمێردرێ.

ڕاستە پاز لە ژیاندا نەماوە، بەڵام نێو و یادگاری وی، وەک: **«شۆڕەبییەک لە بلوور، سپیدارێک لە ئاو، تاڤگەیەک کە با لوولی دەدا، دارێکی سەماکەری ڕیشە داکوتراو، ڕەوتی چۆمێک کە بادەداتەوە، دەخوشێ، بە سەر خۆیدا دەچەمێتەوە، دەورلێدەدا و هەمیشە لە ڕێ دایە... »** * لە گەڵ ئوستوورە و نێوی مەکزیک ئاوێتە بووە و دەمێنێتەوە.

س.ج. هێرش

* برگەیەک لە شێعری «بەردی هەتاو»ی شاعیر.

## ڕانانی کتێب:

### حەسەنی قازی

❑ ناوی کتێب: **تاقەدار** (٨١٦ لاپەڕە)
❑ زمان: فارسی
❑ نووسەر و بڵاوکەرەوە: انور ایران زادە (ئەنوەر ئیران زادە)
❑ چاپی یەکەم: زستانی ١٣٧٦ (١٩٩٧)، تاران، ئێران

«دۆستی من تاقەدار! تۆ حەدیسی ئەڤین و ئەفسانەی خۆڕاگری، ئەوە دەبینی دیسان هاتوومەوە بەرسێبەرت تا غەمی دڵمت بۆ هەڵڕێژم و، باسی مەزنی شیرن و فەرهادت بی بکەم.
دۆستی من بۆ ناوی ئەم شارەیان نە ناوە «تاقەدار»؟ چونکوو ئەتۆ پێوەندییەکی لەمێژینەت لەگەڵ ئەوشارەدا هەیە! تۆ هەمیشە بەردی ئەجوولی دڵدارانی دڵ دۆڕاو و نیشانەیەک بووی لە بوون و ژیان. دەزانم باسی حەدیسی دڵ و هەقایەتی غەم و کوڵی فەرهاد لە تەک تۆدا کە مێهرەوانییەکی هەمیشەییت لەگەڵ دڵداراندا هەیە شتێکی تازە نییە» (لاپەڕەی ٨١٤ و ٨١٥).

«تاقەدار» بە سەرهات وسەرگروشتەی (فەرهاد)لاوێکی سابڵاغیمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە تافی لاوییەوە تا ئەو کاتەی کە خوێندنی حقووق تەواو دەکا و دەبێتە مەحامی و لە مەحکەمەیەکدا کە بۆ لێکۆڵینەوە وبڕیاردان سەبارەت بە مرۆڤکوژانێک پێکهاتووە، بەوپەڕی کارامەییەوە ئەو تەنەخی وکەمکارییە وەڕوودەخا کە بووەتە هۆی تاوانی بێ بناخەی (شیرن) ــ ئەو کەسەی ئەو بەرگری لێدەکا. ئەو بە پاڵدانەوە بە سەنەد و بەڵگەی حاشالێنەکراو بە مەحکەمەی دەسەلمێنێ (شیرن) بێ تاوانەو دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە زیندان و کوژران.
فەرهاد هەر لە زەمانی لاوێنییەوە بێنەوەی لە کاروباری کۆمەڵایەتی سیاسیدا تێوەبچێ دەکەوێتە بەستێنی ڕووداوەکان: لە کاتی خوێندن لە تاران و کاتی سەردانی لە شارەکەی خۆی (سابڵاغ = مهاباد) لە سەردەمی شایشایانیدا چەند جارێک دەکەوێتە بەر ڕاونان و ئەشکەنجەی ساواک و لە توێی کتێبەکەیدا زۆرجار حەولی خۆ پەڕاندنەوە دەدا.
نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا دەڵێ: داستانی ئەو کتێبە لە سەر خەیاڵ داندراوە و لە حەدیسی دڵداری شیرن وفەرهاد و ناکامی تاڵی ئەم دڵدارییە بە ئیلهام وەرگیراوە، لە پەراوێزی هەقایەتەکەدا ئاماژە بە هێندێک ڕووداو کراوە کە لە هێندێک جێ لەبەر هێندێک هۆ ناوی خوستەمەنی بەکار هاتووە».
وەک نووسەر دەڵێ هێندێک ڕووداوی مێژووی کردووەتە تێهەڵکێشی داستانەکەی، لەوانە: هێمایەکی کورت بە تێکۆشانی پێشەوا قازی محەمەد، خەباتی حاجی قاسم و عەولائێرانی لە بۆکان. تێکۆشانی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، هەروەها لێرەولەوێ لە فۆلکلۆری کوردیش کەڵکی وەرگرتووە.
بە بۆچوونی من نووسەر لە سازدانەوەی هیچکام لەو باسانەدا سەرکەوتوو نییە، زۆر بە دڵ دەبوو، ڕێوڕەسمی زەماوەند و و پلەکانی بە ئاوایەکی هەموو لایەنەتر بە خوێندنەوەی فارس زمان بناسێنێ ولە جێدا لەوەش بەجێتر دەبوو سەرتاپای ڕۆمانەکە بە کوردی نووسرابایە.دیاردەی فە فارسی نووسین لە لایەن نووسەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بابەتێکی تایبەتییە و بە بڕوای نووسەری ئەم چەند دێڕە دەبێ بە جیا قسەی لێوەبکرێ، بەڵام لێرەدا بە جێیە ئەو خاڵە جەخت بکرێتەوە کە ئەگەرچی نووسەر کتێبەکەی بە زمانی زگماکی خۆی نەنوسیوە، بەڵام بە گشتی لە داڕشتنی ئێپزۆدەکاندا سەرکەوتووە و، فارسییەکەی لە چەند جێی کەمدا نەبێ ڕەان و یەکدەستە.
تا ئەو جێگەی ئەمن بزانم ئەوە یەکەم کاری کاک «ئەنوەری ئێران زادە»یە، هیوادارم قەڵەمی هەڵنەپەسێرێ و داوای سەرکەوتنی زیادتری بۆ دەکەم.
باوەکوو نووسین لە سەر کتێبێکی ٨٠٠ لاپەڕەیی بە نووسراوەیەکی ئاوا کورت هەقی خۆی نادرێتێ، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەرەوان خۆیان کتێبەکە پەیدا بکەن و بیخوێننەوە، هەر بەوەندە قسەکانم دادەکوژێنم!

مای ١٩٩٨

❑ ناوی کتێب: **کەشکۆڵە شێعرێکی کوردی ،گۆرانی،**
❑ گردەکۆیی: شێخ عبدالمؤمنی مەروخی (١٧٩٧-١٧٣٩)
❑ ساغ کردنەوە و سەرەتانووسینی: ئەنوەری سوڵتانی
❑ بڵاوکەرەوە: تراستی سۆن بۆ کوردستان
❑ چاپی یەکەم: Redwood Books، ١٩٩٨، لەندەن ـ بریتانیا

لە مانگی ڤێڤرییەی ئەمساڵ(١٩٩٨) بەرهەمی دوازدەساڵ خۆماندووکردن و کاری ئەپساوەی کاک ئەنوەری سوڵتانی لە سەر بەشێک لە بەیازێکی دەستنووسی شێعری کوردی «گۆرانی» کە لە کتێبخانەی بریتانیا ـ بەشی هیندورۆژهەڵات پارێزراوە وەبەرهات و ئەو کتێبە لە چاپێکی جوان و ڕێکوپێکدا چاوی خوێنەرەوەی کوردی ڕوون کردەوە.
ئەم کتێبە لە دوو بەشی کوردی وئینگلیسی پێکهاتووە:
بەشی کوردی بریتی یە لە نووسراوەیەکی کاک محەمەدی مەلاکەریم: "لە پێناوی ساغ کردنەوە و تێگەیشتنی شێعری کوردی بە دیالێکتی «گۆرانی»دا"، چەند نووسراوەیەی سوڵتانی: سەرەتا، دەستنووسەکان، هێندێ پێناس بۆ شێعرەکان، بیسارانی یا مەحزوونی؟، ناوی ئەو شاعیرانەی کە لە کەشکۆڵەکەدا دەرکەوتوون، دەقی شیعرەکان بە ڕێنووسی نوێی کوردی، دەقی ماکی ((ئۆریجینالی) دەستنووسەکان. وەگێڕانی سێ نووسراوەی مەیجرسۆن، فلادێمیر مینۆرسکی و مەکێنزی لە سەر دەستنووسەکان وهێندێک زانیاری لە سەر وێنە ڕەنگییەکان کە بریتین لە هەشت میناتوری ڕەنگی کە ئێستا لە کتێبخانەی «بودلیان»ی زانکۆی ئاکسفۆرد پارێزراون
بەشی ئینگلیزی بریتی یە لە سەرەتای ساغکەرەوە، نموونەی وەرگێڕاوی ئینگلیزی چەند پارچە لە شێعرەکان و نووسراوەی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور: «هەوێتی ئاخێوەرانی هەورامی: چەند بۆچوونێک سەبارەت بە تێنۆری و ئیدەئۆلۆژی زمانەوانیی بەراوردکاری».
هەروەها چەند پاشکۆیەک لە نووسینی سۆن، مینۆرسکی و مەکێنزی، لەگەڵ چەند نووسراوی تر.
ئەمن لە دڵەوە پیرۆزبایی لە کاک ئەنوەر دەکەم بۆ ئەو هەموو ئەرکەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کتێبە و ساغکردنەوەی شێعرەکانی کێشاویەتی و ئاواتی سەرکەوتنی زیادتری بۆ دەخوازم.

# دزێتی ئەدەبی و سانسۆڕ

وەرگێڕان و نووسین:
**قاسمی ڕیانی**

**ئەو** نووسراوەیەی لە ژێرەوە دەیخوێننەوە وێنەیەکی دڵتەزێنانە لە چارەنووسی خامە بەدەستان و ئەدەبی "شوورەوی" پێشوو نیشان دەددا. ئەوەی بە تایبەت لە زەمانی دەسەلاتداریەتی ستالین دەوە بە سەر ئاسەواری ئەدەبی و نووسەران هاتووە بێ هاوتایە. سەرەڕای ئەو سەگ بە حەسارە، بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە ڕەواجی هەبووە و تەنانەت لە لایەن دەوڵەت و قانوونیشەوە پشتگیری لێ کراوە، کە ئەوە بۆ خۆی باسێکی جیاوازە. لە هەمان کاتیشدا کە سەرگوزەشتەی مامۆستا هەژار دەخوێنینەوە، ئەوجار ئەو وێنەیە پتر ڕوون و ئاشکراتر دەکەوێتە بەر چاو. هەژار کە لە سەر بانگهێشتنی نووسەرانی سۆڤێتەوە وەک نووسەرێکی کورد دەچێتە "شوورەوی"، لە بیرەوەری خۆیدا بە نێوی "چێشتی مجێور" دەڵێ:

"وەختە بلێم بودجەی ولاتی شوورەوی نیوەی لە نووسەر و شاعیر و هۆنەرمەندان... خەرج دەکرێ. زارکی کیسە ئاواڵەیە." ئەو دەست و دڵ بازی و پارە بە لێشاو خەرج کردنە تەنیا ڕوویەکی مەسەلەکەیە. کاتێک سیاسەتی حیزب لە ئارا دا بێ بۆ دزێتی ئەدەبی هێندە و هێندە ڕۆبڵی بە قوربان کراوە . هەژار لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ:

"... نامەیەکی ڕەسمی لە"ڤۆلۆشین" ناو کە لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزب دا و بەسەر سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست رادەگەیشت، بۆ هێنام: "تکایە حاڵ و ئەحواڵی عێراقمان دە مەقالێک دا بۆ بنوسە."

خۆ هەژاری کورد چاوی لە شۆلۆخۆڤ ڕەشتر نییە و مەقالەکەشی لە کوێ خۆ لە قەرەی "دۆنی مەند"ی ئەو دەدا؟! ئاکامی زەحمەتی هەژار لە "مەجەللەی ئەدەبیات و ژین" دا چاپ دەکرێ و هەقولزەحمەتێکی باشیشی خەلات دەکردرێ. هەژار دەڵێ:

"... چوارهەزار ڕوبڵیان بۆ ناردم، بەڵام لە جیاتی ناوی نوسەر ڤۆلۆشین دانرابو!!"

لە ڕۆژنامەی "پراڤدای جەوانان"دا داوا لە هەژار دەکرێ کە مەقالەیەک دەربارەی ئاشتی بنووسێ. هەژار ئەو کارە دەکا و پاش چاپ بوونی پێشوازییەکی باشی لێدەکرێ. کە دیسان داوای نووسینی مەقالەی دیکەی لێدەکەنەوە، هەژار بە بەرپرسەکە دەڵێ:

"من لە بنی مەقالەکە نوسیبوم:(هەژار شاعیری کورد)، ئێوە نوسیوتانە (هەژار شاعیری عێراقی)، یانی چی؟"

وەڵام ئەوە دەبێ کە:"وامان زانی وات پێ خۆشە."

هەژار ئاوا وەڵام دەداتەوە:

"... لێرە بۆ نووسەران فکر دەکەنەوە، من بۆ خۆم فکر دەکەمەوە و دەینوسم. پولی زۆر دەدەن بە نوسەر، پێی دەڵێن لە فلان باس دا ئەوەندە کەلیمە نە زیاد نە کەم بنوسە...."[١]

ئەو قسانەی هەژار ڕوونکەرەوەی بەشێک لەو گوشار و سانسۆرەیە کە بە گشتی دەرهەق بە ئەدەب و نووسەران کراوە و، هەروەها ڕووناکاییەکی تر دەخاتە سەر ئەو وەرگێڕدراوەی لە ژێرەوە دەیخوێننەوە کە «تۆماس ڤۆن ڤێگەساک» نووسیوێتی:

«هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیی خەلاتکراوی خەلاتی نۆبێل، ئەوەندەی ڕۆمانی "دۆنی مەند"ی میخاییل شۆلۆخۆف کە لە ساڵی ١٩٦٥ دا خەلاتکرا، نەهاتۆتە ژێر پرسیار. هەر چەند ساڵ، دوابەدوای ئەوەدا قسەوباسی ئەوە کەوتە سەر زمانان کە ئیدیعا کرا ئەو ڕۆمانە لە ڕاستیدا دزێتی ئەدەبیی بووە کە لە نووسراوەیەکی نووسەرێک بە نێوی «فیودێر کریوکۆڤ» کە لە شەڕی ناوخۆدا کوژراوە، هەڵگیراوەتەوە. بڵاوبوونەوەی قسەکە لە لایەن کەسانێکی بەنێوبانگی ڕووس وەک «ڕۆژ مێدڤێدێڤ» و «ئەلێکساندر سولژنیستین»ەوە، بێ گومان یارمەتی کرد کە ڕادەی جێی باوەڕپێکراوی ئەو قسەیە زۆرتر بکا.

بەڵام ئەوە تەنیا هەر بوختانی دزیێتی نەبوو کە خوێنەرەوان شکیان لە نووسەرایەتی شۆلۆخۆف دەکرد، بەڵکو ئەو جیاوازییە زۆرانەی لە نێوان چاپە جۆربەجۆرەکانی کتێبەکەشدا هەبوو ئەو شک و بەدگومانییەی پتر کرد.

ئێستا لە سایەی کاری «هێرمەن ئێرمۆلایەڤ»ەوە بە نێوی "Censorship in Soviet Literature, 1917-1991"(سانسۆڕ لە ئەدەبی سۆڤیەت دا، ١٩١٧-١٩٩١، و.)، بۆ یەکەمجار ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە دەستنیشان بکردرێ لە نێوان چاپە جۆربەجۆرەکانی ئەو کتێبە دا چ ڕوویداوە. هێرمەن ئێرمۆلایەڤ پسپۆڕی ئەدەبی ڕووسییە لە پرینکتۆن و ئەو ئارشیوەی کە جاران کەس دەستی پێ ڕانەدەگەیشت لەبەر دەست دا بووە.

ئەو بە یارمەتی ئەو کەرەسانە توانیوێتی چلۆنییەتی شێوەی کاری سانسۆڕی سۆڤیەت دەستنیشان بکا و، ئەوسا بەرهەمی کارەکەشی کەمەکەی سەرسوڕهێنەرانەیە. مەبەستی سانسۆڕ بە گوێرەی باو و ڕەواج بریتییە لە بەرگرتنی لە چاپدانی هەموو یان بەشێک لە بەرهەمێک، بەڵام لە سۆڤیەت وا باو بوو کە ناوەڕۆکی نووسراوەکان لەگەڵ پێداویستی سیاسی ڕۆژ بگونجێدرێن. زۆرجاران خودی نووسەرەکان ناچار دەکران کە پاشکۆی لێ زیاد بکەن یان سەرلەنوێ دەستی تێوەردەنەوە. بەڵام کاتێک نووسەرەکان خۆیان لەو کارەی دەپاراست، ئەوکارە لەجیات خودی ئەوان لە لایەن سانسۆرچییەکانەوە بە ئەنجام دەگەیەشت. هیچ دەرفەتێک لەئارادا نەبوو کە بتوانرێ پێشی ئەو تاوانەی بە دژی نووسەران دەکرا بگرێ. لە ئاست "دۆنی مەند"ی شۆلۆخۆڤەوە، ئێرمۆلایەڤ بژاردوویەتی کە ئەو ڕۆمانە بە درێژایی ساڵەکان بە هۆی سروشتی سیاسی، ٥٦٠ گۆڕانکاری کەمتر تێدا نەکراوە. لە ساڵی ١٩٣٣دا بەشێکی تەواو خەتی بەسەر دا کێشرا کە باسی ژیانی بنەماڵەیەکی بولشویکی کردبوو. وا لێکدرابۆوە کە باسەکە زیاتر وێنەی وردە بوورژوازی لە شۆڕشگێڕ نیشاندەدا.

ئەوەی بەرپرسی خەت بەسەرداکێشان بوو وەک هەموو بەرپرسی گۆڕانکارییەکانی دیکەش، یوری لووکینی سانسۆڕچی بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٥٣ دا چاپی "دۆنی مەند"ی لە ژێر چاوەدێری دا بوو. لە مانگی سێپتامبری ١٩٣٣دا شۆلۆخۆڤ ڕایگەیاندبوو کە ئیتر چی دیکە ئامادە نییە لەوەی زیاتر دەست لە نووسینەکەی وەربدا. ئاکامەکەی بوو بە ئەوە، نووسەر ئەو ئەرکەی لە سەر شانی هەڵگیرا کە لە جیاتی ئەوان خۆی خۆی سانسۆڕ بکا. لە ساڵی ١٩٥٣ دا کارەکە بە هۆی ڕۆژنامەوانێک بە نێوی کیریل پۆتاپۆڤ لە ڕۆژنامەی "پراڤدا" دا سەرلەنوێ دەستپێکردەوە. ئەویش لانی کەم ٧٠٠ گۆڕانکاری لە چاپی ئەو ساڵەی "دۆنی مەند"دا کرد. بەگوێرەی ئێرمۆلایەڤ بەو جۆرە کتێبەکە بێ گومان نرخی مێژوویی خۆی لەدەستدا.

هاوکات پۆتاپۆڤ رۆمانی "زەویی تازە کێلدراو"ی شۆلۆخۆڤی لە ۱۲۰۰ شوێندا دەستتێوەردا و گۆڕی. گۆڕانکارییەکان زۆر لە هۆی سروشتی سیاسی دوور بوون.

لە بابەت دژکردەوەی شۆلۆخۆف بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکانی پۆتاپۆڤەوە کەمێک زاندراوە. ئەوەی راگیراوە قسەیەکە کە شۆلۆخۆڤ سانسۆڕی کتێبەکەی خۆی وەک رۆژنامەوانێکی ساکاری نەکەم نەزۆر، بێ هیچ هەستی جوانی راگەیاندوە. ئەو دەیتوانی زەحمەتی دەنگ بەرزکردنەوەیەکی هێمنانە بە خۆی بدا. کاتێک پۆتاپۆڤ لە سەردەمی چاپی ساڵی ۱۹۵۳ی رۆمانی "دۆنی مەند" دا ویستی بنووسێ کتێبەکە "نووسەر دەستی تێوەرداوەو پێداچووەتەوە"، شۆلۆخۆڤ خەتی بەسەر دوو وشەی یەکەم دا هێنا.

پاش هاتنەسەرکاری خرۆشچۆڤ خاوێن کردنەوەیەکی رۆمانەکە روویدا. سێ لە چوار بەشی گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە سەری هەڵگیرا بەڵام هاوکاتیش هێندێک دەستتێوەردانی بچوکی نوێی تێدا کرا.

هەر شۆلۆخۆڤ نەبوو چارەنووسەکەی بێ هاوتابێ. بەڵکوو نووسەرانی دیکەش هەر خەراپیان بەسەر هات. والێنتین کەتایەڤ کاتێک لە ساڵی ۱۹٦۱دا بەختی گەڕانەوەی چاپی سەرلەنوێی یەکێک لە رۆمانەکانی بەدەست هێنا، ناچارکرا نزیک بە نیوەی نووسراوەکەی بقرتێنێ.

ئێرمێلایەڤ دەنووسێ ئەو خەسارەتە گەورەیەی لە کاتی سۆڤیەت دا بە ئەدەبی ئەو مەڵبەندە گەیشت، هەرگیز ناتوانرێ بە تەواوی چاک بکرێتەوە. زۆر دەستنووسی ئەسڵی ونبوون و ئیتر دیاریکردنی نووسراوە ئەسڵییەکان کارێکی نەگونجاوە. بەڵام دەبا کۆمیسونێک دیاری کرابا کە ئەرکی گەڕاندنەوەی ئەدەبی رووس بۆ سەر شێوەی بنچینەیی خۆێ لەسەر شان بێ.

لە کۆتاییەکانی ۱۹۳۰ دا کە چالاکترین قۆناخ بووە، ژمارەی لانی کەم ٤۲۷۹ کەس لە دەزگای سانسۆڕی سۆڤیەتدا کاریان دەکرد. بەڵام هەڵسەنگاندنی نووسراوەکان بە تەوابوونی سانسۆڕ کۆتایی پێ نەدەهات. کاری ئەوان دەبا لە سەرەتادا لە لایەن سەرسانسۆڕچییەکیشەوە دانی بەسەردا بهێندرێ. جا پاش ئەوە چاپخانە دەیتوانی بەرهەمەکەی چاپ بکا، بەڵام تەنیا ۲۸ نموونە لە کتێبەکە، کە ئەوانیش بۆ کۆنترۆڵ کردنیان دەناردرانە لای کاربەدەستانی جۆراوجۆر. تازە پاش دانپێداهێنانی ئەوان، بەرهەمهێنانی نووسراوەکە دەستی پێدەکرد.

بەڵام چاوەدێری کردن بەوەش کۆتایی نەدەهات، بەڵکوو کاربەدەستانی سانسۆڕچی هەروەها ئەرکیان بوو کە چاوێکیان بە سەر کتێبخانە و کتێب فرۆشییەکانەوە بێ. هەر کە زوو دیاری دەکرد کە کتێبێک ناپەسندە بۆی هەبوو کۆکرێتەوە و لەنێوبچێ. تەنیا لە ماوەی ساڵەکانی /۱۹۳۸ ۱۹۳۹دا، ۷۸۰۹ کتێب کە بەرهەمی ۱۸٦۰ نووسەران بوو بە هۆی سیاسییەوە ئیجازەی چاپیان لێ وەرگیراوە. سەرجەمی ۲٤۱۳۸۷۹۹ بەرهەم لەنێو چوون، بەڵام ئەو کتێبانەشی تێدا گونجێندراون کە بێجگە لە هۆی سیاسی بە هۆی دیکەوە ناپەسند لە قەڵەم درابوون.

هەتا رووخانی سۆڤیەت یانی دیسامبری ساڵی ۱۹۹۱سانسۆڕ هەر چالاک بوو. خرۆشچۆڤ سەردەمێک لە ٦۰کان دا بەرنامەی هەبوو کە سانسۆڕی پێشەکی لەنێوبەرێ، بەڵام لەو رایەی خۆی بایداوە».[۲]

**سەرچاوە:**

۱) "..."، چێشتی مجێور، نووسینی: **هەژار**

۲) رۆژنامەی داگێنس نیهێتر(DAGENS NYHETER)

ژمارەی رۆژی چوارشەمۆ ١٤ی مانگی ئاوریلی ۱۹۹۸، چاپی ستۆکهۆڵم

(تێبینی: ئەو نووسراوەیە کورت کراوەتەوە).

هەواڵی فەرهەنگی

## یادی سەد ساڵەی رۆژنامەی «کوردستان»

عەلی کەریمی

۲۲ی نیسانی ئەو ساڵ، رێک سەد ساڵ بە سەر دەرکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی واتا "کوردستان" تێپەڕی.

ئەو رۆژنامەیە لە ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸ بە هیمەت و دڵسۆزی کەسایەتی کورد مێقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە چوە ژێر چاپ و گەلی کورد بۆ یەکەمین جار چاوی بە رۆژنامەیەکی کوردی گەش بۆوە.

بەو بۆنەوە رۆژی پێنج شەمە ۲۳ی ئەپریلی ۱۹۹۸ لە شاری لەندەن کۆڕێکی قسە و لێدوان بەسترا.

سیمیناری یادی سەد ساڵەی رۆژنامەی کوردستان لە لایەن میدیای جیهانی کورد (IKM) و بە پاڵپشتی کۆمەڵگای کوردی رۆژئاوای لەندەن لە ناوچەی Hammersmith لە هۆڵی Irish Centre پێکهات. هۆڵەکە رازابۆوە بە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکانی کوردی هەر لە یەکەمین رۆژنامە واتا «کوردستان» تا دەگاتە رۆژنامەکانی ئەمرۆ کە لە وڵات و لە دەرەوەی وڵات بڵاو دەبنەوە.

بەشدارانی کۆڕەکە، کە بریتی بوون لە چەند کەسایەتییەکی کورد بە وتار خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ رۆژنامەی کوردی چالاکییەکی بەرچاویان لە خۆیان نیشان دا.

کۆڕەکە بە خوێندنەوەی یەکەمین وتاری یەکەمین رۆژنامەی کوردی واتا کوردستان، نووسینی مێقدات مەدحەت بەدرخان لە لایەن یای «مینا»وە کرایەوە.

پاشان لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە کە بەرێوەبەری سیمینارەکەی پێ ئەسپێردرابوو بە خێر هاتنی خەڵک و یادی ئەو نەمر و دڵسۆزانەی کورد کرا کە بۆ گەشە پێدان و بڵاوکردنەوەی وشەی کوردی خەبات و تێکۆشانیان کردووە. هەروەها پەنجە بۆ ئەو راستییە راکێشرا کە رۆڵی رۆژنامە و میدیا لە جیهانی ئەمرۆدا تا چ رادەیەک دەتوانێ گرینگ بێ لە بەرەوپێش بردنی رادەی فەرهەنگی و شعوری خەڵک و تا دەگاتە کارتێکردن لە دەسەڵاتی زلە زلەی سیاسی لە ناو کۆمەڵگادا. ئەوەش جەخت کرایەوە کە لە دونیای دێمۆکراسی و شارستانێتیی ئەمڕۆکەدا رۆژنامەیەک تا ئەو رادەیە دەسەڵاتی پەیدا کردووە کە بۆی دەلوێ دەوڵەتێک و دەسەڵاتێکی سیاسی هەرەس پێ بێنێ. هەروەتر ئاماژە بەوە کرا کە بە خۆشییەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردییش، لە سەد ساڵ لەوە پێش تا ئێستا کورد توانیویەتی هەنگاوی بەرچاو هەڵێنێتەوە و لە بواری نووسین و بڵاوکراوەی

←



کوردیدا لە وەستان نەکەوێ و، تەنانەت لە چاو گەلانی بێ بەشدا، تەنیا گەلێکی بێ دەوڵەتین کە لە بواری میدیاوە دەستمان گەیوەتە ئاسمان و ساتەلیتمان کردۆتە ئامرازێکی ڕاگەیاندنی کوردی.

ئینجا لە لایەن کاک «سەرکەوت مەحموود»ەوە وتاری میدیای جیهانی کورد لەسەر یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی "کوردستان" خوێندرایەوە.

یەک لە بەشدارانی کۆڕەکە عەبدولقادری دەباغی (مامە قالە) کۆنە ئەندامی کۆمەڵەی ژ . ک و کۆنە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە سەر چۆنیەتی و ڕۆڵی بڵاوکراوەکانی پێش کۆماری کوردستان و سەردەمی کۆمار واتا گۆڤاری «نیشتمان» و ڕۆژنامەی «کوردستان» چاپی مەهاباد (١٩٤٦) بە تێر و تەسەلی دوا.

کاک «فەریدون عەبدولقادر» یەکێکی تر لە بەشداران بوو کە هەر لە ساڵانی ١٩٦٠وە لە بواری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی لە خوارووی کوردستان ئیشی کردووە و لەو ساڵانەی ئاخریشدا بەرپرسی ئێعلانی یەکێتی نیشتمانی بووە لە هەرێمی کوردستان.

کاک فەریدون بە خوێندنەوەی وتارێکی دوور و درێژ و لێدوان لەمەڕ ڕۆڵ و تەئسیری ڕۆژنامە لە ناو کۆمەڵگای کوردی دا کۆڕەکەی گەلێک دەوڵەمەند کرد و زۆر ڕاستیی خۆش و ناخۆشی لە عاست بڵاوکراوەی کوردی لە سەردەمی ئێستادا خستە ڕوو. ئاواتی بۆ ئەوە خواست کە لە جیاتی ئەو هەمووە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییانە لە دەرەوەی وڵات توانیبامان ڕۆژنامەیەکی ڕێک و پێک و بەردەوامی ڕۆژانە یان حەوتووانەمان دەر بکردایە، هەروەتر لە سەر سەربەخۆیی بوونی ڕۆژنامە و دوور بوون لە بیر و بۆچوونی حیزبایەتی گەلێک بابەتی پێشکێش کرد.

کاک «هاشمی کەریمی» کە ساڵیانی ساڵ لە ناو کۆمیتە مەرکەزی و دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکۆشانی هەبووە لە سەر ڕۆژنامەی «کوردستان» (بڵاوکراوەی حدکا) لە هەموو قۆناغەکانیدا دوا و ئەو قۆناغانەی بە چەند بەش دابەش کرد کە باس و لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز بوو لەمەر ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان (حدکا) لە هەموو قۆناغەکانیدا.

کاک «ئەنوەری سوڵتانی» نووسەر و لێکۆڵەرەوە، بەشدارێکی تری کۆڕەکە بوو، کە بە وتارێکی گەرم و گوڕ بەرەو پیری یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە چوو و لە قسەکانایدا گوتی: «نووسەری بەرپرس دەبێ دەست بخاتە دەستی ناوموکینەوە، بە پرەنسیپە گشتییەکانی ئازادیی قەڵەم وەفادار بێت، سەر بە کۆنکرێتی جەزمییەتەکاندا بکوتێ و ڕەخنەی خولقێنەر لە جنێوی ڕووخێنەر جیا بکاتەوە... ئایا نووسەری کورد لە سەدەمین ساڵی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بە پرەنسیپەکانی ئازادیی قەڵەم وەفادار دەمێنێتەوە؟ ئایا لە شەبەقی بەیانی سەدەی بیست و یەکەمدا، کورد دەبێتە خاوەنی ڕۆژنامەیەکی دوور لە ڕق و کینە و دووبەرەکی و دوژمنایەتی؟ ئایا ڕۆژنامەنووسی کورد ئەوەی بە بەرەوە هەیە؟ ئایا کورد گەیشتۆتە ئەو قۆناغە؟ من وەڵامی پرسیارەکان بە "ئەرێ" دەدەمەوە. با هەنگاوی بۆ هەڵێنینەوە!

لە بواری تەرجەمە و بیرکردنەوەوە لە ناو بڵاوکراوەی کوردیدا کاک «لاوک سالح» وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک «سیامەک ڕەزایی» خوێندکاری زانستی کامپیوتەر بە وردی لە سەر تێکنیکی وەرگێرانی زمانی کوردی بۆ ئینگلیسی و بە پێچەوانە لە ڕێگای کامپیوتەرەوە دوا.

کاک «کرمانج حەقی» خوێندکاری چاپ و بڵاوکردنەوە کە بۆ پێکهێنانی ئەو سمینارە زەحمەتێکی زۆری کێشابوو یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆڕەکە بوو کە لەمەڕ ڕۆڵی ڕۆژنامە لە پەیام ڕاگەیاندندا وتارێکی زانستییانەی پێشکەش کرد.

بەرێزان «هەژیر تەیموریان» و «هوشیار قەرەداغی» (کە قەرار بوو بەشداریی ئەو کۆڕە بکەن و بەداخەوە بۆیان نەلوابوو) وتاریان ناردبوو کە هەر دوو وتار لە لایەن یای «مینا»وە خوێندرایەوە.

دوو پەیام لە لایەن بەرێزان مام جەلال و کاک مەسعودەوە بە بۆنەی تێپەڕ بوونی سەد ساڵ بە سەر ڕۆژنامەی کوردستاندا گەیشتە کۆڕەکە و هەردووکیان لە لایەن بەرێوەبەری سیمینارەوە خوێندرایەوە.

ئەم کۆڕە سەرجەم لە ساعەت ٥ی دوای نیوەڕۆوە تا ساعەت ٨/٣٠ ی شەو لە کەش و هەوایەکی زۆر دۆستانە و لە سەرخۆ درێژەی کێشا و بڕیار درا کە لە داهاتووشدا، لە (لەندەن) ئەم جورە کۆڕ و سیمینارانە لەمەڕ بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی کوردی بەردەوام بێ و هەر چەند مانگ جارێک کۆڕێکی ئەوتۆ ببسترێ، بۆ لێدوان و نەقدی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەرەوەی وڵات.

■

## خورافات له کوردەواریدا ٣

س.گ. ماکوان

### دارو گژ و گیا و دانەوێڵە

ـ تۆوی گەسک لە ژوورێدا بڵاوبێتەوە، شەڕ و ئاژاوە لەماڵێدا بەرپا دەبێ.[١]

ـ هەرکەس لە ژێر یان سێبەری دارەگوێزدا بخەوێ جن (جندۆکە)دەیگرێ.[٢]

ـ کەسێک توێکڵە شووتی بخوا کەچەڵ دەبێ.[٣]

ـ کارگ بە هۆی هەورەتریشقەوە هەڵدەتۆقێ.

ـ ئەگەر هاتوو داری میوەیەک بەری نەدا، ئەوە دوو کەس بە پاچ و پێمەڕە و تەشوێوە دەڕۆنە بنی ە یەکیان ڕوو لە دارەکە دەکا و بە دەنگێکی بەرز تانەی لێدەدا و دەڵێ: ئەم دارە چونکە بەرنادا، دەبێ هەڵقەندرێ. پاشان دەست دەکا بە پێمەڕە وەشاندن لە بن دارەکە. ئەوی دیکەیان دێتەپێش و دەستی کابرا دەگرێ و دەڵێ: ئەمجارە لێی خۆش بە، ئەگەر ساڵێکی دیکە بەری نەدا، ئەوەدەم لە بنەوەڕا بیبڕەوە، ئیتر دارەکە دەترسێ و ساڵێکی دیکە بەر دەدا.[٤]

ـ داری قەبرستان و سەرگۆڕی پیر و ئیمامزادەکان، ئەگەر لە ماڵێدا بۆ ئاوردوو کەڵکیان لێوەربگیرێ، ئەو ماڵە ئاوری تێبەردەبێ و خاوەن ماڵیش تووشی ماڵوێرانی وچارەڕەشی دێ.

ـ ئەگەر گوڵی «چنگە پەری» لە ژووری ژنی زەیستان بێ، ئەوە ژنەکە بە ئاسانی و بێ گرفت منداڵەکەی دەبێ.[٥]

ـ خواردنی مێوژ زەین و هۆش ئاواڵە دەکا.[٦]

ـ پاش شووتی خواردن ئەگەر تۆوەکەی بخورێ ئەوە قازانجەکەی دەڕوا.[٧]

ـ لە سەر هەر دەنکە برینجێکەوە «قل هو الله»ێک نووسراە، هەر بۆیە نابێ بکەوێتە بن پێیان.[٨]

ـ ڕێواس هەر وەک کارگ بە هۆی هەورە تریشقەوە لە بن ڕەوەزاندا شین دەبێ.[٩]

ـ هەنجیر و سێو و ترێ میوەی بەحەشتن.[١٠]

ـ لە ڕۆژی هەینی دا پیازی کاڵ نابێ بخورێ.[١١]

ـ پیاز لە باغچەی ماڵێدا گوڵ بکا، ئەوە ئاوارەبوونی بە دوادادێ.[١٢]

ـ دەنکێک لە دەنکەکانی هەنار هی بەحەشتە، لە کاتی خواردندا دەبێ هەموودەنکەکانی بخورێن و نەکەونە سەر عەرزی.[١٣]

ـ ریشەی دارەمێوی شین، نابێ هەڵقەندرێ و هەرکەس ئەم کارە بکا دەمرێ.[١٤]

ـ هەرکەسێک خەڵفەدارێک هەڵقەنێ، وەک ئەوە وایە قەتڵێکی کردبێ. بڕینی دارەتوو، گوناحی هەیە.[١٥]

**پەراوێزەکان:**

١) نیرنگستان، صادق هدایت، ص ٨٦.

٢) هەمان سەرچاوە. ئەمە ڕەنگە لەوەوە هاتبێ کە دارگوێز ئۆکسیژێن واتە هەوای خاوێن وەردەگرێ و «دی ئۆکسیدی کەربۆن» دەداتەدەرێ، هەر بۆیە مرۆڤ لە بن دارەگوێز تووشی کەمیی ئۆکسیژێن دەبێ و هەناسەی دەگیرێ. جا لەبەر ئەوەی قەدیمییان ئەم شتەیان نەزانیوە، ئەم داستانەی (جن گرتوو)یان بۆ سازکردووە.

٣، ٤) هەمان سەرچاوە.

٥) فرهنگ کردی کرمانشاهی، علی اشرف درویششیان، ص١٨٥. ئەم گۆلە بە لاتینی cuclamen ی پێدەڵێن.

٦ تا ١٥) نیرنگستان، صادق هدایت، ص ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩.

### بیرو باوەڕی هەمەجۆر

ـ خودا بە مەلاییکان دەڵێ کە هەورەکان ڕاماڵن، ئەوانیش بەقامچی لە هەورەکان دەدەن، ئیتر گرمەگرم و شریخە و بروسکە و ناڵەناڵ و هاواری هەورەکان دەست پێدەکا. یان دەڵێن: خودا بە قانچی لە مەلاییکان دەدا و شریخەی ئاسمان ئاهوناڵەی ئەوانە.[١]

ـ مانگ وخۆر بۆیە دەگیرێن چونکە دەکەونە نێوان دوو کێوەوە و ناتوانن بێبەدەرێ.

ـ گیرانی مانگ یان خۆر نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک خراپەی زۆر دەکەن و خودا و قیامەتیان لە بیرچووەتەوە. بەم شێوەیە خودا گەورەیی خۆی دیسانەوە بیری خەڵک دەخاتەوە. لە گوندەکان مەلای ئاوەدانی یان کەسێکی دیکە دەچێتە سەربانی مزگەوت ودەفە لێ دەدا و بە موناجات کردن لە خودا دەپاڕێتەوە کە مانگ یان خۆریان بۆ ئازاد بکا، هەموو دانیشتووانی ئاوەدانیش دەبێ لە بەر خۆیانەوە سەڵەوات لێبدەن.[٢]

ـ تۆپی زەوی لە سەر شاخی گایە و گاکەش لە سەر پشتی ماسی و ماسییەکەش لە سەر ئاوە. کاتێک گاکە ماندوو دەبێ تۆپی زەوی لە سەر ئەم شاخییەوە هەڵدەداتە سەر شاخەکەی دیکەی و هەر ئەمە دەبێتە هۆی «بوومەلەرزە».[٣]

ـ سووریی ڕەنگی کۆلکەزێڕینە تۆختر یان پڕڕەنگتر لە حاڵەتی ئاساییدا دیاربدات، نیشانەی ئەوەیە ئەو ساڵە شەڕ و خوێنڕشتن لە وڵاتدا بەرپا دەبێ. بەپێچەوانەش ئەگەر سەوزییەکەی پڕڕەنگتر بنوێنێ، نیشانەی سەرسەوزیی وڵات و زۆربوونی خەلە وخەمانە. ئەگەر ڕەنگی زەردی تۆختر بێ، ئەوە نەخۆشی و ئاژاوە بڵاودەبێتەوە.[٤]

ـ ئەگەر کچێک توانی خۆی بگەیێنێتە کۆلکەزێڕینە و میزی پێدا بکا،

ئەوە دەبێتە کوڕ و پێچەوانەکەشی ئەگەر کوڕ وابکا دەبێتە کچ.

ـ ئەگەر کارەسات و نەخۆشی ڕوو لە ماڵێک بکا و لە ماوەیەکی کورتدا چەند مناڵێکی ئەو بنەماڵەیە بمرن، بۆ لە بەینبردنی ئەم دەرد و بەڵایە، کەڵەبابێکی دەکەنە قوربانی و سەری کەڵەبابەکە لەگەڵ دوایین تەرمی منداڵەکە دەنێژن.[٥]

ـ بۆ هەر چەشنە نیاز و ئاواتێک کە مرۆڤ هەیبێ، بەردێکی تەنک بە کێلی شەخس و پیاوچاکانەوە دەنووسێنێ، ئەگەر بەردەکە پێوەنووسا و لێ نەبۆوە، ئەوە نیاز و ئاواتەکەی دێتە دی و پێچەوانەکەشی وەدی نایە.

ـ لە هەورامان و شارەزوور و ناوچەکانی دەوروبەر لەمەڕ باران بارین، خەڵک بڕوایان وایە کە بە شێعر هۆنراوەتەوە:

جومعە بوارۆ، شەمە وەش کەرۆ
شەمە بوارۆ پەنج و شەش کەرۆ

جومعە بباریێ، شەمە لێی دەکاتەوە/شەمە بباریێ، پێنج تا شەش ڕۆژان هەر دەباریێ.

**پەراوێزەکان:**

١) نیرنگستان، صادق هدایت، ص ١٢٢. لە ئەفسانە کۆنەکانی سوێدیشدا هاتووە، کە یەکێک لە خواکانی سوێد بە ناوی تور tor بە ئاسماناندا گەڕاوە و لە ئاکامی چەکوچ وەشاندنیدا بریسکە و بەڵاچە بەربۆتەوە و بە هۆی گالیسکەکەیەوە هەورە تریشقە پەیدابووە و باران باریوە.

٢)صادق هدایت، لە نیرنگستان دا، لاپەڕەی ١٢٣ بە شێوەیەکی دیکە باسی ئەم مەسەلەیە دەکا و دەڵێ: خەڵکی بڕوایان وایە کە ئەژدیهایەک مانگ یا خۆری هەڵلووشیوە، خەڵک بە ئاورکردنەوە و کایەکردن بە دەوریدا یان بە زوڕنالێدان، تفەنگ هاویشتن و تەنەکەلێدان ئەژدیهاکە دەترسێنن و مانگ وخۆری لە چنگ ڕزگاردەکەن. هەروەها دەڵێ: ئەگەر ڕەنگی خۆر یا مانگ لە کاتی گیرانیاندا زیادە لە حەد سوور بوو، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ساڵە شەڕ و خوێنڕشتن وڵات داەگرێ.

٣) نیرنگستان، صادق هدایت، ص ١٢١. دەگێڕنەوە جارێک کۆلکە مەلایەک ئەم مەسەلەی گا و ماسی بۆ گوندییەکان دەگێڕێتەوە، لەپڕ یەکێک لە دانیشتووانی کۆبوونەوەکە قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ: بە خوا مامۆستا من پێموانییە «ئەو هەموو ترە کەڵەکە سەر بگرێ». هەروەها لە کتێبی (ژیانی کوردەواریدا) لە پەراوێزی لاپەڕەی ٢٢٢دا هاتووە: «مامۆستا قانع هەرکات ئەوەیان باس ئەکرد، ئەیووت بە خوا ئەم کەڵەکەترێ هەر سەرناگرێ وڕۆژێک ئەڕووخێ».
یۆنانییەکانیش بڕوایانوابووە کە زەوی بە کۆڕی ئەتلەس Atlas ەوەیە. لە چیرۆکە کۆنەکانی ئارییاییەکاندا گا وەک سەمبۆلی هێز وتوانا ڕێزی لێگیراوە.

٤) نیرنگستان...، ص ١٢٢.

٥) کچانی کورد، هارۆڵد هەنین، ل ١٠٠، خاتوو هەنین بەرێوەچونی ئەم دابەی لە سلێمانی بە چاوی خۆی دیوە و پێی وایە ئەم ڕەوشتە ڕەنگە بەر لە هاتنی ئیسلامەوە لە نێو کورداندا باو بووبێ و ئێستاش شوێنەوارەکەی هەرمابێ.

## جۆراوجۆر

ـ ئەگەر کەسێک لە کاتی پێکەنیدا ئاوی لە چاو هات، ئەوە لە غەریبایەتیدا دەمرێ.

ـ ژنی زەیستان(تازەزاو) تا چل ڕۆژان نابێ مرۆڤی چاوپیس ببینێ.[١]

ـ دوو ئافرەتی زەیستان کە تووشی یەک هاتن دەبێ دەرزیلەکانیان پێکەوە بگۆڕنەوە و پاشان بگەڕێنەوە ماڵێ، بێ ئەوەی هیچیان وەپێش ئەوەی دیەکیان بکەوێ.[٢]

ـ لەبەر ئەوە کچ کەمتر تووشی چاووزار دەبێ، جلکی کچان لە بەر کوڕان دەکەن تا چاوی پیس کاری لێنەکا.[٣]

ـ بۆ چاووزار، مووروی شین یان کووژەکە لە ملی گا و گوێلک و مەڕوماڵات دەکرێ.[٤]

ـ بۆ چاووزار(چاوبێنی)، ژنان نووشتوویەک لە پەڕۆی سێسووچدا دەدروون و بە ملوانکەیەوە دەکەن یان بە سەرکڵاوەوە قایمی دەکەن. بۆ منداڵانیش، بە سەرشانیانەوە دەدروون. لە ماڵێشدا لە کیسەی جواندا بە دیوارەوە هەڵداوسرێ یان لە سەر تاقچە دادەندرێ.[٥]

ـ ژن ومنداڵ نابێ ڕۆژانی چوارشەمە خۆیان بشۆن، چونکە نەخۆش دەکەون.[٦]

ـ ئەگەر لە ماڵێدا کەسێک نەخۆش کەوت، گەورەی ماڵەکە لەتکەنانێک دێنێ و تۆزقاڵێک خوێی پێوەردەکا و پاش ئەوەی دوعایەکی بەسەردا خوێند فڕێی دەداتە بەر سەگێک، خەڵکی وادەزانن دەردوبەڵای نەخۆشەکە لەگەڵ لەتکە نانەکە دەڕواتە نێو لەشی سەگەکە و ئیدی نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە.[٧]

**پەراوێزەکان:**


١ و٢) ژیانی کوردەواری، تۆما بوا، وەرگێڕانی حەمەسەعید حەمە کەریم.


٣) کچانی کورد، هارۆڵد هەنسن، ل٤٥. لە هێندێک ناوچەی کوردستاندا بۆ کوڕی تاقانە یان خۆشەویستی ماڵێ بەتایبەتی لەو ماڵانەی کچیان زۆرە، یەکەم کوڕیان کە لە دایک دەبێ سەری ناتاشن و وەک کچان پرچی بۆدەهێڵنەوە. ڕەنگە ئەو دابەش هەر بۆ چاووزار بێ. چونکە وەک گوترا خەڵکی بڕوایان وابوو، کە چاوی پیس لە کچان کارناکا. تەنانەت لە هێندێک ناوچەشدا گوێی کوڕی تاقانە هە ربۆ ئەو مەبەستە کون دەکەن و ئاڵقەیەکی تێدەکەن.

٤) هەمان سەرچاوە، ل١٢٦. لە کوردستاندا نەتەنیا بۆ مەڕوماڵات بەڵکوو بۆ هەموو شتێکی بە نرخ کە لە چاوی پیس بە دوور بێ، کوژەکە و مووروی شین بە کاربراوە، تەنانەت دیتراوە کووژەکەیان بە مەکینەی بەرگدروویی و تەراکتۆر و ... هەوڵواسیوە. پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە ڕەنگە هەمووی لەبەر چاووزار نەبێ و زۆر کەس بڕوایان وابووە کە کوژەکە و شتی لەم بابەتە، خێر و بەرەکەت دەخاتە ئەو شتانەوە.

٥و٦و٧) ژیانی کوردەواری....

* * *


تاقەدار


Ferhad Shakely
EN PÄRLA
I DRÖMMENS
GRUMLIGA DAMM


حەمەسەعید حەسەن
شیعر و تەور


سلیمان قاسمیانی


ئـــالا


آبیدر

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*



**Editor**:
Solaiman Chireh

**Editorial Board**:
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Nazand Bagikhani (France)
Hassan Ghazi (Sweden)
Amir Hassanpour (Canada)
Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**
Ali Karimi (U.K.)



**Address:**
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax**: +46-650-94029
**Postgiro**: 443 5022-1

**E-mail**: chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com
**Web Address**: http://w1.650.telia.com/~u65002195



No. 20 Summer 1998 Published in Sweden: Kitab-i Arzan ISSN 1104-3473

*Journal of Kurdish Politics and Culture*
**No 20, July 1998**

**KITAB-I ARZAN**
**B.JARLS G 9B**
**554 63 JÖNKÖPING/SWEDEN**
**TELRFAX:0046 36 710999**
**MOBAIL:0046 70 492 69 24**
**e-postadress:kitab.i.arzan@jonkoping.telia.com**